FÊRBÛN

# سایكۆلۆژیای عەقڵی كوردیی

## پشكنینێكی شیكاریانە بۆ ئاستەكانی هزر



محەمەد تەها حوسێن

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

محەمەد تەها حوسێن

# سایکۆلۆژیای عەقلی کوردی

Scanned with CamScanner

Ferbwn

فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

**ناوی کتێب:** سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردی

**نووسینی:** محەممەد تەها حوسێن

**نەخشەسازی:** محمد حسێن خەتی

**بڵاوکراوەی:** ناوەندی فێربوون

**زنجیرە:** ٥١

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠١٨

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**ژمارەی لاپەڕە:** ٣٦٤ لاپەڕە

**ژمارەی وشە:** ٥٥,٣٠٠

**نرخ:** ٨٠٠٠ دینار

**ژمارەی سپاردن:** ٦٣٧

Scanned with CamScanner

# سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردی

## پشکنینێکی شیکاریانە بۆ ئاستەکانی هزر

محەمەد تەها حوسێن

٢٠١٨

Scanned with CamScanner

Ferbwn

فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون – ژمارە ( ٥١ )

ناونیشان / هەولێر بازاڕی کتێب فرۆشان – بەرامبەر دەرگای قەڵا

٠٧٥٠٤٠٤٨٢٨٥ - ٠٦٦٢٢٣١٣١٥

f.b: ktebxanay ferbwn

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە، بەبێ ڕەزامەندی ناوەندی فێربوون هیچ لایەنێك ڕێپێدراو نیە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە بەشێوەی: ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەر گرتنەوەی

Scanned with CamScanner

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | سەرەباس |
|---|---|
| ٥ | ناوەڕۆك |
| ٩ | سەرەتایەک |
| ١٣ | بەشی یەکەم: فرۆید و هزری مەدەنی |
| ١٥ | - مەدەنییەت لە قولایی هزری فرۆیددا |
| ٥٥ | - سۆفی فرۆید و گومانەکانی داڤید باکان |
| ٦١ | بەشی دووەم: نەست و سێکس و عەقلی هاوسەنگ |
| ٦٣ | - هەمیشە ڕاستییەکان لە خەونەکان دەردەکەون |
| ٧٠ | - ئابووری دەروون |
| ٧٤ | - گووی شەیتان |
| ٧٨ | - ناهەماهەنگیی مەعریفی لە عەقڵی عیراقی و کوردیدا |
| ٨٧ | بەشی سێیەم: (من) ی عاقڵ لە کات و شوێن دا |
| ٨٩ | - ژیان لە عەقڵ و کات و شوێندا |
| ٩٢ | -(من) لە (ئێستا) و(لێرە) دا |
| ٩٧ | - دەرکەوتن لە تاریکیی |
| ١٠٠ | -مانا سایکۆبوونناسیەکەی سەربەخۆبوون |
| ١٠٩ | - کۆمەڵگەی نەخۆش |
| ١١٥ | بەشی چوارەم: عەقڵ لە هاوسەنگیی دەروونیدا |
| ١١٧ | - نەگۆڕیی دەردێکە بۆماوەیی لە بیرکردنەوە |
| ١٢٤ | - سیاسەتی هەڵچوو ...کۆمەڵگەی هەڵچوو |




Scanned with CamScanner

| | |
|---|---|
| - بێعەقڵیی چارەسەرێک بۆ حەسانەوە | ١٣٠ |
| - ئێمە ڕزگارین لە عەقڵ کەواتە ئازادین | ١٣٥ |
| - بێعەقڵیی چارەسەرێك بۆ حەسانەوە ! | ١٤١ |
| **بەشی پێنجەم: فێربوون و دەستەپاچەیی** | ١٤٧ |
| - ئای کە پیرۆزی نەزانیی | ١٤٩ |
| - فێربوون لە عەقڵی نارێک و پێکی ئێمەدا | ١٥٨ |
| - فێربوونی بیرکردنەوە و فێربوونی ژیان | ١٦٥ |
| **بەشی شەشەم: مەدەنییەتی کوردی** | ١٦٩ |
| - شارسازیی و عەقڵسازیی | ١٧١ |
| - من وەها لە مەدەنییەت گەیشتووم | ١٧٦ |
| - پەروەردەی ئازادیی | ١٨١ |
| **بەشی حەوتەم: یەکبوون و جودایی** | ١٨٧ |
| - با یەکگرین تا جودابین | ١٨٩ |
| - وەکیەکەکان هەرگیز ڕێک ناکەون | ١٩٤ |
| - پانهزرین و پانبینین | ١٩٩ |
| - (کۆ)ی دیل یا ئازادی (تاک)؟ | ٢٠٣ |
| **بەشی هەشتەم: شادمانی و هزری ئەرێنی** | ٢١١ |
| - ئایا دەکرێ شادمانتر بین؟ | ٢١٣ |
| - بوونی شادمان | ٢١٩ |
| - ئیتر بە پێکەنین شت دەڵێین | ٢٢٦ |
| - بە خەمەکانم دڵخۆشم | ٢٣٢ |
| - سایکۆلۆژیا و ژیان | ٢٣٩ |




Scanned with CamScanner

| | |
|---|---|
| **بەشی نۆیەم: زمان و عەقڵ** | **٢٤٥** |
| - زمـانی کـوردی لە نێـوان زانـین و نەزانـین و بەرپرسیارێتیدا | ٢٤٧ |
| - شەرمبوون بە زمان شەرمبوون بە نەتەوە | ٢٥٣ |
| - سکیزۆفرینیای عەقڵ ....سکیزۆفرینیای زمان | ٢٥٨ |
| **بەشی دەیەم: واقیع و عەقڵی سیاسیی** | **٢٦٥** |
| - واقیعی سیاسیی یا دەروونیی؟ | ٢٦٧ |
| - واقیعی ئینسانیی یا سیاسیی؟ | ٢٧٠ |
| - فۆلکلۆری سیاسیی یا فکری سیاسیی؟! | ٢٧٤ |
| - کێشەیەک تا ئێستا بێ پرۆژە | ٢٨٣ |
| - سیاسەت و دەروون لە دەسەڵاتی کوردیدا | ٢٩١ |
| - کورد و سیاسەتی عەقڵ | ٣٠٠ |
| **بەشی یازدەم: سیاسەت و عەقڵی کوردی** | **٣٠٧** |
| - سیاسەت و ناسیاسەت لە بەرانبەر رۆشنبیردا | ٣٠٩ |
| -رۆشنبیری گەندەڵ | ٣١٦ |
| - رۆشنبیر و ئەکادیمیست | ٣٢٢ |
| - هەڵە و هەڵەی شۆرەتدارێک | ٣٢٩ |
| - کەمرێزیی وەک ترازانێکی کەسێتی | ٣٣٦ |
| **دوابەش: پەیام و پێشنیاز** | **٣٤٣** |
| - ئەگەرێک بۆ پاکبوونەوە | ٣٤٥ |
| - نامەیەک بۆ ئەوانەی ئەمانەتی گەلەکەمانیان لایە. | ٣٥٣ |
| ❋ بیۆگرافی نووسەر | ٣٥٩ |




Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## سەرەتایەک

عەقڵ بابەتێکی سەرەکیی سایکۆلۆژیایە و وەک بوونێک کە لەخۆیدا شوناسی بوونێتی مرۆڤە و ژیان تیایدا ئەوپەڕی چێژ و ئەوپەڕی هوشیاریی مرۆڤ دەردەخا، دەشبێتە تەوەرێکی سەرەکی سایکۆلۆژیا و دەروون و ئەوکاتەش ئەم عەقلە هاوسەنگ دەبێ کە توانای ئەوەی لە خۆیدا دۆزییەوە بووبێتە هۆکاری ڕێکخستنی ئەو ژیانە و ئاراستەکردنی گەشە و پەرەسەندنەکانی.

لەم کتێبەدا خوێندنەوەکان زیاتر ئاراستەیەکی میتۆدیانەی سایکۆلۆژیانە دەگرنە بەر و لە بابەتە جیاجیاکانیدا هەوڵدەدا عەقلی بەرهەمهاتووی کوردیی لە لایەنە جوداکانی ژیانی ئەو بوونە نەتەوەییە کە کوردە بخاتە بەر دید و ڕامانەکانی، سایکۆلۆژیا کەمترین بوار بۆ زەبەلاح و بچووککردنەوەی ڕاستییەکان دەهێڵێتەوە و زۆر کەمتریش لەوە فانتازیای کەسێتی یوتوپی دەخولقێنێ و ئەوەی دەیڵێ و قسەی لەسەر دەکا ئەنجامی توێژینەوە و سەرنجە ئەکادیمی و هزرییەکانی قوتابخانە و هزرمەند و زانا جۆراوجۆرەکانییەتی.

بابەتەکانی ئەم کتێبە هیچیان لە دەرەوەی ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردیی نین، هەموویان ڕەنگدانەوەی ئاستەکانی بیر و هۆشی کوردانەن و هەر بۆیەش میتۆدی شیکاریی دەروونی ئەم ئاستە لە کەسێتییە



Scanned with CamScanner

دەمارگرژەکان(عوساب- neurotic) ی کۆمەڵگەکەمان هەم نزیکترین میتۆدە و هەمیش زانستیترینیانە، چون بە قوڵایی ئەست و مێژووی سەرهەڵدانیدا دەگەڕێ و سیمبولە مێژوویی و میتۆلۆژی و خەیاڵییەکانی دەباتەوە سەر ڕاستییە سەرەتاییەکان و ئێستای وەک خۆی نیشان دەداتەوە، دەشکرێ خوێندنەوەکان دیاردەناسیانە بن، چون ئەوەی دەبینرێن ڕوودراون و ئەوەی دەشیبینێ ڕاو ڕوانینی خۆی لەسەری هەیە و وەک دەیبینێ ئاواش پەیپێدەبا، خۆ ئەگەر وا نەیدرکێنێ ئەوا ترازان لە هاوسەنگیی سیستمی پەیبردن هەیە و لەو دۆخەشدا ئەوە عەقڵە دووچاری ناهاوسەنگی بۆتەوە، بۆیە دیاردەناسیانە خوێندنەوەش بۆ بابەتەکانی ئەم کتێبە دەمانباتەوە سەر هەمان ئەنجامەکانی دەروونشیکاری، بەڵام ئەوەی لێرەدا زیاتر دیارە قووڵبوونەوەیە بۆ پشت دیاردەکان و گەیشتنە بە ڕیشە دەروونییەکانی دیاردەکان.

کۆمەڵگەی کوردیی بە پێی ئەنجامی هەموو ئەم باس و پەڕانەی ئەم کتێبە لە دۆخی دەمارگرژیی دەستەجەمعیدا دەبیاتە سەر، ئەم عوسابە دەستەجەمعییە جەستەیەکی کۆمەڵگەی شێواو و ڕماومان لە هەڵوێستی جیاجیا نیشان دەدا، هەر بۆیە کتێبی "سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردیی" کێشە دەروونییەکانی تاک لە لایەک و کۆمەڵگە لە دەیان لایەنی تر دەردەخات و ئەوەی ڕاستیش بێ هەر یەکە لەم کێشانە دەرچە و گریمانەی چارەسەریی بۆ پێشنیاز کراوە.

ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانەی ڕووداوە کوردییەکانن و لە ڕیتمی زانستیانەی دەروونزانی

دەرناچێت و نەکەوتۆتە بەر کاریگەریی زێدەڕۆییەکانی سۆز و هەڵچوون و نەبۆتە پەرچەکرداری هزریی هەروەک زۆر لە نووسینەکانی هەندێ لە نووسەران بەرینابیە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان دەبەزێنن و جڵەو بۆ هەڵچوون و هەڵوێستە دەروونییەکانی خۆیان شلدەکەن و چیان هاتبێتە بەر زار و زەین و زمان گوتوویانە و نووسیویانە و دەیڵێن، لەم جۆرە ڕۆشنبیر و ئەکادیمیانە نێوەندەکانی ئەم دوو بوارەیان شلۆغ و شلوێ کردووە و ئەوەی لێیانەوە دەبیسترێ و دەخوێندرێتەوە تەنها نمایشێکی ئەکرۆباتیکیانەی خۆیانە لە نێو ئەم کاولستانەی خۆماندا، چیتر لە پێشەکیدا قسە ناکەم و بوار بۆ بابەتەکان خۆیان دەڕەخسێنین ئەوەی وتوویانە بیگەیەنن.

**محەمەد تەها حوسێن**



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

# فرۆیدو هرزی مەدەنی



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# مەدەنییەت لە قوولایی هزری فرۆیددا

هەمیشە بە هەڵە یا بە سەرچیخیی لە تێگەیشتن ناوی سیگمۆند فرۆید بەر لە هەر چەمكێكی تر بە چەمكەكانی(سێكس و نەست و خەون و منداڵیی) بەستراوەتەوە، ئەو هەمیشە بەم چەمكانەوە سەرقاڵ بوو، بەڵام كەم بوون ئەوانەی پرسییان بۆچی؟ كەم بوون ئەوانەی پرسیان كامییان لە پێش كامیان بوون؟ كەم بوون یا هەر نەبوون ئەوانەی پرسیان فرۆید مەبەستی لە ID و پشكنینی تاریكاییەكانی جگە لە زانیارییە چەپاوەكان چی بوو؟، كەم بوون ئەوانەی پرسییان بۆچی فرۆید بەقەد نەست و بەقەد سێكس گرنگیی بە ویژدان(منی باڵا) super ego دا بەڵام گرنگییەكەی لەبەر چی بە ئاراستەی بێزبوونەوە لە ویژدانی كۆمەڵایەتی برا و نەخرایە ئەو خانەیەی ئەو پیاوە مەبەستی لە super ego ڕووخاندنی كولتوورێك و بیناكردنەوەی كولتوورێكی تر بوو پڕاو پڕ بێ لەو كۆدانەی مرۆڤ بەرەو سیستم و دیسپلینی دەروونی خۆیی و سایكۆلۆژیای كۆمەڵگە بەرێ؟ كەم بوون ئەوانەی بپرسن بۆچی بایەخی نمرە یەكەمی فرۆید



Scanned with CamScanner

دروستكردنی ego یەك بوو وریا و هوشیار لە هەرچی لە نێو خۆیی و دەرەوەی خۆی ڕوودەدا و تێدەپەڕێ؟ كەم بوون ئەوانەی زانستیانە لە مەرامە زانستییەكانی نووسینی كتێبی لێكدانەوەی خەونەكان تێبگەن كە فرۆید بە زانستی خەونەكانی دەزانی؟ كەمبوون ئەوانەی بزانن و بپرسن مەبەستی فرۆید لە نووسینی كتێبی "موساو یەكتاپەرستی"* چی بوو؟ كەمبوون ئەوانەی لە مانای "لەسەرەوەی پرنسیپی چێژ"** ی ئەو پیاوە تێبگەن و بزانن ئایا دەبێ لە سەرەوەی چێژ چی هەبێ؟.

فرۆید ویستی لە نێو سێكسدا عەقڵێك بدۆزێتەوە ئاراستەی مرۆڤ بكات و هەڵیسووڕێنێ، ویستی لە نێو خەوندا بگات بەو هەموو حەز و خواستە وەدینەهاتووانەی تاك كە بەردەوام لە واقیعی بەرچاو و هەستدا تەواوی بیركردنەوە و مێشكیان گرتۆتەوە، پێشی وابوو خەون چالاكییەكی دەروونییە و ئەگەر لە بەئاگاییدا ویژدان یا سووپەر ئیگۆ ناهێڵێ تێبگەین ئەوا خەون باشترین

---

* كتێبێكی فرۆیدە تیایدا قسە لەسەر موسا و ئاینەكەی دەكا، ئەو چاپەی لای منە ئەمەیە: فروید، سیغموند(١٩٧٩).موسى والتوحيد، ت: جورج گرابيشى، دار الگليعه، گ٢، بيروت- لبنان.

** كتێبێكی فرۆیدە قسە لەسەر سەرەوەی پرنسیپی چێژ دەكا، ئایا چی لەسەرەوەی چێژ هەیە؟، ئەم چاپەی لای منە ئەمەیە: فروید، سیغموند(١٩٩٤). مافوق مبدأ اللذة، ت: د. اسحق رمزى، دار المعارف، ط ٥، ج.م.ع.

سیناریۆیە تاکەکان بێئاگایانە تیایدا ناخی خۆیانمان بۆ دەخوێننەوە و نمایش دەکەن، فرۆید ویستی لە نێو نەستتدا بە هەرچی مێژووی تاک و کۆمەڵگە هەیە قووڵ بێتەوە تاوەکو بگاتە ئەو سەرە داوانەی لێیانەوە ئەم مێژووە لادراو و تاوەکو ئێستاش کە هەر بە لادراوی و خوار و خێچی هەڵدەزنێ بخوێنێتەوە و بە دیوێکی دیدا هەڵیگێڕێتەوە، ویستی لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەن ئەزموونە هەستی و غەریزی و پاڵنەرەکانی تاک بخوێنێتەوە و خاڵە سەرەتاکانی گەشە و کێشەکان دەستنیشان کات، ویستی لە ڕێگەی کێشە و عوسابە دەروونییەکانەوە باری بە لاڕێدا براوی تاک و کۆمەڵگەمان بۆ ڕاست کاتەوە و پێمان بڵێ تا خۆمان لە ڕێگەی ئۆردەرێکی هوشیار کە عەقڵە و لە نێو منێکی بە ئاگا ئیشدەکا ڕێک نەخەین تا هەین هەر پڕکێشەین و ئایندەشمان هەر لەسەر کێشە بینا دەکەین.

فرۆید لە کتێبەکانی {"سێ وتار لەسەر سێکس" و کتێبی "لەسەرەوەی پرنسیپی چێژ" و "تیۆری گشتی نەخۆشیە عوسابیەکان" و "تیۆری سێکسی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە"}* دا هەوڵەکانی

* - فروید، سیجموند(١٩٦٩).ثلاث مقالات فی نظریة الجنس، دار المعارف-مصر،ط٢، القاهرة.



Scanned with CamScanner

ستراتیژین بۆ ئەوەی ئەم توانا زیندەگییە کە سێکسە لە خاوەنداریتی نەستەوە بێنێتە دەر و بیخاتە ژێر ڕکێفی عەقڵ و لە کولتوور و فەرهەنگی کەسەکانی بئاخنێ تاوەکو زیاتر ئەم حەزە هاوبەشانەمان لەگەڵ ئاژەڵان بە ئینسانی و عەقڵانی بکات و زیاتر چێژ لەبارێکی ساتەوەختانەوە وەرگەڕێنێتە سەر دۆخێکی درێژخایەن کە ڕۆڵی هەبێ لە گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسەکاندا.

سێ وتارەکەی کتێبی "سێ وتار لەسەر سێکس[1]" لە زانستیترینی ئەو وتارانەن تاوەکو ئێستا چارەی هەستیار و مەترسیدارترین غەریزەیان کردبێ، وتاری یەکەم(لادانە سێکسیەکان)ە کە هەر لە ناونیشانەکەی ڕا دیارە سیگمۆند فرۆید بە ڕوونی پیمان دەڵێ سێکس لە درێژەی مێژووی خۆیدا وەک خۆی بە کردە و پرۆسێسە ئاساییە لیبیدۆییەکانی خۆیدا تێنەپەڕیوە، ئەو بە لادان ناوی

---

– فروید، سيغموند(١٩٩٤). مافوق مبدأ اللذة، ت: د. اسحق رمزي، دار المعارف، ط٥، ج.م.ع.

– فروید، سيغموند(٢٠١٠).النظرية العامة للأمراض العصبية ، دار الطليعة- بيروت، ط٣، لبنان.

– فروید، س(السنة مفقودة). النظرية الجنسية وأثرها في المجتمع، ت: د.أحمد طلعت، منشورات دار القاموس الحديث- بيروت و منشورات مكتبة النهضة- بغداد.{ئەم چاپانە لای منن}.

[1] لاپەڕەی ٣٣ لە کتێبی سێ وتار لەسەر تیۆری سێکس.



Scanned with CamScanner

لە ناسرووشتی و نا ئاساییانە چێژ لە سێکس وەرگرتن و دەیان دیاردەی نامۆی سێکسی نێوی ناوە وەک هاورەگەزبازی و فیتیشیزم و سادیزم و مازۆخیزم و .....تاد، کەواتە لای ئەو سێکس رەوتێکی ئاسایی و نۆرمەڵی هەیە لە نێوان دوو توخمی رەگەزیدا کە نێر و مێی مرۆڤە و کە وەک خۆی ناچێتە رێ و بابەت و ئامانجە سێکسیەکانی تێکەڵاوی یەکتر بوون مانای ئەوەیە رەوتەکە شێواوە و ترازاوە، کە لاشیدا پێویستی بە پشکنین و دواتر چارەسەر هەیە بۆ ئەوەی ئەم هێزەی ژیان لەسەر هێڵێکی ئابووریانەی سێکسیی هەڵسوڕێ و گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی کەس و کۆمەڵگەکانیان نەچەمێنێتەوە.

لە لادانی سێکسیدا رێچکەی هەڵەی دیکە دەبنەوە و کاریگەریان دەکەوێتە سەر گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بابەتی سێکس وەردەگەرێتە بوارێکی دیکە کە لەوانەیە بەتاڵکردنەوەی هەوەسە شەرانگێزی و نارسیستییەکان و هیستیریەکان بێت، هەر بۆیە فرۆید دەیەویست هۆکارەکان دیار بکات تاوەکو سەرەنجام ئەنجامەکان لە خۆیانەوە بپوکێنەوە.

لە وتــاری دووەمــدا (سێکســوالێتی منــداڵیی[٢]) هەڵەیەکــی مێژووییمــان لە ڕوانینــی کولتــووره جۆراوجۆرەکان بۆ گەشەی سێکسی لەم قۆناغە و ونبوونی سەرەداوەکانی بۆ ڕاست دەکاتەوە، ئەو لەوێدا پێیوایە لە منداڵییشدا بابەتی سێکس و ئامانجی سێکس و ئاستەکانی چێژ لە سێکس هەن بەڵام ناتوانــایی کەســەکان لەگێــڕانەوەی یادەوەرییەکانی منداڵیان و زەینکوێریمان بەرانبەر ئەو قۆنــاغە هۆکــاری ونبــوونی زۆر لایەنــی بەخۆهوشیاریمان بوون، فرۆید بایەخی گرنگ بە منــداڵیی دەدات و بە گرنگــی دەزانــێ لە ڕاستکردنەوەی زۆر لە لادانە دەروونیەکــان کە لە بنچینەدا لادانە سێکسیەکان یا باشتر وایە بڵێین ئەو لادانەی گەشــە و پەروەردەی سێکســی لێیــان بەرپرسە هۆکاری سەرەکین.

سێکس لە منداڵیدا لای فرۆید هەمان مانا و هەمان مۆتیڤەیشنی گەورەکانی نییە، حەزی سێکسی لە منداڵیدا وەردەگەڕێتە سەر بابەت و ناوچەی وروژانی دیکە کە بەرەو ئۆرگازم بە مانا لووتکەی چێژەکەی نابەن بەقەد ئەوەی ئەو هێزە لیبیدۆییەی منداڵ دەوروژێنێ زیاتر هەوڵەکانی ناسین و

---

[٢] لاپەڕە ٦١ لە هەمان کتێبی پێشوو.



Scanned with CamScanner

زانینی وەڵامی ئەو پرسیارانەن کە لای ئەو(منداڵ) درووست دەبن و سەرەڕای ئەوەش ئەو هێزە لەسەرەتای گەشەکردنی خۆیەتی و لە منداڵیدا ناگاتە هەمان ئەو ساتەوەختانەی تیایدا تاک هەست بە تێربوونی پێویستییەکانی دەکات.

لای فرۆید مادامەکێ سێکس ئەو هێزە غەریزییەیە تاک ناچاری زۆر ڕەفتار دەکا، کەواتە پێویستە لای منداڵ بناسرێ و ببێتە بابەتێک بۆ فێربوون و تێگەیشتن و دەستپێوەگرتن تاوەکو لە قۆناغەکانی دادێیدا ئاساییانە پەرەبسێنێ و کۆبکرێتەوە و دواتر لە ڕێگە سرووشتیەکانی خۆی خەرج بکرێ و جێندەریانەش بەکار بێ.

لە وتاری سێیەمیشدا(مەحاڵیی گەیشتن[٣]) کە لای ئەو نەگەیشتنە ئاستە پێویستەکەی ئۆرگازم و پێگەیشتنە هۆشیەکەی ئەم ئاستەیە، بە مانای جۆراوجۆر زۆرمان لەبارەی نەگەیشتنی هوشیاریی تاکەکان تا ئاستی نرخاندنی ئەم ساتەوەختە چێژبەخشانە و گۆڕینیان بۆ چێژی هوشیارانە پێدەڵێ، ئەو لەوێدا پێیوایە غەریزە لە درێژەی مێژووی خۆیدا تاوەکو ئێستاش عیشقبازانە و سەرەتایی بووە و تاکەکان پەیان بە هەڵچوون و

---

[٣] لاپەرە ٨٧ لە هەمان کتێب.



Scanned with CamScanner

هەنگاو بە هەنگاوی پیادەبوونە ئاساییەکەی نەبردووە، ژیانی سێکسی هاوسەنگ لای ئەو نزیکبوونەوەی هەردوو ڕەوتی ویژدان و هەستە، ئەم بڕوا زانستییەی فرۆید پێماندەڵێ سێکس پێویستە لە سرووتە (ritual) ئاژەڵییەکەی بێتە دەر و ئاسوودەیی دەروونیش لە پاڵ ئاسوودەیی فسیۆلۆژی بۆ کەسەکان دابین بکات.

نزیکبوونەوەی هەست لە ویژدان بەکۆمەڵایەتیکردنی سێکس و بە کولتوورکردنی دەگەیەنێ، ئەو ویستوویەتی سێکس بە ئینسانیی بکات و بیخاتە سرووتی ئەوتۆوە نەک تەنها حەزە غەریزییەکان بێنە دی بەقەد ئەوەش مرۆڤ بکەوێتە نێو سرووتگەلێکی ئەوتۆوە تیایدا خۆشەویستی بەمانا ئینسانییە باڵاکەی پێبگات و ببێتە پاڵنەرێک بۆ گەشەکردنی مەدەنیانە.

ئەم سێ وتارە هەر بە تەنها قسەیان لەسەر سێکس نییە هەروەک لە بینین و خوێندنەوەیدا دەردەکەوێ، فرۆید مێژووی سێکسمان لە مرۆڤایەتیدا بۆ هەڵدەگێڕێتەوە و ویستوویەتی لە قۆناغە سەرەتاییە پەرچەکردارییە هاوڕێکە سرووشتییەکەی بیباتە دەرێ و بیخاتە سەر ڕەوتی عەقلانییەتی هوشیارانە و بیکات بە بابەتێک بۆ

گەشـــەکردن و ئـــارامی دەروونیـــی کە ســـەرەنجام ئـــارامی و ئاســـوودەیی کـۆمەڵایەتی لە مرۆڤایەتیـدا دەستەبەر دەکا.

ئەم هەنگاوە زانستیانە لای فرۆید دەکەونە نێو ماستەر پلانەکەی ئەو کە ڕێکخستنی غەریزەکانی مـرۆڤە لە چوارچێوەی عەقـڵ و پاشـان پێکهێنانی دۆخێکی هوشیارە لە مەدەنییەت مرۆڤ تیایدا خۆی و کۆمەڵگەکەی سیستماتیزە بکات و نەهێڵی چیدی نارسیزمی عوسابی جووڵەی تاکەکان کۆنترۆڵ بکا و ژیان وەک پرۆسێسێکی هاوبەش بخاتە مەترسی لە نێوچوونەوە.

فرۆیـد زانـایەک بـوو ویسـتی مـرۆڤ پڕکـات لە وەڵامی جۆراو جۆر بۆ غەریزەی ژیان، ویستی چێژ لەو ژیانەیدا بە عەقلانـی بکـات و هەروەک ئەبیکۆر ژیـانی عەقڵمـان بـۆ بە چێـژ لا خـۆش بکـا و بەم شێوەیە شادمانی بکاتە پرۆژەیەکی گەشەی مرۆیی درێژخـایەن، ژیـان لای فرۆیـد بریتـی نەبـوو لە لەبەینبردنـی ئـازار و دژکـاری و شـەڕانگێزی، ئەو هەردووکیانی (چێژ و ئازار) پێ دوو غەریزە بوون لە پێکهـاتەی دەروونـــی و تەنـــانەت پێکهـــاتەی بیۆســـایکۆلۆژی تاکەکـــان و بە حەتمیـــی هەن، لە هاوسـەنگکردنی غەریـزەی ژیـان لای هەر تاکێـک و

کۆمەڵگەیەکدا فراوانکردنی ڕووبەری چێژ و ژیان لەسەر حیسابی ئازار و شەڕانگێزی مەبەستی ئەو بوو، ئەو هەوڵی زۆری دا لەوە حاڵیمان کا کە مەحاڵە شەڕانگێزی بنبڕ بێت و دیاردەی شەڕ و جەنگ لە نێو مرۆڤایەتیدا نەمێنێ، ئەو دەیووت دۆزینەوەی دەرچەی ماقووڵ حەز و مەیلە شەڕانگێزی و وێرانخوازییەکان لە تواناکانی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە و ناچار مەیلی ژیان زاڵی سەر مەیلەکانی مردن دەبنەوە.

ئەم ویستەی فرۆید هەوڵێکی ستراتیژی بوو بۆ بە سیستمکردنی ژیان لە چوارچێوەی منێکی تاک و کۆمەڵگەیی عاقڵ و هۆشمەندا، ئەو لە کتێبی(بیروبۆچوون لە زەمەنەکانی جەنگ و مردن)دا بە ڕوونی ڕاکانی خۆیمان لەسەر شەڕ و مەیلە شەڕانگێزییەکانی مرۆڤ و ئۆرگانەکانی بۆ دەخاتە ڕوو، لە وەڵامی پرسیارێکی ئەنشتایندا کە لێی پرسیبوو ئاخۆ چۆن لەشەڕ ڕزگارمان دەبێ؟ فرۆید بە ڕاشکاوی نەمانی شەڕانگێزیمان بۆ بە مەحاڵ دەزانێ، ئەو دەڵێ: **مەگەر دەرچەی جۆراوجۆری بۆ بدۆزینەوە و لە ستراتیژی خۆی کە مردنە لاڕێی کەین ئەگینا شەڕ لە خود و دەروونی مرۆڤ بنبڕ**



Scanned with CamScanner

نابێت [٤]، لاڕێکردنی شەڕ بە عەقلانیکردییەتی، گەمارۆدانییەتی لە نێو سیستم و ژیانی مەدەنی و هاوبەشی کۆمەڵایەتیدا و هەروەها هەروەک خۆی دەڵێ: **بە پەرەپێدانی ئیرۆس(خۆشەویستی) دەتوانین لە هێزی شەڕ زۆر کەم کەینەوە و وای لێبکەین لە دژی بوەستێتەوە** [٥].

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا "شەڕ لە وەهم ڕزگارمان دەکا" فرۆید دەڵێ: تا کۆنترۆڵی سرووشت نەکەین و دەسکەوتەکانی عەقڵ لە داهێنان و تەکنیکی بەرهەمهاتوو بۆ ڕێکخستن بەکار نەهێنین بەر لە شەڕ و شەڕانگێزی ناگیرێ [٦]، هەر بۆیە لە پێناو ژیانێکی هاوبەش پێویستمان بە ڕێسا و یاسا و نەریتی مرۆڤانە هەیە و دەبێ خودکۆنترۆڵیمان پەرە پێبدەین و بەشێک لە چڵێسی و گومڕاییەکانی غەریزە وەلاوە نێین.

هەرگیز ئەوە ڕاست نەبووە فرۆید پێیوابووبێ هەموو غەریزەکان دەبێ بێنە دی و بواری وەدیهاتنیان بۆ بڕەخسێ، ئەو هەر لەو کتێبەیدا

---

[٤] فروید، سیغموند(١٩٨٦). أفكار لأزمنة الحرب والموت، ت: سمير كرم، دار الطليعة- بيروت، ط٣، لبنان، ص٤٩.

[٥] سەرچاوەی پێشوو، لا٥٥.

[٦] سەرچاوەی پێشوو،لا ١٠.



Scanned with CamScanner

هەندێک غەریزە بە (**بەد***) ناودەبات وەک (**شەبەقییەت و خودشەیدایی**) و هەمیشە بیری لەوە کردۆتەوە چۆن چۆنی لە ژیانێکی مەدەنی و هاوبەش و سیستماتیکدا کۆتایی بە تاکگەرایی و نێرگزییەت و شەبەقییەت بێت. ئەم هەوڵەی فرۆید ئیشکردنێکی تیۆریی زانستیانەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی جۆراوجۆری ئەم دۆخە دەروونیانە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ژیانێکی هاوسەنگ و شادمان بێتە دی، هەڵبەتە فرۆید لەو کتێبەیدا جەختی لەسەر پرۆسێسی بە کۆمەڵایەتیبوون و بە کولتوور کردنی غەریزە و حەزەکانە ئەمەش بێگومان لای ئەو جۆرێکە لە خۆگونجاندنێکی هاوسەنگانە بۆ هێنانە ئارای ژیانێکی هاوبەش.

لە وەڵامی نامەکەی ئەنشتایندا فرۆید چارەسەری ستەمکاری بە **بوونی ئۆرگانێکی ئینسانی باڵای خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز دەکا، ئەو دەسەڵاتە لای ئەو تێکەڵی عەقلانییەتی بەکاربردنی دەکرێ** [٧]، بوونی دەسەڵاتێکی بەهێز لای ئەو مانای بوونی (سیستم) دەگەیەنێ لە نێو جەستە و هەناوی

---

* لاپەڕە ١٨ لە کتێبی بیروبۆچونی زەمەنەکانی شەڕ و مردن.

[٧] فروید، سیغموند(١٩٨٦). أفكار في أزمنة الحرب والموت، ت: سمير كرم، دار الطليعة – بيروت، ص ٤٨.



Scanned with CamScanner

مرۆڤایەتیدا بە گشتی، بۆ ئەوەی بە ڕێکو پێکی کۆنترۆڵی ویست و خواستە نارسیستییەکانی مرۆڤ بکات و لەسەرەوەی ئەم ئۆرگانە عەقڵ دەسەڵاتدار بێ، بە مانایەکی فرۆیدیانە بوونی منێکی عاقڵی ئەوتۆ زۆر ئابووریانە توانا و ئینێرژی نێوەخۆی خەرج بکات و هیچ بوارێکی لە ژیاندا لێ بێبەش نەکا.

فرۆید لەم کتێبەیدا دیسانەوە ئاماژە بە دۆزینەوەی عەقڵ دەکا لە نێو میتۆلۆژیای جۆراوجۆر و وەدەستهێنانیەتی لە ناواخنی سرووشت و گەردووندا، دزینی ئاگر لای برۆمیسیۆس هەر بە تەنها مانایەکی سێکسی نیە بەو پێیەی ئاگر چێژێکی هێورکەرەوەی چێژاوی هەیە و کە هەڵچوو ئەوە هەڵچوونی حەزی سێکس دەگەیەنێ و کە خامۆشیش بۆوە بە پێچەوانەوە، بەقەد ئەوەش برۆمیسیۆس بە ڕزگارکەر دەزانێ و بە دۆزینەوەی ڕووناکی و بەکاربردنەکانی تری ئاگری نێو دەبا وەک زانین و سودوەرگرتن لە سرووشت.

لە کتێبێکی تریدا بە ناوی"ئیبلیس لە دەروونشیکاریدا"سیگمۆند فرۆید دەیەوێ ناخە شێواو و ترساوەکەی مرۆڤ بپشکنێ و بە جۆرێکی



Scanned with CamScanner

تر شەیتانەکان لە نێو دەروون و ڕۆحی تاکەکان دەرکاتە دەرەوە، فرۆید لەم کتێبەیدا وەک فالچی و کاهینێک بەلام کاهینێکی ڕزگارکەر و فریادڕەس و زانستی دەردەکەوێ و هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئەم ئیبلیسە نەگریسە کە لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە عەقڵی تاکەکانی زەوت کردووە لە دەروونەکان بێنێتە دەرێ بەڵکو لەمەولا هەرچی هاوپەیمانیی هەیە و مرۆڤ لەگەڵ ئیبلیس مۆری کردوون هەڵوەشێنێتەوە.

نوێنەری هەر مرۆڤێک لەم کتێبی ئیبلیسەدا هونەرمەندیکی وێنەکێشی نزیکە ٣٠ ساڵانە(کریستۆف هایتزمان) تووشی وەهم و نەخۆشییەکی ڕەشبینی دەبێت لە کاتەکانی مانەوەی لەنێو کڵێسادا و بەهۆیەوە نۆبەتەکانی ڕاچڵەکین و دەمارگرژی لێیدەدەن و کە لێیدەپرسن هۆکارەکەی چییە دەڵێ بەر لە نۆ ساڵ خۆی نەزری ئیبلیس کردووە و دوو پەیماننامەی بۆ ماوەی نۆ ساڵ لەگەڵ ئیمزا دەکا یەکێکیان بە خوێن و ئەوەی تریشیان بە مەرەکەبی ڕەش و وا خەریکە وادەی بەسەرچوونیشیان تەواو دەبێ هەر بۆیە ئەم نۆبە ڕاچڵەکینانەی دێنێ، کۆپی ئەم پەیمانانە تا ئێستاش

لە کڵێساکانی دێر ماریازلی نەمسایە و لەوەتەی ساڵی ١٦٦٩ەوە تا ئێستا پارێزراون [٨].

لەم کتێبەی فرۆیددا ئێمە ناچینە نێو درێژەی بەسەرهاتەکانی هایتزمان بەڵکو تەنها دۆخە دەروونییەکەی ئەو بە تەواوی کولتووورە بە میتۆلۆژیا نەخشێنراوەکەی ئەو سەردەم کە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەن دەبەستینەوە و لە دوو لایەنەوە دەیپشکنین، یەکەمیان: هەوڵەکانی فرۆیدە بۆ ئەوەی لەم بڕگە زەمەنییە کە دوو سەدەیە جۆری عوسابە دەروونییەکانی ئەوکاتمان بۆ نیشان کات و کێشە دەروونییەکانی خەڵکی ئەودەم ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە هزری خوڕافی و قورسایی وەهمە میتۆلۆژییەکان ببەستینەوە و بزانین ئاخۆ چەندە هزری مرۆڤی ئەوسا کۆتکراوە و بواری ئازادبوونی لە هێزە میتافیزیکییەکان زۆر لێ تەنگکراوەتەوە، دووەمیشیان: لە ڕووی دەروونی تاکەکان و پێکهاتە دەروون کۆمەڵایەتییەکانیانەوە میکانیزمەکانی مامەڵەی دەروونیی ئەوان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خەڵک بزانێ و پێمان بڵێ خەڵکی ئەو سەردەم چەندە دەستەپاچە بوون و تا چەندیش

---

[٨] فرويد، سيغموند(١٩٩٩). إبليس في التحليل النفسي، ت: جورج طرابيشي، دار الطليعة بيروت، ط٣، ص٣٢.



Scanned with CamScanner

عەقڵیـــان لە لایەن هێـــزە ئیبلیســـییەكانەوە زەوت كرابوو.

لەم كتێبەدا ئیبلیس زەوتكەری عەقڵە و وای لە تاكەكـان كـردووە هەمیشــە شـیرەخۆرانە لە ژێـر ڕكێفی ئەودا بن و نەكەن ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر لە ڕزگار بوون بكەنەوە و لەو زیاتر پشت بە هێزێكی تـر ببەسـتن، شـەیتان لەوێدا بـاوكێكی ترسـێنەری خـاوەن هەمـوو شـتێكە، ژیانی كەسـەكان هەمـووی بەسـتراوەی ڕەحمەتەكـانی ئەوە، لە هەمـان كاتـدا دایكێكی میهرەبـانە و تـا كەسـەكان لە ژیانـدا مـابن هەر لە باوەشـی گەرمـی ئەودا دەمێننەوە و توانـای دابڕانیـــان لەم ئـامێزە نیـیە و ئەگەر بیریشـــیان لێكردەوە ئەوا بەر لەعنەتەكانی دەكەون.

ئەم كتێبەی فرۆید زۆر لە كتێبی"ئایندەی وەهـم" جیـاواز نـیە هەر نەبـێ لە جـۆری چارەسـەری دەروونشیكاریانەی دین و هـزرە میتۆلۆژیكەكانەوە، ئەو زۆربەی ئەم عوســـــاب و وەسوەســـــانە بەكـاریگەریی ئەو هێزانە دەبەسـتێتەوە كە نەك هەر هایتزمان بگرە تەواوی تاكەكـان لە كۆمەڵگە نەریتی و كلاسـیكەكان بەنـدەی ئەوانـن و لە لایەن ئەوانـی بەخشندە و نـوێنەرە بە ئایكۆنكراوەكانیانەوە چێژ و مەلەززاتەكــانی ژیـــان و دوای ژیانیـــان پـــێ

دەبەخشرێ، نیازی فرۆید لەم کتێبەش دۆزینەوەی گرێکوێرەکانی عەقڵە لە نێو مێژووی مرۆڤایەتی و هەڵتەکاندنی یا باشتر وایە بڵێین بژارکردنی ئەو پانتاییە میتۆلۆژیانەن کە نەیانهێشتووە تاک و کۆمەڵگە بەرەو سیستم و ژیانی ڕێکخراو و مەدەنییەت بچێ.

ئەو کە بە مێژووی نەخۆشییە دەروونییەکاندا دەچێتەوە و نەک هەر لە سەدەکانی (١٧) و(١٨) ناوەستێ بەڵکو هزر دەخاتە نێوجەرگەی میتۆلۆژیا و بۆ هەزارانساڵی بەر لە خۆی دەگەڕێتەوە هەر بۆ ئەوەی گیاکەڵەکانی ڕەگیان لە ڕەگی عەقڵ گیر کردووە لە بنەوە دەرکێشێ تاوەکو لە زەمەنێکی تردا کە زانست و ئەزموونگەرایی لە برەودان چیدی هزری مرۆڤ بە ڕابردووی خۆیەوە نەبەسترێتەوە و سیمبولە دۆگماتیستەکانیشیان کە لە چوارچێوەی عەقیدەتی و ئیمانی و ئایدیۆلۆژی جودا جودا خۆیان ئاخنیوە لەو سیحرە عەقڵکوژە بەتاڵکاتەوە.

عەقلانییەتی فرۆید لە هیچ ساتەوەختێکی ژیانی ئاسایی و ئەکادیمی و پیشەییشیدا ون نەبووە، ئەو تەنانەت لە کلینیکەکەی خۆشی کاتێ لە هەوڵی چارەسەری نەخۆشێکیدا بووە ویستوویەتی لە ڕێگەی مێژووی تایبەتی ئەوەوە ڕابردووی بپشکنێ

و سەرچاوەکانی کە تین و تاقەت دەدەنە کێشەکانی و بەردەوامی پێدەدەن بناسێ، ئەو ڕابردووی تاکی بۆ ئەوەیە ئێستای پێ ڕوونتر کاتەوە، لای ئەو (ئێستا) بێ تیشک خستنە سەر ڕابردوویەک کە تا ئێستاش کۆتی لەمل کەسە ناتەواوەکان کردووە و ناهێڵێ بێ ئەو ڕەفتار هەڵێنن ڕۆشن دەرناکەوێ، هەر بۆیە نەستی تاک و ڕابردووەکەشی بۆ ئەو دەبن بە مێژوویەکی درێژ و چون ئەو مێژووە ئەم نموونەی لە کەسێتی داوینەتێ وا پێویست دەکا لەو سەرچاوانەیەوە بۆ کەسێتیەکی ساغتر دەست پێبکەینەوە.

لە کتێبی "دڵەڕاوکێ لە نێو شارستانییەتدا" فرۆید بە ناونیشانێکی زەق بایەخی خۆیمان بە شارستانییەت نیشان دەدات، لای ئەو هەر لە بنچینەوە هێزی لیبیدۆیە دەبێ بەو پاڵنەرەی مرۆڤ هەم پێداویستییە بیۆفسیۆلۆژیەکانی خۆی دابین بکات و تەواوی حەزەکانی بگەیەنێتە ئاستەکانی تێربوون بۆ ئەوەی لە دۆخی شڵەژانی بەردەوامدا نەمێنێتەوە، هەمیش هەر لیبیدۆیە تاکێکمان بۆ دێنێتە ئارا خاوەن منێکی عاقڵ بێت و ئابووریانە دەست بەو زەخیرەیە لە لیبیدۆ بگرێ و بەشی هەرچی سێکتەر هەیە لە ژیانی تاک لێی بدا، بیناکردنی ژینگە

بۆ ژیان و دانانی کاریگەری عەقڵ لەسەر شوێن پێویستی بە من و کۆیەکی هوشیار و عاقڵ هەیە بۆ ئەوەی هاوسەنگی و بەلانسی نێوان غەریزە فسیۆلۆژی و دەروونکۆمەلایەتییەکان ڕاگرێ، فرۆید لەم کتێبەیدا ئاماژە بە قوربانییەکانی مرۆڤ دەکا بە غەریزەی سێکس و تواناکانی لیبیدۆ بەمەبەستی بالابوون لەسەری و داهێنان و بیناکردنی توخم و ڕەگەزەکانی شارستانیەت.

لەکتێبی "دڵەڕاوکێ لە نێو شارستانییەت"دا زۆر بە ڕوونی قسە لەسەر تادێ زیادبوونی دڵەڕاوکێی مرۆڤ دەکا چون لە داهێنان و دامەزراندنی ژیان و ژینگەدا تاکە هوشیارەکان لە توانا سێکسی و حەزە غەریزییەکان دەکێشنەوە و دەیبەخشنە لایەنێکی دیکە لە پێویستیە دەروونییەکان ئەویش بالابوون sublimation ە لەسەر غەریزە سەرەتاییەکان و ڕووکردنە غەریزەکانی دەرکەوتن و دامەزراندنی شارستانییەت و مەدەنییەتە.

فرۆید لەو کتێبەیدا دەڵێ: شارستانییەت پێویستی بەوەیە بە غەریزەی سێکس قوربانی لە پێناو بدەین،قوربانی لە جۆرێکی تر، لە شارستانییەتدا خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسدا دەپەڕێتەوە نێوان کەسانێکی زۆر، دو کەس لە



Scanned with CamScanner

خۆشەویستیدا تەنها خۆیان بەسە و چیتر، ئەوان پێویستیان تەنانەت بە منداڵێکیش نییە دۆخەکەیان لێ تێکدا، بەڵام لە نێوان جەماوەردا هێزی سێکس و دواتر ئیرۆس دابەشی سەر هەر (هەموو) دەبێت و بە ژیانی هاوبەش و بونیاتنانی ژیان لە شارستانییەتدا جێیدەگرێتەوە[٩].

دڵەڕاوکێ لای فرۆید تاوەکو لەژێر کۆنترۆڵی تاکە ئاساییە و وەک دڵەڕاوکێی سرووشتی ناوی دەهێنێ، بەڵام کە سنووری سرووشتیبوونی خۆی دەبەزێنێ نائاساییە و دەیخاتە خانەی نەخۆش و کێشە دەروونییە دەمارگرژییەکانەوە، پێویستیمان بۆ دڵەڕاوکێ ئەگەرچی لای ڕۆلۆ مەی بۆتە مانا و ئەو وەک دەروونناسێکی بوونگەرا کتێبێکی بەناو کردووە"مانای دڵەڕاوکێ" بەڵام سەرەتا و بەر لە هەر دەروونزانێکی تر دڵەڕاوکێی ئاسایی و سرووشتی لای فرۆید مانا ڕاستەقینەکانی خۆی وەردەگرێت.

فرۆید دەڵێ لەگەڵ گەشەسەندن و پەرەسەندنی شارستانییەتدا دڵەڕاوکێی مرۆڤ زیاد دەکات و هەر بۆیەش شارستانیەت نەخۆشی دیکە و دۆخی

---

[٩] فرۆید، سیغموند(١٩٧٩).قلق في الحضارة، ت: جورج طرابيشي، ط٢، ص٦٧، بيروت – لبنان.



Scanned with CamScanner

دەروونــی نوێمــان بــۆ دەردەخــا کە پێشــتر وەک دیــاردەی دەروونــی دەرنەدەکەوتــن، ئەو(فرۆیــد) سەرچاوەکانی ئازاری مرۆڤ بۆ (٣) دابەش دەکات، یەکەمیان هێزی شکێنەری سرووشت و دووەمیان پیریـی جەسـتەی مـرۆڤ و سێیەمیشـیان فەراهەم نەبوونی ئەو ڕێوشوێنانەی پەیوەندییەکان لە نێوان مرۆڤەکان ڕێکدەخەن.

سـەرچاوەی یەکەم هێزی تۆقێنەری سرووشت تاوەکو ئەم دووسەد ساڵەی دواییش ملی بە مـرۆڤ کەچکردووە و ناچاری کردووە هەمیشە هـاوڕێ بێ لەگەڵـی و خـۆی تـا ئاسـتی یەکبـوون لەگەڵـی بگـونجێنێ، ڕۆیشـتنی ملکەچـانەی مـرۆڤ لەگەڵ سرووشـت ئەوی هەر بە سرووشـتی هێشـتۆتەوە و تەنـانەت وەک سرووشـت لە هەڵچـوون و داچـوون دابـووە و مـاوەتەوە، لە ڕۆیشـتن و ملدانە ئیرادەی هێزەکـانی سرووشـت عەقڵ هەرگیز ناپشکوێ، ئەو کـاتە عەقڵ چـالاکە کـاتێ کەوتە ململانـێ و دانـانی کـاریگەری لەسـەر سرووشـت، لەو دۆخەدا هێـزی سرووشـت و هێـزی مـرۆڤ لە پـرۆژەی عەقلانـی جۆراوجـۆردا وەردەگەڕێـنە سـەر شارسـتانییەت و دامەزراندنی دامەزراوە مەدەنییەکان.

لەو کتێبەیدا فرۆید زۆر ئاشکرا باس لە بایەخی دامەزراندنی ماڵ و گرنگی ڕۆحیانەی شوێن و پەیوەستەگی بە مرۆڤەوە دەکات و دەڵێ: **ماڵ ئەلتەرنەیتیڤی جەستەی دایکە، ئەو ماڵە یەکەمەی تا ئەبەد سۆزمان بۆی هەر دەمێنێ و مرۆڤ تیایدا هەست بە ئارامی دەکات و پێیوایە لەوێدا لە خۆشی و ئاسوودەییەکی تەواونەبوودایە.** ئەم وەسفەی فرۆید بۆ ماڵ بەر لەوەسفی گاستۆن باشلار دێت کە لە کتێبی "جوانییەکانی شوێن" دا باسی ماڵ دەکات و بە **دۆخێکی ڕۆحی** دەیچوێنێ.

دامەزراندن و پەرەدان بە ماڵ لای فرۆید دامەزراندنی عەقڵە و بەو هۆیەشەوە دامەزراندنی ئۆرگانە جیاجیاکانی مەدەنییەتە، ماڵسازی و شارسازی بەشێکن لە شارستانییەت و ئەوەش لای ئەو بە منە عاقڵە هوشیارەکە نەبێ ناکرێ و بەویش نەبێ مەدەنییەتی مرۆڤ بە مانا سیستماتیکەکەی نایەتە دی، لە ماڵێکی ئارام و عەقلانیدا تۆ خاوەنی خۆتی، ئازادی لە وەڵامدانەوەی حەز و ئارەزووەکانی خۆت، هەر بۆیە ئەو ماڵە کە درووست بوو ئیدی ئارەزووە سێکسی و بیۆلۆژیکییەکانی تر ئاسانتر دێنە ئارا.

درووستکردنی ماڵ بەگەڕخستنی عەقڵە بۆ ئەوەی کەسەکان ژیانی تایبەتی خۆیان ڕێکخەن، ئەوەش لە چوارچێوە فراوانەکەیدا پێویستی بە ڕێکخستنێکی هەمەگیر هەیە لە شارستانییەت و مەدەنییەتدا، فرۆید دەڵێ: **بونیاتنانی شارستانییەت بەشێکی زۆر لە هێزی شەڕانگێزی تاکەکان هەڵدەلووشێ و زۆر لاوازی دەکا و لە چەکی دادەماڵێ، ئەویش بە خستنە ژێر ڕکێفی هێزێک کە لە ناخیایەتی، هێزێکە بەو قشڵەیە دەچێ کە شارۆچکەیەک دەپارێزێ**[١٠].

کەواتە ئەوە هێزی ژیان و بیناکردنە وا لە تاک دەکا بەشێکی زۆر لە هێزی غەریزەی مردن و کاولکاری ونکات، پەرەدان بە ژیانسازی دۆزینەوەی دەرچەیە بۆ خەرجکردنی هێزە کاولکارییەکان و بە مانا فراوانەکەشی تێکۆشینە بۆ بە سیستمکردن، ژیان وەک غەریزە لای فرۆید پەرەدانە بە ڕێکخستن و گونجاندن، ئەم پەرەدانەش لە شارستانییەتدا ڕەهەندی ماتریالی عەقڵ دادەمەزرێنێ و سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ وەک تاک و وەک کۆ لە زۆر لە نەزعە شەڕانگێزییەکانی بەتاڵ دەکاتەوە.

---

[١٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.



Scanned with CamScanner

هەوڵەکانی فرۆید لە دەروونشیکاریدا هەردەم هێنانەوە هۆشخۆی تاکەکان بووە بۆ ئەوەی کەمترین شڵەژانی دەروونیان هەبێ و دواتر کۆمەڵگەش لەو **عوساب و هێلیوسینەیشنە** **دەستەجەمعیە** ڕزگار کا، ئەوسا بڕیارەکانی تاکەکان چیدی بڕیاری عوسابیانە نابن و تاک دەبێتە خاوەنی ئیگۆیەکی هوشیار هەردەم بۆ یەکلاکردنەوەی ترازان و شڵەژانەکان عەقڵ بەکاردەبات نەوەک سۆز و هەڵچوونی غەریزی.

فرۆید لە "دڵەڕاوکێ لەنێو شارستانییەتدا" سەرەڕای ئیشکردنی لەسەر شارستانییەت و مەدەنییەت وەک بە ماتریالکردنی عەقڵ و بە شتکردنی، لە سۆراخی هێنانە کایەی کولتوورێکە وەک ڕەهەندێکی زەمەنیی بە هۆیەوە منە ئیگۆدارە بە هێزەکان ئەم مەدەنییەتە هەڵسووڕێنن و سەرەنجام شارستانییەت و مرۆڤایەتی هەم خاوەنی منە ئازادەکان بن و هەمیش خاوەنی ئەو کولتوورەی کە منەباڵاکان تیایدا سیستماتیزەی هەنگاوەکانی دەکەن.

هەرچەندە زووتر دەبوایە بپەرژێمە سەر کتێبی کتێبەکانی فرۆید"**لێکدانەوەی خەونەکان**" کەلای ئەو بە زانستی خەونەکان دەیناسێنێ، بەڵام پێموابوو

سەرەتا ئەو کتێبانەی تر بخوێنینەوە باشترە بۆ ئەوەی ئاسانتر لەو تەلیسمە زانستیانە بگەین کە لەم کتێبەیدا هەڵیهێناون و مانای داونەتێ، فرۆید لەو کتێبەیدا خەونی لە خورافە و فاڵچییەکانی هزری سەرەتایی ستاندەوە، لای ئەو خەون چیدی پەیوەست نییە بە ئاییندە و چیدیش بڕیار لەسەر چارەنووسی کەسەکان لە ئاییندە نادا، خەون ئیتر چالاکییەکی دەروونییە لە کاتی خەو و پەیوەستە بەو ئارەزوو و حەزانەی لە ڕابردوودا من(ئیگۆ) دەرەقەتیان نەهات و نەیتوانی بیانهێنێتە دی، خەون لای فرۆید بوو بە بابەتێکی زانستی و بە هۆیەوە بە نێو قوڵاییەکانی نەستی تاکەکاندا شۆڕدەبێتەوە و هەوڵدەدا لە تاریکاییدا ئازادییان بکا و بیانهێنێتە بەر ڕووناکی.

فرۆید لە یەکەم بڕگەی کتێبی لێکدانەوەی خەونەکان و لە چاپە عەرەبییەکەی کە زانای گەورەی میسری و قوتابی جاک لاکان وەریگێڕاوە و پێشەکی بۆ نووسیوە دەڵێ: **لە لاپەڕەکانی دادێدا ئەوە دەسەلمێنم کە پێویستە بە میتۆدێکی سایکۆلۆژی بگەین بە هۆیەوە خەونەکان لێکدەینەوە و ئەگەر ئەوەشمان کرد و هەر خەونێکمان شیکردەوە ئەوە دەتوانین دەروونێکی مانادار بونیات**



Scanned with CamScanner

**بنێین بکەوێتە نێوان خۆیی و ئەو چالاکیانەی لە ئاگاییدا دەیانکات**[11].

هێنانە ئارای میتۆد جگە لە بە زانستیکردنی خەون ور یکخستنی چالاکییە دەروونییەکانی تاک دەبێ چیبێ؟ بە میتۆدکردنی چالاکییە دەروونییەکان شعورێکی بە ئاگای فرۆیدە بەوەی چیدی ژیان بەم فاڵچییەتی و خورافەکارییە بەڕێوە ناچێ و بەم ستایلە میتۆلۆژی و لاهووتیەش عەقڵ هەر لە کۆت و بەندی فاڵچییەکانی مێژوودا دەمێنێتەوە.

فرۆید لەم کتێبەیدا ئاماژە بۆ ئەوکەسانە دەدا بەر لەو قسەیان لەسەر خەون هەبووە وەک (ئەرستۆ و گرووپە) و زۆری تر، لە لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەندێکیان بۆ خەون وەک سەرەتایەکی عەقلانی ڕازییە، بەڵام لای ئەو خەون ئیدی دەبێتە بابەت بۆ زانست و وەک بەشێکی خەوتوو لە نەخشەی عەقڵی تاکەکان دەیناسێنێ و هەوڵی شیکردنەوەی سیمبولەکانی دەدات. خەون جۆرێکە لە هاتنەوەی یا گێڕانەوەی بەشێک لەو زانیاریانەی یا شارەزاییانەی تاک کەلە ڕابردوودا پێیاندا تێپەڕیوە یا ڕووبەڕوویان بۆتەوە. کەواتە زانیارین

---

[11] فروید، سيغموند(٢٠٠٣). تفسير الأحلام، ت: مصطفى صفوان، دار الفارابي، ط١، ص٥٣، بيروت – لبنان.



Scanned with CamScanner

بەڵام منە باڵاکان سەرکوتیان کردوون یا ئەوەتا بۆ هەتـــایە چەپانـــدوویانن، لەو دۆخەی چەپانـــدن و سەرکوتکردنەشـــدا ئەو زانیاریـــانە لە سیســـتمی ڕێکخستنی عەقڵ دەردەچن و زانیارییە ڕێپێدراوە سـەرەتاکانی هـۆش بـواری تێپەڕین و هـاتنە دییـان پێدەدرێ.

فرۆیـد لەبـارەی خەونەوە دەڵـێ: **وەک گێـڵ و گەمژە لە خەونەکانمان دەردەکەوین**[١٢]، ئەم بینینەی فرۆید پەیوەستە بەم هەمـوو سیمبول و هێمایانەی تـاک بە بەربـڵاوی و تێکەڵاویـی لە خەونەکانیـدا دەیـانبینێ کە هیچیـان لەگەڵ هیچیـان نـایەنەوە یـا ئەوەتـــا کەس لەوێـــدا وەک ئەوە وایە هێزێـــک لێیدەخوڕێ و ئەو خاوەنی خۆی نییە، لە خەوندا من بـزرە سەرلێشـێواوە، لە نێـوان دەیـان و سـەدان سـیمبولدا هەر چاوەچاوییەتی، کە بەخەبەریش دێ کەمێکی لە بیرە بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە، بەڵام فرۆید هەردەم بایەخی تەنها بە سیمبولەکان دەدا و کەمتر سـیناریۆکەی بەلاوە گرنـگ بـوو، چـون ئەو لای خۆیەوە سیمبولەکانی بەیەکەوە دەبەستەوە.

کەواتە بەیەکەوە بەســتنەوەی ئەم هەمــوو هێمایـانە و دۆزیـنەوەی مانـا بۆیـان سـەرەتا لای

[١٢] سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٢.

لێكدەرەوە دواتر لای خەونبین ئیشی یەكەمی فرۆیدە و ئەو بە هۆی ئەم هێمایانەوە كە لای تاك سەرسامییەك درووست دەكەن دەگاتە ئەو كۆدە نهێنیانەی ڕاستیی حەز و ئارەزوو و زانیارییەكانی ئەویان پاراستووە.

**لە خەوندا دەچینە تاریكترین شوێن و سنوورە ئەستوورەكانیش دەبڕین و لە مێرگە ڕۆحییەكانیدا بۆ ماوەیەك دەلەوەڕێین، دەگەینە ئەو كەسەی خۆشمان ویست و نەمانتوانی پێی بگەین، دەگەینە ئەو خواردنانەی سوێمان بۆیان دەبۆوە و نەكراو نەكرا پڕ بەدڵ تامیان كەین، دەگەینە ئەو شوێنانەی حەزمان لێبوو بیانگەینێ و نەیانگەیشتینێ، دەگەینە ئەو قوڵاییانەی نەماندەوێرا هەر سەیریشیان كەین لەوێدا ئاسان شۆڕدەبینەوە ئەو قوڵاییانە و هەرچی تیایەتی دەبینین، دەگەڕێینەوە ئەو هەموو سەردەم و شوێنانەی پێیاندا گوزەرمان كرد و نەمانتوانی ئادەمیانە چێژیان لێوەرگرین، لە خەوندا ئێمە بەدوا چێژەونەكانی ئاگاییدا وێڵین و لە یارییەكی سیمبولیكی تێكەڵاو و ڕەشبەڵەكدا كەس كەس ناناسێتەوە[١٢].**

[١٢] حوسێن، محەمەد تەها(٢٠١٥). دیاردەكەرایی خود.....چەند خوێندنەوەیەكی سایكۆفەلسەفی بۆ خودی كوردیی، كتێبخانەی مەحوی، چ ١، لا ١٢٦،هەولێر.

گەر ئەم هەموو نهێنیانەمان لە ژیانی خۆمان بۆ دەرخا و ئەم هەموو هێمایانەمان نیشان داتەوە بۆچی فرۆید نەیکا بە تیۆر و نەیکاتە بابەتێک ئاڵۆزترین بوونەوەر کە مرۆڤە پێی شینەکاتەوە؟ مرۆڤ لای فرۆید لە ئیگۆدا مانای خۆی وەردەگرێ، لە ئیگۆدا بە هێزی و بێهێزی تاکەکان دەردەکەوێ، فرۆید هەر لەسەرەتاوە هەستی بەوە کردووە کە کێشەکانی تاک و تەنانەت هی مرۆڤایەتیش هەر هەمووی لە نەزانینی دروستکردن و پەروەردەکردنی ئەم ئیگۆیەیە، ئیگۆ لاوازەکان بەشێکی گرنگ لە ئازادییەکانی بیرکردنەوە و خەیاڵکردن و رامان لەدەست دەدەن، بیرکردنەوەی ئەوان بە ئایکۆنە ئایدیاڵە نموونەییەکانەوە پەیوەستە و هەر ئەوەشە لای فرۆید هۆکاری خەسانی خود و دواتر ناتوانایی عەقڵی تاکەکان.

جوانترین پێناسەی (من) فرۆید کردوویەتی، ئەو توانیویەتی بیکات بە ئۆردەرێک بۆ ئەوەی سەنتەرێک بێ بۆ کۆنترۆڵ، کۆنترۆڵ بە مانا ئەرێنییەکەی تاوەکو (من) لە هەموو جوڵە و بزۆزیەکانی دەروون و جەستە بە ئاگا بێ و چارەنووسی بوونە مرۆییەکە نەکەوێتە ژێر



Scanned with CamScanner

هەژمـــوونی هەڵچـــوون و ســـۆز و دیـــارده نـــا ئیرادیەکانی دیکەوە[١٤].

لە لێکدانەوەی خەونەکاندا فرۆید مانیفێستێکمان دەداتـێ بە هـۆیەوە بە باشـترین شـێوە خۆمـان دەناسین، بە باشترین شێوە نەهامەتییەکانی ئاگایی و نائاگاییمـان دیاردەکەین و دوای چارەیـان ئیدی خۆمـــان ئاراســـتە دەکەیـــن. **بە هـــۆی خەونەوە ســـتایلەکانی بیرکـــردنەوەی تاکەکانمـــان بـــۆ دەردەکەوێ**[١٥]، هەر فرۆیـــــد لە لێکـــــدانەوەی خەونەکانـدا دەڵـێ: بـابەت و ماتریـاڵی هزریـی لە بەخەبەریی مرۆڤدا وەک خەونەکـانی قـووڵ نین[١٦]، هەر بـۆیەش دوای شـیکردنەوەی دەروونـی هەر خەونێک یا هەر خەونبینێک ئیدی ئاراستەی گۆڕینی ستایلی بیرکردنەوەی خۆی دەکرێ، یا بە هوشیاری (مـن)ەوە تواناکـانی پەڕیـنەوە لە کۆسـپەکان و وەدیهێنانی غەریزیانەیان جێبەجێ دەبێ.

لە لێکـدانەوەی خەونەکانیشـدا فرۆیـد هەوڵـی ئەوەی داوە مـــرۆڤ ببـــاتەوە ســـەر ڕیشـــە

---

[١٤] حوسێن، محەمەد تەهـا(٢٠١٧). سـایکۆلۆجیای کەسێتی.....کەسـێتی کـورد لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگە جوداکاندا، ناوەندی ئەندێشە، چ ١، لا ٤٧، سلێمانی.

[١٥] فروید، سیگموند(٢٠٠٣). تفسير الأحلام، ت: مصطفى صفوان، دار الفارابي، ط١، ص٣٤٦، بيروت – لبنان.

[١٦] سەرچاوەی پێشوو، لا١٠١.



Scanned with CamScanner

بنچینەییەکـــانی کە بیرکـــردنەوەی هوشـــیارانە و ئاگایـــانەی ئاراســـتە دەکەن و لە وێـــدا کە هێمـــاو سـیمبولە تێکچڕژاوەکــان دەبــاتە پــاڵ سیســتمێکی سیمبولیکی و لە ڕێکخستنەوەیەکی تردا مانایەکیان دەداتـــێ هەوڵگەلـــێکە ئەوە جـگە لە تەنگکـردنەوەی نەست و فراوانتـر کردنـی هەست چیدیکە نیە، ئەو لەو کتێبەشیدا لە خەمی پشکنینی قەدەغەکانی نەستە و ویستوویەتی مرۆڤێکی هەستیارمان بۆ درووست بکـا چیـدیکە لە ڕەفتـار و بیرکـردنەوە و خەیـاڵ و خەونەکانی خۆی سەرسام نەبێ و لێیان نەترسێ و لە ڕووی مانادانەوە چیتر لاڕێیان نەکا.

بە سیســـتم کردنـــی بیرکـــردنەوە لە ڕێـــگەی تێکەڵکردنی خەون و نەست وەک دوو سەرچاوە یا دوو دەرهاویشـــتەی عەقـــڵ ســـتراتیژە زانســـتییە سایکۆکۆمەڵایەتییەکەی ئەومـان بۆ بە مەدەنیکردنـی ژیان و سازکردنی شارستانییەت نیشان دەدات.

لۆشـــیانۆ فلۆریـــدی لە زانکـــۆی ئۆکســـفۆرد لە کتێبێکـی تـازەی خۆیـدا بەنـاوی (شۆڕشـی چوارەم) ئاماژە بە چوار جۆر شۆڕش دەکا و تەنها ئەوانە بە شۆڕش دەزانێ چون گۆڕانکارییان لە عەقڵی مرۆڤدا درووســت کــرد نەک هەڵســووڕان لە چوارچێـوەی هەڵچوونەکـــان و بەس، ئەو دەروونشـــیکاریی بە

شۆڕشـی سـێیەم دەزانـێ لە دوای شۆڕشـەکەی کۆپەرنیکـۆس و سـەلماندنی بـۆ چیـدی سـێنتراڵ نەبوونی مرۆڤ و شۆڕشی دووەم کە هی چارلس داریـونە لە پەرەسـەندنی جۆرەکـان و تیـۆری هەڵبژاردنی سرووشت و شۆڕشی چوارەم کە هی تەکنۆلۆژیـا و نێـتە، بەم شـێوەیە باسـی سـیگمۆند فرۆید و شۆڕشەکەی دەکا: **سیگمۆند فرۆید وەهمی پیرۆزیی مرۆڤی بە هۆی دەروونشیکارییەوە شکاند و سـەلماندی کە عەقـڵ لە نەستیشـدا ڕووبەرێکـی فراوانی هەیە بەڵام ملکەچی میکانیزمەکانی بەرگریی دەروونی کراوە، ئەو پێیوابوو زۆربەی ئەو کارانەی پێیهەڵدەستین نەسـت پاڵمـان پێـوەدەنێ بیـانکەین، عەقڵی بە ئاگاش هەمیشـە مانایـان دەداتـێ، فرۆیـد مرۆڤی لە مەملەکەتی هۆشەوە بۆ ناهۆش و نەست گێڕایەوە، فرۆید تیۆرە جێگیرەکەی دیکارتی لەرزاند و سـەلماندی کە چیتـر تەنهـا هـۆش و بیرکـردنەوە مرۆڤبوونمان ناسەلمێنن**[١٧].

ئەوەی فرۆیـدی هێنـایە نێـو سـایکۆلۆژیا ئەو ڕامـانە قووڵە زانستیەی بـوو کە کێشـەکانی مـرۆڤ هەر بەتەنهـا بیۆلۆژیـا و تـرازانە جەسـتەیی و

[١٧] فلوريدى، لوتشيانو(٢٠١٧). الثورة الرابعة......كيف يعيد الغلاف المعلوماتى تشكيل الواقع الانساني، ت: لؤى عبدالمجيد السيد، المجلس الوطنى للثقافة والفنون – عالم المعرفه، العدد ٤٥٢، ص ١٢٢.

فیزیکیەکان لێیان بەرپرس نین بەقەد ئەوەی شڵەژان و ترازانی هاوسەنگی دەروونی کە سەرەتاکەی لە ترازانە عەقڵیەکانەوە هاتووە بەرپرسی یەکەمی ئەو کێشە و نەهامەتیانەن، هەر بۆیە ئەو شۆڕشگێڕێکی نێوەنـــدە زانســـتییەکان بـــوو و پێیوابـــوو گەر گۆڕانکاری لە عەقڵ و لە بیرکردنەوە و بونیادەکانی بیرکـــردنەوە و دەروون نەکـــرێن مەحـــاڵە گەشـــە و پەرەسەندنەکانی مرۆڤایەتی لەم بازنەییە خولانەوەی زەمەن تێپەڕێنێ، هەر بۆیە ناوهێنانی بە شۆڕشی سێیەم لە دوای کۆپەرنیکۆس و داریـون بـایەخی زانستی خۆی هەیە و بەم پۆلێنبەندییە ئەویان بردە ئاستی یەکەم چارەساز کە ژیرانەترین چارەسەری بـۆ نەخۆشـیە دەروونـی و عەقڵیەکـانی مـرۆڤ دۆزیەوە، لە پـــاڵ نەخۆشـــیە جەســـتەییەکان دەروونیشـی خسـتە ئەگەری نەخۆشـبوون بە هـۆی دنیـایەکی هۆکـار بەر لە هەموویـان ئەو کولتـوورەی ئەو تیایدا هەناسە دەدا و ئەو تین و تـاقەتەی تیایدا خەرجی دەکا.

دایڤید باکان لە کتێبی "فرۆید و میراتی سـوفیزمی یەهـوودی" ئەگەر چی ویسـتوویەتی بە (هاسـیدییەت

و کابالی*)ەوە کە دوو مەزهەبی سوفیزمی جوون ببەستێتەوە و دەروونشیکاریی وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەنتی سامیزم بخاتە قەڵەم، بەڵام یەهوودی بوونی ئەو جگە لە دەرخستنی شوناسە ڕەگەزییە ئیتنیکییەکەی چیتر نەبووە و ئەو بەستراوەی شوناسی دینیی نەبووە و هەر زوو بێبەریبوونی خۆی لە جوولەکە وەک دین دەربڕیوە، ئەو خۆبەستنەوەیەی بە یەهوودییەت بایەخی شوناس و خۆناسینی کەسیی و کۆمەڵگەیی ئەو دەردەخات و ئاشکرا پێمان دەڵێ چەندە گرنگە تاک لە ژیانی خۆیدا و ناسینی بۆ خۆشی چەندە پڕ بایەخە، ئەوەندەش (کۆ) گرنگە و پێویستە مرۆڤ هەمیشە بە ڕایەڵەکانی ئینتیماوە ببەسترێتەوە کە سەرەنجام منە باڵاکەی بۆ درووست دەکا.

باکان قسەیەکی فرۆیدمان بۆ دەگێرێتەوە و دەڵێ: **یەهوودیبوون لای فرۆید بریتیبوو لە منی باڵا و ئەو هەمیشە لەگەڵ منە کۆیەکەدا هاوڕێبوو**[18]، باکان لە جیاتی ئێمە لەو کتێبەدا قسەی خۆی لەسەر

---

* هاسیدی و کابالی: دوو ڕێبازی سۆفیگەری یەهوودین. کابالییەکان پێیانوایە حیکمەتی خودا لەسەر کێوی سیناوە بۆ موسا دەرکەوت، بە پێنج سفرەکەی شەریعەت یا تەورات. بەڵام هاسیدی تێکەڵەیەکی دیالێکتیکیە لە نێوان ساباتی و حاخامی و درێژەی جولانەوەی سوفیزمە لە یەهودییەتدا.

[18] باکان، دافید(٢٠٠٢). فروید والتراث الصوفي اليهودي، ت: د.طلال عتريسي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط٢، ص١٣٤، بيروت – لبنان.



Scanned with CamScanner

کتێبی"موسا و یەکتاپەرستی" دەکات و **موسا لای فرۆید بە یاسادانەری یەهوود دەزانێ و پێشیوابوو لە بنچینەدا موسا میسری بوو***، یاسادانان وەک ڕۆڵێک بۆ موسا بریتیبووە لە بە ئینسان ناسینی جگە لەوەش دابڕین و ستاندنەوەی پیرۆزی لێی، یاسا بە مانای سیستم و ڕێکخستن دێت و کە موساش ئەو ڕۆڵەی هەیە مانای ئەوەیە هەوڵی ئەو بەرزکردنەوەی ئەو بووە لە ئەفسانەوە بۆ بوونێکی عاقڵ و هوشیار، ئینجا دانەوەی شوناسی میسری بوونی موسا لای فرۆید هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیحرەکانی ئەو و ئینجا ستوندە بنچینەکانی لاهووتی ئەوان، ئەم بینینەی فرۆید کە عەقلانییە نامۆ نییە بە هزری سوفیزم چون سوفیزم جولانەوەیەکی ڕۆحییە لە شەریعەتی هەموو دینەکان هەڵدەگەڕێتەوە و توخمی عەقڵ و بوون لەم دنیایە بە گرنگتر لە بوون و گواستنەوە بۆ شوێنێکی تر دەزانێ.

فرۆید زۆر ورد هەوڵی چنینی عەقلانییەتی داوە لە ڕێگە و گۆشەی جودا جوداوە، باکان دەگێڕێتەوە دەڵێ: دوای دەرچوونی کتێبە هاوبەشەکەیان(توێژینەوەکانی سەر هیستیریا)

* سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.



Scanned with CamScanner

برۆیەر نامەیەک بۆ (فلیس) ی هاوڕێی هەردووکیان دەنووسێ و تیایدا دەڵێ: **هزری فرۆید زۆر بلند دەشەکێتەوە، من لە بەرامبەریدا وەک مریشکێک وام لە بەردەم بازێکدا***.

ئەم بینینەی برۆیەر بۆ فرۆید تەنها سەرسامییەکەی بووە بۆ وردی و قووڵبینینەکەی چون ئەو لە پشت چارەسەرە دەروونییەکان، هێنانەوە هۆشی نەخۆشەکانی مەبەست بوو و دەیویست عەقڵیان لەو هەموو کۆت و بەندانە ڕزگارکا کە پێیەوە بەسترابوونەوە.

فرۆید لە وانەکانی دەروونشیکاریدا سەبارەت بە عەقڵ دەڵێ: چەندە ژیان بە دیسپلینە تاقەت پروکێنەکانی قورساییمان بخاتە سەر ئەوەندە لە ناخەوە بەرگرییەک بەرانبەر بەرەقیی عەقڵ و وشکییەکەی درووست دەبێ، هەرچەندە عەقڵ لە زۆر لە چێژەکان بێبەشمان دەکا و وەک دژمن دەردەکەوێ، ناوە ناوە پێمان خۆشە خۆمان بدەینە دەست خۆشییە ناماقولەکان[١٩].

* سەرچاوەی پێشوو، لا١٦٨.

[١٩] فروید، سیغموند(٢٠٠٧). محاضرات جدیدة فی التحلیل النفسي، ت: جورج طرابیشی، دار الطلیعة – بیروت،ط٣، ص ٤٠.



Scanned with CamScanner

مەترسییەکانی عەقڵ لە درندایەتی و ماڵوێرانییەکانی نییە،عەقڵ ناهێڵێ تاک بێخەم لێی پاڵداتەوە و دانیشێ، عەقڵ هەمیشە دنەمان دەدات و ئێمەش هەمیشە لێی ڕادەکەین، دژمنایەتیمان بۆ عەقڵ جگە لە وەسوەسەیەکی ئیبلیسیانە چیتر نییە و مرۆڤ سەرقاڵی ناماقوڵ دەکا[٢٠].

لای فرۆید هەمیشە عەقلانییەت پرۆژەیەکی درێژخایەنی ورد و ئاڵۆز بووە، بریتی نەبووە لە چنینی ڕێکەوتننامە و پەیمانی دووقۆڵی و سێقۆڵی، ئەم پەیمانە یا ئەم پرۆژەیە بیناکردنەوەی سەرلەنوێی مرۆڤە بە عەقڵێکی تر جیا لەوەی هەمیشە میزاج و ویژدانە سواوەکان و هەڵچوون و سۆزەکان مرۆڤ و کۆمەڵگەکانیان پێ لێخوڕیوە، گەیشتنە عەقڵ ڕێگاکانی بە سێکس و لیبیدۆ و نەست و دۆزینەوەی کلیلی خەونەکانی تاک و ترادیسیۆنەکان و میتۆلۆژیەکانەوە تێدەپەڕێ، لای فرۆید عەقڵ هەمان شتە وەک لای شۆبنهاوەر کەپێیوابوو ژیان بریتییە لە ڕێکخستن و سیستماتیککردن، ئەگەر ژیان ڕێکبخرێ کەواتە وەک

---

[٢٠] حسين، محمد طه(٢٠١٧). سيكولوجية الشخصية، دار الحوار – اللاذقية، ط١، ص١١٧، سورية.



Scanned with CamScanner

فرۆید دەڵێ گەورەترین سەرچاوەکانی ئازار لە کۆڵ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەبێتەوە.

ئیشە زانستییەکانی فرۆید بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێک تیۆر بوون هەر هەموویان لە ژێر ناوی تیۆرەکانی عەقڵ ڕیز دەبن، تیۆری عەقڵ لای فرۆید پەیوەستە بە زەمەن و زەمەنیش تەنها ئەو زەمەنەیە مرۆڤی تیادا دەژی و دەگوزەرێ.

سۆزان شوکەرمان لە کتێبی "تیۆری عەقڵ لە دیدگەی زەمەنەوە"* فرۆیدمان لە نێوان ڕاستی و وێنەوە بۆ بە جوانی دەردەخا، بە درێژایی ئەم کتێبە قسە لەسەر ئامانجە دوورمەوداکەی فرۆیدە کە هێنانەدی هۆشە لە ئیگۆیەکی توانادار و هاوسەنگدا، ئەو فرۆیدی بەجۆرێکی تر وێناکردووە و پێشیوایە ئەو فرۆیدەی ناسراوە بەوەی خاوەنی تیۆرەکانی سێکس و خەون و نەستە لە ناخی خۆیدا فرۆیدێکی تری هەڵگرتووە هەموو ئەو تیۆرانەی بۆ ئەوەیە لە فۆرم و گەوهەرێکی تردا عەقڵ خاوەنی بێت و لە ژێر فەرمانی غەریزەوە بیگوازێتەوە ژێر فەرمانی هۆش و بیرکردنەوەی عەقلانیانە.

---

* ئەم کتێبە لێکۆلینەوەیەکە لەسەر عەقلانییەتی فروید، من لە سایتی الحوار المتمدن بەر لە ٢ ساڵ هەمان بیرۆکەم لە لێکۆلینەوەیەکدا بلاوکردەوە. کتێبەکەی شوکرمان ئەم چاپەیە: شوکرمان، سوزان(٢٠١٧). نظرية العقل من منظور زمني....فرويد بين الحقيقة والصورة، ت: د.عبدالستار الأسدي، دار الرافدين، ط١ – بيروت– لبنان.



Scanned with CamScanner

ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی دیکەی زۆربەی کتێبەکانی فرۆیدە بەڵام بەو ئاراستەیەی خەمەکانی فرۆید لە تاکەوە بگوازێتەوە بۆ کۆ و سەرەنجام کۆیەک بێنێتە ئارا عەقڵ و خاوەن ئیگۆیەکی دەستەجەمعی هوشیارانە.

لەم باسەماندا ویستمان ئەو وێنە شاراوەیە لە پشت کۆمەڵێک چەمک کە هەر یەکەیان وێنەیەکیان بۆ فرۆید نەخشاندبوو بە جوانی دەربخەین و فرۆیدی ڕاستەقینە کە ئامانجی بە تاڵکردنەوەی مرۆڤ و ژیان بووە لە شەڕ و شەڕانگێزی و نارسیزم و پڕکردنی مرۆڤایەتی و تاکەکانی بە مانا ڕاستەقینەکانی ژیان کە هەمیشە دەیووت: (ئەم ژیانە پێویستی بە بیرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی مانای بدەینێ [21]).

ئەو بە شیکاریی دەروونی تاکە نەخۆشەکانی لەو زانیاریانە بەتاڵدەکردنەوە کە بووبوونە هۆی ترازان و شڵەژانی کەسێتیەکەیانەوە، دەیویست بەجۆرێکی تر هۆشیان فراوان بکا چیدی لە نادیار و تاریکاییەکانەوە فەرمان بە حەز و ئارەزووەکانیان نەکرێت، فرۆید پێیوابوو تاریکاییی لە نەستی

---

[21] فرانكل، فيكتور(٢٠١٤). ارادة المعنى....اسس وتطبيقات العلاج بالمعنى، ت: د.إيمان فوزى، دار زهراء الشرق- القاهرة، ص٦٣.



Scanned with CamScanner

تاكەكان لە مێژوودا زۆرترین قورسایی و زۆرترین كاریگەری هەبوو لەسەر كۆی ڕەفتار و هەڵوێست و هەڵسوكەوتەكانیدا، بەلام كە باس لەسەر دۆزینەوەی عەقل بۆ ئیگۆیەكی هۆشمەند دەكا ئەوا ڕووبەرەكانی هەست لەسەر حیسابی نەست فراوان دەبێ و تا ڕووبەری نەستیش فراوانتر بێ شەبەنگەكانی عەقڵ زیاتر تیشكەكانی خۆیان دەبەخشنە هەست و ئاگایی تاك و بەمەش دنیا بە جۆرێكی تر دەدرەوشێتەوە و دەنەخشێ.

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە سۆنگەی ڕوانینە مەدەنی و مۆدێرنەكانی فرۆیدەوە لە هەناوی چەمگەلی جۆراوجۆردا هاتە نووسین، چون فرۆید زادەی هزری مۆدێرن و زەمەنی پشكوتنی عەقڵ بوو، ئەو لە هەموو ئەوانەی گومانێكیان لەو تەرزە مرۆڤە سەقەتەی بەر لە مۆدێرنە بوو فێربوو، لە هیبۆكرات و ئەبیكۆر و سوكرات و دیكارت و هیگل و شوبنهاوەر و داروین و تەنانەت نیتشەش، لە مانە پشتیوانییەكی هزری دەست كەوت بەلام لە پێداگیری خۆی ڕێگەكانی سەركەوتنی عەقلانییەتی نیشانی ئێمەدا.



Scanned with CamScanner

# سۆفی فرۆید و گومانەکەی داڤید باکان*

ڕەخنە لە فیکری نوێدا مانای بەردەوامی و بەخەبەری هەم خوێنەر و هەم نووسەر و لە لایەکی تریشەوە هەم دەسەڵات و هەم هاووڵاتیان دەگەیەنێ، دیار نەبوونی ڕەخنە و کورتکردنەوەی لە سەرزەنشت و لێکەمکردنەوە و تانە و تەشەر حاڵینەبوونە لە بنەما بنچینەییەکانی هزری ڕەخنەیی و گەشەی عەقڵی.

لە سەرزەمینە گەشەکردووەکاندا و لای بیریارە مۆدێرنە هزر کراوەکان ڕەخنە ئەگەر تووڕەییشی بە دواوە بێ ناگاتە ئەو ئاستەی نەبوونی یا نەمانی بە پێویست بزانرێ، ڕەخنە جۆرێکی تایبەتە لە زمان و جۆرێکی تایبەتتریشە لە هزرین، زمانێکە بۆ قوڵاییەکان شۆڕدەبێتەوە و ئەو مانا و وێنانە دەپشکنێ و دەکێشێ کە نە نووسەر و نە خوێنەر بە لایدا دەچن، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەر یەکە لە نووسەر و قسەکەر و ئیشکەر و ئینجا خوێنەر و گوێگر و وەرگر لە پرۆسێسە مەعریفیەکانیان بۆ زانین و ناسین جودان و هەر بۆیەش جودایی لە پەیبردن و دواتر لە وێنەکێشانە هزریەکان جودا دەبن.

* خوێندنەوەیەکە نووسەری ئەم کتێبەیە بۆ کتێبی (فروید والتراث الصوفی الیهودي) کە دایفید باکان نووسیویەتی و تیایدا دەروونشیکاری بە هزری سۆفیزم بەستۆتەوە و پێیوایە فرۆید لە شەوقی بۆ سۆفیزمی یەهودییەوە چووەتە نێو دەروونشیکارییەوە(نووسەر).

قسەی ئەمجارەی من دیسانەوە لەسەر (سیگمۆند فرۆید)ە، ئەویش لەسەر درێژەی ئەو ڕەخنانەیە کە زیاتر لە (١٢٠) ساڵە لەو پیاوە دەگیرێن و بۆ ساتێکیش نەوەستاون، نەوەستانی ڕەخنە بەو مانایەی نا کە ئیدی بەسە ئەو کەسە مرد و شەیتان وازی لیهێنا و تیۆرەکانیشی پێویستە چیدی قسە و باسیان لەسەر نەکرێ، بەڵکو بەو مانایەی لەگەڵ هەموو ئەم ڕەخنانە و ئەم هەموو بەیەکدا هەڵشاخینەش فرۆید یەکێکە لە پێنج کەسە مەزنەکەی جیهان لەم (١٢٥) ساڵەی ڕابردوودا و بۆتە سەرچاوە و مەرجەعێکی باڵا بۆ زۆربەی هەرە زۆری تیۆر و ڕێبازە سایکۆلۆژیەکانی تر.

ماوەی دە ساڵێک لەمەوبەر لە چاوخشاندنێکی خێرا و ئێستاش لە خوێندنەوەی ئاساییمدا بۆ کتێبی{فرۆید و توراسی سۆفیزمی یەهوودی- فروید والتراپ الصوفی الیهودی} ی دەروونزانی ئەمریکی دێڤید باکان١٩٢١-٢٠٠٤- دیقەتم دا ئەمەشیان وەک زۆربەی ڕەتکردنەوە و ڕەخنە و هەڵشاخینەکان سەرچیخ ڕۆشتووە و نەیتوانیوە گریمانە و دراوەکانی خۆی بە ڕێژەیەکی خوار ٥٠% ش بسەلمێنێ.

نووسەری ئەم کتێبە هیچی لە فرۆید کەمنەکردۆتەوە تەنها ئیش لەسەر ئەوە دەکا لە پەڕە پەڕەی کتێبەکە پێمان بلێ ستراتیژی ڕێبازی دەروونشیکاریی ئەلتەرنەیتیڤێکی جوولەکانەیە و خۆگۆڕینێکە لە بەرگێکی زانستیدا بۆ دەرکەوتنەوەی هەیبەتی سۆفیزمی یەهوودی، لە ڕاستیشدا ئارگیۆمێنت و بەڵگە و بیانووەکانی نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ئەم نهێنیە ئەگەر هەبووبێ ئاشکرای بکا.



Scanned with CamScanner

فرۆید زۆربەی چەمکەکانی لە فۆرمێکی میتافۆری ئەفسانەیی ئاخنیون(استعارات مجازیه اسگوریه) و ئەمەش بەڵگەی شارەزایی ئەو بووە لە میتۆلۆژیا(ئەفسانەناسی) و دین و تەنانەت فەلسەفەش، چون لەوێوە ویستوویەتی ڕیشەی کێشە سایکۆلۆژیەکان دەرخات و لەو شۆڕبوونەوەیەدا مێژوویەکی هزری دەروونزانیمان بۆ بنووسێتەوە، ئەو دەمەی لە سەردەمی خۆشیدا چەمکەکانی بەکار دەبردن بەستەنەوەیەکی شعوریانەی دوو زەمەنی نەستی مرۆڤ بوون (نەستی مێژوویی یا کۆنەست و نەستی کەسەکە خۆی)، ئەم بەکارهێن و قەرزکردنە میتافۆریانە لای دایڤید باکان لەو کتێبەیدا بوونەتە سۆزداری ئەو بۆ دینی جوولەکە و سۆفیزمی یەهوودی کە لە ڕاستیدا تێنەگەیشتنێکی ئاشکرایە لە حیکمەتی شۆڕبوونەوە و گەیشتن بە سەرەتاکانی هزر و ئینجا هەڵکشانەوە بەرە و دیاردە هەنووکەییە دیارەکانی کەسەکان.

لە شوێنێک ئاماژە بە لەدایکبوونی فرۆید و تۆماری لە دایکبوونەکەی دەکات بەم شێوەیە: فرۆید ڕاستەوخۆ دوای نۆ مانگ لە هاوسەرگیریی دایک و باوکی لە دایک بووە، ئەمە هیچ گومانێکی شەرعی ناهێنێتە ئارا، بەڵام کە دەڵێ: لە تۆمارکردندا دوو مانگ درەنگتر نووسراوە گومانی ناشەرعی بوونی ئەومان بە مانایەک لە مانایەکان بۆ دەردەخا[٢٢].

---

[٢٢] باكان، دافيد(٢٠٠٢). فرويد والتراث الصوفي اليهودي، ت: د.طلال عتريسي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط٢، ص٢٢، بيروت.



Scanned with CamScanner

جارێ بەر لە هەر شتێک باکان خۆی نۆ مانگەکەی پشتڕاست کردۆتەوە بەڵام ئاماژەدانی بەم تۆمارە نە لەگەڵ ستراتیژی کتێبەکە دەگونجێ کە پەیوەندیی فرۆید بە سۆفیزمی یەهوودیە و نە لەگەڵ خودی سیگمۆند چونکە ئەو لەم نێوانەدا هیچ گوناهێکی نەبووە ئەگەر شەرعی بووبێ یا نا، ئەمە لەکاتێکدا ئەو خۆی ئەم گومانەی ڕەواندۆتەوە کە لە دەرەوەی باسێکی تیۆری لەم بابەتەیە.

ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا داڕشتەیەکی باکانە لە بڕگەیەکدا بەم شێوەیە: لەگەڵ دەستنەکەوتنی هیچ بەڵگە و دوکومێنتێک سەبارەت بە بەشداربوونی هەستیی فرۆید یا نەستیانەی لە ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی سۆفیزمی یەهوودیدا، بەڵام هەر پێویستە لە هەوڵی ئەوە بەردەوام بین تاوەکو دەگەینە ئەنجامێک نەوەکا فرۆید ئەم نهێنییەی چەپاندبێ یا شاردبێتیەوە[٢٣].

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە تەواو لەگەڵ توێژینەوەی زانستیی ناکۆکە و توێژەر خۆی گومانەکەی خۆی بێ بنەما نیشان دەدات، چون ئەو دەڵێ بەشداری هەستیانە واتە ئاگادار بووە و پلانڕێژ بووە، نەستیانەش کێشەیەک نیە چونکە ئەگەر خۆشی بە جوولەکایەتی هەڵدابێتەوە لە کاتێکدا باوەڕی پێی نەبوو ئەوا مێژووی پێکهاتەی قەوارەی دەروونی خۆی دەرخستووە و خۆی لەو مێژووەی خۆیی و کۆمەڵگەکە و دابونەریتەکانی بێبەری نەکردووە لە کاتێکدا جوولەکە هەم وەک دین و هەمیش وەک ڕەگەز Race خۆی نمایشکردووە.

---

[٢٣] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە.



Scanned with CamScanner

لێرەشدا بەردەستنەبوونی دوكۆمێنت و بەڵگە ڕوونە و بەم شێوەیە تا كۆتایی كتێبەكە تەنها گومان بەردەوامی هەیە و نەیتوانیوە یەک لەو هەموو گومانانە بە پێی میتۆدی زانستی بسەلمێنێ.

ئەم خوێندنەوەیەی من بۆ ئەم كتێبەی باكان ناچێتە پاڵ بەرگریی لە فرۆید بەقەد ئەوەی دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە كە بەشێكی زۆر لە ڕەخنەگران و تەنانەت تیۆریسیۆنانی سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و فەلسەفیش بە هەڵە یا سەرچێخیی فرۆیدیان خوێندۆتەوە و باش لە قوڵاییەكانی نەكەوتوونەتە مەلە. لە باسێكی ترمدا قسە لەسەر زۆر لەو سایكۆلۆژیستانە دەكەم كە تاوەكو ئێستاش لەسەر چەمكەكانی فرۆید باڵایان گرتووە و زۆریان لێ قەرز كردووە و كەمیان داوەتەوە.

ئامانجی باكان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە فرۆید لە زانایەكەوە بكاتە حاخامێكی جوولەكە و وای نیشان بدا ئەم هەوڵانەی ئەو پیاوە لە نیوەی یەكەمی سەدەكانی نۆزدە و بیست دای جگە لە تۆڵەكردنەوەیەک لە ئەوروپا چیتر نەبوون، لە كاتێكدا ئەوەی كتێبی (حەرەمسەرای فرۆید- الحریم الفرویدی) كە بول روزن نووسیویەتی بخوێنێتەوە كەسێتی ڕاستەقینە و زانستیانەی ئەوی بە تەواوی بۆ دەردەكەوێ.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# بەشی دووەم

# ئەست و سێکس و عەقلی هاوسەنگ



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## هەمیشە ڕاستیەکان لە خەونەکان دەردەکەون *

ئینسان تا ئێستا نەیتوانیوە راستی لە خەونەکان بستێنێتەوە و بیداتەوە ساتەکانی بەئاگایی خۆی، ئەوە خەونەکانمانن تیایاندا هەرچی راستی هەیە وەدەردەکەون و هەرچی حەز هەیە نمایان دەبن و هەرچی نهێنی ژیانی بە ئاگایی هەیە ئاشکرا دەبن، شولتز لەسەر زاری مایکل بۆرش لە کتێبی" خودی فرۆیدی"دا دەڵێ: راستیەکان لە خەونەکانمان دەردەکەون و چەندە بمانەوێ لە پشت (باش) یا (خراپ)دا خۆمان بشارینەوە (من) ی راستەقینەمان تەنها لە خەونەکان وەک خۆی دێتە گۆ و وەک خۆی دەبزوێ [٢٤].
منی بە ئاگامان ئەوەی ناوێرێ لە ئاگاییدا بیڵێ لە خەونەکانی دەیڵێ، ئەوەی ناوێرێ بیکا لە خەونەکانی دەیکا، ئەوەی ناوێرێ بیخوا لە خەونەکانی دەیخوا.....تاد.

ئەم ناسازیە لە هزری مرۆڤایەتیدا مێژووەکەی بۆ ئەوکاتانە دەگەڕێتەوە کە ئینسان ویستی بەشی خۆی لە بەشی ئەوانی دی بە تەواوی جیاکاتەوە و فرۆم وتەنی ببێ بە خاوەن ئەو موڵکەی ئەوەی بکەوێتە بازنەی دەسەڵاتەکانیەوە بە هی خۆی بیزانێ.

بەڕاست ئەوە ناسازیی هزریە کە ئینسان تەنها لەخەونەکانیدا ئازاد بێ و نەتوانێ نیو ئەوەندەی ئازادی لە

---

* ئەم ناونیشانە لە گوتەیەکی شولتز کە لە کتێبی"خودی فرۆیدی"مایکل بۆرش(٢٠٠٢) بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری سوریا- دیمەشق، وەرگیراوە.

[٢٤] بورش، مایکل و جاکوبسن(٢٠٠٢). الذات الفرويدية.....دراسة فكرية، منشورات وزارة الثقافة دمشق، ت: د. أنطوان الحمصي، ص١٦، سورية.



Scanned with CamScanner

ژیانی عەقڵ و ئاگاییدا وەدیبێنێ، من پێموایە ئەگەر مرۆڤ ئەوەی ئارەزووی کردبا پێیگەیشتبا و ئەوەی حەزی چووبایە سەری دەستی پێڕاگەیشتبا و ئەوەی ئیرادەی بڕیاری بەرخوردی لەگەڵ دابایە بەریکەوتبا، ئەوە چیدی ئەم هەموو فیلمە بەرەواژوە نا سیناریزە کراوانە خەلخەلەیان نەدەخستە عەقڵی بە ئاگا و ئەم هەموو حەکایەتە گەورە میتولۆژیانەش فراوانترین باخەڵیان لە مێشکیدا نەدەخستە بەر هەژموونی خۆیان و داگیریان نەدەکرد.

ترسی مرۆڤ لە مرۆڤ، شەرمی مرۆڤ لە مرۆڤ، ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ، فێڵی مرۆڤ لە مرۆڤ، بەرپێنەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ......تاد، راستیەکانی لە ژیانی ئاگاییدا دایەوە خەون و ئەوەتا لەوێدا چرکەساتەکانی خۆشاردنەوەمان لە مرۆڤی گورگ(میتافۆرێکی هۆبزیانەیە) بەسەر دەبەین.

من زۆر لەگەڵ ئەریک فرۆم هاوڕام کە پێیوایە بۆ ئەوەی مرۆڤێکی (خاوەنی خۆی و خاوەنی کەینونەیەکی ئازاد)** بێتە ئارا دەبێ بە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا بچینەوە. چوون ئەم تایپە لە ئینسان هەڵگری ماسکی جیاجیایە و (کولتوور) کە لە ترس لەوانی دیکەی دەرەوەی خۆی رووخسار و گەوهەری گۆڕیوە و نەیتوانیوە بەشێک لە بوونەوەرەکەی تاریکایی و بەشێکیش لە ئایکۆنەکانی

---

** ئەم تێگەیشتنەی فرۆم لە کتێبی: "**مرۆڤ لە نێوان گەوهەر و ڕوخساردا**" کە بە ئینگلیزیەکەی To Have or To Be یە، بە درێژی ئیشی لەسەر کراوە و ئەو ویستوویەتی کەینوونەی مرۆڤ لە بوونێکی نەرێنی و مولکی کەسانی ترەوە بکاتە بوونێکی ئەرێنی چالاک و خاوەنی خۆی.



Scanned with CamScanner

رووناکایی رازی بکا، نەیتوانیوە وای حاڵی بکا کە (من) هەمیشە دەبێ کاراکتەری راستگۆیانەی (خود) بێ، من خاوەنی بوونی راستەقینەی ئینسانانەی بێ نەک ئەو شەیتانانەی هەردەم لە تاریکاییەکاندا دەیتۆقێنن و ناهێڵن بۆ ساتێک وەحەسێ.

من زۆر لەگەڵ رایەکەی میشێل فۆکۆم کە لای خۆیەوە (مردنی ئینسان)* ی راگەیاند و هاتە سەر ئەو قەناعەتە هزری و عەقڵیەی کە ئیدی ئەو تەرزە ئینسانە چیدی ناتوانێ بەم ستایل و شێواز و بەم چوارچێوە مەرجەعیانە بەردەوام بێ. تێژبینی فۆکۆ رەشبینی مرۆڤێکی دەستەوەستان نیە بەقەد ئەوەی وەئاگاهێنانەوەیەکی ژیرانەیە کە ئیدی هەرچی بکەین لەوەی پێیگەیشتووین تێناپەڕین و ئەگەر بمانەوێ ئینسان ببێ بەو بوونەی ژیان ببێتە ستراتیژی هەڵسووڕانی و (بەیەکەوە ژیان) ببێتەوە تاکە راستی ئەوا دەبێ مرۆڤ بیر لە داهێنانی ستایلی دیکە بۆ بیرکردنەوە و بۆ ژیان بکاتەوە و ئەوەی مرۆڤی تا ئێرە هێناوە بەهەڵەی گەورە گەورەیدا بردووە و لەمەولا با چارەنووسمان چیدی بەدەستی ئەو ستایل و تایپە مەعریفیە ئیدیۆلۆژیە یوتوپیە میتۆلۆژیانەوە نەبێ. با ورد لە مرۆڤ وەک مەوجود و لە خاک وەک فیزیک و لە گەردوون وەک فیزیک و لە کۆمەڵگە وەک فیزیک و لە ژیان وەک فیزیک و لە هەڵسووڕانی هەموو ئەمانەش بەیەکەوە وەک کیمیای تازەی ژیان تێبگەین.

---

* تێزی مردنی مرۆڤ لای فۆکۆ مانای کۆتایی سیستمگەلێکی بەهایی و فۆرمێکی ئەخلاقی لە ئینسان دەگەیەنێ.



Scanned with CamScanner

خۆ هیگل بە فشە قسەی لەسەر (کۆتایی مێژوو) نەکرد، ئەو پێیوابوو عەقڵی مرۆڤ بەم زەخیرە** مەعریفیەی هەیەتی هەر ئەوەندەی پێکرا و ئیدی بۆ سەرەتای دیکە دەبێ شتی دیکەی بخاتە سەر، کۆتایی مێژوو لای ئەو ئەو فۆرموولەبوونە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکیە بوو کە عەقڵی ئەورووپیەکان دایانڕشت و پێیگەیشتن. شپینگلەریش کە هەرەسی شارستانیەتی ئەورووپیەکان رادەگەیەنێ و بە سووڕی ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی دەچوێنێ، ئەوەمان پێدەڵێ ئیدی با لە سەرەتایەکی دیکەوە دەست پێبکەین و بەو مەعریفە کەڵەکەبووەمان هەر ئەوەندەمان پێکرا و بەس.

بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە راستەقینە و ئەو راستیەی مرۆڤبوونە ئاشکراتر دەرکەوێ، زۆرترین ئازادی دەبێ بدرێتە ژیانی ئاگایی نەک دزە بکاتە خەونەکانمان، بۆ ئەوەی بە خۆمان بڵێین ئینسان دەبێ زیاتر خەونەکانمان لە ئاگاییەوە ببینین نەک لە خەوتنمان، (گاستۆن باشلار) حەقیقەتی ئومێد و حەز و ئارەزووەکان لە نێو زیندەخەون*** دەبینێ نەک لە خەونی نێو خەوتن.

---

** تێزی کۆتایی مێژوو سەرەتا هی هیگل بووە دواتر کۆجییف و ئینجا دوای زۆری تر فرانسیس فۆکۆیاما گرتییە بەر، هیگل دوا نموونەی دیموکراسی ئەورووپی پێ دوا فۆرم و جەوهەر بوو و وایدەزانی ئیتر لەمەولا سیستمێکی تر لەو پێشکەوتووتر نایەتە دی.

*** باشلار لە کتێبی 'النار.....التحليل النفسي لأحلام اليقظة' باسی هەرە درێژی لەسەر زیندەخەونە و پێیوایە لەوێدا مرۆڤ باشتر دەردەکەوێ نەک وەک لە خەونی ئاسایی.



Scanned with CamScanner

ئەمە مانای ئەوە نیە راستیی لە خەوندا بوونی نیە، بەڵکو ئەو مانایە دەگەیەنێ کە ئەگەر هاتوو مرۆڤ زۆرترین حەز و ئارەزوو و خولیاکانی هاتنە دی ئیدی کەمترین خەون دەبینێ و هاوسەنگترین دۆخی خەوتن دەباتە سەر.

فرۆید دەڵێ : **هیچ خەوێک بێ خەون ئاسایی نیە** [25]، ئەو روانینە فرۆیدیە دەرخستنێکی حەتمیانە نیە کە مادام خەو هەیە ئیدی دەبێ خەون هەبێ، بەقەدەر ئەوەی چەندە حەز و خولیاکان و پاڵنەرە غەریزیەکان بگەنە ئامانجەکانیان ئەوا کەمترین کۆچ بەرەو خەونەکانمان دەبینین، هەر خەونێک دەربڕینی دۆخێکی بە ئاگاییە و مرۆڤیش تا ئێستا نەیتوانیوە نە لە ناخۆشی و چەپاوەکانی رزگاری بێت و نە توانیویەتی بەر لە شادی و بەختەوەرییەکانیشی بگرێ بچنە خەونەکانیەوە.

با واز لەو تیۆریزەکردنە بێنین و قسەیەکی تر لەسەر خۆمان بکەین وەک کۆمەڵگەی کوردەواری، ئایا ئێمە بەخەبەرین یا خەوتووین؟

ئایا خەون دەبینین یا دێوەزمە؟

زیاتر لە خەو ئازادین یا لە ئاگاییدا؟

بۆ ئەوەی ئینسان بژی بە پێی پێوەرە خەیاڵیەکانی ژیانکردن کە تاوەکو ئێستا لە چوارچێوەی کولتووری جیاجیا ئاخنراون، ئەوا پێویستە ئازاد بێ و بەرێز بێ و ........تاد، ئەمانە هەمووی تاوەکو ئێستا ئومێدن و هەر

---

[25] فروید، سیغموند(٢٠٠٧). نظریة الأحلام،دار الطليعة، ت:جورج طرابيشى، ط٤، ص٦٥، بيروت.



Scanned with CamScanner

خەونیان پێوە دەبینین، کەواتە ئێمە زیاتر خەون دەبینین نەوەک ژیانی عەقڵ.

چوون ژیانی ئێمە پڕیەتی لە ناعەدالەتی و نا عەقلانیەت و ستەم و بوهیمیەتیکی مەترسیدار، لە خەونەکانیشمان بە دزیەوە سەر بە تاریکاییەکانی خودی خۆماندا دەگرین و ناوە ناوە ئەوەی لەوێدا چێژی هەیە و ئەوەی لەوێدا دەمانحەسێنێتەوە لە تەئویلێکی میتۆلۆژیانەدا لێمان دەبێتە قوزەڵقورت و ئەوەندەی دەمانترسێنێ ئەوەندە ئارامیەکی دەروونیمان ناداتێ.

ئێمە خەونەکانیشمان داگیرکراون و لە چوارچێوەگیراون، فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر تا ئاستێکی زۆر توانیان خەون لە هەیمەنەی میتۆلۆژیا رزگارکەن و هەر یەکەیان بە شیکاریی خۆی خەونیان بردەوە نێو زانست و لە لاهووتیان ستاندەوە.

هەموو ئەو (شت)انەی لەم سەرزەمینەی ئێمەی کورددا هەن لە خەونێکی زڕاوی کەسێکی ترساوی خێر لەخۆ نەدیو دەچن، هەموو شتەکان هەر یەکەیان سیمبوولێکی مانادارن هەرگیز بەیەکەوە نەیانتوانی مانایەک بدەنە ژیانمان و گەشەی هزری ئێمە چووەتە دەرەوەی ئێستاتیکیەتی گەشەی هزری و ناچێتە پاڵ هیچ پێوەرێکی تەنانەت ئەو مرۆڤە کلاسیکەی فۆکۆ مردنی راگەیاند.

بیرمەندە ئەورووپیەکان بەم هەموو گەشەسەندنەی خۆیان رێگاکانی بەردەم خۆیان بە داخراوی دەبینن و ئەمریکیەکانیش پێیانوایە ئیدی شەپۆلێکی دیکەی مرۆڤایەتی دەمانگەیەنێتە ئاستێکی دیکەی ئینسانبوون. ئەی ئێمە بەم

شێوایەی خۆمان لەم سەرزەمینە شێواوەی خۆرهەڵاتە شێواوە دەتوانین بەشێک لە ئازادیەکانمان لە خەونەوە بگوازینەوە ئاگاییی؟. ئەمە تەنها ئومێدێکە و لەوانەشە خەونێک بێ بەڵام لە ئاگاییەوە دەیبینم نەک لە خەوتن. خەونی بە کولتووردا چوونەوە، خەونی بە دین و ئایندا چوونەوە، خەونی بە سیاسەت و شۆڕشدا چوونەوە، خەونی بە فۆڕمە سەقەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا چوونەوە، خەونی بە هەرچی هەیە داچوونەوە.

## ئابووری دەروون

ئەم چەمکە لەوانەیە لە سایکۆلۆژیادا زۆر کەم لەسەری کارکرابێ و نوسرابێ و بەو زەقیە پەرژرابێتە سەری، جەستە و دەروون بەیەکەوە بونەوەرێکی ئامادەمان بۆ (بوون) نیشان دەدەن، ئەوە پەیوەندی نێوان ئەم دوو فیگەرە و ئاستی گەشەی هۆشی بەرهەمهاتووە لە داینامیکیەتی جولەی هەردووکیان بەیەکەوە بوونێکی ڕەسەنمان بۆ لە دیاردەی جیاجیادا دەردەخەن.

دەروون هەمیشە ڕۆڵی بەڕێوەبەری جەستەی مرۆڤ دەگێڕێ، بەڕێوەبردنیش پێویستی بە هوشیارییەکی ئابووری هەیە لە بەکاربردنی ئەو هەموو هێز و ئینێرژیەی تاک هەر لە بوونیەوە لەگەڵی دێت و دواتر تادێ زیاتر کەڵەکەی دەکات.

هەر تاکێک لە مرۆڤ بەشی خۆی لە هێز و تینی لیبیدۆیی هەیە، بەڵام هیچ دوو کەس لە دنیا نادۆزیتەوە وەک یەک هێزەکانیان خەرج کەن و لە بوارە جوداکانی ژیاندا ساغی کەنەوە، هێزی غەریزیی لیبیدۆیی مرۆڤ هەر بۆ ئەوە نیە تەنها لە سێکس و بەیەکگەیشتنە جەستەییەکانی نێر و مێ و هەر یەکە لەوانە بە مێ و نێری تر سەرف بکرێ، هەر بۆ ئەوە نیە تەنها و تەنها تاک ببەنە خەیاڵ و خەونی شەبەقیانە و هەرچی بیر و هزر هەیە وەدووی سێکس و ئەندام و بابەتەکانی کەوێ.

مرۆڤێـک کە لە ژیانیـدا بـۆ ئەوە دەکۆشـێ هەرچـی هەیەتی لە توانا لیبیدیەکانی لە بازاڕی سێکس ساغیکاتەوە و تەنها بابەتە شەهوانی و شەبەقیەکانی لەو بازارە پێبکرێ، ئەوا دەروونێکی گەندەڵی هەیە و هەوەسبازێکە تەنها ئاگای لە کەمتر لە نیوەی جەستە و دەروونی خۆیەتی و لە ناوک بەرەو خوار بترازێ گوێ بە هیچ نادا.

مرۆڤێکیش لە ژیانیدا بۆ ئەوە دەکۆشێ ژیان بنەخشێنێ و کـاریگەری و جێدەسـتی خـۆی لەسـەر بەجێبێڵـێ، ئابوورییـانە ئێنێـرژیە لیبیـدۆییەکەی خەرج دەکـا و بەشـی هەمـوو ئەو کـونج و کەلەبەرانە دەدا کە بە جۆرێـک لە جۆرەکان دەیبزوێنن و لە هەمووشیان چێژ وەردەگرێ و تـا ئاسـتێکی ڕەزایەتبەخش دەحەسێتەوە، سیگمۆند فرۆید هەمـوو بیـری تەنهـا لەسـەر سـێکس و نەسـت و غەریـزە نەبوو، **ڕاستە یەکەی کەسێتی لای ئەو غەریزە بوو***، بەڵام بەو یەکەیە و بە ئاستی ئابوورییـانە بەڕێوەبردنی لە لایەن تاکەکانەوە و هوشیاری ئاراستە کردنی ئەو هێزە کەسێتی تاکەکانی لە نێو خۆیان و لە نێو کۆمەڵگەکانیان دەپێوا.

گرنگترین جۆری ژیریی لای فرۆید کە دواتر دەبێ بە هـێزی داهێـنەرانە چـۆنیەتی و جـۆری دابەشـکردن و خەرجکردنـی ئەو هێـزی لیبیـدۆیەیە لای کەسـەکە خـۆی و کـاتێ کەسـێک دەست بەو سـەرمایە غەریـزیەوە نەگرێ و بەملا و بەولادا تەخشان و پەخشانی بکا و نەزانێ بە باشی خوردیکاتەوە، ئەوا لەو توانـایە ئیفلاس دێنێ و نە دەتوانێ

---

* ئەمە پێناسـەی ڕاسـتەقینەی غەریـزەیە لای فرۆیـد و لە زۆربەی کتێبەکـانی ئەم پێناسەیەی چەند بارە کردۆتەوە.



Scanned with CamScanner

بەشی جەستەی خۆی لە هێز بهێڵێتەوە و نە بەشی هێنانە ئارای شوێنێک بۆ ژیان و ئارامیی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێ دەمێنێ.

لە ئابوورییانە بەڕێوەبردنی دەروون عەقڵێک کە لە منێکی هوشیار سەودای لەگەڵ دەکرێ بوونی هەیە، ئەم عەقڵە بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە جەستەی خۆی بەرێتە دەر و بەقەد دنیا و گەردوون هەڵیئاوسێنێ بۆ ئەوەی لە وێنەی هەر مرۆڤێکی لەم جۆرە دنیایەک بە تەواوی دەرکەوێ.

لە زانستی ئابووری دەروونیدا فێری هەموو جۆرەکانی دیکەی بەڕێوەبردن دەبین، کەسێک بەم شێوەیە بزانێ جەستە و دەروونی خۆی هەڵسووڕێنێ، توانای ئەوەی دەبێ وەک پێشەنگێک بۆ گرووپ و کۆمەڵە مرۆییەکان بکەوێتە کار، کە توانی هاوسەنگی سایکۆلۆژی خۆی بدۆزێتەوە و هەمیشە خۆی وەک دنیایەک هاتە بەرچاو کە دەبێ باش ئاراستە بکرێ و لە هاوسەنگیدا بهێڵدرێتەوە، ئەوا لەو ئاستەیە هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر و دنیاشدا هاوسەنگکات و ئارامی دەروونی بە جەستەی کۆمەڵایەتیش ببەخشێ.

هوشیاری بە ئابووریانە هەڵسوڕانی دەروون پەیوەستە بە هێنانە ئارای منێکی ژیر و وریا، منێک نەک هەر ئاگای لە خواستەکانی سەرچاوە غەریزیەکان بێت و ترسیشی لە بابە سوپەرەکەمان بێ، بەڵکو ئەو منەی کە بەڕاست فرۆید دەیەویست و دەیخواست بە قەد هەموو مرۆڤایەتی گەورەی کات و لە مەدەنیەت و شارستانیەتدا بەرجەستە و فورمولەی بکا.



Scanned with CamScanner

کەسی عاقڵ هەرگیز توانا لیبیدیەکانی خۆی بە فیڕۆ نادات و دەستیان پێوە دەگرێ بۆ ئەوەی بەشی بونیاتنان و داهێنان و ڕێکخستن و سیستمی لێبدات، ئامانج لە ئابووری دەروون سیستماتیککردنی ڕۆح و دەروون و جەستەی تاکە و لەوەشەوە ڕاستەوخۆ مرۆڤ و ژینگە جۆراوجۆرەکانی سیستماتیک و ڕێکوپێک دەبن، لێرەوە بۆ پاڵپشتی ئەم بینینە ئەکادیمی و هزریەم پشت بە ڕایەکی فرۆید دەبەستم کە دەیوت: **یەکێک لەسەرچاوە بنچینەییەکانی ئازاری مرۆڤ باش ڕێکنەخستنی ژیان و ئۆرگانەکانی ژیانی خۆیەتی***، کاتێ مرۆڤ توانی ژیان ڕێکبخات و خۆشی تیایدا هاوسەنگی سایکۆلۆژی فەراهەم کرد ئەوا دەرچەی جۆراوجۆر بۆ خەرجکردنی توانا لیبیدیەکان بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئابووری دەروون ڕێک وەک ئەو ئابووریە مشەخۆرەی لێهاتووە کە عاجباتیەکە بۆ خۆیی و ناتوانی لە هیچ فەرهەنگێکی ئابووریدا مانایەکی بۆ بدۆزیتەوە، ئابووری سیاسی جەستەی کۆمەڵگەی گەندەڵکرد و هەر بۆیەش ئەم نەخۆشیە درمە دەروونی بەشی هەرە زۆری تاکەکانیشی گرتۆتەوە و تاکەکانمان وێنەیەکی وەک کۆمەڵگە شێواوەکەمانن، ئابووری دەروون تەواو مانای عەقلانییەت دەگەیەنێ و ئەم هاوڕێکڕۆیشتنەی عەقڵ لەگەڵ لیبیدۆ مەدەنییەت و سیستم دەگەیەنێ.

---

* ئەم ڕایەی فرۆید لە کتێبی "دڵەڕاوکێ لە شارستانییەتدا" ئاماژەی بۆ کراوە، لە توێژینەوەی یەکەمی ئەم کتێبە ئاماژە بە سەرچاوەکە و لاپەڕەکەشی کراوە.



Scanned with CamScanner

## گووی شەیتان!

{کاتێ هەست بە دڵنیایی دەکەم ئامادەم مل لەبەر ملی هەرچی شەیتان هەیە بنێم
ئەو زێڕەی شەیتان دەیداتە قوربانیەکانی ئەوەندەی پێناچێ دەبێتە گوو}[٣٦]

لە وتەکانی فرۆید

لە دڵنیاییدا عەقڵ بەخەبەرە و کە ئەویش بە ئاگا بوو ئیدی شەیتانەکان ون دەبن و بە بیسمیللای عەقڵ پەرتەوازە دەبن و بواری خەڵەتاندنی قوربانیەکانیان نامێنێ، شەیتان لە دەروونشیکاریدا میتافۆڕ یا خوازە و چەمکێکی گونجاوە بۆ مەرگ و شەڕانگێزی و هەر کاتێ کەسێک لەگەڵی کەوتە هاوپەیمانیەوە ئەوا خەنی دەکات لە خواردن و سێکس و حەسانەوەی بێسنوور و لە بەڵایەکانی عەقڵیش!! دەیپارێزێ.

بەڵای عەقڵ جگە لە بیرکردنەوە و ماندووبوونی هۆش چیتر نیە، عەقڵ منە هوشیارەکەیە و شەیتان هەرگیز ناتوانێ و ناوێرێ لە خشتەی بەرێ، هەر بۆیە کە عەقڵ لە جووڵە و ئیشدا بوو کەس دەتوانێ ڕووبەڕووی هەرچی شەیتان و شەیتان شێوە و ناوەرۆک هەیە بێتەوە، شەیتانەکان بەرچاو و وهۆشی موریدەکانیان بە شەهوەت و شەهوانیەت دەگرن و لەبەر ئەوەشە سیمبولە شەیتانیەکان تاقەتی بیرکردنەوە و جوڵەیان لە

---

[٣٦] باکان، دافید(٢٠٠٢). فروید والتراث الصوفي اليهودي، ت: د.طلال عتريسي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط٢، ص١٨٦، بيروت..



Scanned with CamScanner

چەلاوخۆرەکانیان بڕیوە و خستوویاننەتە دۆخێکی هەڵچووی شڵەژاوو و سۆزاوییەوە بەردەوام لەبەر سکیانەوە بوونە ئاژەڵییەکانیان بۆ دنیا دەخەنە ڕوو.

شەیتان بە گوو بژێویی موریدەکانی دابین دەکات و ئەوەی دەیانداتێ لە پیسایی خۆی زیاتر چیتر نیە و هەر بۆیەش ئەوەی لە پاشەڵی شەیتان دێتە دەر و لای موریدەکانی دەبێتە متفەڕک و ئەوەندە ناخایەنێ نامێنێ و ناچار لەبەر دەرکی شەیتان زنجیرە دەبەستن و داوای بەشە خۆراکی خۆیان دەکەنەوە.

گووی شەیتان پەینێکە چەندە بیبەشێتەوە بەسەر زەوی مورید و پەیڕەوکارانیدا ئەوەندە بەری گەندەڵی و بڕکە گورگەییەکان زیاد دەبن و ڕەگیان بەڕەگی عەقڵ و هزریندا دەبەستنەوە و تاقەتی دەرکەوتن و بالاگرتنیان لێدەبڕن، دەسکەوتێک بێ لە نەوت بێ و نەوتیش بۆ ئێمە جگە لە گووی شەیتان چیتر نەبێ و تەنها ئیبلیسەکان بخاتە سرووتی شەهەوەتبازیەوە ئەوە نوقمی گووی خۆیانن و بەو پاشەرۆیەش قەتاوقەت نە حکومەتداری و نە دەوڵەتداری و نە کوردایەتیە سەیرو سەمەرەکە دەکرێ.

دەسەلاتدارە شەهوەتبازەکانمان هەڵگری ئاید(ID*) یکی هەلاوساون و جگە لە خواردن و خواردنەوە و سێکسی بوهیمی چیتریان بەلاوە گرنگ نیە، ئەی ئەوە نیە وتێلەکانیان هێمای خەوتن و داکەندن و ئەستێرەی پێنجەمن و مۆڵەکانیان هێمای خواردن و لەبەرکردن و هەوەسی

---

* Id : تۆخمی یەکەمی پێکهاتنی کەسێتیە لای فرۆید و بە سەرچاوەی غیریزەکان دەناسرێ و بە پێی پرنسیپی چێژ هەڵدەسووڕێ(نووسەر).

کرین و بەرخۆرین و بورجەکانیشیان سیمبولی نێرینەیی ساختەن. ئەوان لە دۆخێکی ئۆدیپی نەپساوە دان و ئەوەندە قەبزن پیسایی خۆشیان دەیانهێنێتە هەڵەکەسەمای سێکسیەوە، قرچۆکی ئۆدیپیان کردوونیەتە ئەو پیسکانەی تا دەمرن دڵیان نایە پیسایی خۆشیان خەسارکەن، ئەوان دڵیان لە گووی خۆیان نابێتەوە چۆن غیرەتی ئەوە دەکەن سامانی بەتالان براوی کۆمەڵگە و نەتەوە بدەنەوە خاوەنەکانی خۆی؟!.

هەمیشە حەزە هەڵاوساوەکانیان بەستۆتەوە بە منێکی بالای فوودراوەوە، شەیتانەکان شەرم لە منە بالاکانی ئەوان ناکەن، منی بالاکانیان بەردەوام خواروخێچیەکانیان بۆ پینە دەکەن و لە چوارچێوەی یاسا ساویلکەییەکانیان لە چوارچێوەی دەگرن، ئایدە هەڵاوساوەکانی شەیتانەکان لەگەڵ منە بالا فوودراوەکان کەوتوونەتە نێو هاوپەیمانێتیەکی ساختەچیانەوە موویان بە نێوانەوە ناچێ.

لە نێوانی ئەم دوو بوونە دەروونیە ساختە و هەوکردووەدا منێکی عاقڵی زیندوو و هوشیار ونە و شەیتان و پیاوچاکان بەهەردوو لایان لەوەتەی هەن و هەتا هەشبن بواری سەردەرهێنانی ئەو (من)ە عاقڵە نادەن، شەیتانەکان ئێستا ڕادەبوێرن و بە بوونی نموونە ئایدیاڵە بالاکان حەساونەتەوە و ئیشیان نە بە مرۆڤسازیە و نە بە کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ، ئەی ئەوە نیە ڕازین بەو بێ پەروەردەیی و بە زەقی سووکایەتی بە سیمبوول و ئۆرگانە پەروەردەیی و مەعریفیەکان کردنە؟ ئەی ئەوە نیە بەردەوام کێشە بۆ هەر هەوڵێک دەنێنەوە بیر لە سیستم و ڕێکخستن



Scanned with CamScanner

بکاتەوە؟ ئەی ئەوە نیە پەروەردە و فێربوون هەڵدەدەنە دەرەوەی پێویستیەکان و بە هاوار دەڵێن: شتێک نیە ناوی پێویستیە عەقڵی و مەعریفیەکان بێ و تەنها سک و بەر سک ناوە تێر بن بەسە؟ ئەوان پێویستیە بێدەروونیەکانی تاکەکانیش بە لایانەوە گرنگ نیە تەنها ئەوەندەیان پێ بەسە تاک وەک گیسکەکەی هەیاس ببینن.

## ناهەماهەنگی مەعریفی لە عەقڵی عێراقی و کوردیدا

### ڕەچێتەیەک بۆ ئەوانەی تووشبوون!:

ئایا هەموو ئەو هێزانەی سەرتاسەری عیراق کە ناوی حزب و ڕێکخراوی سیاسیان لە خۆیان ناوە لە بنچینەدا ئاشتیخوازن یا شەڕخواز؟ خواست بۆ ئاشتی چ جۆرە ڕەفتارێکی پێویستە و خواستیش بۆ شەڕ چ جۆرێک؟ سەرکردەکانیان لە ژێر کاریگەری ئاشتی یا شەڕخوازی حزب و ڕێکخراوەکانن یا بە پێچەوانەوە؟ ئەم بوونەوەرە گرووپگەلانە پڕیانە لە کەسی هوشیاری ئازاد یا پڕ لە نێرگزی و خودپەسەند؟.

بە سانایی وەڵامی هەر یەکە لەم پرسیارانەمان دەکەونە بەردەست، چون ئەوەی لە تابلۆ گشتیەکەدا دەیبینین فیگەری زەق زەقی ئەوتۆن هەر یەکە بەتەنها دەمانبەنە سەر وەڵامی ڕاست و درووست و پێویست بەوە ناکا لە پەیوەندیەکی جەشتەڵتی* ئیدراکی و زەینی ئاڵۆزدا وێنەیەکی گەورەتری لێ پێکبێنین تاوەکو مەیدانەکەمان روونتر لێوەدیارکەوێ.

ئەم سانا تێگەیشتنە لە تابلۆی سیاسی عیراق و هەرێمی کوردستان سەراویی عەقڵی سیاسی ئەو کاراکتەرە سیاسیانەی ئەم سەرزەمینەمان نیشان دەدات، و پێمان دەڵێ وێنە و فیگەرەکانی بەر چاو و هەستمان دەکەون هیچ

* جەشتەڵت: ڕێچکە یا میتۆدێکی دەروونیی ئەڵمانیە و زیاتر لەسەر پەیوەندییە ئیدراکیەکان ئیشدەکا.



Scanned with CamScanner

هونەر و هزرێکی سیاسی و مەعریفیان لە پشت نیە و تەنها و تەنها وەڵامدەرەوەی ریفلێکسیانەی مەرجەکردارییانەی دەرەوەی خۆیانن و کاریگەری عەقڵێکی خۆماڵیانەی نە کوردی نە عەرەبی ئاشتیخوازانەیان لەسەر نیە.

عەقڵی خۆماڵی خەڵکی ئەم ناوەی خۆمان فێری ئەوە نەبوون ئەوەی دەیڵێن و ئەوەی دەیکەن ڕەنگدەرەوەی یەکتر بن، بنەما هزریەکانی چوارچێوە مەعریفی و بەهاییەکانی گرووپ و تاقمە سیاسی و دینی و مەزهەبیەکان خەڵک و تاکی خۆیان لەسەر ئەوە ڕا نەهێناوە لە بیرکردنەوەدا وریا و ئاگادار و هەستیار بن و خۆیان بیرۆکە و گریمانە بۆ کێشە و چارەسەریەکانیان بدۆزنەوە، وەرگرتنی ئاماژەکان لای ئەوان کاری بیرکردنەوەی خۆیان نیە بەقەد ئەوەی هەمیشە چاوەڕێن لە دەرەوەی دوور و نزیک ئاماژەکان دەرکەون تاوەکو ئەوانیش لای خۆیانەوە یەکسەر وەڵامیان بەرانبەریان هەبێ. ئەم ڕەفتارانە هیچیان ستراتیژی نین و لە بازنەی تاکتیکاتی ساتەوەختیانە نەچوونەتە دەرەوە.

**با بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکانی خۆمان:**

ئەگەر کردار و ڕەفتارەکان بە ئەنجام و دەرکەوتەکانیان بپێورێن و هەڵسەنگێندرێن، ئەوا ئەوەی دەیبین و ئەوەی بە هەر چوار هەستەکەی تر هەستیان پێدەکەین لەگەڵ قسە و درووشم و ڕاگەیاندن و بانگەشەکانیان بە هیچ شێوەیەک نایەتەوە. ئەوان هەر هەموویان داوای ڕوخانی سیستمی سیاسی دکتاتۆرییان دەکرد و بانگەشەی دیموکراسی و هێنانە کایەی حوکمی

ئیئتیلافی و وەک یەکی وفرەیی و ......یان دەکرد، باسی ستەم و دزی و تالانی و گەندەڵی رژێم و کوشتن و بڕین و لە سێدارەدان و نانەوەی ئاژاوەی ئیقلیمی و دەولی و ....یان دەکرد، قسەی سەری زمان و بنی زمانیان ئازادی و سەروەری و پێکهێنانی حکومەتی رەفاه و پێشخستنی پیشەسازی و دامەزراندنی ئابووری سیستماتیک و خۆماڵی بوو.

ئێستا هیچ لەوەی گوتیان!! بەڵێ هیچ لەوەی گوتیان نەهاتە سەر سەحنەی واقیع و ئەوەی پێیان دەوت عیراق دابەشی سەر کانتۆنە لۆکاڵیەکان بوو و هەرێمەکەی ئێمەش دەیان هەرێم و ناوچەی جودا جودای لێبۆوە. ئەوان نەیاندەزانی چۆن لە (جوداکان) یەکێتیەکی تۆکمە درووست بکەن، (یەکێتی جوداکان) لە کرۆکی هزری سیاسی و فەرهەنگی مۆدێرنیزم و لیبڕالیزمدا ریشەی هەیە و ئەوەی ئەوان پیادەی بوون رێچکەیەک بوو بەرەو شەهوەت و غەریزە شکستخواردووە ئایدەویەکانی خۆیانی بردنەوەو هەرگیز پەیوەندی بە منی عاقڵ یا ئیگۆیەکی هاوسەنگەوە نەبوو بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا ئەم ئیگۆ عاقڵە هاوسەنگیە خودی و بابەتیەکانمان بۆ بپارێزێ.

ئەوان قەتاوقەت نەیانویستووە خۆیان لە ئاشتیدا بژین بەقەد ئەوەی ئاشتی ئەوان لە ئاشتی سەرچاوەی هێزی خۆیانە کە سەنتەرەکانی کۆنترۆڵن لە دەرەوەی خۆیان. ئاشتی ئەوان بە دەورەگرتنی خۆ و خۆخستنە نێو دنیایەک چەکدار و میلیشیاوە دێتە دی و لەوە حاڵی نین کە ئاشتی و ئازادیش وەک هەر رەفتارێکی تر دەبێ دیموکراتیزە بکرێ



Scanned with CamScanner

و وەكیەكیی تیادا پەیڕەو بكرێ، نەك تۆ ئازاد بی لە خواردن و خەوتن و سامان بەیەكەوە نان و لە گەشت و قسەكردن و دزی و پەیوەندیگرتن بەم و بەو و لە كڕین و فرۆشتن و دابڕینی زەوی و زار و ......تاد و هەموو تاك و كەسەكانی تریش لە بازنەی چاودێری و كۆنترۆڵ و لێپرسینەوەدا بن.

ئەوەی لێمان دیارە بارێكی ئاڵۆزی نەك هەر سیاسی و حزبی و ئابووریە بەڵكو شڵەژانێكی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقیە و لە وێنە گشتیەكەیدا بەرەو دەرككردنی تابلۆیەكی شەڕخوازیمان دەبا نەك ئاشتیخواز، ئاشتی تا ئێستا هەر لە قۆناغی ئومێدخواستن و دەربڕینە گوفتاریە زارەكیەكاندایە و هەنگاوێكی ڕاستگۆیانە و ڕاست دەركەوتنانەی نابینرێ.

شەڕخواز لە پێكهاتەكەیدا ئاڵۆزی ڕیشەیی هەیە و ئەوەی وەك دیاردە لێمان دیارە دەركەوتێكی فینۆمینۆلۆژیانەی شەڕخوازیە و كاراكتەرەكانی زۆر ڕاستگۆن لە دەركەوتنیاندا و ئەوەی لە ناخیان هەیە وەك خەسڵەتە سایكۆلۆژیەكانیان لە ڕەفتاریشیان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، جا با بۆ خۆیان هەر لەسەر دیموكراسی و مەدەنیەت و مافی مرۆڤ و ......تاد بیلێن و بیلێنەوە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی لە هزرە كراوە و زانستیەكان دیارە ڕێك ئەوە دەردەخا كە لە ناخی ئەوانە، ئەمە لە كاتێكدا هەر وەك وتمان لای خۆیان دژبەریەكبوونێك هەیە و لە ڕووی



Scanned with CamScanner

سایکۆلۆژیەوە ئەو ناکۆکی و دژبەریە لیو فیستنگەر* پێیدەڵێ( Cognotive Antagonism)، لە ڕاستیشدا ئەم بارە دەروونیە بنەمای کولتووریی هەیە و بەرەو ئەو تێگەیشتنەمان دەبا کە کۆمەڵگەکەمان ساغ دەروون نیە و هەمیشە کەسی ناساغمان بە ساغ پێ دەناسێنێ. ئەوانەش کە کاراکتەری سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتیشن و زیاتر لەگەڵ ئەم بارە نالەبارە سایکۆلۆژیە تێکەڵ و تاواونەتەوە ناساغیەکەیان زیاتر پێوە دیارە.

دەرکەوتنی ناساغی زیاتر لای ئەم سیمبولانە بەردەوام حاڵەتەکەیان لە کۆمەڵگەدا قووڵکردۆتەوە و نەیانتوانیوە ڕۆڵیان هەبێ لە دامەزراندنی پارادیگمی* بەهایی و سیاسی ئەوتۆ بەرەو یەکێتیەک لە جوداکانمان بەرێ، ئەوەی بەردەوام لە زەینی سیاسی ئەو ناوە قوڵ دەبێتەوە جودایی و چوونە بەرە و جوداییەک کە لە فەرهەنگی دەمارگیری و تایفەگەری و ڕاسستیدا مانای هەیە نەک لە فەرهەنگی عەقلانیدا، ئەگەر وا نیە ئەم سەنگەر لە یەکتر گرتنە دینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و بازاڕی و گرووپگەری و کلانگەریە** چیە؟ ئەم هەموو بەریەککەوتنە چەکداری و لەیەکتر کوشتنە ڕەنگاوڕەنگانە چین؟ ئەم یەکتر بە دوژمن بینینە بۆ یەکتری لای هەر یەکەیان بۆ ئەوەی تر چیە؟.

---

* لیو فیستنگەر(١٩١٩- ١٩٨٩): زانایەکی دەروونیی ئەمریکییە و خاوەنی تیۆری دژبەریی مەعریفی و بەراوردیی کۆمەڵایەتییە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای زیاتر لەیەکتر نزیکبوونەوە.

* paradigm

** clan



Scanned with CamScanner

کەواتە ئەوەی هەیە نمایشـــێکی بەیەکەوە بەســـتراوی ئەڵقەڕیزی شـەڕخوازیە و ئەو سیاسـەتوانە ناسـاغانە نەک ناتوانن بەشێک لە پەرتەوازەییەکە کۆکەنەوە بەڵکو تـادێ پەرتـیەکە پەرتتـر و ئـاڵۆزتر دەکەن، ئەمەش ڕیشـــەی لە سیستمی پەیبردنی مەعریفیان هەیە و هەر بۆیەش لێیحاڵی نـابن. ئیشـکردن لە سـەرەتادا بـۆ چارەسـەری ئەم کێشـە ئـاڵۆزە عەقڵیـانە هەمـاهەنگیەکی کولتـووری و کـۆمەڵایەتی پێـدەوێ و لە هوشـیاریەکی وریـاوە ســـەرهەڵدەدا نەک خەوتوو.

دژبەری مەعریفـی هەر لە ئاسـت نەهـاتنەوەی (بیـر لەگەڵ (کردار) ناوەستێ، بەڵکو کاریگەری لەسـەر سیستمی بەهـایی و دواتـر ڕەفتـاری تاکەکـان دەبێ و بەر لەوەش لە ژێر قورسایی ترادیسیۆنێکی گەندەڵی وەستاوی نەجوڵاودا بیانوو بۆ خوار و خێچیەکانی خۆی دێنێتەوە و هەمیشە ئەم کەچڕەفتاریە دەخاتە چوارچێوەی پەروەردەیی و ئەخلاقی بەسەر چووەوە.

دژبەرە مەعریفیەکان کەسانی ئاسایی نین و هەمیشە لە دیـوێکی کەسـێتیەوە بـۆ دیـوەکەی تـر وەردەگەڕێـن و خەسـڵەتە ڕێـژەییە کاردیناڵەکـانی کەسـێتی خۆیـان پـێ ناپـارێزرێ. ئەمەش زیـاتر بـێ متمانەیـان دەکـا بەرانـبەر خۆیان و ئینجا دەوروبەریان و بۆیەش زیاتر لەو پەت بۆ ئەو پەت و لەو بەر بۆ ئەو بەر دێن و دەچن و دەپەڕنەوە و بازبازێن دەکەن. ئەم یاریە ئەکرۆباتیکیە بە هەمان ئاگایی یاریکەرەکـانی سـێرک نـاچێتە ڕێـوە بەقەد ئەوەی زیـاتر نائاگایی و ناهوشیاریە دەیانجوولێنێ.

خواسـت بـۆ ئاشـتی لە کەسـانێکەوە دەردەچـێ کە لە قووڵایی دەروونی خۆیانەوە حەزیان لە ئارامی بێ و پێیان

وابێ ئەوە ئارامی و ژیاندۆستیە بەرەو هەورازیان دەبا، نەوەک شەڕ و ئاژاوەگێڕی و تێکدان. شەڕخوازیی کاراکتەری سیاسی و تەنانەت دینی و کۆمەڵایەتی عیراقی و کوردی ڕەنگدەرەوەی پەروەردەی سیاسی خۆیان و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و مێژوویەکی کولتووری شڵەژاوە، خودە ئەکتیڤەکان لە مێژووی زۆر نەتەوە و کۆمەڵگەدا توانیان کاریگەری خۆیان بخەنە سەر زەمەنی فەرهەنگیی، مێژوویان لە بارێکی وەستاوەوە گواستەوە بارێکی جوڵا و بزۆز. ئەوانەی ئەم سەرزەمینەی ئێمە بوونەوەری بارە وەستاوەکانن و پارێزەری کولتوور و کۆلکێشی ترادیسیۆنن و قەت لە خۆیان ڕانەبینیوە رووداو درووست کەن و لەلای خۆیانەوە زەمەن و مێژوو بە جۆرێکی تر بجووڵێنن.

ئاشتیخواز پێیوایە ئارامیی پێویستییەکی هەرە بنچینەییە بۆ ژیان لە دنیادا*، ئارامیی لە خواردن گرنگتر نەبێ کەمتر نیە، لە سێکس گرنگتر نەبێ کەمبایەختر نیە، لە خواردنەوە گرنگتر نەبێ کەمتر نیە. ئاشتیە مرۆڤ ئازاد دەکات و ئازادییشە مرۆڤ لە بوونێکی بێ بەرهەمەوە دەکاتە بوونێکی بەرهەمدار و بەرهەمیشە مرۆڤ دەگوازێتەوە باری ڕا لەخۆبوون و شانازیەوە.

ئەوەی شانازی بە بەرهەمی خۆیەوە بکا کەسێکە یا گرووپێکە بکەر، بوونێکە هوشیار، بوونێکە کارا، بوونێکە چالاک و ئازاد و لە ناخەوەش ئارامییەکی دەروونی سەرتاسەری گیانی گرتۆتەوە. ڕۆحی ئارام سۆفیانە بۆ

---

* ژیان لەدنیادا: تێگەیشتنێکی دیاردەناسیانەی بوونگەرایانەی مارتن هایدگەرییە و دەروونناسە بوونناسەکانی وەک ئەبراهام مازلۆ و ڕۆلۆ مەی و فرانکل بۆیگەڕاونەتەوە.

ژیان دەکۆشێ و ئەوەی بۆ خۆی حەزی لێ بێ بۆ هەموو بوونەوەرێکی عاقڵ و ناعاقڵی حەز لێیە.

کەسان و کاراکتەرانی نا ئارام و ئاڵۆزکاو پێیاننـاکرێ حزب و ڕێکخراوەکانی خۆیان لە کەچرەفتاری و تەنگاوی و زەلکاوی گەندەڵی و نا ئومێدی ڕزگارکەن، ئەوان خۆیان ناساغن چۆن دەتوانن چارەی ناساغیەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بکەن؟ ئەوان خۆیان نائارامن چۆن دەتوانن ئارامی بنێنەوە؟ ئەوان خۆیان شڵەژاون لە ڕووی دەروونی و ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی و کەسێتیەوە چۆن دەتوانن هەموو ئەم لاریانە ڕاستکەنەوە؟.

چارەی ئەم دۆزەخە ناعەقڵانیە بۆ هەموومان هوشیاربوونە بە ناساغیمان، کارل ڕۆجەرزیانە** دەبێ بە خۆماندا بچینەوە، پێمانوابێ تەنها نەخۆش دەتوانێ خۆی چارەسەر بکا نەک دکتۆر، ناساغەکان لە هەموو کەس زیاتر دەسەڵاتیان بەسەر لاوازیەکاندا دەشکێ و ئەوانەی لەم پرۆسێسە مێژووییەدا دەبێ ئامادەیی جیددیان هەبێ تەنها یارمەتیدەرەکانن، خەڵک بە یارمەتی ئەوان و ئەوان بە یارمەتی خەڵک. ئەم داینامیکیەتەش لە بونیادی سایکۆلۆژی ئێمە لەوەتەی هەین، ونە و تا نەدۆزرێتەوە پرۆسەکانی چارەسەر لە درۆ و ڕازاندنەوەی قسە و مەجلیس گەرمکردن و خافڵاندن زیاتر چیدی نین.

---

** کارل ڕۆجەرز Carl Rogers(١٩٠٢-١٩٨٧): زانایەکی دەروونی ئەمریکیە و سەر بە میتۆدی هیومانیزمە لە دەروونزانیدا، خاوەنی ڕێبازی چارەسازی خولاوەیە لەدەوری تاک، پێیوایە لە کرداری چارەسەری دەروونیدا لە نێوان چارەساز و چارەخواز چارەخوار کە نەخۆشەکەیە سێنتەرە و خۆی دەتوانێ بە هاوکاری چارەساز یارمەتی خۆی بدات، چونکە دیاردەکان چۆن دەبینێ ئاوا پەیان پێدەبا.

نارسیستەکان ئەوانەن تەنها خۆیان لێدیارە و بەس، تەنها خۆیان جوانن و بەس، تەنها خۆیان هەستیارن و بەس، تەنها خۆیان عاشقن و بەس، تەنها خۆیان دەبێ بحەسێنەوە و بەس، تەنها خۆیان حەزیان لێیە و بەس، تەنها خۆیان دەیانهێشێ و بەس. ئەم بە خۆ شەیدا بوونە لە کەسانی سیاسی و تەنانەت بەشی هەرە زۆری تاکەکانی سەرزەمینی عێراق و هەرێمەکەی ئێمە خەسڵەتێکی کاردینال و سەرەکیە، نارسیزم بکوژی هەرچی جوانی هەیە لە دنیای دەرەوەی کەسی نارسیست، بکوژی هەرچی جیاوازی هەیە لە دەرەوەی خۆی، بکوژی هەرچی خاوەن ماف هەیە جگە لە خۆی. ئەم بکوژەی ناوی نارسیستە بە جۆرێکی تر ئیش لەسەر کوشتنی خۆی دەکا خنکاندنی خۆیەتی لە قوڵایی خۆیدا، خنکان لە خۆدا دنیایەک خەسڵەتی ئینسانی لە مرۆڤ دەستێنێتەوە و تا مردن ناتوانێ وەدەستیان بێنێتەوە. لە هەموو ئەم خەسڵەتانە گرنگتر بینینی خۆیەتی لە دیدی ئەوانی تردا، بە گرنگ زانینی ئەوانی ترە لە ژیانی خۆیدا، چون نەمانی ئەوان و نەبینینیان بۆ ئەو لێڵ بوونی ئەو ئاوێنەیەیە کە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی خۆی تیا ببینێ و هەر لەم بینینەشە پەیوەندی و کۆمیونیکەیشن و خۆشەویستی و هەروەک تۆدۆرۆف دەڵێ ژیانی بەیەکەوەیی درووست دەبێ.



Scanned with CamScanner

# بەشی سێیەم

# (من)ی عاقڵ لە کات و شوێن دا



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ژیان لە عەقڵ و کات و شوێندا

هیچ سامانێک بۆ مرۆڤی عاقل لە عەقل بە بەهاتر نیە، دەکرێ لە هەندێ هەڵوێستی ژیاندا عەقل ببێ بە ئامانج، چون ژیان تەنها بە بوونی عەقڵەوە ژیانە و ژیانی عەقل جیایە لە هەر جۆرە ژیانێکی تر کە عەقل تیایدا دەبێ بە هۆکاری گەیشتن بە مەرامە نێرگزیە دەمەکیەکان.

بە لای ئێمەی ئەم کۆمەڵگەیەوە نە عەقل ئەوەیە کاتی بۆ تەرخان کەین و نە کاتیش ئەوە دەهێنێ بیخەینە خزمەت هۆش و عەقڵەوە. کە هیچ لەم دووە گرنگ نەبن ڕەهەندی سێیەمی بوونیش کە شوێنێکە لەسەری دەژین گرنگیە کەینونیەکەی لە دەست دەدات و تەنها بەسەریدا دەڕۆین و لەسەری دادەنیشین و دەوەستین، ئەم کردە سەرەتاییانەش زیندەوەرانی تریش هەیانە.

عەقل هەرگیز سوکایەتی بە (کات) ناکات و (شوێن) یش لای ئەو وەرگێڕانی بیرکردنەوەیە بۆ سیمبولە ماتریاڵیەکان، کات بە جێمان دەهێڵێ و لە شوێنیش بە ئاسانی هەڵدەقەنێین، سیانەی (عەقل و کات و شوێن) لە هزرینی سیاسەت و دین و عورف و کولتووری کوردیی تەنها مایەی پێکەنینی کاراکتەرەکانی ئەو بوارانەن.

(ئەوان) کە من و تۆ تەنها بە زیندوویەکی هەناسە دەر و بخۆر و خەوتووی ئارام بناسن بەهای عەقل هەر لە بێدەنگی و ملکەچی و ترس و چەپڵە و یادکردنەوە و گریان و بەشانوباڵدا هەڵگوتندا دەبینن.

بەهـــای کـــات تەنهـــا لە (گەڕانەوە) و (گێـــڕانەوە) و (چاوەڕوانی) دا دەبینن و بەهای شوێنیش تەنها و تەنها لە پەرژینرێژکردن و گردان و دانانی سیمبولەکانی دەسەڵات و جاهی خۆیاندا دەبینن.

ئەوان وەبەرهێنان نە لەسەر عەقڵ و نە لەسەر کات و نە لەســەر شــوێن دەکەن، ئەوەی لایــان گــرنگە تەنهــا ئەو کاتــانەیە خۆیــان تیایــدا زینــدوون و نەعــلەت لە کــاتی وەچەکانی دوای خۆشیان دەکەن.

فرانکل لە کتێبی "ئیـرادەی مانـا"دا دەڵـێ: زۆربەی ئەو جـۆرە کەســانەی تەنهــا پارەیــان هەیە و هەر ئەوەشــیان بەلاوە گرنگە ئەوانە کۆیلەی پارەن و پارە خــاوەنی ئەوانە نەک ئەوان خاوەنی پارە، هاندەری کەڵەکەکردن بەسـەریاندا زاڵە و هەر بـــۆیەش مانـــای پارەیـــان ونکـــردووە و تێینەگەیشتوون، چون خاوەنداریتی سامان وا لە تاک دەکا لە کەش و ســرووتێکی زەنگینــی و دەوڵەمەندیــدا بــژی و ئەوەندە باکی بە پارە نەبێ چونکە جگە لە هۆکار شتێکی تر نیە و بەهۆیەوە لە ئامانجی دوور دەگەڕێ، ئەو ئامانجـانەی پارە لە خزمەتیاندایە. فرانکل لە درێژەی قسـەکانیدا دەڵـێ: جارێکیــان ســەرۆکی زانکــۆیەک لە ئەمریکا پێشــنیازی نــۆ هەزار دۆلاری بۆ کردم تاوەکو چەند هەفتەیەک دەرس لە یەکێــک لە کۆلیژەکــانی بڵــێمەوە، منــیش رەتــم کــردەوە و ئەویش پێی سـەیر بوو، پێموت: من نازانم ئەم نۆ هەزار دۆلارە بخەمە وەبەرهێنانەوە، هەر ئەوەندە دەزانـم کە کاتی پێ بکـڕم بـۆ ئەوەی پرۆژەکــانی خــۆم جێبەجێ بــکەم، من



Scanned with CamScanner

ئێستا کاتم هەیە و پێویستیم بە پارەی زیاتر نیە بۆ ئەوەی بیکرم[٢٧].

کات لای ئەوانە یەکسانە بە پارە کە لای خەڵکی تر بووەتە ئامانج و هەموو شتێکی بەقوربان دەکەن، فرانکل دەڵێ ئەمانە هەرهەموویان نەخۆشن و بەتاڵاییەکی گەورە لە ژیانیان هەیە دەیانەوێ بە پارە پری بکەنەوە و لە پارەش زیاتر ژیانیان چیتری تیا نیە.

ئەوەی سووکایەتی بە عەقڵ و کات و شوێن بکا جگە لە هەبوویێک کە لە بنچینەدا موڵکی دەرەوەی خۆیەتی چیتر نیە، نوێبوونەوە و ژیانی عاقڵانە عەقڵ تێکەڵی هەر هەموو ساتەوەختەکانی ژیان دەکات و لەسەر شوێنیشدا شوێنەوار لەسەر شوێنەوار بۆ عەقڵ دادەتاشێ. کاتکرین لای فرانکل بایەخی کات بە بێگومان لەسەر پارە دەگەیەنێ و کردارەکان، چالاکییەکان، جوڵە و بزۆزییەکان، داهێنان و وەبەرهێنانەکان، دۆزینەوە و پشکنینەکان، هەرهەموویان لە کاتێکی فەراهەم و پەیپێبراودا دەکرێن، نەبوون لە کاتدا مانەوەیە لە بەسەرچووندا، مانەوەیە لە ڕابردوودا، مانەوەیە وەک مۆڵەت پێدراو لە مێژوودا، زەمەن هەمیشە بە چالاکی و کردار و جووڵەی مرۆڤ دەپێورێ، هزری دۆگم لە دەرەوەی کاتە و ناتوانێ ساتە وەختە هاتوو و نەهاتووەکان بپێوێ.

---

[٢٧] فرانكل، فكتور(٢٠١٤). إرادة المعنى.....أسس وتطبيقات العلاج بالمعنى، ت: د. ايمان فوزي، دار زهراء الشرق،القاهرة، ص١١٧.



Scanned with CamScanner

## (من) لە ئێستا و (لێرەدا)...
## وردبوونەوەیەک لە زەمەن و عەقڵ

ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، سێ زەمەنی زۆر بەیەکەوە بەستراوی لێکدانەبڕاون، ئەوە زەمەن نییە تێدەپەڕێ و ئەوە زەمەنێکی تریش نییە چاوەڕێمان دەکا. زەمەن پەیوەستە بە هۆشی مرۆڤ و چالاکبوونی ئەو هۆشە لە کردە عەقلی و جەستەییەکانیدا، زەمەن لە هۆشی کەسی چالاکدا نرخی خۆی هەیە و لای کەسانی ناچالاک و نەبزۆز شتێک نیە ناوی زەمەن بێ، چون کەسی بێ جوولە هەست ناکا شتێکی کردبێ ئەو شتە چێژی داهێنراوێکی تازەی هەبێ، ئەوەی لای ئەو هەمیشە دەردەکەوێتەوە، نامۆ نیە و چێژیان هەمان ئەو چێژانەن کە لە یادگەی ئەودا پارێزراون و دیسانەوە لە شتێکی دیکەدا ئەزموون دەبنەوە.
ڕابردوو لە یادەوەری مرۆڤی نوێ و چالاکدا جگە لە کۆمەڵێک زانیاری و داتا چیتر نین و ئەو لە هەڵوێستی دیکەدا بەیەکیان دەگرێتەوە و دواتر وێنەی تری ئەوتۆیان لێ درووست دەکا کە پێشتر نەبوون. پێشتر نەبوون بەو مانایە نا کە ئیدی ئەوەی ڕابرد هیچ ڕۆڵێکی لە هێنانە ئارای وێنە تازەکەدا نیە، بەڵکو هاتنە سەرێکی زانیاریە بۆ سەر هەموو ئەو زانیاریانە و پێکەوەنانی فۆرم و گەوهەری دیکە لە زانین و لە هۆش و لە عەقڵ کە بۆ ئەم ساتەوەختە تازانە و بۆ شوێنە تیاژیاوەکان بگونجێ.

مرۆڤی تازە، درووشمێکی سیاسی نیە تەنها بۆ جوانکاریی گوتاری مردووی سیاسیەکان بەکار بێ، درووشمێک نیە لە ئۆرگانە رەمزیە چەقیوەکان دەنگ بداتەوە. (تازە) مانای وریا و هوشیار بە ئێستا و بەو شوێنانەی کەس یا تاک تیایاندا دەجوولێ، ماقول نیە من لێرە بم و لە ئان و ساتی ئێستادا هەناسە بدەم و بچمەوە قالبی ئەو کەسانەی ناهوشیارانە زەمەنەکانی خۆیان تێپەڕاند، چەمکی (من) بەستراوەی (ئێستا) یە لە ڕووی (کاتەوە) و بەستراوەی (ئێرە) شە لە ڕووی (شوێن)ەوە، (من) بوونێکی واقیعی هەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەستیشە بەو عەقڵەی ئیدارەی ئەو واقیعە دەکا، ئەوەی لە دوێنێوە زانیاریم بۆ هەڵدێنجێ، هۆشی لای خۆی نیە و بەستراوەی هێزگەلێکە لێیناگەڕێن وەهۆش خۆی بێتەوە و ئەویش ناهێڵێ ئێمە خۆمان بین.

مرۆڤی نوێ کەسێکە عاقڵ، کەسێکە وریا، کەسێکە هوشیار، کەسێکە چالاک، هەموو ئەم خەسڵەتانە بۆ ئەوەن کەس پەیوەستی ئەم زەمەنە بێ کە ئێستا تیایدایە و لەم شوێنە وەبەری بێنێ کە تیایدا وەستاوە و هەستی پێدەکا و تیایدا هۆشی لە بەرخوردە لەگەڵ شت و شمەکانی دەوروبەر و دنیا و گەردووندا.

مرۆڤی نوێ ڕووبەری نەستی تادێ بچووک دەبێتەوە و ڕووبەری هەست و شعووری زیاد دەکا، کەسی نوێ نابێ بترسێ، چون ترس دەیباتەوە نەست و لەوێدا دەکەوێتەوە خزمەت زانیاریە مردووەکان و ئیدی بە (ئێستا) و (بێرە) هوشیار نابێ.



Scanned with CamScanner

مرۆڤی نوێ نابێ شەرمن بێ، چون شەرم دایدەپۆشێ و ناهێڵێ ئەوەی لە ئێستا و لێرەدا دەگوزەرێ لێ دیار و بەرهەست بێ.

مرۆڤی نوێ نابێ نائازاد بێ، چون کە نائازاد بوو ئیدی ئەو هەر بە جەستە دەژی و رۆح و ڕەوانی لای یادەوەریە بەسەرچووەکانە و ئاخ و ئۆف بۆ ئەوان هەڵدەکێشێ، ئازادیی فەزای ڕۆحە و ڕۆح تەنها لە ئازادیدا ڕۆحێکە عاقڵ دەبێ، ڕۆح هەر ئەوەیە عاقڵە و ئەوەی عاقڵ نیە خاوەنی ڕۆحی خۆی نیە و هی کەسانی تری لەبەر کردووە.

مرۆڤی کۆن ئەگەر کەسی زەمەنی خۆی بووبێ ئەوا ژیا و باشیش ژیا، بەڵام ئەگەر ئەویش وەک ئێمە هەر ڕووی لە دواوەی خۆی بوو و بۆ دواوە دەچووە پێشەوە ئەوا هەڵگری (مـن) ێک نەبووە جگە لە(ئەو) ێک نەبێ کە هەمیشە ئەو (ئەو)ە لە هۆشی خۆی داوەتێ و هۆشی ئەویشی مرداندووە.

کەسی زیندوو و تازە هەرگیز ناکەوێتە ژێر گوشاری نەستی ترساو و نادیاریەوە، ئەوە کەسە ترساو و بەسەرچووەکانن هەردەم هێزەکانی نەست دەیانبزوێنێ و بێ ئەوەی بە (مـن) ێکی هوشیار ئاگادار بن مل بۆ ئەو مرۆڤە نموونەییەی یۆنگ کەچ دەکەن و خێرا هەم لە واقیع و هەم لە خەون و خەیاڵاتیشیاندا بۆ ئەو زەمەنانە دەگەڕێنەوە.

تەواوی لاملی و داگیرکاری و ستەمە مێژووییەکانی مرۆڤایەتی لە نەستی کەسە شەڕانگێز و ناهۆشی خەفەبوویاندا هێزیان وەرگرتووە و لە ژێر ناوی سەیر

سەیر جووڵەیان بەو هێزانە کردووە، هەر بۆ نموونە( ئایا بڵاوبوونەوەی هەژموونی ئێرانی لە "یەمەن و بەحرێن و عیراق و سوریا و لوبنان و .....تاد" ئەو نەستە ناخودئاگایە نیە تۆڵەی زەمەنەکانی فتوحات و داگیرکاریەکانی عەرەبەکان دەکاتەوە، ئایا ئەوە فارسەکان نین بە درووشمی جیاجیا بە هەمان ئەو شوێنانەدا پەرت بوونەتەوە کە پێشتر لەوێوەوە خاڵی دەرچوون بووە بۆ بەسەر دادانیان؟). ئایا ئەوە نەستی ئەوروپای خۆرئاوا و ئەنگلۆساکسۆن نیە بە ئامادەیی جۆراو جۆری تۆڵەی زەمەنێکی دیکە دەکاتەوە کە تێپەڕی و بەشێکی زۆری هێز لەو میراتە مێژووییە و دواتر لە غەریزەی هێزخوازی وەردەگرێ؟.

کەس و سیستمی نوێ عەقڵ دەیجووڵێنێ نەک ناهۆش. نەست هێزگەلی ئەوتۆن دەمانبزوێنن بەڵام لای کەسی عاقڵ ئەم هێزانە ورياو هوشیارانە خەرج دەکرێن، نەک گەمژانە و ئاژەڵانە. ئەو هێزە خەفە و کپکراوانە هەن، وەلێ عەقڵیش هەیە. لە بەرانبەر دوو هەبووی پەیپێبراودا دەبێ گونجانێک هەبێ، ئەو گونجانە و ئەو هاوسەنگیە هەروەک ژان پیاژێ دەڵێ تەنها بە کەسی خاوەن مەعریفە و زانین دەکرێ.

(من) توخمی وشیاری کەسێتیە و هەر ئەویشە هەروەک فرۆید دەڵێ عاقڵانە ئەرکی بەخێوکردنی خود و جەستەی لە ئەستۆیە، منی فرۆیدیی بە تەنها نیە هەروەک دنیایەک تەنانەت بیرمەندیش پێیانوابوو. منی فرۆیدی هۆشیاریەکەی تا ئەو ئاستەیە دەزانێ بۆچی دەجولێ و بۆ چیش تێدەکۆشێ، کۆشینی منی فرۆیدی بۆ هێنانە ئارای

کۆمەڵگەیەکە تیایدا کەس و دەسەڵات بەدەستان بزانن چۆن چۆنی حەز و مەیلە شەڕانگێزیەکانی نێو نەستی خۆیان بەو ئاراستانەدا ببەن کە زیان بە کەسانی تر نەگەیەنن.

شەڕانگێزی لە دیدی فرۆیددا لە نێو ناچێ، تەنها مرۆڤی عاقڵ دەتوانێ دەرچەی جیاجیایان لەسەر بکاتەوە بۆ ئەوەی بەتاڵ بنەوە و زیان بەو فۆرمە نەگەیەنن کە نێوی مەدەنیەت و شارستانیەتە.

(من) دەبێ بە شێوەیەک پەروەردە کرابێ مل نەداتە مەیلە نارسیستی و حەزە ئایدەویەکانی(ID)، و ترساوێکی فۆبیاییش نەبێ هەرگیز نەتوانێ دەسکاری بەهاکانی خۆی بکا.

کەسانی ئێمە لەو کۆمەڵگەیەی خۆمان بێ(من) دەخولێنەوە، ئەوە (من) نیە ناوە ناوە باس لە چارەی عاقڵانە و دیموکراسیەت و مەدەنیەت و .....تاد دەکا، ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە ئەوەندەی ئاوڕی بۆ دوێنێیە هیچ کاتێک خەمی ئێستای نیە، ئەوەندەی بۆ سبەینێ دەمانفرێنێ هیچ کاتێک هۆشی لە ئێستا و لێرە نیە.

من ئەگەر هەبێ تەنها ئەو (من) ەیە لە ئێستا دەژی و بۆ ئێستا بیردەکاتەوە و دەشیەوێ ئێستامان بۆ بەڕێوە بەرێ، و ئینجا دەبێ (لێرە) بژی و نەمانباتە نێو سرووتە ئەفسانەیی و شارە یوتوپیەکانی خەیاڵی کەسە دەستەپاچەکانەوە. لە مردانندنی خود و فراندنیدا تەنها کوشتنی (من) ی لێدەکەوێتەوە، ئەوە هەر ئەو( ئەو) ەیە بە شانازیەکی ئەفسانەییانە دەپەسترێتە نێو(من) ەکان بۆ ئەوەی سەروەریەکانی بە تەوێڵی مێژووەوە بمێننەوە. ئەوە (من) نیە کە هەر لە خزمەتی (ئەو) دایە، ئەوە وەهمێکە تا ئەبەد ناگاتە (من) چون من لە عەقڵ زیاتر چیتر نیە، لە بیرکەرەوەیەکی ئازاد کە لە مانای ئازاد و ئازادی دەزانێ زیاتر چیتر نیە.



Scanned with CamScanner

## دەرکەوتن لە تاریکی ...

## نەبوون و شمەکبوون

ژیان هەمیشە بریتی بووە لە تێپەڕین لە تاریکی بەرەو ڕووناکی، لەبەر ڕووناکیدا وەک دیاردە، وەک ڕووداو، وەک بوونێکی بزۆز دەردەکەوین.

"بیرکردنەوە لە تاریکاییەوە دەستپێدەکات" ئەمە هیراکلیتسە لە کتێبی "جەدەلیەتی خۆشەویستی و شەڕ"[٢٨]دا ئەم قسەیەی کردووە.

کە لە تاریکاییەوە دەردەچی لە دەرەوەی خۆت دەردەکەوی، ئەم دەرکەوتنە خەسڵەتی دیاردە دەداتە هەر کەسێک بکەوێتە بەر تیشک و ڕووناکایی، دیاردە لە بنچینەدا بەتەنها پۆزەتیڤ نیە، دەکرێ بە دیوەکەی تردا بکەوێ و ڕووە کرێتەکەی بوون نیشانی دەرەوەی خۆی بدات.

ئێمە چ وەک تاک چ وەک کۆ کەمترین دەرکەوتنمان لەبەر ڕووناکایی هەبووە، زۆربەی هەرە زۆری بوونمان لەو تاریکاییانە بردۆتە سەر کە هێشتا نەبوونەتە سەرەتا بۆ بیرکردنەوە، ئەوەی ئێمە پێمانوابووە بیرکردنەوە و وێنە کێشانێکی ترە بۆ دیاردەکانی ژیان جگە لە خۆ

---

[٢٨] هیراقلیطس(٢٠٠٩). جدل الحب والحرب، ـ مجاهد عبدالمنعم مجاهد، مرکز الانماء الحضاری دار المحبة، ص١٨،دمشق.



Scanned with CamScanner

نمایشکردنێکی فیزیکیانە بۆ کەلاکێکی زیندوو چیتر نیە، دەرکەوتن بە خۆنمایشکردنە فیزیکیەکان پێناوتریَ دیاردە بەقەد ئەوەی دەرکەوتن لە بیرکردنەوەدا شوناسی دیاردەبوون و بوون لە خودێکی چالاکدا دەردەخا.

بە پێی ئەم دیدگەیە دیاردە تەواو پەیوەستە بە کات و شوێنەوە، دەبێ شتەکە لە هەردوو ڕەهەندەکە بوونی هەبێ بۆ ئەوەی بوونی ڕاستەقینەی ئەنتۆلۆژیانەی خۆی تەواو بکات، ئەمەیە بوونی ڕەسەن، بوونی خودی کوردیی بە پێی ئەم ئامادەبوونە دیاردەناسیانەیە بوونێکی نامۆ بە خۆ و زەوتکراوە، لە نووتەکە هیراکلیتیکیەکەدا دەبیاتە سەر[٢٩].

ناوە ناوە لە مێژووی نەتەوەیی خۆماندا هەمانبووە پێدزەی کردۆتە رووناکی، بەڵام ئەوەندە لەبەریدا نەحەساوەتەوە و هەر زوو پەلکێشی تاریکایی کراوەتەوە تا لەوێدا وەک یەک ببینین و یەکێکمان لەوەی تر دوورتری لێدیار نەبێ.

دەرکەوتنی بێ بیرکردنەوە ئەگەر رووناکیشی لەسەر بێ هەر لە نووتەکەکانی نەبوونیدایە، هەبوونێکە یا شمەکێکە لە شمەکەکان و بۆ خۆی دەبێ بە تاکە بابەت و لە دەرەوەی خۆیدا توانای دۆزینەوەی بابەتی تری هەرگیز نیە، لە هزریندا دنیا هەر هەمووی دەبێتە بابەت و کەسەکان چیدی لە خۆیاندا قەتیس نابن و بۆ لەوەڕاندنی عەقڵیان سەر بە هەرچی کوندا هەیە دەگرن و رووناکی بیر و هزری دەخەنە سەر.

---

[٢٩] حسین، محمد طه(٢٠١٦). الذات الكردية.....مقاربات فينومينولوجية نقدية، دار الزمان دمشق ومكتبة التفسير أربيل،ط١، ص١٨.



Scanned with CamScanner

زۆرن دوای هیـــراکلیتس ڕێنمـــایی دەرکەوتنـــی بەر ڕووناکیمـــان دەکەن و جـگە لە فەلسەفەناسـانی بوونـناس دەروونناسی زۆر هەن قسە و باسی جیددیان لەسەر ئەم دەرکەوتنە ئەرێنیانەیە، ڕۆجەرز و فرانکل و مای و ماسلۆ و سـلیگمان و زۆری تـر تەنهـا بەم دەرکەوتنـانە مرۆڤـی چالاک دەپێون.

بە دڵنیـاییەکی عەقلانیانەوە من پێموایە تـاوەکو ئێستا نەک ئـێمە وەک نەتەوە یـا کـۆمەڵگە نەگەیشـتووینەتە بەر ڕووناکی، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری ئەو هێزانەی هەن بە ئاگا یا بێئاگا خۆشییان هەر لە مانەوەی بەر تاریکی دێت و تەنـانەت نایـانەوێ ڕوونـاکی ئەم زەمەنەیـان بەر بـکەوێ چـوون توانـای نمایشـکردنی هـزری و عەقڵیـان نـیە و بە تیشک کەوتنە سـەریان پەست دەبن و ناچار قەنـاعەت بە پەرسـتنی تـاریکی دەکەن. ئەوە نـیە نەتەوەیەک بە گشـتی مێشکی خراوەتەوە نێو سکی و هێواش هێواش خەریکی خواردنی خۆیەتی؟!.

کـــۆمەڵگەیەک بە گەورەتـــرین دامەزراوە سیاســـی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە بۆ سک بیربکاتەوە نەک مێشک، بۆ گیرفان بیربکـاتەوە نەک مێشک هەر لە تاریکایە و زۆری ماوە ڕووناکی بکەوێتە سەر.



Scanned with CamScanner

## مانا سایکۆبوونناسیەکەی سەربەخۆبوون

ئەم چەمکە هەرچی لەبارەوە گوترابێ و هەرچۆن بەکارهاتبێ و هەرچی پاڵنەرێک لە پشت بەکارهێنانیەوە بووبێ و هەرکێش دایهێنابێ و پاشان بەهەر شێوەیەک وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی سیاسەت و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی، جگە لە ویستێکی دیار یا شاراوە بۆ "خۆبوون" یا بوون بە "خۆ" چیتر ناگەیەنێ.

"خۆبوون" ململانێیەکی وجودی درێژخایەنە لە نێو کەسەکان خۆیاندا بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری کار و کردار و ئەرک و جولانەوە و قسە و گوفتار و پەیوەندیەکانیان بە بڕیارێک لە "خۆ"یانەوە دەرچێ و کەمترین کاریگەری و گوشاری ئەو هێزانەی لەسەر بێ لە دەرەوەی خودی تاکەکان چالاکن و دەیانەوێ بە هێزی کێشکردنیان هەرچی "خۆ" یەکانی دەوروبەریان هەن لەوانەوە هێز وەرگرن بە هەموو شێوە و گەوهەرەکانی هێزەوە.

"خۆبوون" بابەتێکی وجودیە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە "ئیرادە" وە، ئەوەی دەیەوێ "خۆ" ی بێ، هوشیارە بەوەی لە بنچینەدا خۆی نیە و لەوەتەی هۆشیشی بەو خودەی خۆی هەیە زانیویەتی بەردەوام خودی ئەو لە ژێر ستەمێکی دەرەکیدایە و داپڵۆساوە و کەوتۆتە ژێر بارێکی بەرزەفتەوە لە دەرەوەی ویست و خواستەکانی خۆیەتی و مەبەست تیایدا تەنها پاراستنی جۆرێکی ترە لە هاوسەنگی کە لە



Scanned with CamScanner

بنەڕەتەوە لەسەر ناهاوسەنگی خودی تاکەکان تین و تاقەت وەردەگرێ.

"ئیرادە" ی هەر کەسێک لە ئەنجامی براندنەوەی ململانێیەکی تاقەت پڕوکێنی ناوەکیەوە لە نێوان {"دەبێ" و "نابێ"}یەکانەوە چەکەرە دەکات و تادێ بە خۆدواندن و لەخۆگەیشتن و خۆناسین و خۆدەربڕین و خۆئاشکراکردن و خۆڕێکخستن و خۆبەڕێوەبردن و خۆهەڵسەنگاندنەوە ئەو ئیرادەیە بەهێزتر دەبێ و دواتر هێواش هێواش دەبێتە کردار و لە ڕەفتار و کەسیتی تاکەکانەوە ڕەنگدەداتەوە.

ئیرادە هەروەک نیتشێ وەک گریمانە دەڵێ (**هۆکارێکە هەردەم ئەو هۆکارە لە مەبەستێکەوە سەرهەڵدەدا**)[٣٠]، بەو مانایەی ئەوە مەبەستێکە دەبێتە هۆی ڕوودانی هەر ڕووداوێک یا ڕەفتارێک، ئەو مەبەستە لە بنچینەدا لە تێگەیشتنی کەسەکەوە داڕێژراوە و لە دەربڕینی جۆراوجۆردا لە "ئیرادە" دا خۆیان مانیفستۆ دەکەنەوە، ئیرادە دەبێ سەرەنجام بەرهەمی هەستکردن و ئاگاییی و پەیبردن و هۆشیاری بێ و هەموو ئەمانە بەیەکەوە بوونێکی ئینسانی وەک "خۆ"یمان بۆ دەردەخەن، و وەک شوبنهاوەر لە کتێبی حیکمەتی ژیاندا ئاماژەی پێدەکا ئیرادە عەقڵ پێشخۆی دەدات و وەک تۆخمێکی پەیبەر لە مەعریفەی ڕاستەوخۆدا ڕۆڵی خۆی دەبینێ، ئەو مەبەستەش کە لە پێشدا کەس یا کۆمەڵەیەک هەیانە یا دیاریدەکەن دەبێتە بیانووەکانی ئیرادە و وا لە تاک دەکەن

---

[٣٠] نیتشه، فریدریک(٢٠١١). إرادة القوة....محاوله لقلب كل القيم، ت: محمد الناجى، أفريقيا الشرق، ص٢٠٢، المغرب.



Scanned with CamScanner

تا ئاستێکی باشی لێ نەهێنە دی کۆڵ نەدەن، جا یا دەیگەنێ یا ئەوەتا کۆسپەکانی ناوەوەی خۆیان و دواتر ئەوانەی دەرەوە بەر لەو ئیرادەیە دەگرن و لە ڕاستیشدا ژیان هەر لەو جۆرە ململانێیانەوە مانا وەردەگرێ.

ئیرادە هەردەم وریاکەرەوەی عەقڵە، عەقڵ مرۆڤ زۆر ماندوو دەکات، هەربۆیە بە درێژایی مێژوو تەنها داهێنەر و خاوەن ئیرادەکان توانیویانە لەو تەمبەڵیە وجودیە ڕزگاریان بێت، ئیرادە هەمیشە دەبێ لە پێشدا عەقڵی لەگەڵدا بێ ئینجا وزە و پاڵنەری دەروونی بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجانەی سەرەتا دیاریکردوون، مەگەر نا چۆن ئیرادە بۆ کار و جوڵە و داهێنان هەیە ئاوەهاش ئیرادەی تەمبەڵی و سستی و خاوبوونەوە مرۆڤ دادەهێزرێنێ و لە ڕاستیشدا ئەو جۆرە ئیرادەیە تاکەکان لە کەسێتی دەخات و لە خۆیان دایاندەماڵێ و دەیانکا بە موڵکی ئەوانی تر.

"خۆبوون" لە (عەقڵ) دا مانای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و لە (ئیرادە) شدا هێز و تین و تاقەت، ئەگەر عەقڵ بریتی بێ لە ڕێکخستن و بە سیستمکردن هەروەک شوبنهاوەر لە هەمان کتێبی ئاماژە بۆکراودا باسی دەکا، ئەوا ئیرادە بۆ هێنانە ئارای هەر ویستێکی عەقڵانی بەهێز دەردەکەوێ، بە پێچەوانەشـەوە لانەکـردنەوە لە بە سیستمکردن و خۆڕێکخستنەوە ناچێتە چوارچێوەی عەقڵ و ئەوسا ئیرادەش بۆ بەرەو پێشبردنی هەر تیژ و بڕیارێک لاواز دەبێ و بەرەو ئامانجەکانی ناجولێ، یا کۆسپ و تەگەرەی گەورەی دێنە پێش و زیاتر کەس یا هەر ناوەندێک لە دەرەوەی تاک بە کێشەکانی بەردەم ئیرادەوە



Scanned with CamScanner

سەرقاڵ دەکەن، نەوەک توانا خەرجکردن بۆ گەیشتن بە ئامانج.

ئیرادەی "خۆبوون" لای هەر کەسێک یا هەر کۆمەڵە و گرووپێک بێت، هەوڵێکی نەپساوەیە بۆ "خۆ" ڕزگارکردن لە خودێکی ساختە، بۆ ڕزگاربوون لەو بوونەی لە نێو شت و هەبووەکانی تردا ونبووە، جا چ تەمبەڵیە وجودیەکە پاڵی پێوە ناوە بۆ ئەوەی هەمیشە لە سەرئێشەی "ئازادی" دوریخاتەوە و بەردەوام لە حەسانەوەیەکدا بێ تەنها بوونە بیۆلۆژیکیەکەی بۆی بەس بێ، یا ئەوەتا ئەو هێزانەی لەدەرەوەی ئەو کارابوون نەیانهێشتووە خواستەکانی ئەو بگەنە مەبەستەکانیان تاوەکو ئەو ناوەندانە وەک تیشکدەرەوە و سەرچاوەکانی تین و تاقەت بۆیان تا ئەبەد بمێننەوە و بە بەردەوام بچووککردنەوەی تاکەکان بایی ئەوەندەیان بدەنێ تەنها پێی بژین و بەس.

مرۆڤ بە سرووشتی خۆی بەرەو چێژ دەچێ و لە ئازار خۆی دوور دەخاتەوە، ئەم بۆچوونە زانستی و فەلسەفیە بەڵگە نەویستە و نەک هەر بە تەنها دەروونشیکاری فرۆید ئیشی لەسەر کردووە، بەڵکو نەیارەکانیشیان لە ڕەفتاریزم بە تایبەتی بۆرهۆف فریدریک سکینەر لە کتێبی" تەکنۆلۆژیای ڕەفتاری مرۆڤ" بە هەمان مانا بەلام بە دارشتنەوەیەکی تر پێمان دەڵێ کە: **هەموو بوونەوەرە زیندووەکان لە ژیاندا بۆ ئەوە دەکۆشن خۆیان لە پەیوەندیە ئازاراویەکان ڕزگار بکەن**"[٣١]، ئەو هەلاتنەش لە

---

[٣١] سكينر، بورهيف فريدريك(١٩٨٠). تكنولوجيا السلوك الإنساني، ت: د. عبدالقادر يوسف، عالم المعرفة المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب الكويت، ط١، ص٢٩.



Scanned with CamScanner

سەرچاوەکانی کێشە و سەرئێشەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە تێکۆشان بۆ ئازادی لە کاتێکدا کە هەلومەرجی قەڵس و بێزارکەر لە لایەن کەسانی ترەوە بە مەبەست بۆیان درووست کرابن.

سکینەر پێیوایە جۆرەکانی خۆڕزگارکردن لەو وروژێنەرە قەڵسکەرانە زۆرن هەر لە ڕاکردن و کۆچکردنەوە بیگرە تاوەکو خۆ بێبەریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ نابێ بچێتە قالبی شڵەژانی زیاتری هەلومەرجە ژینگەییەکان، چون ڕەفتاریزمی سکینەر پێیوایە بۆ ئەوەی ڕەفتاری نوێ و هەلومەرجی تازە ساز بکرێ پێویستە تا ئاستێکی زۆر وروژێنەر و موعتەیاتە پێویستەکانیان لە ژینگەدا فەراهەم بکرێن و دۆخەکە وەک ئەزموونێکی ورد بخرێتە بەر مەددی نەزەر.

بۆ ئەوەی ڕەفتاری نوێ بێنە ئارا دەبێ زەمینەی هاتنە ئارای ئەو جۆرە ڕەفتارانە تا ئاستی ماقوڵ ساز بکرێن و دۆخەکە بۆ ئەوە بسازێ کەسەکان وەڵامی پۆزێتیڤیان بۆ وروژێنەری پۆزێتیڤ هەبێ، خۆ ئەگەر زەمینە پڕاوپڕ بێ لە وروژێنەری قەڵس و تاقەت پڕوکێن دەبێ ئاساییانە چاوەڕێی ئەوە بین وەڵامە جۆراوجۆرەکانی کەسەکان بۆ ئەو دۆخە نالەبار و شڵەژاوە نێگەتیڤ بێ.

نەبووە تۆ زەمینە پڕکەیت لە ورژێنەرstimulate ی قەڵس و ئیزعاج تا ئەو ئاستەی کەسەکان خۆیان تەنها بۆ سکیان تەرخان کەن و بیکەن بە ئامانجی سەرەکیان، لەولاشەوە چاوەڕوانی وەڵامی پۆزێتیڤ بی بۆ ئەو



Scanned with CamScanner

وروژێنەرە ئیزعاجانە، ئەم چاوەڕوانیە ئەوەندە ناعەقلانیە لە هیچ چوارچێوەیەکی هزری و عەقلی و مەعریفی و ڕەفتاریش جێگەی شیاو بۆ خۆی نادۆزێتەوە، هاوسەنگی و دینامیکیەتی پەیوەندی لە نێوان وروژێنەر و وەڵام وەک وێنەیەک دەبێ لە ژیانی کۆمەڵگەدا گەورەتر بکرێتەوە و جوڵەی ژیانویستی لەو ژینگەیەدا هەمیشە لە هاوسەنگی نێوان سەنتەرەکانی پرسیار و وەڵامدا بێن و بچن.

مرۆڤ بوونەوەرێکی پرسیارکەرە و هەمیشە لە ژیانیدا بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی خۆی لە خۆیان دەکا یا بۆی دروست دەبن وێڵە، هەندێک وەڵام بین و بڕی دەشکێنن و دەیبەنە دۆخێکی ڕەحەتەوە. هەندێکیشیان لە دوودڵیەکی ئەبەدیدا دەیهێڵنەوە و لە ڕاستیشدا ژیان هەرگیز هەروەک ڕۆلۆ مای لە کتێبی" مانای دڵەڕاوکێ The Meaning of Anxiety" دا و بە پشت بەستن بە ڕاکانی کیرکیگارد دەڵێ لەم دڵەڕاوکێیە کە بە وجودیی ناوی دەبا ڕزگاری نابێ و بگرە بۆ ژیان بە پێویستیشی دەزانێ[٣٢].

ئەم بینینە سایکۆوجودیە لای ڕەفتاریزمی سکینەریش هەیە و لەوێدا ژیان پرۆسێسێکی بەردەوامی پرسیار و وەڵامسازیە کە خۆی لە پەیوەندی و بەرەنجامی نێوان وروژێنەر و وەڵامەکان دا دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی چاک و پڕ بە پێستی پرسیارەکەی خۆت دەسکەوێ دەبێ وروژێنەرەکەت تا ئەو ئاستە کەسانی وەڵامدەرەوە بوروژێنێ ئەو وەڵامەی دەیدەنەوە وەک وروژێنەرەکە

---

[٣٢] May, Rollo (٢٠١٠). The meaning of anxiety, Norton paperback-usa, p٤٤



Scanned with CamScanner

وابێ، خۆ ئەگەر وروژێنەر نەشیاو بوو وەک هەموو ئەو وروژێنەرانەی لەسەر زەمینی ئێمە هەن ئەوا وەڵامەکانیش بەقەد وروژێنەرەکان نەشیاو و قەڵس دەبن، ئەوە ئەگەر نەشیاو و توندتر نەبن.

ئەم خوێندنەوەیە تەواو سایکۆفەلسەفیە و بگرە تا ئاستێکی زۆر ئیمبیریکی و ئەزموونیشە، پەیوەست نابن بە خاتر خاتریێ و دانوستان و دیبلۆماسیەتەوە، لە زانستدا ئەم میکانیزمانە نایخۆن و جێیان نابێتەوە، کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک تاک پێکهاتووە و هەموو ئەو تاکانە بەرهەمهێنی هێزن چ بۆ خۆیان وەک خاوەنداریێتیان بۆ کەسی خۆیان، چ وەک کۆ وەک ئەندامبوونیان لە کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە بەرهەمهێنی هێز هەمیشە پێویستی بە کەرەستە و شمەکە خاوەکانی ئەم بەرهەمە هەیە، هیچ سەرچاوەیەکی هێز بە قەزاو قەدەر و درووشم و ڕازاندنەوەی گوتار و دەم و لەبی شیرین ناچێتە ڕێوە.

ئێمە لە کوردەواری ئەم سەرزەمینەی خۆماندا هۆشمان بە تێکچوونی بالانسی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و دواتر سیاسی خۆمان دەشکێ و لە ڕاستیشدا ئەم بارە نالەبارە وەک (ئەنجام) لە هەنووکەدا پێویستی بە پەیبردنی هوشیارانەی ئەم ناهاوسەنگیە هەیە، هەربۆیە لە هەنگاوی پەلەی تردا پێویستی بە بژاردەکاریەکی خێرای هەندێ لەو وروژێنەرە قەڵس و ئیزعاجانە هەیە کە لە مەیدانەکەدا بە پاسیڤییان چالاکن و بەردەوام وەڵامی تاکەکانی ئەم سەرزەمینە کرێتتر و توندتر دەکەن. ئینجا هاتنەوە هۆش خۆی سەنتەرەکانی بڕیاری پێدەوێ تاوەکو



Scanned with CamScanner

قەوارەی هەڕەشەی ئەم بار لاربوونە پەیبەرن بۆ ئەوەی تاکی وەڵامدەرەوە وردە وردە ئەوەی بۆ دەرکەوێ کە تادێ وروژێنەری ماقولتر دەردەکەون و ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە هەلومەرجە ئیزعاجەکە(لەسەر قسەی سکینەر و سۆرندایک) هێواش هێواش دەشارێتەوە.

لای من "خۆبوون" یا سەر بە "خۆ" بوون بابەتێکە تەواو سایکۆبووناسیە و دەبێ وەک دیاردە لەسەر زەمین و ژینگەدا ئادگارەکانیان ببینرێن، دەرکەوتنی دیاردە و دەرکەوتەکانی هەر بابەتێک یەکەیەکی یەکگرتووی یەکڕوخسار و ناوەڕۆکمان بۆ دەردەخا تاوەکو وەک ڕووداو بێتە بەرچاومان، مەگەر نا با هەر بە ناوهێنان و قسەکردن باس لە ڕووداو و دیاردە بکەین ئەگەر بەبەرچاوانەوە نەیەت و نەچێ قەناعەت لای کەسانی وەڵامدەرەوە دروست ناکات، هەر بۆیەش هەر بابەتێک لە هەلومەرجی واقیعیبوونیدا بە قەوارەی هەڵچوون و سۆز ناپێورێ بەڵکو بە ئاستی هارمۆنیەتی وەڵامسازیە عەقلانیەکان دێتە پێوان.

سەربەخۆبوون جگە لە مانا بووناسیەکەی بە قالبی هیچ فۆرمێکی دیکەوە ناچێ، چون چەمک و داهێنراوێکی مۆدێرنە و بەر لە مۆدێرنیزم تەنها سەرەتاکانیمان هەر لە ئەدەبیاتی فەلسەفی و سۆفیزمدا بینیوە، لەسەربەخۆبووندا دەبێ کەسەکان یا سەنتەرەکانی دەسەڵات هەم لە گشتەوە بۆ تاک شۆڕبنەوە و هەمیش لە تاکەوە بۆ گشت، هەردوو میکانیزم لە هەنووکەدا دانامیکیانە ئیشی خۆیان نەکەن و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی پڕمتمانەیان لێ نەیەتە ئارا و ئەم



Scanned with CamScanner

پەیمانە بۆ ئێمەی هەمیشە پاسیڤ لە مێژوودا نەبێتە پەیمانی متمانە و کەرامەت نەک (شەرەف) بە مانا کلاسیکیەکەی، ئەوا بابەتەکە تا هەین هەر لە قالبی فۆلکلۆری سیاسی و نەتەوەییدا دەمێنێتەوە.

ڕاستە جگە لە خۆمان هۆکاری دیکەی ئەم دۆخەمان زۆرن، بەڵام بۆ ئێمە لە نێو ئەم هەراوهوریای ناعەقلانیەتەی خۆمان و دەوروبەرو دنیادا عەقلانیەت لە خۆڕێکخستندا بە ئاراستەی دەرکەوتن وەک "خۆ"یەکی کوردیی ئازاد لە هەموو شت پێویستتر و تەنانەت پیرۆزترە، ئەوەی ئێستا لەم سەرزەمینە هەیە و دەگوزەرێ لە هیچ لایەکەوە لەگەڵ عەقلانیەت و ئیرادەی وجودی "خۆبوون" نایەتەوە، ئەگەر دۆخەکەش هەر بەم ناهارمۆنیەتە بەردەوام بێ پێموایە و ئەمەش لە ڕاستیدا ئەنجامێکی سەلمێنراوە دەبێتە ئەڵقەیەکی دیکە لە شکستەکانی مێژووی نەتەوەییمان.

## كۆمەڵگەی نەخۆش

ئێریك فرۆم لە كتێبی "كۆمەڵگەی ساغ" ئەم دوو پرسیارە لە خۆی دەكا:-

- ئایا ئێمە ساغین؟[33]
- ئایا دەكرێ كۆمەڵگەیەك نەخۆش كەوێ؟[34]

فرۆم هەر خۆیشی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە دەداتەوە، بەڵام من لێرەدا تەنها پرسیارەكانی ئەو وەردەگرم كە لە مێژە پرسیاری خۆمن و بە لێكدانەوەی جیاجیاش گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی كە كۆمەڵگەی كوردەواری ئەم هەرێمە سەرەڕای چەند نەخۆشیەكی درێژخایەنی مەترسیدار تووشی بەڵای دیكەش بووە، هەر یەكەیان بەشێك لە توانا و چالاكیەكانی جەستە و هەناوی كۆمەڵگەكەمانیان پەككستووە و گەیشتوونەتە قۆناغی درمی ئەوتۆ هەم تاكەكان هەمیشە لەیەكتری دەگرنەوە و بۆ یەكتری دەگوازنەوە و هەمیش دەورووبەرمان لە ترسی ئەوەی پەتای ئێمەیان تووش نەبێ كەوتوونەتە خۆیان، بەو خۆپارێزیەیان دنیایەك زیانیشیان پێگەیاندووین.

ونبوونی تواناكانی بەرگری كولتووری، كە من لە زۆر شوێنی تر بە ئایدزی كولتووری ناوم بردووە، مەترسیدارترین دۆخی نەخۆشیە و كۆمەڵگەكەمانی لە ناوەوە بە شێوەیەك كرمێ و بنكۆڵ كردووە، كە بەرانبەر

---

[33] فروم، اریك(٢٠١٥). المجتمع السوی، ت: محمود منقذ الهاشمي، دار الحوار، ط١، ص٩٢، اللاذقية – سورية.

[34] سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٥.



Scanned with CamScanner

هەر هێرشێک یا بەریەککەوتنێکی تۆخمەکانی کولتووری دەرەوەی خۆی توانای بەرگری لەدەست دەدات و بە ئاسانی لە هۆش خۆی دەچێ و دواتر بە دەرمانە کولتووریەکانی دەوروبەر کەمێ هۆشی دەکەوێتەوە بەر و لەگەڵ ئاوازەکانیان دەکەوێتە هەڵەکە سەما.

ونبوونی تواناکانی بەرگری کۆمەڵایەتیش دووچاری ئایدزی کۆمەڵایەتی کردووین و ئاسان بە داوی مۆدێل و دیاردە کۆمەڵایەتیە نامۆ و بێگانەکانەوە دەبین و سیما و خەسڵەتە بنچینەیی و ڕەسەنە ئەتنیکیەکانمان ڕەنگی ئەوانی تری جیا لە خۆمان دەگرن و ئەمەش لە ڕاستیدا ڕمانێکی بەهایی و شڵەژانێکی یادگەی کۆمەڵایەتیە و جۆرێکیشە لە توانەوە و یەکبوون لە ئەوانی تر کە لە ڕووی بەرهەمهێنانی هێزەوە زۆر لە ئێمەی خەستە تۆکمەترن.

ونبوونی تواناکانی بەرگری ئابووریشمان لە بێزبوونەوەمان لە بەرهەمە خۆماڵیەکان و داهێزرانی هێزی جەستەمانەوە دیارە کە ناتوانین بچینەوە باوەش و ئامێزی خاک و تەنانەت بەشی خۆشمانی خۆراک لێ بدۆشین. دەممان بە گوانی بێگانانەوە ناوە و ئەوانیش تنۆک تنۆک و دەنک دەنک بە ئەوکمانەوە دەکەن و سەرەنجام لەو نمایشە بازاڕیەدا خۆمان شکست بەماڵی خۆمان دێنین، ئەمە چجای گواستنەوە بۆ پیشەگەری و پیشەسازی و داهێنانی عەقڵیی کە هەمیشە لە ماتریاڵەکانەوە دەردەکەون و لە ڕاستیشدا ئێمە لەو بوارەدا تولە ڕێگاکانیش پێنازانین.

ئایدزی سیاسیش لەو لاوە بوەستێ، کە کۆنترین خانەخوێی ئەم ڤایرۆسە لە جەستەی کۆمەڵایەتی و



Scanned with CamScanner

نەتەوەییماندا سەدان ساڵە لێیداکوتاوە و لەم هەلومەرجەی سێ دەیەیەی دواییشدا هەمان نمایشە فیودالیە هەرە سەرەتاکان لە فۆرم و شێوازی تردا چەند بارە بونەتەوە. ئایدزی سیاسی بە شێوەیەک توانای لە حزب و حکومەت و کۆمەڵگە بڕیوە بووینەتە خەستەیەکی دابڕاوی هەمیشە کە لە ژێر چاودێری وردیدایە نەوەکا لە پڕ هەناسەمان لەبەر ببڕێ و سلار بینەوە.

سلار بوونەوەمان لەوانەیە چەندە زیان بە خۆمان دەگەیەنێ ئەوەندەش بە چارەسازەکانمان چون نەمانی فیزیکی ئێمە لە مەیدان توخمی مرۆیی شەڕکەر بەڵام (شەڕکەری لە جیاتی) وندەکا و ئەمەش لە خۆیدا زیانێکی ماتریالیە بەر لە ئێمە بە بەهێزترەکان دەکەوێ. یەکسانبوونی تاکی ئێمە بە ماتریاڵ و کەرەستەی جەنگیی، داماڵینی جەستەمانە هەم لە عەقڵ و هەم لە ڕۆح، نەخوێندنەوەی عەقڵ و ڕۆحیش لە هاوکێشەکانی هێز لە ناوچەکەدا مامەڵەیەکە بەهێزەکان هەمیشە لەگەڵ نەخۆش و پەککەوتەکان کردوویانە.

ئەم هەموو نیشانانە سەلمێنەری ئەوەن کۆمەڵگەی ئێمە نەک هەر نەخۆشە و بەس بەقەد ئەوەی کەوتۆتە دۆخی هەناسەی دەستکرد و جوڵەی میکانیکیەوە و ئەم دۆخەش ئەوەندە لەگەڵ دۆخی مردن لەیەکتر دوور نین.

گیان وەبەرهاتنەوەی جەستەی کۆمەڵگەکەمان (تێربوونەوەی ڕۆحی) ئەو لایەنانەیە کە دەسەڵاتی شار و شارۆچکە و دێکانمانیان بەدەستە، سامان و پارە کۆکردنەوەی گەندەڵانە و نایاساییانە هەروەک (سلیگمان)



Scanned with CamScanner

دەڵێ تووشی (برسێتیەکی ڕۆحیی*) قەبەی کردووە، برسی ڕۆح بە هەرچی پارەی دنیا هەیە تێر نابێ، برسی عەقڵیش لە هیچ بازاڕ و دوکانێکی ئەم سەرزەمینە بەشە خۆراکی مێشکی دەست ناکەوێ بۆ ئەوەی وەک ورگیان پڕیکەن.

ئەوە عەقڵە ڕۆح ئاودەدات و ئەوە ڕۆحیشە عەقڵ هەمیشە بە تەڕی دەهێڵێتەوە، ئەم تەڕ و پاراویەی عەقڵ و ڕۆح لە ناسینی ڕاستەقینەی چەمکی ململانێی ڕاستەقینە دێتە دی، ململانێی مرۆڤ لە نێو خۆی، لە نێوان من و خودی خۆی، لە نێوان خۆیی و ژینگەکانی دەوروبەری خۆی، لە نێوان خۆی و ئەوانی تر، ئەم ململانێیە جۆرێک لە جوانی و زیبایی دەبەخشێ نەوەک ڕەنگڕێژکردنی ژیان بە خوێن و فرمێسک.

ناسینی ململانێ زانینی نهێنیە هەرە شاراوەکەی ژیانە بەوەی هەمیشە ژیان لە نێوان دژەکان و ونبوونی بالانس و هاتنەوەیدا جوانی خۆی وەردەگرێ و کە ململانێش نەما ژیان لە هاژوهوژێکی نێو کونە تاریکەکان زیاتر چیتر نیە. ساغکردنەوە و ڕاستکردنەوەی کۆمەڵگەی خۆمان بە دانانان بە حەقیقەتگەلێک نەبێ نایەتە دی، حەقیقەتی ئەوەی ململانێ نەک نابێ هەوڵی نەمانی بدرێ بەقەد ئەوەی تاکەکان دەبێ بە ڕۆحی ململانێ و بالانس گۆش بکرێن، ململانێ شوناسی مرۆڤبوونی ڕاستەقینەمان دەداتێ و ناچارمان دەکا ئەلتەرنەیتیف لەسەر ئەلتەرنەیتیف بۆ دۆخەکانی ژیانمان

---

* چەمکێکی مارتن سلیگمانە لە لاپەڕە نۆزدەی ئەم کتێبەیدا لەبارەی شادمانییەوە قسەی لەسەر دەکا: سليكمان، مارتن(٢٠٠٥).السعادة الحقيقية.....استخدام الحديث في علم النفس الايجابي، مجموعة مترجمين، دار العين للنشر، ط1، ص ١٩، القاهرة.



Scanned with CamScanner

بدۆزینەوە، ململانێ بە تۆخمی هێز ئاشنامان دەکات و سەرچاوە خۆماڵیەکانی هێزمان دەخاتەوە بەردەست و بەمەش چیدی ئایدز جەستە و هەناو و ڕۆح و دەروونمان ناکۆڵێ.

مرۆڤی کورد لەو سەرزەمینەی خۆماندا دەرکەوتی کولتوورێکە کرمێ و گەنیو، هەرگیز ئەم کولتوورە نە خۆی نوێکردۆتەوە و نە بڕواشی بەوە هەبووە ناوە ناوە خۆی لە بێژینگی بەها و نۆرمەکان بدات. لە نێو کولتووری کوردیدا ململانێ تۆخمێکی کرێت بووە و وەک نەخوازراوێک کەوتۆتە بەر هەڵوێستە هەڵچوون ئامێزەکان، ململانێ تۆخمێکی عەقلانیە و ئەگەر بوار بە هەڵچون و سۆز بدرێ بیخوێنێتەوە ئەوا بۆی ناخوێندرێتەوە و سەرەنجام ئەوەی ململانێ بکا تەنێکی شازە لە جەستە و دەبێ لەبەین ببرێ.

ململانێ لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریش بە هەمان شێوە لێیدەڕوانرێ و هەر بۆیەش لێتێنەگەیشتنی بەڵایەکی گەورە بووە و تاوەکو ئێستا نیشانە لەسەر نیشانەی نەخۆشی کۆمەڵایەتیمان لێ وەدیار دەخا.

وەک یەکیی ئەگەر وەک ئەوەی هیگل دەیەوێ ئەوا دروستە چون ئەو لە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح دا دەیووت: (هەمو شتەکان لە بنچینەدا وەک تاک بەدەر دەکەون و ئەو شتەش هەموو شتێکە کە دەمانەوێ)[35]، واتە هەمووەکان یەک شتن و لە تاکە شتەکانیش دەتوانین دنیایەک شتی تر بدۆزینەوە کە هەر یەکەیان لای خۆیەوە خاوەن خەسڵەتی

---

[35] هیغل، فریدریک(٢٠٠٦). فنومینولوجیا الروح، ت: د. ناجي العونلي، المنظمة العربية للترجمه، ط١، ص٢٠٣، بیروت.



Scanned with CamScanner

خۆیەتی و لەوانی تر سەربەخۆیە. کاتێک هەمoomان لە یەک فۆرمدا یەکدەگرین بەو مانایە نیە هەمoomان یەک ڕەنگین و لە لۆژیکی ململانێ و جیاوازی دەردەچین، بەڵکو هەموو ئەو لەیەکتر جودایانە جوانترین ئۆرکستڕای ژیانمان بۆ دەچڕن و هەمoomان بەیەکەوە چیرۆکی ژیان لە سەمای جوداکان دەگێڕینەوە.

نوزەی جەستەی نەخۆشمان بێتاقەتی کردووین، وشکی هەڵێناوین، لەرزەکی کردووین، وڕێنەی سەیر سەیر دەکەین، هەلوەسەی عاجباتی دەمانگرێ و درککمان سەرچیخ دەچێ، تووشی هەڵاوسانی بەدەن و دەروون بووین و خودمان خۆی لێبۆتە سێبەرەکانی سەر دیوار و ناوە ناوە خۆمان لە خۆمان و دەوروبەرمان گیف دەکەینەوە، ئەم دیاردە و دەرکەوتانە تەنها ئاماژەی ئەوەن وەک نەخۆشێکی پەککەوتە لە خۆمان بڕوانین، و بکەوینە دۆخێکی ئیمێرجێنسیەوە و نەهێڵین بە تەواوی بمانخا، بەڵکو هێزی لەسەر پا وەستانمان بۆ بگێڕێتەوە.

# بەشی چوارەم

# عەقڵ لە هاوسەنگیی دەروونیدا



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## نەگۆڕیی ...

## دەردێکی بۆماوەیی!! لە بیرکردنەوە

لە هەر ساتەوەختێکی تازەدا مرۆڤ شتی تازەتر لە هەڵوێستی جوداتر دەبینێ، دەنگی تر دەبیستێ، بۆنی شتی تر دەکا، هەر جارەی کە شتێک بۆ دەمی خۆی دەبا تامێکی تازەتر دەکا، کە دەست و جەستەی بەر شتی دیکە دەکەون بە شێوەی جووداتر بەریان دەکەوێ. کەواتە هەر دەم و ساتێک کەسەکان لە بارێکەوە دەچنە بارێکی دیکە، چوون ئەوەی بەر هەر یەک لەم پێنج هەستەوەرە دەکەوێ ئەگەر بۆ جاری دەهەزارەمیشی بێ وەک هیچ یەک لە جارەکانی دیکە بەری ناکەوێتەوە، رەهەندە کاتیەکانی بەرکەوتن و رەهەندەکانی شوێن و رەهەندە وجودی و جەستەیی و تەندرووستی و سایکۆلۆژی و کیمیۆلۆژی و ......تاد هەموویان لە یەکتر زۆر بە جووداتر و لە بارەکانی پێشوو زۆر جیاتر دەردەکەونەوە، ئەم هەموو جیاوازیانە هەرگیز دیاردەیەک لە هەزاران جاری دەرکەوتنەوەی وەک هیچ یەک لە دەرکەوتنەکانی پێشوو دووبارە ناکەنەوە.

ئەمانەی لەسەرەوە وتمن سەلمێنراوی زانستی و فەلسەفین، زانستین چونکە هەرچی مەرجە پێویستەکانی زانست هەیە لەهەر یەک لە دیمەنەکانی دووبارەبوونەوە زیندووەکان وەک یەکتر نایەنەوە کەواتە دەرکەوتەکانیش رێک وەک یەک نابن، فەلسەفیشن چونکە رەنگدانەوە هزری و چوارچێوە شێوازی و گەوهەریەکان بەرخوردی لە



Scanned with CamScanner

جۆری تر دێننە کایە و بەم جۆرەش دید و تێڕوانینی تر دەخولقێنن.

باشە کەوایە، ئەی مانای مانەوەی تاک لە بارێکی جێگیری نەگۆڕدا چییە؟ ئایا ئەوە خۆیان پێیان وایە ناگۆڕێن؟ یا پەیمانێکە و داویانە بە هەر لایەک بۆ ئەوەی تا هەن لە بارێکدا بمێننەوە؟

بە دڵنیاییەوە پەیمان بێ و تێگەیشتنی تایبەت بێ، لە هەردوو دۆخدا هەڵەیە و لەهەر یەک لەم دوو دۆخەشدا جۆرێک لە گشتاندنی مەعریفیانەی توتالیتێریانەیە هەڵوێستێکی ژیان بەسەر هەموو هەڵوێستەکانی تر دادەدا و ئەمەش لە بنچینەدا کورتهێنانێکی مەعریفیانەشە و لە راستیشدا کێشەکان وان لە بنەما و بونیادە مەعریفیەکاندان.

لە هەر بەرخوردێکی نوێدا بونیادە مەعریفیەکان دەلەرزن و جاریواش هەیە دەهەژێن، ئەم لەرزین و هەژانە مەرج نییە هیچ یەک لەم بونیادانە بڕوخێنێ و لەبەینیان بەرێ، بەڵکو زانیاری تریان دەخاتە سەر و هیتریشان لێوەردەگرێتەوە، ئەم جەدەلیەتە زۆر ئۆرگانیکیانە بەڕێوە دەچێ و بە بڕیاری کەسەکان و وەعد و پەیمانەکانیان لە بارێکی دیاریکراو ناوەستێ.

ئێمە تا لە ژیاندا بین بە ناوێکی دیاریکراو دەناسرێین و بە شکڵ و شێوازی تایبەت بە خۆشمان بۆ یەکتر دەردەکەوین، ئەوەی جێگیرە تەنها ناوەکەمانە مەگەر نا شێوازی ژیانمان و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەمان لەبەرانبەر دەرەوە و ناوەوەی خۆمان هەرگیز لەبارێکی دۆگمیدا نامێننەوە، وێنەی جەستەمان بە کاریگەری زەمەن

و تەمەن زوو زوو دەچنە باری ترەوە و تەنانەت هیچ وێنەیەکمان رێک وەک وێنەکانی پێشوومان دەرناچنەوە.
کردەکانی درووستکردن و وێرانکردن هەرگیز تاسەر دوو کرداری پێچەوانەی یەکتر نین، زۆر جاری وا هەیە درووستکردن تەواو لە خزمەتی وێرانکردندایە و وێرانکردنیش دەچێتە خزمەتی درووستکردنەوە، ئەمە مەتەڵ نیە و مادامەکێ درکاندم ئیدی نموونە هێنانەوە دەکەوێتە ئەستۆی هەر یەکەمان و هەر چۆنێکی بیر بکەیتەوە دەیان نموونەیان دەتوانی بۆ بهێنیتەوە.
بۆ ئەوەی بە راستی لە شتێک تێبگەین پێویستە تێگەیشتنە هەڵەکە بخەینە لاوە و بە زانیاری تازە بونیادە هەڵەکە لە هەرەمی زانینماندا بخەینە دەرەوە و راستەکە شوێنی بگرێتەوە، بۆ ئەوەی هەر شتێک نوێبکەینەوە وا دەخوازێ فۆرمێک ونکەین و یەکێکی دیکە وەدیارخەین، بۆ ئەوەی لە نەخۆشیەکانمان چاکبینەوە پێویستە بە دەرمان سووری زیندەگی ڤایرۆس و بەکتریاکان بشێوێنین و بیانفەوتێنین ئینجا دێینەوە بارێکی تەندرووست و ......تاد.
کەواتە گۆڕینی شێواز لە عەقڵیەتی بیرکەرەوەدا وردە وردە دەیباتە باری دیکە و وای لێدەکا تاسەر لە قالبێکی دیاریکراوی هەم مەعریفی و هەم رەفتاریدا نەمێنێتەوە.
ئەگەر بەم شێوە زانستی و فەلسەفیە لە خۆمان و لە ژیانمان بڕوانین هەمیشە میکانیزمی تازە و نوێ بۆ بەرەوڕووبوونەوەی دەرکەوتە تازەکان دێنینە کایە و زیاتر کەسی ئاسوودە و کەمتر گۆشەگیر دەبین، کەسەکان قەتاو قەت بە هەمان رووبەڕووبونەوە کلاسیکیەکان ناتوانن



Scanned with CamScanner

هەڵوێستە جیاجیاكانی ژیان تێپەڕێنن، ئەوانەی ژیانیان پڕیەتی لە ئاسوودەیی ئەوانەن كە ڕێز لە هەر ساتەوەختێكی زەمەن و تەمەنی خۆیان دەگرن. زەمەنی سایكۆلۆژی هەر یەكێكمان لە كێبڕكێیەكی بەردەوامدایە لەگەڵ زەمەنی گەردوون، ئەمە رای هەموو ئەوانەیە كە زەمەن وەك بابەتێك بۆ بوونزانی(ئەنتۆلۆژی) دەناسن، بە ئەبەدی بوونی زەمەن هەمیشە لە نەگۆڕی و باوەڕە نەگۆڕەكان سەرهەڵدەدا، جووڵەی مرۆڤیش بە هوشیاریەوە هەمیشە لە بارێكی جیاوە دەیخاتە بارێكی تر و بەمەش هەرگیزاو هەرگیز دووچاری بێزاری و بێتاقەتی نابێ.

ئاسوودەیی و بە خۆشی ژیان ئەم لێزانیەی دەوێ مەگەر نا ئەوەی دەشلێ خۆش دەیبەمە سەر راست ناكا ئەگەر هاتوو لای ئەو (پیاو ئەو پیاوەیە هەر لەسەر قسەی خۆی بێ). سامۆئیل فرانكلین لە كتێبی(دەروونزانی ئاسوودەیی)دا ئاماژە بە ڕای دەروونزانە ماریفییەكان دەكات و دەڵێ : "**یەك گۆڕانی سادە لە بیركردنەوە دەتوانێ سەدان گرفتمان بۆ چارەسەر بكا**"[٣٦]، ئەمە ئەگەر سادە بێ ئەی گۆڕانی ریشەیی كە لە ئەنجامی هەلومەرجی تەواو جیاوازدا دێنە پێش؟.

كێشەی كۆمەڵگە نەگۆڕەكان كە هی ئێمەش دەگرێتەوە ئەوەیە تاوەكو ئێستا پێمان وایە (نەگۆڕیی) پرنسیپێكی مەعریفیانە و بژاردەیەكی عەقلانیانەیە بۆ ژیان و تەنانەت خۆشژیانیش، ئەم تێگەیشتنە لە گوتاری كولتووری و

---

[٣٦] فرانكلین، ساموئیل(٢٠١٠-١٣٩١ شمسی). روان شناسی شادكامی، ت: د. جعفر نجفی زند، انتشارات سخن،چاپ اول، لا١٧٥، تهران.

کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەر لەوانەش گووتاری ئاینیمان ڕەگی داکوتاوە، مانەوە لە یەک باردا ململانێیەکی سەخت و دۆڕاوە لەگەڵ ژیان، ئەو کەس و لایەنانەی باوەڕیان لەسەر ئەم جۆرە تێگەیشتنە پێکهێناوە لە بەردیش نازیندووترن، بێرتراند رسل دەڵێ : "من رسلەکەی سەعاتێک بەر لە ئێستا نیم"، ئەم روانینە فەلسەفیە زۆر ماتماتیکیانەیە و پاشان زۆر مەعقولیشە، ئەی ئەوە نیە لە هەر ساتەوەختێکدا خانەکانی مێشکمان دەمرن و هیتر جێیان ناگرنەوە؟ ئەی ئەوە نیە لە هەر ساتێکدا بینینمان دەکەوێتە سەر شتی تر و لە بار و دۆخی جووداتر دەبینین؟ ئەی ئەوە نیە هەر دەمە گوێمان بە دەنگی تر دەزرنگێتەوە و هەستەوەرەکانی تریشمان شتی تریان بەر دەکەوێ؟، کەواتە دوای هەر بارێک لەم بارانە بینین و پەیبردن و تێگەیشتنمان بۆ شتەکان دەگۆڕێ و لە راستیشدا ئەوەیە حەتمیەتی گۆڕان بە مانا زانستی و فەلسەفیەکەی.

خۆ ئەگەر خۆمان لە باری هەستیاری و بەرخوردی راستەوخۆ لەگەڵ شمەکانی دەوروبەریش دامالین ئەوا دەچینە دۆخی میدیتێیشن(ڕامان- تأمل) و لەم دۆخەشدا هیچ دوو کەسێک لە دنیادا نابینیتەوە وەک یەک بچنە قووڵایی ڕامانەکانیانەوە، هەر یەکەیان زەخیرەیەکی زانیاری تەواو جیای لەوانی تر لایە و کاتێکیش دەچێتە ئەو دیو شتەکانەوە وێنەی زۆر جووداتر لەهەر یەک لە خەلقەندەکانی تر دەکێشێ و کەس نازانێ ئەوەی لەو دۆخی بەرزبوونەوەدایە لەو ساتەوەختانەدا چۆن چۆنی رەسمی بیرکردنەوەکانی دەکا و دایاندەتاشێ.

وەک خۆمانەوەی تاکە جیاجیاکانی ئێمە(مەبەستم لە جیا پایە و ڕۆڵەکانیانە) یەک فۆڕم و گەوهەری بیرکردنەوە و ڕامانی داونەتێ و هەر ئەمەشە لە بنچینەدا ناهێڵێ ئەم کۆمەڵگەیە لە دوێنێی جوودا بێ و ناوە ناوە لە بارێکەوە بچێتە بارێکی تر. تاکی ئێمە دەبیستێ بەڵام بڕیاری داوە گوێ نەگرێ، دەبینێ بەڵام بڕیاری داوە کوێر بێ، ئەم عینادیە نەزانیانە هەمان ئەو سەرنجەیە کە تۆمادۆ کۆنانک لە کتێبی"جەهلی تازە و گرفتی کولتوور" دەچێتە سەری و دەڵێ: **کەس لەوە کەڕتر نیە کە نایەوێ ببیستێ و کەسیش لەوە کوێرتر نیە کە نایەوێ ببینێ، لە کاتێکدا هەم گوێیان ساغە و هەم چاو**[٣٧].

کێشەی ئێمە لەو نەگۆڕیە لە باش بەخێونەکردنی هەستەکان و دواتر شعوورمانە، کە ئەم دوانەشمان پەروەردە نەکرد تا ماوین نازانین پەی بە شتەکان بەرین، لەو حاڵەتەشدا هەمیشە بە مانەوەمان لەسەر یەک شێوە زانین قەناعەت دەکەین.

ئەم نەبینین و نەبیستنە بە هیچ زانینی ئێستا و ئایندەیە و تین و تاقەت وەرگرتنە لە فۆڕمە کۆنەکانی بیرکردنەوە، ئەوەی نایەوێ ببینێ هێزی کوێرایی داهاتووە و لە تەوەزەلییەکی عەقڵی دایە و لە ڕاستیشدا بە پێوەرە زانستیەکان(گێلە) و گێلیش قەت ئاستە مەعریفیەکەی ناگاتە ئاستی قوتابیەکی چوارەمی سەرەتایی(لەگەڵ ڕێزم بۆ

[٣٧] کونانک، تومادو(٢٠٠٤). الجهل الجديد ومشكلة الثقافة، ت:منصور القاضي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ط١، ص١٨١-١٨٢، بيروت.



Scanned with CamScanner

قوتابیـــــانی ســــەرەتایی)، ئەم بیركـــولیە دەســــەڵاتی مەعریفەیەكەی بزۆز دەتوانێ چارەسەری بكا نەک دۆگما.

نەبیسـتنیش بڕیـارێكە چـون لە بنەمـادا پەیوەسـتە بە نەزانینی گوێگرتن(الاصغاء) دەمانباتە سەر ئەو تێگەیشتنەی كە هـونەری گـوێگرتن كە ئەریـک فـرۆم و پـاولۆ فرێـری زۆرتر لەسەری وەستاون راستەوخۆ وریایی ئەو كەسەمان بۆ دەردەخا كە دەیەوێ لەوەی تر بگات و بزانێ چی دەڵێ و نیازەكـانی لە گوتنـدا چـین، هەر بـۆیە ئێمە لەو هـونەرە وەک هەمـــوو هونەرەكـانی تـــر هەژاریـــن و تـــا دان بەو نەزانیەمان نەهێنین ناچینە پێش.

ئەوانەی كەڕن و كوێرایییـــان داهـــاتووە خـــانە شێرپەنجەییەكانی جەستەی كۆمەڵگەن، بە گۆڕینی ستایل و دواتر تایپی عەقڵیان نەبێ هیچ ئومێدێک نیە بۆ شیفای حاڵی كۆمەڵگە، ئەمەش بەخۆداچوونەوەیەكی مێژوویی پێدەوێ.



Scanned with CamScanner

## سیاسەتی هەڵچوو... کۆمەڵگەی هەڵچوو!!

خەڵک لە هەرێمی کوردستان لە بارێکی دەروونی زۆر شڵەژاو و ناهاوسەنگ دەیبەنە سەر، لەوانەیە ئەم دۆخە سەختترینی ئەو هەلومەرجانە بێ کە بە درێژایی ٢٧ ساڵی دوای ڕاپەڕین تێیکەوتبێ. پێشبینی ئێمە بۆ خۆمان وەک گەل و بۆ ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان وەک هەڵسووڕێنەرانی باری ئیداری و سیاسی هەرێم زۆر لە توانای خۆمان وەک نەتەوەیەکی ناچالاک و لە توانای ئەوانیش وەک حزب و ڕێکخراوی ناڕێکوپێک زیاتر بوو. ئەگەر تۆ پێشبینی سوپەرمانانە بۆ منداڵەکەت بکەی و پێشتوابێ لە هیچ دانامێنێ و فلان کەس و فیسار کەسیش لە هەموو شتێک سەری دەردەچێ و عاسێ نابێ، ئەوا هەر کە لە کۆسپێک گیر بوو دووچاری تەریقبوونەوە دەبێ و تۆش دەکەویە بارێکی پڕ لە نائومێدییەوە.

تاکی ئێمە بارێکی گەورەیان خستبووە سەر شانی سیاسییەکان و پێیانوابوو حزب و ڕێکخراوەکان بوونەوەری تنین ئاسای ئەوتۆن هەرچی لە ناحەزانمان هەن دەیانسووتێنن و بۆ خۆشمان ئەو شار و دەوڵەتە ئایدیالانە دەسازێنن کە لەوەتەی هەین بە ئومێدیانەوە دەژین. سیاسەتوان و پارتەکانیشمان هەر کەسە گومانـاوی و ترساوەکەی نێو هەناوی کۆمەڵگەکەی خۆمان بوون، ئەوان کۆکەرەوەی هێز بوون نەک بەخشندەی هێز و تواناکانی خۆیان، هەر بۆیە وەک پێشبینیان لێدەکرا دەرنەچوون، نەیانتوانی لە دوا فۆرمی ڕێکخراوەییدا کە حزبە و حزبیش



Scanned with CamScanner

فورموولبەنـــدیەکی مـــۆدێرنە خۆیـــان و کـــۆمەڵگە بە پەروەردەیەکی سیاسی نوێ کە بۆ فۆڕمی نەتەوە بسازێ پەروەردە بکەن.

ئەوان وەک هەر کەسێکی ترساو هێزیـان بـۆ ئەوە کۆکردەوە تـا تەنهـا خۆیـانی پـێ بپارێزن نەک نەتەوە و کۆمەڵگە. پەڕینەوە لەبەری هـۆز و عەشیرەتەوە بۆ بەری نەتەوە، لەبەری تـاکە کەسـەوە بۆ بەری گروپ و کۆمەڵگە عەقڵێکی بەرهەمهێنی هێزی دەوێ کە توانای دابەشکردنی ئەو هێزەی بەسـەر تەواوی جەستەی نەتەوەدا هەبێ. هەر بـۆیەش ئێســتا ئـێمە کەسـی بە هێزمـان زۆرن بەڵام کـــۆمەڵگەیەکی لاوازمـــان هەیە، ئەمەش بەڵـــگەی ئەوەیە کەسـەکان توانایـان لەبەر نەتەوە بڕیـوە و تـا ئەو ئاسـتە دۆشیویانە جەستەیەکی سست و لەڕیان بۆ هێشتۆتەوە.

کێشە ڕیشەییەکانی ئێمە ئەوەندەی دەروونین ئەوەندە سیاسی نین، نەتەوەیەک بەر لەوەی باری سیاسی لەنگ بێ، باری دەروونـی تـرازاوە و کەوتـۆتە دۆخێکی گومانـاوی و پـارانۆیی هەم لە خـۆیی و هەم لەوانەی دەوروبەری، ئـێمە زۆر دەمێکە لە دۆخێکی گوماناویدا دەیبەینە سەر و هەرگیز نەمـــانتوانیوە ئەم گومانانەمـــان بە عەقلانـــی کەیـــن و ڕێکیـانخەین تـاوەکو بەردەوام لە گومـانەوە بەرەو یەقـین و ڕاستیەکان هەنگـاو بنێین، گومـان هـیچ کاتێک خـاوەنەکەی ناباتە سـەر هاوسـەنگیەک لێیەوە ڕایەڵەیەکی متمـانە وەک پێویستیەکی حەتمی بۆ بەیەکەوە گوزەران هەڵخەین ئەگەر پرۆگرامیزەیـــان نەکەیـــن و نەیـــانخەینە چوارچێـــوەیەکی بەرنـــامەڕێژکراوەوە، کـــۆمەڵگەیەک ئەگەر متمـــانەی



Scanned with CamScanner

کۆمەڵایەتی تیا نەبێ هیچ نیە جگە لە جەستەیەکی گەنیو کە توانای جولەی بەملاو بەولا لەدەستداوە.

گومانی سرووشتی کە تەمەنێکی بەر لە مێژووی لە مرۆڤایەتیدا هەیە، وازی لە ئێمە نەهێناوە و تا هەنووکەش ئەوەندەی لە خۆمان بە گومانین و لە خۆمان دەترسین نیو ئەوەندە لە نەیار و ناحەزانمان ترس و گومانمان نیە. گومان لەوەی ئایا ئێمە تا سەر لەم سەرزەمینە دەمێنینەوە؟، تاسەر وەک هەین دەبیەینە سەر؟ تاسەر ......تاد؟، ئەم گومان و ترسانە نەیانهێشتووە عەقڵ لە بارێکی ئارامدا بیربکاتەوە و ئیش بۆ شێوە ژیانێکی دیکە بکا کە چیدی لە گوماندا نەبین و نەترسین.

مانەوە لەم نائارامیە دەروونیە تاکی ئێمەی خستۆتە بارێکی سایکۆلۆژی هەڵچوونئامێزەوە بواری ئەوەی نەداوە کەف و کوڵی بۆ ساتێک دامرکێتەوە، کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستاش لە دۆخی هەڵچونێکی درێژخایەن دەیباتە سەر، لە هەڵچووندا تاک و ئۆرگان و دامەزراوەکانی بڕیار دەدەن، بڕیار لە دۆخی هەڵچوون و سۆزاوی هەر بۆ دەمێک دەیحەسێنێتەوە و نایباتە بارێکی سەنگین و هاوسەنگ تاسەر متمانەی بە بڕیارەکانی بێت.

کۆمەڵگەی هەڵچوو کەس و پارت و و ئۆرگانی هەڵچوو دێنێتە ئارا، لە ڕاکردن هەڵچوو، لە هێرش هەڵچوو، لە خۆشیی هەڵچوو، لە ناخۆشیی هەڵچوو، ئەم هەڵچوونانە هیچیان ئەرێنی نین، لە ئاگایی کەسەکانەوە ناجولێن، زیرەکی هەڵچوون و هاوسەنگیەکەیمان نیە، لەوەتەی هەین لە دۆخی جیاجیای هەڵچوون دەیبەینە سەر، ئەم دۆخە لە



Scanned with CamScanner

رووی دەروونییەوە ئاسایی نییە، ئەو کۆمەڵگەیەی هەمیشە هەڵچوو بێ، نەپەڕیوەتەوە بەری عەقڵ و هەر لەبەری سۆز و ویژدان ترازاوی ماوەتەوە.

بونیادی سایکۆلۆژی کۆمەڵگەکەمان زۆر لەوە شێواوترە بە تەنها بڕیاری سیاسی و حزبی سیاسی چارەسەر بکرێ، سیاسیەکان رۆشنبیری سایکۆلۆژیان نییە و پەی بە کێشە و گرفتە دەروونییەکانی نەتەوە نابەن، حزبی کوردی دەرمانی کێشەکانی کۆمەڵگەی لا نییە و ئەم خۆ بە هەموو شتزانیە لەخۆگۆڕانێکی پاڕانۆییە و جۆرێکە لەو هەوا چوونە کەوڵەی کە توانای دروستکردنی رووداوێکیان نییە و بە شۆکێک یەکسەر لە هەوا بەتاڵ دەبنەوە.

بەرهەمهێنانی هێز بەم شێوە هەڵچووناویە نابێ، هێز سەرچاوەکەی ناوەکیە و ئەمە بەڵگەنەویستێکی تەواو زانستیە نەک سیاسی، لە ناوەوە ئەندامەکانی جەستەی کۆمەڵگەی کوردی هیچیان لەگەڵ ئاوازی یەکتر نین و لە دەرەوەی هارمۆنیەتی جەستەیەکی ئاساییین، گومان جەستەی کوردی خواردووە و لەوەتەی هەین هەر ئەو گومان و ترسان لەیەکترەیە نەیکردووینەتە هیچ.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە جولانەوەی سیاسی کورد خۆی لە فۆرمی حزبدا بەرجەستە کردووە بەو ئومێدەی ئیدی لەمەولا دەبێ کۆمەڵگەیەکی رێکخراو و سەربەخۆ بێنینە ئارا، بەڵام تادێ ئامانجی ئەم بوونەوەرە ناسیاسیەی ناوی حزبە زیاتر لە ملپێکەچکردنی تاک بەرجەستە دەبێ. ئۆرگانی سیاسی ئێمە دەبێ چەندە

سەربەرز و شاناز بێ لەو کاتانەی کەسانێک هەمیشە ملی خۆیانیان بۆ کەچ دەکەن؟، ئەمە جگە لە شکستی ڕێکخراوی سیاسی کوردی چیدی نیە کە پێیوابێ ئاستی خۆشەویستی ئەو لە نێو جەماوەردا بە ئاستی ملکەچی ئەوانە بۆی.

تابلۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەم هەرێمەی ئێمە هیچ وێنەیەکی ڕوونی شکڵێکی ڕوونمان ناداتە دەست، وێنەکان زۆر شێواو دەکەونە بەرچاو، گومانی خەڵک تادێ لەیەکتر زیاتر دەبێ و کەس باوەڕ و متمانەی بە یەکتر نەماوە و وا خەریکە هێواش هێواش بۆ کۆمەڵگە ترادیسیۆنیە دابونەریتیەکە دەگەڕێینەوە تاوەکو ترسی خۆمانی پێ لەیەکتر بڕەوێنینەوە و ئەوەندە لەیەکتر نەترسین. حزبەکان یەکتر لەبەری دژ دەخوێننەوە و هەر یەکە پێیوایە بەردەوام پیلانیان لە دژ دەگەڕێ، هیچیان پێشنیاز و دەستپێشخەری یەکتریان قبوڵ نیە و بە ترس و گومانەوە تەنانەت میوانداری یەکتریش دەکەن.

ئەم دۆخە دۆڕانێکی متمانەی کۆمەڵایەتیە کە (جۆلیان رۆتەر) باسی دەکا و ئەگەر هوشیارنەبینەوە لەوانەیە هەرەسمان پێبێنێ، لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی شیرازەی کۆمەڵگە لە نەمانی متمانەی کۆمەڵایەتی و ئینجا سیاسیەوە دێتە ئارا.

من کەسێکی ڕەشبین و نا ئومێد نیم و هەمیشە پێموابووە بالانسە ترازاوەکان هەروا بە ترازاوی نامێننەوە، بەڵام ئەوەی هیوای لاواز کردووم ئەوەیە ئەم ترازانە بە عەقڵی خۆمان نایێتەوە هاوسەنگی خۆی بەڵکو بە



Scanned with CamScanner

سەرلەنوێ نەخشاندنەوەی هاوکێشەکان کە تا ئێستا ئێمە تیایاندا ژمارەی خوێندراوەی ئەکتیڤ نین.

ئێمە پێویستە لەوە هوشیاربینەوە کە ئەوەی تا ئێستا ناوی کۆمەڵگەی سیاسی و خاوەن هەڵوێستمان لێناوە هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە هوشیاری خۆیەوە هەنگاو بنێ، ڕێکخراو حزبی سیاسی ئیشی ئەوەیە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بەرهەم بێنێ نەک ڕەشبینی و نائومێدی، ئەو دۆخەی ئێستامان کەمترین رووبەری ئاسوودەیی تیا دەبینرێ، زیاترینی نائومێدی گرتوویەتیەوە، گۆڕینی میکانیزمەکان ئەوەندە پێویست نین بەقەدەر ئەوەی گۆڕینی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان گرنگن، شێوازی ژیانی کۆمەڵگەکەمان خوارترین ستایلی ژیانە لە دنیادا، گۆڕینی ئەم ستایلە پێویستی بە گۆڕینی بیرکردنەوە و چوارچێوە مەعریفیەکانی کاری سیاسی و کولتووری و دینی و کۆمەڵایەتیە، ئەمە لەوانەیە بۆ سیاسیەکان زەحمەت بێ، بەڵام ئەستەم نیە، چوون ئەوان لە کۆتاییدا نوێنەری تەنها خۆیان نین بەقەد ئەوەی لەو هەڵوێستەی تیایدا دەژین بوونێکی هەمەکی ئەوتۆن نابێ کەسیانە بیربکەنەوە.



Scanned with CamScanner

## بێعەقڵی چارەسەرێك بۆ حەسانەوە!

"مرۆڤ بوونێکی عاقڵە" ئەمە بەڵگەنەویستێکی سایکۆلۆژی و فیزیکی و بیۆلۆژیکی و تەنانەت کیمیکی و سۆسیۆلۆژیە، عەقڵی ئەو بوونە بە هەلومەرجە کولتووری و سرووشتیەکانەوە بەستراوەتەوە، هەر کاتێ توانی بە جۆری مامەڵەی خۆی لەگەڵ سرووشت و شمەکەکانیدا کوولتوورێکی ئەوتۆ بێنێتە کایە بواری تەوەزەلی و تەمبەڵی نەداتێ و هەمیشە بیخاتە جووڵەوە ئەوا عاقڵانە دەبزوێ، ئەگەریش لێیپاڵدایەوە و وەک کەروێشکەکەی بووزا کە لە ژێر داری مەنگە خەوتبوو ئەوا لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی مەنگەیەک رادەپەڕێ و وا دەزانێ دنیا کۆتایی پێهات و کاول بوو دواتر هەموو ئاژەڵەکانی دارستان بە دوایدا رادەکەن و وایان حاڵی دەکا کە ئیتر قیامەتە.

ئەوە عەقڵ و بیرکردنەوەی عاقڵانەیە کولتوور پێکەوەدەنێ و دواتر هەر کولتووریشە دەبێتە ئەو مەلزوومەی هەردەم بۆ عەقڵێک لازمە، ساتەوەختەکانی تیایدا مرۆڤ دەیەوێ دابهێنێ دەکەوێتە دۆخی نائاسایی و ئامادەباشی و تەنگەتاویەوە و تاوەکو شتێک بە شتێک نەکا ئەو شڵەژان و نائارامیەی هاوسەنگ نابێتەوە، مرۆڤ هەمیشە بە درێژایی ژیانی پێویستی بە مانەوە نیە لەسەر یەک بار و دۆخی ئارام، ئارامیەکان بە بێئارامی دەپێورێن و خۆش و بەتامەکان بە ناخۆش و بێتامەکان، مرۆڤ بە

شتەکانی دەرەوەی خۆی ناپێوریێ و هەمیشە ئەوە مرۆڤە دەبێ بە پێوەری شتەکان.

عەقڵ تـوخمێکی ئەبستراکتی ئـاڵۆزە و هەر بـۆیەش ئەوەی بە راست هەیەتی ئەوەندە ساکار نیە هەر بە بینینی بیخـوێنیتەوە، کەسـی عاقـڵ بەشـێک لە (ئـاڵۆزی و لێڵیـی) کەسایەتیەکەی پێکدەهێنێت و هەروا بە سانایی بۆ خەڵک دەرناکەوێ و خۆی نمایش ناکا، هەر بۆیە پێوانەکانی کات و نرخ و بەهاکان یەکەمجار لە عەقڵی ئەوەوە دەردەکەون.

مرۆڤ بـوونەوەرێکی زۆر ماندووە لە ژیانـدا و ئەگەر بەردەوام لەسەر ریتمێک لە جووڵە و بیرکردنەوە بێت ئەوا بەرگەی مـانەوەی زۆر ناگرێـت، بـۆیە پێویستی بەوە هەیە هەم لە رووی عەقڵــیەوە و هەم لە رووی جەســـتەیی و رۆحیەوە ناوە ناوە بحەسێتەوە.

هەموو ساتەوەختەکانی ژیان بە عەقڵ بەڕێوە ناچن و کـاتی وا هەیە عەقڵ گەورەتـرین زیانمـان پێدەگەیەنێ، ئەو سـاتانەی دەبـێ تیایانـدا تـا دوورییەکـی بـاش لە عەقـڵ بوەستین زۆرن، لە هەموو ئەو دەم و کاتانەدا دەگەڕێینەوە ســەر بنچیـنە ئـاژەڵی و ناعــاقڵەکە و لە راستیشــدا ئەم ساتەوەختانە حەسانەوەیەکی رۆحانیانەمان پێدەبەخشن.

رێکخستن و جوانکردن و پاکڕاگرتنی ئاودەستەکانمان بـۆ ئەوە نـین تیایانـدا بیـربکەینەوە بەقەد ئەوەی بـۆ ئەوەن ئەو ســـاتەوەختانە لە ئـــارامترین بـــاری دەروونیـــدا هاوسـەنگیەکی بیۆلـۆژیکی بۆ جەستەمان بگێڕینەوە و ئەو چەند چرکە و خولەکە چێژیکی رەسەنی زیندەگیانە ببەین، خـۆ ئەگەر هەلومەرجەکـانی ئەو کـردە بیۆلـۆژیە نـاجۆر و



Scanned with CamScanner

قێزەون بن پرۆسێسی هەرە سرووشتی خۆڕزگارکردن لە پاشەڕۆ ئازارمان دەدا نەک چێژبردن.

خۆشـــتنیش کردەیەکـــی سرووشـــتیە و هەمیشـــە هەستەکانمان لە پیسبوونی جەستەمان وریامان دەکەنەوە، بەڵام ساتەوەختەکانی خۆشتن چەندە ئازاد بین لە عەقل ئەوەندە جەستەمان حەساوەتر و رۆحمان شادمانتر دەبێت، ئەوەی عەقـڵ لەو ســاتەوەختانە بۆمــان دەکــا تەنهــا رەخساندنی سرووت و چوونە خزمەتی جەستەیە.

عەقلانـیەت لە سـاتەوەختەکانی هەڵپەڕکـێ و سـەما و سەیران و دەربڕینە سۆزاویەکان هەر ئەوەندەیان پێدەکرێ زەمینەیەکی ئەوتۆمـان بـۆ برەخسـێنن تـاوەکو خۆشـترین سـاتەوەختەکان بەسـەر بەریـن و قـوولتر بچینـە دۆخـی ئەودیوهەستەکانمانەوە و رۆحمـان حەسـاوەترکەین، ئەوەی عەقـل لێـرە دەیکـا رەخسـاندنی هەلـومەرجە فیزیکیەکـانی رابـواردنە نەک چـوونە نێـو بـاری شـڵەژانی هـزری و لەو کاتـانەدا بە هیغل و شـیلەر و فرۆیـد و مـارکس و کانـت و ......تاد سەرقاڵ و مشەوەش بین.

لە خۆشەویستیدا عەقڵ هەر ئەوەندە پێویستە ئاگای لە کێرڤەکانی سۆز بێت و لە تێپەڕین لە سنوورەکانی هەست و مەشـاعیرە ئینسـانیەکان ئاودیومــان نەکەن، نەهێڵـێ لە نێویـــدا نـــوقم بـــین و نە خۆمـــان لە مەحبـــووب و نە مەحبـــووبیش لە خۆمانـــدا بناســـینەوە. ســـاتەوەختەکانی هەرجـــۆرە خۆشەویســـتیەک گواســـتنەوەی رۆحە بـــۆ مەملەکەتێکی تر کە تیایدا لە بارێکی خاوبوونەوەی تەواوی



Scanned with CamScanner

بیرو هۆشدا دەیبەینە سەر و بە جۆرێکی زۆر جیاواز بیردەکەینەوە.

خۆشەویستی زمانی خۆی هەیە و ئەو زمانە ئەوەندەی سۆزە رۆحانیە ئینسانیەکان دەگوازێتەوە زۆر کەمتر بەلای فەلسەفەو زانست و بیرکردنەوەی ورددا دەچێ، عەقڵ لێرەدا تەنها ئەرکی چاودێری هەیە و ناهێڵێ ئەم دۆخە تەواو مرۆڤیە وەرگەڕێتە بارێکی سایکۆسس و نائینسانیەوە.

لە خەوتندا پێویست بەوە ناکا عەقلانیانە راکشێین و ئەودیو و ئەمدیو بکەین، خەو پێویستیەکی زیندەگی و بیۆلۆژیکیە و ئەوەی زیندووە لەم گەردوون و سەرزەمینە بەشی خۆی دەخەوێ، عەقڵ و زانست تەنها ئەوەندەمان پێدەڵێن کە ئەم جۆرە لە راکشان و خەوتن لەو جۆرەیان راحەتبەخشترە و کەشێکی رەخساوترمان بۆ حەسانەوە دەداتێ، مەگەر نا زانستیانە و عەقلانیانە خەوتن جگە لە شێتی و سەر لە خۆتێکدان شتێکی تر نیە.

هەموو ئەو ساتەوەختانەی بۆ حەسانەوەمان پێویستن و تیایاندا هاوسەنگیە دەروونی و سایکۆلۆژی و بیۆلۆژیکیەکانمان دەگێڕینەوە دەبێ قورسایی عەقڵیان لەسەر سووکتر کەین بۆ ئەوەی لە ساتەوەختەکانی بێ عەقڵیشمان چێژ وەرگرین، بێعەقڵ بوون هەندێ جار جۆرێکە لە چارەسەر، وازهێنان لە بیرکردنەوە لای فرانکڵ و ئارۆن بیک و سایکۆلۆژیستە مەعریفیەکان میکانیزمێکە بۆ خاوبوونەوە( Relaxation ) و تیایدا مێشک

دەحەسێتەوە و بەشێک لەو هاوسەنگیەی بۆ دەگەڕێتەوە کە ونیکردووە.

ئەو قسانەی لێرە کردوومن بۆ کەسانی ئاسایی و کۆمەڵگەی ئاسایی گونجاوترن، کۆمەڵگەی ئێمە هەروەک لە زۆر بابەتی تر قسەم لەسەر هەبووە تا ئێستا نەیتوانیوە سنوورەکانی نێوان عەقڵ و سۆز لەیەکتر جوودا بکاتەوە یا راستر وایە بڵێین بیانناسێنێ، تاکی ئێمە بوونەوەرێکە زۆرترین چارەسەرەکانی بۆ دیاردە و دەرکەوتەکانی لە ژیان لە سۆزەوە سەرچاوە دەگرن و عەقڵ تەنانەت لە ساتەوەختەکانی بیرکردنەوەشدا تەسلیمی سۆز و هەڵچوونەکان دەبێ و هەر بۆیە لە کەش و هەلومەرجە عەقلیەکاندا هەڵدەپەڕین و لە هەڵپەڕین و خۆشیەکانیشدا وەک خۆمان بیردەکەینەوە.



Scanned with CamScanner

## ئێمە ڕزگارین لە عەقڵ ... کەواتە ئازادین

هیچ شتێک بەقەد عەقڵ قورسایی ناخاتە سەر مرۆڤ، زۆر کەمن ئەوانەی بەرگەی ئەم بارە قورسە دەگرن و تاسەر لە کۆڵی خۆیانی دەنێن. جەهل دیارترین باجەکانی عەقڵ و قورساییەکانیەتی، ئەوەی جەهل وەک ئەلتەرنەیتیف هەڵدەبژێرێ راکردوویەکی خۆ رزگارکەری ژێر ئەو بارە قورسەیە و چیدی نایەوێ هەمیشە و بەردەوام بەدوای وەڵامەکانی ئەم ماشێنە هەمیشە خولاوەیە بێت کە عەقڵە.

ژیان لەسەر زەوی و لەم جیهانەدا دوو جۆرە: یا ئەوەتا بە عەقڵ سەر لەدوا راستییەکان دەنێین و تا ئارامیەکی دەروونی و رۆحیمان نەدەنێ وازیان لێناهێنین، یا ئەوەتا خۆمانی لێ رزگار دەکەین و بێتاقەتی خۆمانی لە بەرانبەردا دەردەبڕین.

ئەوەی یەکەمیان شوناس و بوونێکمان دەداتێ ئەو بوونە خەسڵەتەکانی خەللاقیەت و داهێنانی تیایە و بە هۆیەوە دەبین بەو خودەی لە خۆیەوە بەرەو شتەکان دەچێ و هەردەم بابەت لە دوا بابەت بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوەی دووەمیشیان دەبێتە ئەو مەخلوقەی کە بابەتی خۆی نیە و بووەتە بابەتی ئەوانی تری کارا و هەردەمیش لە دەرەوەی خۆیەوە بەرەو ناوەوەی دەروونی خۆی دێتەوە.

ئەوەی یەکەمیان لە شتەکان ئازاد بووە و بووەتە مەرجی ناونانی ئەوان و لەوەوە ئازادی و مانا دەبەخشێتە دەرەوە و ئەوەی دووەمیان لەنێو شتەکان دەژێیت و لەگەڵیان بووەتە یەک و هەرگیز ناتوانێ لێیان جودا بێتەوە.

لکان بە خۆوە جیاوازە لە لکان بە شتەکانەوە، ئەوەی بە شتەکانەوە بلکێت لە دۆخێکی ئاژەڵی تێینەپەڕاندووە و "ماکس شیلەر" وتەنی: مرۆڤی نامۆ گیانی هارمۆنییەت و هاوئاوازیی لەژیانی خۆی لەدەستداوە"[٣٨]، ژیان لە دەرەوەی خود ژیانێکی نا مرۆڤانەیە و لە راستیشدا لەبەر ئەوەی ئاژەڵەکان هەمیشە لە بارێکی نائاسایی ئاگاییدان هەروەک "تۆمادۆ کۆناک" دەڵێ کەواتە هەمیشە لە غوربەتێکی ئەزەلیدا دەبیەنە سەر *.

ئاگایی بەردەوام بۆ خودێکی لە غوربەتدای وەک ئێمە هەستکردنێکی هەمیشەییە بە بوونی مەترسی گەورە لەسەر وجودی ئەو بوونەوەرە، هەر بۆیە بەردەوام ئاگایی لە ژیانی ئاژەڵەکاندا یەکسانە بە بەردەوام مانەوە لە ترس، ئەمەش رێک ئەو ئازادییەیە کە لە جیهانی ئاژەڵاندا هەیە و گەر مرۆڤیش لە عەقڵ رزگاری بێت و لێی رابکات ئەوا لەو ئەلتەرنەیتیڤە زیاتر نیە هەڵیبژێرێت و کە هەڵیشیبژارد ئیدی دەکەوێتە ئاگاییەکی بەردەوام و تەنها و تەنها بە خۆیەوە سەرقاڵ دەبێت و ماناکانی بەیەکەوەیی و کۆمەڵایەتیبوون وردە وردە دەدۆڕێنێ. لەم حاڵەتی عیشقە لەگەڵ خۆدا خۆشەویستی هیچ مانایەکی نامێنێ و ئەوەی گرنگە تەنها ئەم دنیایەیە کە لە ژێر کۆنترۆڵی هەستەکانی ئەوە.

---

[٣٨] حماد، د.حسن محمد حسن(١٩٩٥).الاغتراب عند أريك فروم، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ط١، ص٤٨.

* ئەم رایەی تۆمادۆ کۆناک دەرەنجامی توێژینەوەیەکی خۆیەتی بە ناوی "جەهلی تازە و گرفتی کولتوور" کە لەشوێنێکی تری ئەم کتێبە وەک سەرچاوە ئاماژەی بۆ کراوە، دوای خوێندنەوەی کتێبەکە ئەم رایەم بۆ درووست بوو.(نووسەر).



Scanned with CamScanner

ئێمەی ئەم سەرزەمینە بە پێچەوانەی تاکی وڵاتانی نێو سیستەم زۆر ئازادین!! و کەمن ئەو کۆمەڵگانەی تاکەکانیان وەک تاکی ئێمە ئازاد بێت!!، تاکی ئێمە زۆر سووکەڵەیە و زۆرترین جووڵەی هەیە و خێراترین بەرخوردیشی هەیە لە بەرانبەر هەر مەترسیەک رووبەرووی بێتەوە، خۆی بە چارەسەرە عەقلانیەکان مشەوەش ناکا و تاقەتی ئەوەی نیە وێنە و زانیاریەکانی دەوروبەر بباتە نێو سکیما(نەخشە مەعریفیەکان)* و لەگەڵ خۆی بلوێ و خۆی لەگەڵ ئەوان بگونجێنێ، ئەم کردە مەعریفیە سەرئێشەیەکی ئازاراویە و ئەو تا چێژ هەبێ ئامادە نیە بەلای ئازاردا بۆ چەند ساتەوەختێکیش بچێت.

چێژ لە راکردن لە عەقڵ هەستێکی وجوودیی تاکی ئێمەی کوردە بە ئازادی، ئەو ئازادیەی ئێمە هەمانە لە جۆرێکی تایبەتە و کەم لە دنیای دیکەدا دەیبینین، کە یادەوەری نەتەوەییمان لاواز بێت و کەمترین سوودمان لە مەینەتیەکانی مێژووی خۆمان وەرگرتبێت لە یادگە لاوازی زیاتر چیدی دەگەیەنێ ؟.

کە زۆرترین سەیران بکەین و وەک زۆر لە زیندەوەرەکانی تر لە ساڵێکدا مانگێکمان هەبێ بۆ گەرمداهاتن و شوور و حەماسەت گرتن و تەواو خۆمان لە بیر بچێتەوە کوا عەقڵ و کوا کردەی بیرکردنەوە؟.

---

* سکیما: چەمکێکی بونیادیی مەعریفییە لای ژان پیاژێ مانای نەخشەی مەعریفیی دەگەیەنێ و سەرەتای پرۆسێسە ئەبستیمییەکان لەوێدا زانیارییە تازە گەیشتووەکان بە مێشک پرۆگرامیزە و پۆلێن دەکرێن.



Scanned with CamScanner

کە (متـوو) ببـین و وەک ئەوەی دەرەوەمـان دەیەوێ بجـوولێین، کـوا بـوون لە خـۆدا و بـوون لە جیهـانی عەقلانیەت؟.

مـرۆڤ کە لە بیرکـردنەوە رزگـاری دەبـێ لە تەواوی بەرپرسیێتیە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و فەرهەنگی و سیاسی و .....یەکان ئازاد دەبێ و کەسێکیش هەستی بەرپرسیێتی نەمێنێت سووکەڵەیەکی بێ مانایە و لە هەر هەلومەرجێکدا ناوێکی تازە لە خـۆی دەنـێ، یـا شوناسـێکی نـوێی بـۆ دەدۆزنەوە.

ئـازادبوون لە عەقـڵ بێخەمیەکـی گەورەیە و وەک مردوویەکی زیندوو بە دنیامان دەناسێنێ، یا لە جوانترین وەسفیدا کە **کۆنانک** کردوویەتی (وەک ئەو کەسە وایە کە بە نووستوویی دەڕوا و هیچ ئاگای لە هەنگاوەکانی خۆی نیە[٣٩])، ئەم جۆرە تاکەش زوو زوو هەڵدەدێرێ و بەسەر سەر و دەموچاودا دەکەوێ.

عەقڵ مرۆڤ دەکاتە کەسێکی هەمیشە بەخەبەر، بە ئاگا نەک هەر لە خۆی بەڵکو لە هەرچی دەکەوێتە بەر هەست و شعووری، عەقڵ خود دەکاتە سەنتەری دەرچوون بۆ شتەکان و لێیانەوە هەمیشە بابەتی گرنگ گرنگیان لێ درووست دەکات و دەیانخاتە ئەو دنیایە پڕ سیمبولانەی هەر لە بنچینەدا مرۆڤ لەوێ بوونی خۆی نمایش دەکات و وەردەگێڕێتە سەر زمان.

---

[٣٩] کونانک، تومادو(٢٠٠٤).الجهل الجدید ومشکلة الثقافة، ت: منصور القاضي، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، ص٦٠، بیروت.



Scanned with CamScanner

ئەو ئـازادیەی ئـێمە هەمـانە خۆمـان هەڵمـانبژاردووە و ئەوەی دەڵێ (دوژمنان و ناحەزان و ئیستیعمار و داگیرکەر و.....تـــاد) هۆکـــاری ســـەرەکیی بـــوون و هەر ئەوان خستوویانینەتە نێوی، بە هەڵەیەکی گەورەدا چووە و تەواو لێـی ورد نەبـۆتەوە، چێـژ لە جەهـل بە تـامترین چێـژە و زۆرترین مـاوەش تـامی لەسـەر هەستەکانماندا دەمێنێتەوە، ئێمە بۆچی ئەم جۆرە چێژەمان هەڵبژارد چونکە دەرەقەتی ئازارەکانی عەقڵ و قورساییەکانی بیرکردنەوە نەهاتین، ئێمە ئەو کەسانە بووین هەر زوو تەسلیمی ناعەقڵ بووینەوە و لێـی پـاڕاینەوە تـاوەکو هەرچـی زووە بمـانگێڕێتەوە نێـو ڕەحمـی سـەرمەدییەت تـا بـۆ ئەبەد لە چێـژدا نـوقم بـین و ئەوەی دەمانەوێ سیحریانە بۆمان ئامادە بێ.

ئەم حـاڵەتی ئـازادیەی ئـێمە لە نێـو نەزانییـدا هەمـانە هەرگیز بەو پاسیڤیە لە عەقڵدا دەسمان ناکەوێ، خوداوەند زۆری گەورە کـــردین کە بە ئـــازادی ئەفرانـــدینی، ئەو ئاماژانەمـان لـێ وەرگـرت کە بیرکـردنەوە ڕێکمـان دەخـا و هەموو ساتەوەختێکمان لەوەی تر بە جوودا نیشـان دەدا و هەمیشەش داهێنانی گەورە گەورەمان نیشـان دەدا و وامـان لـێ دەکـا زەمەنـی خۆمـان هـی جووڵەی خۆمـان بێـت و بە چالاکی و کردە خودیەکانی خۆمـانەوە هەست بەو زەمەنە بکەیـن، بەڵام ئێمە بـووین بە بـابەتی ئایکۆنەکـانی تـر و تـا ئێستاش هەر ئەو بابەتە بێ ڕۆحـانەین و هیچمان لە یەکەم کەسی لێیەوە خولقاین زیاد نەکردووە.

ئـێمە زۆر ئـازادین ئەوە نـیە هـیچ گـوێ بە یاسـاکانی هاتووچۆ نادەین و بە ئارەزووی خۆمان دێین و دەچین؟



Scanned with CamScanner

ئەوە نییە بە ئارەزووی خۆمان شت دەفرۆشین و بەهاکانیشیان بەرز و نزم دەکەینەوە؟

ئەوە نیە خەڵک ئازار دەدەین و خوێن لەیەکتر دێنین و عەشایەریانەش چارەیان دەکەین؟

ئەوە نیە میزاجی سیاسی جێگای یاسا سیاسیەکانی گرتۆتەوە و موویکیش لە سمێلمان ناجوڵێ؟

ئەوە نیە میزاجی ئەکادیمی زانکۆکانمان بەڕێوە دەبات و هەر وەزیرە کە پاشەڵی لەسەر کورسی دانا یاسای تازە و ڕێنمایی تازە دەردەکا؟

ئەوە نیە میزاجی حزبی پریمیتیڤ(سەرەتایی) جێگەی یاسا مەدەنیەکانی گرتۆتەوە و حزبەکانیان کردۆتە ئامانج و نەتەوە و کۆمەڵگەش بوونەتە هۆکار؟

ئەوە نیە پەروەردە بووەتە ساناترین سێکتەر و هەرچی ئەلف و بێیەکی خوێند لێی دەبێ بە ریش سپی؟

ئەوە نیە بووینەتە کەسانێک کە هەرگیز برسیمان نابێت و بێ مووچە و بێ پارەش دەژین و مارکسیشمان شەرمەزار کرد کاتێ دەیوت ئابووری فاکتەری هەرە بەهێزە و بەهۆیەوە پەیوەندیە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکان ڕێک دەکەون!!.

ئەوە نیە هەر بۆ کڵانە هۆزگەراییەکان دەگەڕێینەوە و ناتوانین فدراسیۆنێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی تۆکمە و یەکگرتوو پێکەوە بنێین؟.

زۆر و زۆری تر....

کەواتە لە ئێمە ئازاد تر نیە و با چیتر بۆ ئازادی تێنەکۆشین چونکە ئەوەی بە دەستمان هێناوە بەشی هەرچی دەوروبەر هەیە دەیکات و لێشی دەمێنێتەوە!!!!.

## ئای کە پیرۆزی نەزانیی!

تـۆ کە ئامـادەی ئاگاییـت، بـۆچی بە ئاگـا نابیـت؟ کە هەستت هەیە بۆچی هەست ناکەیت؟ تۆ کە تواناى پەیبردنت هەیە بـــۆچی پەی بە شـــت و ڕووداو و دەرکەوتەکـــانی دەوروبەرت نابەیت؟ تۆ کە بونیادەکانی هوشیاربوونت هەن بۆچی هوشیار نیت؟ کە هەموو ئەوانەت هەیە بۆچی عاقڵ نیت؟

ئای چەندە خەمرەوێنە بێئاگایی و چەندە ئاسوودەییە بێ هەستیی و چەندە سەر ڕەحەتیە پەینەبردن و چەندە بێ وەیـیە ناهوشـیاری و چەنـدەش خۆخەڵەتانـدنێکی ئـارامی بەخشە بێ عەقڵی؟

من بە ئاگا نیم، کەواتە من نیم!.

من هەست ناکەم، کەواتە من نیم!.

من پەی نابەم، کەواتە من نیم!.

من هوشیار نیم، کەواتە من نیم!.

من عاقڵ نیم، کەواتە من نیم!.

**سەرەنجام من نیم، کەواتە من بەختیار ترین کەسم.**

نەبـوون ئاسـوودەییەکی ئەزەلـیە و لە بەرانبەریشـیدا بـــوون دەردەســـەری و سەرئێشـــە و مانـــدووبوون و نەحەسانەوەیەکی ئەزەلیترە!.

لە نەبووندا، نازانم ڕەحەتی گیانم!.



Scanned with CamScanner

لە بووندا، دەزانم،ماڵی وێرانم!

یەکەم هەوڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ (ژیان لە دنیادا*)، بریتی بووە لە داخستنی هەست و ئاگایی و پەیبردن و هۆش و عەقڵ، ئەمانەمان لە بنچینەدا و هەر لە هەوەڵەوە چروک کراون، بەو ئومێدەی خۆشترین و ئاسوودەترین ژیان لە بێهەستی و بێئاگایی و بێهۆشی و بێعەقڵیدا ببەینە سەر، چێژی بێ عەقڵیی بالاترین جۆری چێژە و تا ئێستا هیچ بوونێکی تر نەیگەیشتۆتێ، ئێمە هەر لە سەرەتاوە چێژی عەقڵمان نەکردووە، هەر بۆیە چێژی نەزانیی سووک هەڵیفڕاندووین و لە زەمەنێکەوە بۆ یەکێکی تری بردووین.

هەمیشە وەک هیگل دەڵێ:{خۆرهەڵات تاوەکو ئەمڕۆ نەیزانیوە کە تەنها تاکە کەسێک لە نێویاندا ئازادە، بەڵام یۆنان و ڕۆمانەکان هەندێکیان ئازادن بەڵام جەرمانەکان هەموویان ئازادن}[٤٠]. ئێمەش پێمانوابووە لە نێوماندا یەک تاکە کەس هەست بکا و هەر ئەو بەتەنها بە ئاگا بێ و هەر بۆ خۆی هوشیار بێ و هەر ئەویش لە دواییدا عاقڵ بێ بەسمانە، ئەگەر چی ئەو ڕایەی هیگل جۆرێک لە ڕەیسیزمی پێوە دیارە بەڵام لای من ئەوەی پەیوەستە بە خۆرهەڵاتەوە تەواوە.

---

* بوون لە دنیادا: چەمکێکی هایدگەرییە و لە بوون و کاتدا لە زۆر شوێنی تر قسەی لەبارەوە کردووە.

[٤٠] رشیده، محمدی ریاحی(٢٠١٢). هیغل والشرق، دار الروافد الثقافیة-ناشرون، ط١، ص ٢٥، بیروت.



Scanned with CamScanner

من ئەم لێکدانەوەم بۆ زۆربەی هەرە زۆری تاک و ئۆرگانە لە کۆمەڵگەکەی خۆمدا، هیچ کەس و لایەنێکی لێ نابوێرم، هەموومان کوڕ و کچی کەڵچەرێکی دیاریکراوین هەر لە سەرەتاوە بەم شێوەیە فرچکی هێناوین.

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ناسیونالیزم لەم ناوچە گرگرتووەی خۆرهەڵاتدا بوو بە دیارترین ئەلتەرنەیتیڤی ئازادی و و ڕزگاری و دیموکراسی، بەڵام چ ناسیونالیزمێک؟ موتوربە بە بێئاگایی و بێ هەستی و بێ هۆشی و ناعەقلانیەت، جۆش و خرۆش وەرگر لە توندڕەوی ڕەفتاریی و سەنەمگەرایی بە نێو مۆدێرن، ناسیونالیزم نەک نەیتوانی چارەی کێشەی نەتەوە و گرووپەکان بکا، بگرە یەکسەر ناعاقڵانە کەوتە دژایەتی نەریت و ترادیسیۆن و هەوڵیدا کەسەکان هەموویان بە کون فەیەکوونێک ببن بە خۆرئاوایی و ئەوەی لەبەریشیانە دایکەنن لە جل و بەرگ و لە عەقڵ و هۆش و تەنانەت سۆزیش.

داکەندنی هەست و ئاگاییی و هۆش و عەقڵ جگە لە نەزانی چیتر بەرهەم ناهێنێتەوە، و ئەم نەزانیەش لە دەرەوەی خۆیان پارادیگمێک(نموونەیەک) ی ناسیونالیستی شێواوی بۆ کۆپی دەکردین زۆر زۆر لە پارادیگمی ناسیونالی بە مانا مۆدێرنەکەی جیا بوو.

ئەلتەرنەیتیڤی ئەنتەرناسیونالیزم کە خۆی لە هزری بە ناو کۆمۆنیزم فورمووله کردبوو، لە نموونە ناسیونالیستەکە

چەقیوتر هاتە مەیدان و ئەویش یەکەم هەنگاو ئیشی لەسەر بێئاگایی و هەستشۆری و بێهۆشی و گەوجاندن کرد و دیسانەوە هاتە سەر هەمان ڕەفتاری توندی شەڕانگێز و لەوەشەوە نائومێدی و نامۆبوونێکی قووڵی بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەروونی تاک و کۆمەڵگە جوداکان چاند.

دوای ئەوانە ئەلتەرنەیتیڤی دینیی سیاسی نەک لەوانە زیاتر نەچۆ پێش بەڵکە هەموویانی خستە بۆتەی هەرتەقە و پاشان دنیاکانیشی لەیەکتر جودا کردەوە و مرۆڤیشی لە پێناسەیەکی دیکە بۆ ناساندینەوە، کە توندڕەفتاری دیارترین دیاردەی سایکۆلۆژی هەر تاکێک بوو لەو کانیاوانەی خواردبێتەوە.

لای خۆشمان هەموو ئەو قۆناغانەمان بە زۆر توندتر و نەزانانەتر بەڕێکرد و هەر بۆیەش ئەوەی ناومان نابوو ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم و سیۆکراتی کورد لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە لە یەکتر جودا نەبوون و نەیانتوانی ئیش لەسەر مرۆڤ بکەن بەر لەوەی ئیش لەسەر شتەکانی تری بکەن.

هەموو ئەوانە لە یەک فۆڕمی سیاسی و لە سەر یەک ئاوازی سیاسی و لە چوارچێوەی یەک میتۆدی سیاسی کاری سیاسی و ئەوەی پێیان دەوت خەبات دەکرد، هەر بۆیە سەرەنجام نەیانتوانی تاکی کورد لە ڕووی دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەوە پەروەردە کەن و کەمێک لە شارستانیەت و مەدەنیەتی وە نزیک بخەن.



Scanned with CamScanner

کێشەکانی ئێمە ئەوەندەی دەروونی بوون ئەوەندە سیاسی نەبوون.

ئەوەندەی ئەخلاقی بوون، ئەوەندە سیاسی نەبوون.

ئەوەندەی کۆمەڵایەتی بوون ئەوەندە سیاسی نەبوون.

ئەوەندەی کولتووری بوون، ئەوەندە سیاسی نەبوون.

بەڵام ئەم هەموو زەمەنە سیاسەتی لارێ توانی خۆی بێتە سەر خەت و هەموو ئەوانی تر لارێبکات و لە زەینی تاک و کۆمەڵ بیانباتە دەرێ.

لە نێو ئێمەدا ئەوەی دەڵێ: ئەم ئۆرگانە سیاسیە لەوەی تر مەدەنی تر و پێشکەوتوو ترە سەهووی کرد.

ئەوەی دەڵێ فلان کەسی سیاسی لە هەموو ئەوانی تر وریاتر و دڵسۆزتر و ڕۆشنبیر تر و کاریزمیتر و خاکیترە، سەهووی کرد.

بەڵام کە دەڵێ: ئیتر لە دوای ئەم کەسە سیاسیە ئیدی کەلێنێکی گەورە درووست بوو و پڕ نابێتەوە، ڕاست دەکا.

کە دەڵێ: دوای تۆ کێ بێ بە هانای هەژار و لێقەوماوانەوە بچێ و لە جیاتی ئەوان قسە بکات و بکۆشێ، ڕاست دەکا.

کە دەڵێ: ئیدی تا ئەبەد کەسی لەو بابەتەمان دەست ناکەوێتەوە و هەر ئەو بوو باوکی هەژاران و هەر ئەو بوو تین و تاقەتمان لێیوەردەگرت، ڕاست دەکا.

ئەو لە هەموو ئەمانە ڕاست دەکا، چون خۆی هەمیشە ویستوویەتی یەک کەس بیر بکاتەوە بەسمانە، یەک کەس

هۆشی هەبێ بەسمانە، یەک کەس عاقڵ بێ بەسمانە. ئەی ئەوە نییە بە شکستێک دەکەوین و بە مردنی کەسێکی سیاسی چۆکمان دەشکێن و شۆک دەمانگرێ؟ ئەمانە ڕاستن، چون بیرکردنەوە و هۆشیاری و ئاگایی کردەی تایبەتن بە کەسانی دیار و هەموومان نابێ لێیان سوودمەند بین!!.

سەنەمگەرایی لای ئێمە تا ئێستا بەردەوامە و تا دووریش لەسەر ئەم ئاوازە بەردەوام دەبێ، لە سەنەمگەراییدا هەموومان بە جەهل دەحەسێینەوە، هەموومان تا ئەبەد لە نێو خۆماندا بە تووڕەیی دەمێنینەوە، بەڵام لە خۆمانی بە تاڵ دەکەینەوە، هەموومان تا دوور دوور دەخەوین و تاکە کەسێک بە دیار سەرمانەوە ئێشکمان لێدەگرێ.

ئای چەندە بکوژێکی چالاکی نەزانیی؟!.

هەموومان دەکوژێ بێ ئەوەی هەست بکەین.

هەموومان دەکوژێ بێ ئەوەی هۆشمان پەیپێبەرێ!

هەموومان دەکوژێ بێ ئەوەی عەقڵمان پێی بشکێ.



Scanned with CamScanner

# بەشی پێنجەم
# فێربوون و دەستەپاچەیی



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ئەو دەستەپاچەییەی فێربووین*

کۆمەڵگەی کوردەواری لە دۆخێکی سڕبووی دەستەپاچەییدایە، ئەم دیاردە سایکۆلۆژیە بە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانمانەوە دیارە و نەک بە رامان و هزراندن و وردبوونەوەی فکری، بەڵکو بە چاوی خۆمان دەبینین کەسەکانمان چەندە دەستەوەستانن لە بەرانبەر بڕیاردان، هەستان بە کارێک، خوێندن، بەردەوامبوون، خستنە بازاڕی سەرمایە، چوونە نێو پڕۆژەی درێژخایەن، قسەکردن، جێبەجێکردنی ئەرک، داواکردنی ماف، کڕین، فرۆشتن، مانەوە لەوڵات، کۆچکردن.......تاد.

ئەم دۆخی دەستەپاچەییە هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، هەروا بە کاریگەری رووداوێک و دوو رووداویش سەریهەڵنەداوە، ئەمە بارێکی هزری قالبگرتووی عادەت پێوەگیراوە، کۆمەڵگەیەک لەوەتەی هەیە بەرهەمی دێنێ و چین لەسەر چین هزری خۆی لەسەر بیناکردووە. مرۆڤ بوونەوەرێکە ئامادەیی فێربوونی تێدا هەیە و ئەم ئامادەییە بنەمای بۆماوەیی هەیە بەر لە بنەمای کۆمەڵایەتی و دەروونی، (فێربوون و فێرکردن) کردەی کۆمەڵایەتی و دەروونین و بۆ ئەوە پیادە دەبن تاوەکو مرۆڤەکانی هەر (کۆمەڵگەیەکی عادەتی) بەملاو بەولادا نەچن و رێچکەی

---

*دەستەپاچەیی فێربوو: مارتن سلیگمان زۆرترین توێژینەوەی لەسەر ئەم بابەتە کردووە و پێیوابووە کاریگەریی زۆری بە تووشبوونی خەمۆکی، هەروەها بێرنارد وینەریش توێژینەوەی لەم بابەتەی زۆرە.



Scanned with CamScanner

باوان ون نەکەن، ئەمە لای ئێمە، بەڵام لای کۆمەڵگە گەشەکردووە ئازادەکان بۆ ئەوەیە لە هەر ساتەوەختێکدا جیهانێکی تازە لە مرۆڤێکی تازە لەدایکبوودا بدۆزنەوە.

هۆشی مرۆڤی کۆن تاوەکو ئێستا بە هەزاران چین کەوتوونەتە سەر یەک و کەڵەکە بوونەتە سەر میراتی مرۆڤایەتی، کۆمەڵگە و تاقمە مرۆییەکانیش هەر یەکە بە جیا مامەڵەی لەگەڵ ئەم ئامادەییە بۆماوەییە کە( فێربوون) ە کردووە و کامەی بۆ گونجانی (کۆ) لەگەڵ نێوخۆی و دەرەوەی خۆی شیاو بووبێ ئەویان هەڵبژاردووە یان ئەویان سەپاندووە.

من هیچ کاتێک قورسایی بیرکردنەوەی ئێستا ناخەمە سەر هۆشی مرۆڤی کۆن و هەمیشە بەرخوردی تاک و کۆمەڵگەکانیان لە زەمەنەکانی خۆیان لەگەڵ رووداو و دەرکەوتەکان هۆکاری یەکەمی سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی هۆش و هووشیاریان بووە. دادگاییکردنی هەڵەکانی مێژوو زەروورەتی زانستی و قەزاوەتی عەقلین، ئایا مرۆڤی ئەو سەردەم حەز و ئارەزووی نەبووە؟، ناوەوەی هەمیشە گوشاری نەخستۆتە سەر بەم ئاراستە یا ئەو ئاراستە بجوولێ؟، بێتاقەت نەبووە لە گوتنەوەی ئەوەی بەر لەو گوتراوەتەوە و لە گرتنەبەری ئەوەی بەر لەو گیرابووە بەر؟، ئەدی ئەم هەموو بێتاقەتی و نائومێدیە گەورەترین رووبەری لە گۆرانی و حەیران و مەقام و قەتار و ئەڵلاوەیسی و بالۆرە و بوارەکانی ئەدەب و ناورانەوە کۆمەڵایەتیەکان نەگرتۆتەوە؟ ئەی ئەم هەم و نوزە و خۆخواردنەوە و تالانەوە و نۆستالیژی و ناڵین و



Scanned with CamScanner

خۆکەمکردنەوە و بەقوربانیکرن و .......تاد یە ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی دەستەپاچە و چەقیو نیە بوونەتە میراتی فەرهەنگی و فۆلکلۆریمان و دەشبێ شانازییان پێوە بکەین بۆ ئەوەی هەردەم بە دنیا بڵێین: ئەوەیە کۆمەڵگە و تاکی ئێمە و ئەم دۆخە دەروونکۆمەڵایەتییە سەرتاپامانی تەنیوە.

ئەوەندەی بە ئێمەی هەلومەرجی ئێستا دەکرێ هەر ئەوەندەیە ئەو حوکمە بدەین کە باب و باپیرانمان لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگە و نەتەوەدا تەنها ژمارەی ماتماتیکی بوون لەو سەرە مرۆڤانەی لە چوارچێوەی ماڵ و موڵکی میر و بەگ و ئاغا و پاشا و سەردارەکان دەژمێردران، ئەوان ئەو سەرانە نەبوون کە بیر دەکەنەوە، ئەو سەرانە نەبوون کە هووشیارانە خۆیان وەردەگێڕایە سەر ژیان، ئەو سەرانە نەبوون کە ڕۆڵی کاریگەری ئۆرگانیکییان هەبوو لە جووڵەی جەدەلیانەی ژیان، بەڵکو تەنها ئەو سەرانە بوون کە بەیەکەوە یەک مەوجوودیان نیشان دەداین ئەویش وەک (ڕان) یا (عامە) یا(حەشر و حەشد) دەکەوتنە بەرچاو.

دەستەپاچەیی قێزەونترین ستایلی ژیانە کە هەم تاک ناچار بە گرتنەبەری دەکرێ و هەم کۆمەڵ، ئەم ستایلە بۆ ئەوە فێری نەبووین تاوەکو بوونەوەری کارامە و بکەر و هەڵسووڕاو بین، بۆ ئەوە فێری بووین تاوەکو تا ئەبەد لەسەرەوەی خۆمان ئەوانە ببینین کە چوونەتە فۆڕم و قەداسەتی خوداوەند و هەمیشەش هەر ئەوانن هێزمان

پێدەبەخشن و باوەڕمان بە ژیان و مانەوە و متمانەمان بە خۆمان و بە نەتەوە بۆ دادەڕێژن!!.

لە دەستەپاچەیی بەرهەمهاتووی هەر کۆمەڵگەیەکی سڕبووی وەک ئێمە دا، نە کەسەکان لەیەکتر جوودان و نە گرووپ و تەنانەت کۆمەڵگەکانی کە بە زمانی جیا لەیەکتریش قسە دەکەن، ئەوان هەموویان دەستەپاچەن، یەکەم هۆکاری بوونیان کە (عەقڵ)ە سڕکراوە و خراوەتە سەر ئاوازێکی ئەزەلی و هەمیشە هەر سروودی دەستەپاچەییمان بۆ دەڵێنەوە.

ئەم سروود وتنەوەیەی دەستەپاچەیی و ئەم کۆڕاڵی بەندایەتییە، ناشیرنترین سیما و گەوهەری کۆمەڵگەیی ئێمە و ناخۆشترین ئاوازی مرۆڤبوونمان لە دنیای ئێستای تەکنۆمەعریفیدا بۆ دەرەوەی خۆی دەگوازێتەوە و بە ئاشکرا و بە شانازیەوە ناوی هونەری کوردی و ئەدەبی کوردی و سیاسەتی کوردی و داب و نەریتی کوردی و ......تاد بیان لێدەنێین.

ئەمانەی ئێمە بۆ دەرەوەی خۆمانی نمایش دەکەین بەر لەوەش لای خۆمان هەمیشە بەرهەممان هێناونەتەوە فۆڕمی یەکەم بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی ئێمە بوە و لەسەر ئەم فۆڕمە تاوەکو ئێستا بەرهەمی دەستەپاچەیی وەک نامۆکردنی تاکەکان لە خۆیان بووە بەو ستایلەی ژیان لە خێزان و لە قوتابخانە و لە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و دینی و سیاسیەکان بە وانە پێمان دەگوترێتەوە و بووەتە ئەو کێشە نا ئاساییە سایکۆلۆژیەی دەروونزانانی مەعریفی پێیدەڵێن( دەستەپاچەیی فێربوو – Helplessness Learned).



Scanned with CamScanner

بە درێژایی ئەو مێژووەی تیایدا دەستەپاچەیی وەک باشترین ستایلی ژیان و مانەوەمان هەڵبژێردراوە، تاکی ئێمە لە دۆخی هەڵچوون و سۆز و وروژان تێینەپەڕاندووە و لەو بارانەشدا لایەنە نەرێنیەکەی بیرکردنەوە زاڵی سەر ئەرێنیەکە دەبێ و ئەوەی مارتن سلیگمان پێیدەڵێ (بیرکردنەوەی پۆزەتیف*) هەست بە بوونی ناکرێ، ئەم دۆخە گشتیە بووەتە هۆکاری نائومێدی و پاسیڤبوونی تاکەکانمان و هەر ئەوەشە وایکردووە نە تواناکانی خۆیان بناسن و نە خۆیان و نە متمانەشیان بە خۆیان بێ و نە خۆیان وەک بوونێکی کارا و بکەر ببینن.

ئەوەی لە پشت مانەوەمانە لە حاڵەتی هەڵچوون و سۆزەکیانەی بەردەوامدا ستایلێکی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە بە مانا پرۆسێسە عەقلیە باڵاکەی نا، بەڵکو بە مانا مانەوەی هەمیشەیی لە دۆخی دەورکردنەوەی وتراوەکانی پێشتر و هێشتنەوەیان لە کۆیادگەی نەتەوەیی و کۆمەڵگەییدا، ئەم فێربوونە تەلقینیەیە هەردەم یەکێک گوتوویەتی و ئەوانی دیکە لە دوای ئەو وتوویانەتەوە و بەردەوام تاوەکو ئێستا دەیڵێنەوە.

من کە زیاد پێ لەسەر کرێتیەکان دادەگرم جگە لەوەی دۆزینەوەی تروسکاییەکە لە نێو تاریکیدا و هەوڵێکیشە بۆ هەڵایسانی زیاتری ئەم تروسکاییە، ئامانجیشم تیۆریزە کردنی نائومێدی و رەشبینی و بێتاقەتکردنی بەرانبەر نیە،

* بیرکردنەوەی پۆزێتیڤ لە پۆزێتیف سایکۆلۆژیدا فاکتەری هەرە لە پێشە بۆ دابینکردنی شادمانی و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە، ئەم چەمکە لای سلیگمان تیۆریزە کراوە.



Scanned with CamScanner

بەقەد ئەوەی هەوڵێكی هێزی ستراتیژیە بۆ ئەوەی سەرەتاكانی دەرچوون بەرەو ئومێد و خۆشی دەستنیشان كەم و ئەوە بخەمە روو كە: مانەوە لەسەر ئەم ستایلەی ژیان كە بەردەوامیش نەتەوەی پێ دەرس دادەدەینەوە، بە زەرڕە نامانباتە پێش و ئەوەی دەیخاتە سەر رەفتار و عاداتمان تەنها گۆڕانە رووخساریەكانن و ئەمانەش هەردەم لەژێر كاریگەری دەرەوەی خودی تاكەكان و خودی نەتەوەن.

لەو حاڵەتەدا كۆمەڵگەكەمان هەمیسان بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و گێژ دەخوا و دەوروبەری خۆی لێ لێڵ دەبێ و هاوسەنگی وەستان و ئاراستەگرتنی وەك ئەوەی لە دەست دەرچووە لەدەست دەردەچێ.

بۆ ئەوەی (كوالیتی ژیانمان**) سەر لەبەری بێتە گۆڕین و وردە وردە رێچكە بنچینەبییەكانی بیركردنەوەی راستەقینە بدۆزینەوە، دەبێ سیستمی بیركردنەوەمان بگۆڕینە سەر سیستمی (خود ئاراستەكەر) ی رەفتار، دەبێ خۆمان لە دژی ئەم ونبوونی بەرگریە كولتووریە بە ڤاكسینی vaccination دژە دۆگما بكوتین، كۆمەڵگەی ئێمە بە تاكەكانیەوە دیارە كە توانای بەرگری ئاكاری و كولتووری و كۆمەڵایەتی و بەهایی لەدەست داوە، گەندەڵی تەنها بە پارە و بازاڕ و كەسانی سیاسەت و بزنسەوە دیار نیە، بەڵكو رەگەكانی زۆر چوونەتە نێو كولتوور و دەبێ دان بەوەدا بنێین كە كولتووری نەتەوەش گەندەڵ دەبێت و بگرە دەبێتە یەكەم بەرهەمهێنی گەندەڵیی گەر بەردەوام ئەم

** كوالیتی ژیان: quality of life

کولتووره خۆی ئەپدێیت و نوێ نەکردبێتەوە و بەر لە هەر شتێک پشتی بە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ نەبەستبێ.

بیرکـردنەوەش دیـل دەکرێـت، یـا خـۆی کـۆیلەیی هەڵدەبژێرێت، ئەمانە راستی حاشا هەڵنەگرن، دیل دەکرێ ئەگەر بیەوێ ئازادی هەڵێنجانی راستی تەنها بۆ عەقڵ و بۆ بیرکـردنەوەی عەقلانـی بگێـڕێتەوە، دیلیـش هەڵـدەبژێرێ ئەگەر پێیوابـــوو لە دەستەوەســــتانی و دەســـتەپاچەییدا خۆشترین ساتەکانی خۆی دەباتە سەر و دەروونێکی ئارام دەستەبەر دەکات.

کـۆمەڵگە و تـاکی ئـێمە هەر لە سـەرەتاوە وەک (کـۆ) دەسـتەپاچەیی وەک سـتراتیژ هەڵبـژاردووە و هەر بـۆیەش ئەوەندەی بە عەقڵ سەخڵەت دەبێ بە هیچ دنەدەرێکی تر ناورووژێ.

بیـــرکەرەوە ئازادەکـــان یـــا ئەوانەی چوارچێـــوەیەکی بزۆزی مەعریفیان هەیە هەمیشە هزری خۆیان لێدەخوڕن، ئەوە ئەوانن ئاگایان لەوە هەیە بیریان بەرەو کوێیان دەبات، بەڵام بیرکەرەوەی نائـازاد هەردەم کۆسـپ دەخـاتە بەردەم عەقڵـــی خـــۆی و بـــواری نـــاداتێ جـــگە لە وەرگرێـــک و گێڕەرەوەیەکی نێگەتیڤ زیاتر شتێکی تر بێ.

ئـــێمە ئەو گێـــڕەرەوە نەرێنـــیەین و هەر بـــۆیەش دەســـتەپاچەترین تـــاک و دەستەوەســـتانترین نەتەوەی ئەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە ئێمەین و بەم ستایلە بەر لە مۆدێرنە تا ئێستا نەمانتوانیوە ببینە ئەو هێزە مەعریفی و سیاسی و ئـــابووریەی لە هاوکێشـــە ســـتراتیژیەکانی ناوچەکەمـــان قورسایمان هەبێ یا بە مانایەکی تر قورسایی بخەینە سەر



Scanned with CamScanner

گۆڕانکاریەکان و بەشێک لە ئارەزوو و خواستەکانمان لە وێنەکێشانەکانی ناوچەکە بخوێندرێنەوە.

دەروونزانە مەعریفیەکان لەمڕۆی سایکۆلۆژیا و چارەسەری دەروونیدا زۆر چوونەتە پێش میتۆد و ڕێچکەکانی دیکەی ئەو زانستە، ئەوان پێیان وایە کێشە سایکۆلۆژیەکان و زۆربەی نەخۆشیە دەروونیەکانیش لە چوارچێوە فیکری و مەعریفی و عەقیدەتیەکان سەرچاوە دەگرن، هەر ئەو سەرچاوانەشن لە کۆتاییدا دەبن بە کولتووری هەر نەتەوەیەک یا کۆمەڵگەیەک، هەر بۆیە یەکەم هەنگاوی رزگاربوون لە هزری نێگەتیڤ بە پێداچوونەوەی ئەم چوارچێوانە دەست پێدەکا و دەبێت کۆڵێنکاری لە نێو شێوازی مەعریفی تاکەکان بکرێ بۆ ئەوەی هزراندن بچێتەوە سەر راستەڕێی خۆی، ئەم شێوازە لە شیفای عەقڵ کۆمەڵگەش دەگرێتەوە و بۆ ئەمە ئەوەی زۆرترین و کاریگەرترین دەسەڵاتی لایە کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و دینیە بەرپرسن چ لە ئاست هێشتنەوەی بوونی کۆمەڵگەییمان لەم ئاستە پاسیڤە تەلقینکراوەدا، چ لە ئاست ئیشکردن بۆ چوونە نێو ئەرکێکی ئەخلاقی ئینسانی باڵا کە ئەرکی تاک و حزب و حکومەت و هەرچی ئۆرگانە لە کۆمەڵگەدا ئەویش شۆڕشێکی مەعریفیە دژی دەستەپاچەیی.

ئەمانە تەنها درووشم و قسەی گشتی نین، بەڵکو بە شێوازی ئاسان وەردەگێردرێنە سەر زمانی واقیع و ئەوەی گەرەکیەتی تەنها هۆش هاتنەوەبەری ئایکۆنە دەسەڵات بەدەستەکان و دەست بەرداربوونیانە لەو منایەتیە نێرگزیە ئەزەلیەی خۆیان و رزگاربوونیانە لە کۆیلەیی میراتێکی

هـزری بـێ ڕۆح کە تەنهـا زینـدووی سـەیر سـەیری لـێ دەردەکەوێ نەک ئینسانی ئازاد.

ڕزگاربوونیـــان لەم قەیـرانە (دەروون- ڕووحـــیە) بە خۆداچوونەوە و پاکبوونەوەیەکی دەروونی دەوێ و دەبێ بۆ گەیشتن بەو ڕاستیەی ئیدی (با ئازاد بین) بچنە خولی خۆ پـاککردنەوە و خـۆ سـازکردنەوەی عەقلانـی و ئـیش لەسـەر گـۆڕینی سـتایلی بیرکـردنەوە و تـایپی مەعریفیـان بـکەن و دان بەوە دابنـێن کە کێشـەکانمان لە عەقـڵ و شێوازەکانی بیرکردنەوەماندان.

کۆمەڵگەی ئێمە ڕووحی ڕاستەقینەی تیا نەماوە چوون وجـودی دزراوە و لای ئەوانەیە کە لێـرەدا ڕووی دەمـم ئاراستە کردوون، تاکەکانیشمان کزە ڕۆحێکی سادە تیایاندا دەبزوێ و هەر کە ئـایکۆنە پیرۆزکراوەکـان لای خۆیـانەوە بڕیاری پێداچوونەوە و ریفۆڕمی ئاکاری و بەهـایی بدەن، ئەوا ئەمان لای خۆیانەوە ئاسان ڕام دەکرێنەوە.



Scanned with CamScanner

## فێربوون لە عەقڵی نارێك و پێكی ئێمەدا

فێربـوون هەم هۆكـارە و هەمـیش ئامـانج، ئەو كـاتە هۆكارە كە كەس بیەوێ زیاتر بزانێ و زۆرتر لە زانیاری ماوەی ژیانی خۆی كۆكاتەوە، ئەو كاتەش ستراتیژە كەس بیەوێ ژیانێك بۆ خۆی بسازێنێ بەقەد ئەو مانایانە بێ كە خۆی داویەتە ئەو ژیانە.

فێربوون پرۆسێسێكی نەوەستاوە، ئەو كاتە دەوەستێ كە كەس ژیانی كۆتایی پێدێ، لە كردەی فێربووندا سێنتەر و كەنار، یا ناوەند و چێوە، یا روونتـر بڵێـین فێركەر و فێربـوو دوو بـوونەوەری تـا هەتـایی لەو هەڵوێسـت و فینۆمینۆیەدا نین و نامێننەوە، فێركەر تاهەتایە فێركەر نیە هەمیشە خۆی بە پیرۆز تێبگات و پێیوابێ ئەوەش كە لێی فێر دەبێ تاهەتایە قوتابی ئەوە، كردەی فێربوون كارلێكێكی بەردەوامە لە نێـوان تاكەكانـدا و ئەوە هەڵوێسـتەكانن بـۆ ماوەیەك و بە گوێرەی هەڵوێستەكە ناسنامەی فێركەر بە كەسێك دەدەن و بۆ ماوەیەكیش بە فێربوو یا فێرخوازی دەدەن.

لە فێربووندا گۆڕانێك لە ڕەفتاری كەسێك كە دەیەوێ یـا ویسـتوویەتی فێـری بـابەتێكی تـازە بـێ روودەدات و دەردەكەوێ، ئەم گـۆڕانە بەر لە هەر كەسـێك خـودی فێرخـواز هەسـتی پێـدەكا ئینجـا فێركـار لە كردارێكی هەڵسەنگاندندا ئەم ڕاستیە كاتیەی بۆ دەردەكەوێ، مرۆڤ بە ئامادەباشیە جینیتیكیەكەی بۆ فێربوون گرەوی خۆی لە

هەموو بوونەوەرە زیندووەکانی تر لەسەر زەوی بردەوە، ئەم ئامادەباشییە بۆ فێربوون لە مرۆڤدا نەبوایە، دەبوایە بە میکانیزمی تر و بژاردەی تر بەرگری لە بوونە بیۆلۆژیکیەکەی خۆی کردبایە. فێربوون هەم بوونە هۆشمەندەکەی مرۆڤ دەپارێزێ و هەمیش بوونە بیۆلۆژیکیەکەی.

ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ تاک ئەم ئامادەباشییە بۆماوەییە لە چالاکیی بوەستێنێت و کردەی فێربوون هیچی لە گۆڕانکاری نەچێتە سەر، ئەوا پرۆسێسەکە وەک داینامیزم دەوەستێت و ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها (خوو) ەو بەس، کەواتە فێربوون کردەیەکی سەرتاپای بزۆز و نەوەستاوە و پەیوەستە بە هەناسەدان لە ڕووی بیۆلۆژیکیەوە و بە هوشیاری و پەیبردنیش لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، واتە تاک تا هەناسە بدات و بداتەوە و هەتاوەکو هۆشیشی مابێ و هەستیار بێ ئەوا بواری فێربوونی هەر هەیە و ماوە.

تاک جگە لەوەی بوونێکە تا هەبێ دەبێ فێربێ شتێکی تر نیە لە چوارچێوەی بوون و نەبوون، دەبێ فێر بێ بخوات و بخواتەوە و بجولێ و بحەسێتەوە، پێکەنێ و بگری، هەستێ و دانیشێ، قسە بکات و بێدەنگ بێ، خاوێن بێت و جوان دەرکەوێ، بیر بکاتەوە و خەیاڵ بکا، سەیرکات و بۆن بکا، چێژ ببات و ئازار بناسێتەوە، دەبێ فێر بێ بزانێ و پەی بە نەزانی خۆی بەرێ، فێربێ خواستەکانی خۆی بدرکێنێ و چۆن چۆنی دەیانگاتێ، فێری ئەوە بێ



Scanned with CamScanner

بەرانبەرەکــانی حەز و ئارەزوویــان لە چــیە و لە چــیش بێتاقەت و کەیف ناساز دەبن.

مرۆڤ دەبێ فێر بێ بە ڕێگاوە بڕوات چ پیادە بێ و چ سـوار، سـەرنج بـداتە شـت و سـەرنجی خەڵـک بـۆ خـۆی ڕاکێشێ، دەبێ فێر بێ چۆن لەگەڵ خۆی دەدوێت و چۆن چۆنیش لەگەڵ خەڵک، چۆن دەچێتە نێو دیبەیت و چۆنیش لێیـدەردەچێ، چـۆن ئەوەی دەیەوێ و دەیخـوازێ و بیـری لێدەکاتەوە دەیڵـێ یا دەینێـرێ و چـۆن چـۆنیش کـۆنتڕۆڵی ئارامی دەکات تاوەکو هەرچی لەبەرانبەرەکانیەوە دەردەچێ لێیان حاڵی بێ.

دەبـێ فێـری نووسـین و وێنەکێشـانی پیتەکـان بـێ بـۆ ئەوەی بخوێنێتەوە و بناسێتەوە، بۆ ئەوەی حەز و ویست و مەیـل و دواتـر هـزری خـۆی بکـاتە پیـت و دواتـر وشـە و پاشان لە ڕستەی تەواو و هاوسـەنگدا دەنگ و قسـەیان لـێ درووست بکا، بۆ ئەوەی وێنەی بیرکردنەوەکانی خۆی لە پرۆسێسـێکی سـیمبولیزەکردندا بگـوازێتەوە سـەر کـاغەز و شاشــە و جــوان و جــوانتر دەرکەوێ، بــۆ ئەوەی وێــنەی بیرکردنەوەکـانی خـۆی لە کردەیەکـی ڕووبەڕووی دەنگییـدا بۆ بەرانـبەر بنێرێت و جـوانترین و مـاقولترین نامەیـان لـێ بسازێنێ.

فێربـوونی نووسـین و خوێنـدنەوە هەر بـۆ ئەوە نـیە تابلۆکانی سەرشەقام و نـامەی نێرەرەکانی پێ بخـوێنێتەوە و بزانــی چــین و چیــان دەوێ، فێربــوونی نووســین و خوێندنەوە بۆ ئەوەیە بیرکردنەوەکـان لەبەر دەم و چـاو و گوێکان بگوازرێنەوە دوورترین شوێن و زەمەن و بە هانای



Scanned with CamScanner

بیرکەرەوە بچن تا ناکۆتاکان لە گەردوون، فێربوون بۆ ئەوە نیە وەک باوکمان بخوێن و وەک ئەو بخەوین و بخۆینەوە و بچینە زیندە خەون و خەیاڵەوە، بۆ ئەوە نیە وەک ئەو یا هەر کەسێکی دیکە لە دەورمان بجولێین و بجولێینەوە، بۆ ئەوە نیە لەسەر هەمان ئاوازەکان بخوێنین و بڵێینەوە، خۆ ئێمە قاز و قورنگ و مراوی و لەقلەق نین تا ئەبەد لە کوێستانەوە بۆ گەرمێن و لە گەرمێنەوە بۆ کوێستانان بچین و بگەڕێینەوە، پشیلە نین تا ئەبەد بمیاوێنین و بۆسە لە مشک دانێینەوە، گورگ نین تا ماوین تاو بدەینە ڕانە مەڕ و بزنان و نیوەیان لێ کەت و پەت کەین و هەر بایی سکی خۆشمان بخۆین، تەیرو تواڵ نین هەر یەک جۆرە دەنگمان لێ بێتە دەر و لەویش زیاتر هیچی تر نەزانین، گوێدرێژ نین هەر لە سێچوار وشە تێبگەین و تەنها پرمە پرم لە لێومان و زەرە زەڕ لە دەممانەوە دەرچێ، و.....................تاد.

ئێمە مرۆڤین بۆ ئەوە ئامادەین فێربین و نەزانراوەکان بزانین، هەر کەسەمان خۆمان بین و پەی بە خۆیەکانی تر بەرین، خۆمان بناسین و تواناکانمان بپشکنین و بزانین چەندمان لەباردایە و تا چەندیش توانامان هەیە فێربین، تواناکانمان تا چەند بڕ دەکەن و بۆچی باشن و دەگونجێن؟، دەبێ فێربین پەرە بە توانا هزری و جەستەییەکانی خۆمان بدەین و پەی بە زەمەن وەک گۆڕاوێکی هەمیشەیی و شوێنیش وەک گۆڕاوێکی هەمیشەیی تر بەرین، پێویستە فێری ئەوە بین کات و شوێن دوو ڕەهەندی جیانەبووەوە بن لە یەکتر و لە خۆمان و هەمیشە و لەهەر دەرکەتنێکمان

و لەهەر بەرکەوتنێکمانیشدا بەردەوام بە تازەیی دەرکەوون و شت و شێوازەکانمان لە دیاردەی تردا بۆ بنەخشێنن.

مرۆڤ دەبێ فێری ئازادی بێ وەک یەکەم وانە لە ژیانیدا، ژیانکردن مەرجی ئازادی لەگەڵدایە، ژیان پرۆسێسێکی زۆر تایبەت و تاکانەیە، هەرکەسەمان لەخۆماندا دەژین و بۆ خۆشمان دەژین و ژیانیشمان پەیوەستە بە ژیانی ئەوانی تر ڕێک وەک خۆمان، ژیان کردەیەکی درێژخایەنە و دەبێ فێری بین، دەبێ کەسانی تر لەسەر ئەوە ڕابێنین کە بژین و ڕێزی ژیانی خۆیان و کەسانی تر بگرن و بزانن.

فێربوونی ئازادی تەنها درووشمێکی شۆڕشگێڕانەی نەریتیانە نیە و سنوورەکانی لە گەرمکردنی مەجلیسی قسە و گوتارە حەماسیە شۆڕشگێڕیەکان دەرناچێ، ئازادی وەک وانە و وەک پرۆگرام و وەک ئامانجی کورتخایەن و درێژخایەن لە سیستمی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و کولتوریماندا دەبێ ڕەنگ و دەنگ بداتەوە، دەبێ تاکەکان فێری ئەوە بن هۆشیار بن بە ئازادی خۆیان، لەکوێ یا چ کاتێ مەترسی هاتە سەر سنوورەکانی ئازادییان پەی پێبەرن و دەستنیشانی کەن و ڕایگەیەنن.

ئازادبوون بەر لەوەی کردەیەکی یا ئامانجێکی دەستەجەمعی گشتگیر بێ، پرۆسێسێکی هزری و پەروەردەیی تاکانەی درێژخایەنە و بە تێپەڕینی کات و قۆناغ بە قۆناغ کاریگەری و نیشانەکانی لەسەر خودی کەسەکان دەبینرێنەوە، من پێموانیە کۆمەڵگەی ئازاد بە بێ تاکی ئازاد هەبێ، یا تاکی ئازاد هەبێت و کۆمەڵگەکەشی



Scanned with CamScanner

نائازاد بێ، ئەم دوانەیە بەیەکەوە جەدەلیەت و داینامیزمێکی هاوسەنگ و هەندێ جاریش لاسەنگ پێکدەهێنن، لاسەنگیەکەی ئەوەیە ئازادی لە پێەرازوویەکیاندا باری شڕ و لەنگ بێت، بەڵام هاوسەنگیەکەی ئەوەیە چ تاک چ کۆ لە دۆخێکی ئازادیدا بیبەنە سەر و هەردوو جەستەکە(تاک و کۆ) بۆ یەکتر و لەنێو یەکتر و لەگەڵ یەکتر هەڵسوڕێن، جیا لەوە بابەتێک نیە ناوی ئازادی بێت و ئەوەی هەیە تەنها لە چوارچێوەی جوانکاریەکانی گوتارە و بەس و نەپەڕیوەتەوە بەری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەوە.

دەبێ فێری ئەوە بین کە ئازادی لە سیستمدا فەراهەم دەبێت، من وەک کەسانێکی بیرکەرەوەی پەراوێزنشین پێموانیە ئازادی تەنها لە دەرەوەی سیستم و چاودێریەوە دێتە دی، چاودێری و سیستماتیزەکردنی ژیان دەبێ بۆ ئەوە بێ تا ماوین وەک مرۆڤ، وەک بوونێکی هوشیار و عاقڵ ڕێز لە ئازادی بگرین و ئەم سەروەریە کە لەسەرووی هەموو سەروەریەکانی ترە بپارێزین و هەرچی هەیە لە خوارەوەی ئەوە و لە پێناوی بە سەروەری هێشتنەوەی ئەوە.

ئازادی هزر پەیوەستە بە گەشەکردنی هزری مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیەوە، نەشونماکردنی هزر کەش و فەزای ئازاد دێنێتە ئارا و دواتر لە ئازادیشدا ئازادی تادێ هێز وەردەگرێت و سەرتاپای بوونی تاک بوونێکی سەربەخۆ و ئازاد و ساغ و تەن و دەروونڕووست دەبێ، من پێموایە هیچ کۆمەڵگەیەک نەیتوانیوە ئەو وێنە جوانانەی بۆ ئازادی لە نێو هزر و زەینی بیرمەند و گەورە هزروانانەدا هەبووە



Scanned with CamScanner

وەک خۆی لەسەر زەوی بنەخشێنێتەوە، تا ئاستێکی زۆر لە دوای دووەم جەنگی جیهانی چەند وڵات و کۆمەڵگەیەک تابلۆی جیاجیایان بۆ ئازادی تاک و کۆمەڵگەکانی خۆیان نەخشاند، بەڵام هەر نەگەیشتنە ئەو وێنە ئینسانیە باڵایانەی ڕێچکە و قوتابخانە فیکری و فەلسەفیەکان پێیانوابوو دێنە دی ئەگەر هەلومەرجە لەگەڵ یەککگونجاوەکانیان بۆ بێتە دی.

لە کۆمەڵگەی خۆشمان ئەم وێنانە هەر لەسەر کاغەزەکان ماونەتەوە و نەپەڕیونەتەوە مێشکی دەسەڵات بەدەست و جڵەو بە دەستەکان، دەسەڵاتی کولتوریشمان ئەوەندە چالاک و لێزان نەبووە توانیبێتی وێنەی ئازادیی وەک ئازادیخوازانی ڕاستەقینە بکێشن و زۆربەیان بەرو هەوەسەکانی خۆیان لاریان کردۆتەوە، ئەمە بووە نیفاقی کولتووری و نارسیزمی ڕۆشنبیرە ساختەچییەکان، ئەم هێزی ئازادییە پێویستی بە پەروەردە و فێرکردنێکی لە سیستم داڕێژراو هەیە و هەروا بە گۆترە نایەتە دی، دەبێ ڕیشەی درووستکردنەوەی تاغووت و ستەمکاران لە هەناوی کولتووردا هەڵکێشرێن، دەبێ چیدی هەوڵ بۆ ئازادکردنی یەک تاکە کەس نەدەین هەروەک هیگل سەبارەت بە خۆرهەڵات پێیوابوو، تێکۆشەرانی ئازادی عەقلانیی یەکەم کەس خۆیانن دەبێ ئازادی کەن، ئازادیی بە عەقل دەکرێ نەک بە هوتاف و پێداهەڵدان و شوورو حەماسەتێک کە لە پیرۆزێکەوە بۆ یەکێکی ترمان دەبات.



Scanned with CamScanner

## فێربوونی بیرکردنەوەو فێربوونی ژیان

ژیـانی بیۆلـۆژیکی مـافێکی سرووشـتی هەر یەکە لە ئێمەیە، هەمووـمان هەوڵدەدەین بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەم بوونەمـان بپـارێزین، بـوونی لەم شـێوەیە زۆر کەم مرۆڤ ماندوو دەکات، شێوازەکانی بەرگریکردن و مانەوە لە خۆگونجانـدن و ڕاهـاتن زیـاتر نـین، هـیچ مرۆڤێـک بە سانایی لەم مافەی بۆ هیچ کەس و گرووپێک خۆش نابێت و ژیـانی خـۆی لە هەر شـتێکی تـر باشـتر و دڵسـۆزانە تـر دەپارێزێ.

هەبـوون و تـا ئێسـتاش هەن ئەوانەی بە میکـانیزمی ملکەچی ڕاهاتوون و مازۆخیانە چێژ لە ژیان وەردەگرن و بـوونی خۆیـان و پارێزگـاریکردن لەم بوونەیـان سپاردۆتە دەرەوەی خۆیان و بەوەنـدە ڕازیـن و ڕازیبوون دەرخـوارد بـدرێن تەنهـا بـۆ ئەوەی هەناسـە بـدەن و جـووڵە بـکەن و بمێنن.

بوونەکەی تـر بـوونی عەقڵە و لە بەکارخستنی هـزر و بیـر و هۆشـەوە دێـتە ئـارا، بـوونی لەم تەرزە ڕاگەیانـدنی سـەربەخۆیی خـودە و کەسـی هوشـیار هێـزی بیرکـردنەوە دەخاتە گەڕ و بڕیار دەدا هەر ساتە وەختێک شتێکی تـازە فێر بێت و بیخاتە سەر بانکی زانین و زانیاریەکانی تـاوەکو ژیان بە ماناتر و بە تام و چێژتر و خۆشتر بژێت و بەسەر بەرێت.



Scanned with CamScanner

ژیـانی عەقـڵ بە پڕۆسـەی فێربـوون و گواسـتنەوەی سەرمایە سیمبولیکییەکانی کولتوورەوە بەندە، ئەدوارد دی بۆنۆ دەڵێ: فێربوونی بیرکردنەوە کردەیەکی ئاڵۆزە، وەک ڕۆیشتن لەسەر پەتێکی ئەوسەر و ئەوسەر توندکراو وایە، ئەگەر توانای لەسەر ڕۆیشتنت هەبێ ئاسانە و ئەگەریش نا ئەوا پـێچەوانەکەی، بیرکـردنەوە قورسـاییەکەی لە دۆزینەوەی هاوسەنگییەکەیدایە چون هەمیشە بیر وێڵی دواى هاوسەنگییە [41].

(ژیـانی عەقـڵ)* پڕۆسێسـی هەمە چەشـنی فێربـوونە، لەهەر سـاتێکیدا هەڵوێسـتێکی فێربـوون دادەمەزرێ، ئەم هەڵوێست و جەشتەڵتانە کەسە چالاکەکان تیایاندا کاران، چالاک لە هەزاران سەرچاوەوە هەڵدێنجێ و دەخواتەوە و تەنها یەک سەرچاوەی نیە بۆ زانین، تاکە سەرچاوە کەسی لغاوکراو دێنێتە کایە، سەرچاوە سرووشتیەکەی بـوون هەزاران ساڵ بوو یەک تایپی لە مرۆڤ دەداینێ بەردەوام یەک وەڵامی بۆ یەک وروژێنەری سرووشتی هەبوو، بەڵام کەسێک لە سەرچاوەی جیاجیا هەڵێنجێ زۆرترین وەڵامی تەنانەت بۆ تاکە پرسیارێکیش هەیە.

فێربـوون سنووری نیە و مرۆڤی نوێ ئەوەندەی بە خەبەرە فێربـوویەکی ئەکتـیڤە، لە خەو و خەونەکانیشـماندا هەر فێـر دەبـین ئەم سـاتانەی حەسـانەوە چـالاکیە

---

[41] دی بونو، أدوارد(٢٠٠١). تعليم التفكير، ت: مجموعة مترجمين، دار الرضا للنشر، ط١، ص٢٥، دمشق.

* ژیانی عەقل: هەم چەمکێکی هیگلییە و هەمیش فرۆیدی و بەر لەوانەش ئەرستۆ و دواتر دیکارت و سپینۆزا و شوبنهاوەر بە جیددی قسەیان لەسەر کردووە و تیۆریانە باسیان لێوە کردووە(نووسەر).



Scanned with CamScanner

دەروونیەکانمان ناوەستن و خۆیان بۆ زەمەن و ساتی تر ئامادە دەکەن.

هیچ بابەتێک لە ژیان لە فێربوونی خودی ژیانکردن گرنگتر و بایەخدارتر نیە، فێربوونی ژیان ئامانجێکی ستراتیژی سایکۆلۆژیای نوێیە و مرۆڤ هەمیشە لە خودی ژیان زیاتر نابێ هیچی تری لا پیرۆز بێ، ژیان لە هەموو بوونێکی تر پیرۆزتر و بایەخدارترە، دەهێنێ هەموو ساتەکانی بە هۆشەوە بژیێن، مادامەکێ هاتنە ژیانمان کردەیەکی سرووشتی و بەدەر لە ئیرادەی خودی خۆمان بوو، چوونە دەرەوەشمان لەم ژیانە(مردن) هەر کردەیەکی سرووشتیە و ئیرادەی ئێمەی نابێ تیابێ، ئەوەی لە ژیاندا لە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانە تەنها هۆشە و بەم هۆشە ژیان بەڕێوە دەبەین و ئاستی هوشیاریە جوداکان جۆر و کوالیتی ژیانەکانمان بۆ لە یەکتر جیادەکەنەوە و دەیخەنە ڕوو.

ژیان بە عەقڵ جوانتر دەبێ و ڕووە ئیستاتیکیەکەی دەردەکەوێ، ئەوانەی کوالیتی ژیان تەنها لە ڕووە مادیەکە و نمایشە ئەرستۆکراتی و لۆرتایەتیەکەیدا دەبینن وەڵامدەرەوەیەکی بە تۆبزیانەی یاسا سرووشتیە دەسکارینەکراوەکەن و نەکاراون توانا عەقلیەکانی مرۆڤ لە هێنانە ئارای یاساکانی هۆش وەدیار بخەن.

تا ئێستاش فێربوون لای ئێمە لە ئاستە هەرە نزمەکەیەتی و ئەوەندەمان بەس بووە فێری بەزم و ڕەزم و دابە بەسەرچووەکان بینەوە و زەمەنمان نەکردۆتە بوارێکی ئەکتیڤ بۆ هەڵسووڕان و جولانەوە و نەمانزانیوە و فێر



Scanned with CamScanner

نەبووین کە چرکە چرکە ژیان دێت و بە جولەی مرۆڤی هوشیار دەگوزەرێ و هەر ڕابردنێکیشی شتێک وەک ماتریالی زەمەن لە دوا خۆی جێدەهێڵێ.

لە ژیانی ڕاستەقینە و عەقلانیدا تەنها فێربوون لە ئەودیو ئەمدیوپێکردنی دیمەنەکانی ژیان و نەخشاندنیان بەو شێوەیەی هەر شێوەیەی لە شێوەکانی تری نەچێ کردەی هۆشمەند و کەسانی بیرکەرەوەیە، بۆ فێربوونی ژیان دەبێ هەمیشە بیرکردنەوەمان تازە و ئەپدێیت کەینەوە، فێربوونی بیرکردنەوە سەرمایەی عەقڵ دەوڵەمەند دەکات و بەم سەرمایەش تادێ کوالیتی ژیان بەرز و باڵاتر دەبێ.

لە هەرچی هەلومەرجێکدا بیگوزەرێنین هەر خۆمانین بەرپرسی جۆری ژیانمان، ئەگەر دنیایەک هۆکار و فاکتەر هەبن بۆ واقیعی ئێستای ژیانمان بەهێزترینی ئەو فاکتەرانە عەقڵی سست و بیرنەکەرەوەی خۆمانە، ئەوە بیرکردنەوەیە ژیان درووست دەکات، جوانتری دەکات، خۆشتر و ڕێکتر و سیستماتیکتری دەکات.

ژیان بە هیچ بەدیلێکی تر ناگۆڕمەوە و مادام "بیردەکەمە کەواتە من دەژیم"، ئەم کۆجیتۆیە لای من پیرۆزترین لۆژیکە، (من بیردەکەمەوە کەواتە من دەژیم)*.

---

* لەسەر ئاوازی کۆجیتۆکەی دیکارت، بیرکردنەوە مانای ژیانی عەقل دەگەیەنێ و بیرنەکردنەوەش ژیانی بیۆلۆژیە.



Scanned with CamScanner

# بەشی شەشەم

# مەدەنییەتی کوردیی



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## شارسازیی ... عەقڵسازیی

مانای (شار) لەگەڵ بڕیاری ململانێی مرۆڤ لە بەرانبەر سرووشت لە زەینی مرۆڤایەتیدا جێگای خۆی دەگرێ، ململانێ ئەلتەرنەیتیڤی عاقڵانەی لەگەڵ ڕۆیشتنی سرووشتە. نەوەیەکی زۆری مرۆڤ بە درێژایی مێژوو خۆی بە سرووشتەوە شۆڕ کردۆتەوە و تاوەکو ئێستاش زۆرن ئەو کۆمەڵگە و تاکانەی ستایلی ژیانیان وەک ستایلی گەشەی سرووشت وایە و نەیانوێراوە و ناشوێرن کاریگەری خۆیان بەسەریەوە جێبهێڵن.

گردبوونەوەی مرۆڤ لە شارەکان نزیکبوونەوەی کەسە جووداکانە لە یەکتر و بڕیاردانیانە لەسەر ئەوەی با چیدی سرووشت دروستمان نەکا و لەمەولا مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێ ببێ بە خالقی ژیانی خۆی لەو فۆرمە ڕێکەی ناوی شارە.

من بە مێژووی شار و تێگەیشتنی سۆسیۆلۆگ و فەیلەسووفان و ئەندازیارانی شارو شارگەراییدا ناچمەوە، بەقەد ئەوەی پێموایە کە شار مانای هێز و لە پاڵیشیدا سیستم و ئینجا مەعریفە دەگەیەنێ، هێز ئەو گۆڕاوە بنچینەییەیە کە مرۆڤەکان لەشاردا دەتوانن زیاتری لێ بەرهەم بێنن و باشتر بەڕێوەی بەرن، چوون لە لادێ و ژیانی کۆچەریی و گوندیایەتیدا ئەو فاکتەرە گرنگە تەنها لە شێوازی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و تۆبۆگرافیای شوێندا بەکار دەبرا.



Scanned with CamScanner

بەڵام لە شاردا تاکەکان هێزەکانیان یەکدەخەن و باوەڕیشیان بە شێوەیەک بۆ درووست دەبێ کە ئیدی تا شار بونیات نەنێن ناتوانن شوناسی هێزمەند و نەتەوە و کۆمەڵگە بە بالای خۆیان ببڕن. شارەکان سەرەتایەکی تازەی بەکاربردنی هێز بوون لە پێناوی بەرهەمهێنانی سیستمگەلێک کە هزری ئینسان دایهێناوە و لە لایەکی دیکەشەوە خۆڕاهێنانە لەسەر ئەوەی با چیتر مرۆڤ دیلی بژاردە سرووشتیەکان نەبێت و لەمەولا ئیرادەی ئینسانیش دەتوانێ لەپاڵ ئیرادەی سرووشتدا جوانیەکی دیکە بدەن بە ژیان.

لە درێژەی مێژووی شارنشینی و شارستانیەتیدا چین لەسەر چین ستایلی گوزەران و هزری بەڕێوەبردن و ژیان ئافەریدەیی هاتوون و چوون، هیچیان تاوەکو ئەم سێ سەدەیەی دوایی لە نهێنی شارچیەتی و شارسازی تێنەگەیشتوون. ئەوان ئەوەندەیان لە باپیرە سرووشتیەکە تێنەپەڕاند و باش لەوە حاڵی نەبوون کە نیاز لە شارسازیی چیدیکە نەشاردنەوەی ئەو ڕۆحە سەرەڕۆیەیە کە دەیەوێ هێز بخاتە بەر مرۆڤ و ڕۆڵی خەللاق و داهێنەری ژیانی خۆی پێ ببەخشێ.

خەللاقییەت لە هاوشانبوون و ڕێڕۆیشتن لەگەڵ هێزە سرووشتیەکان سەردەرناخات، ئەوەی مرۆڤ دەکاتە داهێنەر بیناکردن و ئازادکردنی ئەو ڕۆحە دیلکراوەیە کە جگە لە عەقڵ چیدیکە نیە. شارسازیی هەوڵێکی مرۆڤ بووە بۆ ئەوەی دەستبکات بە خۆناسین و بەردەوام بێ لەو کردە سایکۆلۆژیە تاوەکو دەگات بەو ئاستانەی کە هەر عەقڵ



Scanned with CamScanner

رایدەگرێت و بواری چیتر هەورازچوونی نادات و ئەوەش له راستیدا هەرگیز روونادات چوون خەون و خەیالی مرۆڤ کە لە عەقلدا دادەرێژرێن سنووریان بۆ نیه و له گەردوونیش تێیدەپەرێنن.

له هزری مۆدێرنی خۆرئاواییەکاندا شارسازیی بونیاتنانی ئەو تێزانە بووه کە بیرمەندان و هزروانانیان دایانهێناوه و هەولێکی کردەیی بووه بۆ ئەوەی له جوانترین فۆرمی ئینسانیدا عەقل بە ماتریال بکەن. له تازەبوونەوەی عەقلدا دەبێ بەرهەمەکانی عەقل بە هەموو هەستەکان هەست پێبکەین و دواتر له پرۆسێسی بالاتری عەقل و مەعریفەدا بیانکەینەوه کەرەسته و شتی دیکەیان پێ دابهێنین.

له شاردا نابێ به تێزە سرووشتیه خۆپارێزییەکان درێژه بدەین، ئیشکردن لەوێدا سیستم بەرهەمدێنێ و مرۆڤ له شارسازیدا به جۆرێکی دیکه مرۆڤسازیی دەکات. سەرسامبوون به (لەگەل رۆیشتن) له ئاستی کردە سایکۆلۆژیه هەلچوونی و سۆزگەرایەکان تێینا پەرێنێ و ئەوەی بۆ فۆرمه کلاسیکیه سرووشتیەکان له ژیان بگەرێتەوه له ماناکانی شار و شارسازیی تێنەگەیشتووه و تەنانەت توانای لێ تێگەیشتنیشی نیه.

ئەو ناسازی و نەگونجانەی عەقلی مرۆڤ پەکدەخەن ملدانه بە سۆزگەرایی و میزاجه هەلچووەکان و له راستیشدا ئەم تەرزە رەفتارانه هەنگاوێک له ئاژەل له پێشتره ئەویش تەنها قسەکردن و بەرگپۆشینه.



Scanned with CamScanner

فەرهەنگی ئێمە لەو خاکەی لەسەری دەژین تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە پێناسەیەک بۆ شارسازیی و حیکمەت لە بونیاتنانیدا بێنێتە ئارا و شوناسێک بداتە ئەو لاشە گەورەیەی پێیدەڵێن شار، لە شارەکانی ئێمەدا خۆڕێکخستن لە ئۆرگانەکانی شار بە حەتمی پێویستییەکی بنچینەیی نیە، نە لە حیزب و نە لە کۆمەڵە و گرووپەکان، شار نەبووەتە بوونەوەرێکی زیندوو کە پێویستە بەخێوکرێ و تەواوی قۆناغەکانی گەشەی ژیانی خۆی بباتە سەر و ناوە ناوەش هێز بۆ بەردەوامی و ڕۆح خستنەوەبەر جەستەی خۆی لە کاردا بێ.

ڕۆح کە لە هۆش و عەقڵ بترازێ شتێکی تر نیە لە شارە شەکلیەکانی ئێمەدا(هەر چەندە شار لای ئێمە بەو مانایانەی قسەمان لەسەر کرد بوونی نیە) ئەو ڕۆحە هەر لە سەرەتاوە بە گیڕیی هێناویەتی و ئێستاش لەم زەمەنی تەکنۆمەعریفیەدا عەقڵی کوردی کە لە سیاسەت و دین و ئابووری و بازرگانی بەرخۆردا بەرجەستەیە نازانێ کە شارسازیی بە عەقڵی لادێ ونبوونێکی بەهاییە و خولانەوە و مانەوەیە لە خولگەی بوونە سرووشتیە پەرچەکرداریەکەدا.

قەیران و کێشەکانی ئێمە زۆر بونیادیین و هەروا بە بڕیار و میزاجی کوردانە چارەسەر ناکرێن، هاتنە سەر ئەو رایەی کە ئیدی دەبێ عەقڵمان بەر لە نەتەوە و نیشتمان و دەوڵەت ئۆرگانیزە بکەین لەوە گرنگترە لەگەڵ سروودەکانی کە تەنها مووی لەشمان قیتدەکەنەوە هەڵپەڕین و سەما بکەین.



Scanned with CamScanner

تا شار لە عەقلمان دروووست نەبێت نیشتمانیش بەو فۆرمە نوێیەی نایەتە ئارا، نیشتمان بەر لە هەر شتێک لە عەقڵ و هۆش پایەکانی ڕۆدەچن و دەچەسپن، نیشتمان مولکی عەقڵە نەک هەڵپەڕین و هەڵبەزینەوەی سۆزەکیانە، شار بۆ ئەوە درووست دەبێ شوێنێک لە فۆرمێکی نوێتردا بە سیستەم ڕێکبخری، ئەگەر شار وەک دێیە دوورە شارەکان هەر ماڵە و هەر ئۆرگانەی ڕووی لە لایەک بێ ئەوە هەر دێیە لە پانتاییەکی بەرینتردا، شار مانای سیستەمە و نیشتمانیش بوونێکی یەکگرتووی هەمەگیرە لە ئەڵقەیەکی گەورەتری ئینتیمادا.



Scanned with CamScanner

## من وەها لە مەدەنیەت گەیشتووم!!

- مەدەنیەت هێنانە ئارای یاساگەلێکە خەڵک پابەندی دیسیپلینی ژیان لە زەمەنی کۆمەڵگەکان خۆیان و لەسەرزەمینەکانی خۆیان دەکا.

بەو مانایەی ژیان لە یاساکانی مەدەنیەتدا لە ئێستادایە و بۆ ئێستا و هەلومەرجەکانی ژیانی ئەوان دادەنرێن، نەک یاسا بۆ ئەو بابەتانە بن کە کاریگەریان لە ژیانی هەنووکەیی و ئێستادا نەماوە یا تا ئەو ئاستە لاواز بوونە هەر ڕێزلێنان بەسە بۆیان و چیتر.

- مەدەنیەت تەنها بریتی نیە لە ژیان لە شاردا، بەقەد ئەوەی نەشونماکردنی بەهاگەلێکی ئەخلاقی مۆدێرنە خەڵک تا ئەو ئاستە ڕێکدەخا کە جووڵە و کردەیان قازانج بە تاکەکان وەک مەوجودی باڵا و بە کۆمەڵگەش وەک حەتمیەتی بەرز راگرتنی دەکات. ئەخلاقی مەدەنی بە عەقڵ دادەڕێژرێت و سەرەنجام عەقڵ دەگاتە هەموو شوێنێک و لە هەر بستە زەویەکدا دەتوانێ گەرای خۆی دانێ یا بیانپیتێنێ.
- مەدەنیەت دەسەڵات دابەشدەکاتە سەر هەموو فەزاکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا و بەشی هەموو لایەکی لێدەدات. بۆ نموونە دەسەڵات لە بواری پەروەردەییدا خۆی لە فۆڕمە عەقڵانیەکان نمایش دەکا و بۆ پەخشبوونیشی بەسەر دەوروبەردا بەها باڵاکانی عەقڵانیەت لە خودی تاکەکان دەچێنێ و ناوە ناوەش بە داهێنانی دیکەی عەقڵی



Scanned with CamScanner

موتوربەیان دەکا، چوون عەقلانیەت هەمیشە لە نێو خۆیی و بۆ خۆیی و لەگەڵ خۆی لە جوولەدایە و رۆحێکی بزۆز دەبزوێنی. لە بواری کولتووریشدا دەسەڵات ئیشی دەبێتە وەبەرهێنانی کولتووری و بەرهەمهێنانی عەقلیی لە داهێنراوی ئەدەبی و هونەری و هزری و مەعریفی و تەنانەت هزری زانستیش، چوون زانستی سرووشتی رووت لە نێو دەسەڵاتی کولتوور بەدەر نیە و ئەوە فەرهەنگە بیرکردنەوەی زانستی راستە رێدەکا و دەیخاتە خزمەت ژیانی کۆمەڵگە و فیزیای ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە و لێرەشدا بەراست ئەخلاقی کردەیی و ئەخلاقی سایکۆلۆژی دەکەونە خزمەتی یەکتر و سەرەنجام جەستەیەکی زیندووی مرۆیی کە کۆمەڵگەیە بە ئاگا دەبێ لە خۆیی و چیتر ئەولاو ئەملا نەقورچی لێنادەن و پێیڕانابوێرن. دەسەڵات لە بوارەکانی دیکەشدا ئەوەندەی لایەتی بەکاری دەخا و دەیخاتە خزمەت ئەوەی هیگل ناوی نابوو (رۆحی گشتی) کە لە دەوڵەت و نەتەوە و کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێ.

- لە مەدەنیەتدا عەقلی دژە قۆرخکاری پەرەی پێدەدرێ و لەژێر نێوی ئەم چەمکەدا منایەتی و نەرگزیەت و ژیان بە پێی هاوکێشەکانی بەهێز و بێهێز جێگای نیە و یاسا و عەقلانیەتی یاسایی ئاستە جیاجیاکانی هوشیاری و ئاستە جووداکانی هێز و توانا هەمەجۆرەکان پابەندی فورموولبەندیەکی تۆکمەی یاسا دەکا و هەر کەسە لە مەدەنیەتدا هەم خۆیی و هەم توانا و ئیرادەی خۆی نمایش دەکا و لەسەریان پاداشت دەکرێ نەک سزا.



Scanned with CamScanner

- لە مەدەنیەتــدا ســزا ئەو ئامــانجە نــیە بریتــی بــێ لە ئـازاردانی تاکەکـان تەنهـا بـۆ حەسـانەوەی سـادیانەی کاراکتەرە ساختەکانی دەسەڵات، سزادان لە مەدەنیەتدا هەوڵگەلێکن بۆ ئەوەی بەهۆیانەوە خەڵک فێری ئەوە بێ وەک هەلومەرجەکـان دەیـانەوێ بجـوولێین نەک وەک کەسـانی تایبەت.سـزا هـونەرێکی مەعـریفیە ئەوەنـدەی ڕۆڵی هوشیارکردنەوە و راستکردنەوە و وەئاگاهێنانەوە و عاقڵکردن دەگەیەنێ ئەوەندە وەرگێڕانی حەز و مەیلە نارسیسیەکان نین. سلیگمان دەڵـێ: بیرۆکەی سکینەر لەسـەر سزا کە پێیوایە هیچ کاتێک سوودی نییە زۆر لەجێـی خـۆی نیـیە و بـێ سـوودە، سـوودی سـزا بەسـتراوەتەوە بە ڕوودانـی پەیوەنـدییەکی مەرجیـی لە نێوان ڕووداوێکی کرێت و رەفتارێکی ناپەسەند، ئەمەش ڕۆڵـی دەبـێ لە کەمکـردنەوەی دەرکەوتنـی ڕەفتـارە ناپەسـەندەکە و ئەمەش وەک بنەمـایەک بـۆ دەسکاری و چـاککردنی ڕەفتـار بەکـار دێـت کە زۆر لە ئەزمـوونە ئەمبیریکییەکان سەلماندوویانە [٤٢].
- مەدەنیەت دوا هەڵبژاردنی مرۆڤی ئەو سـەردەمەیە و تا ئێسـتا ئەلتەرنەیتیڤێکـی باشـترمان نـیە هـزری ئینسـان دایهێنـابێ بـۆ ئەوەی بە هـۆیەوە ژیـان باشـتر و جـوانتر ڕێکخرێ. مەدەنیەت دوا بەرهەمی عەقڵە و ئەو جەنجاڵیە مەزنەی مـرۆڤ لە دنیـادا تێیکەوتـووە، هەر لە تـادێ زێدەبوونی دانیشتوان و شکستی ستایلە سیاسی و تایبە

[٤٢] سليغمان، مـارتن(٢٠٠٥). السـعادة الحقيقية.....اسـتخدام الحـديث فـى علـم الـنفس الايجابي، تك مجموعة مترجمين، دارالعين للنشر، ط١، ص٢٧٨، القاهرة.

ئایدیۆلۆژی و ئابووری و کولتووریەکان بەم فۆرم و گەوهەرە هزریە نەبێ نایەتە سەر باری هارمۆنی خۆی. مرۆڤ ئەوەی دایهێنا ئەزموونی کردوو بەهۆیانەوە نەگەیشتە ئەو ساتەوەختانەی ئارامی دەروونی و رۆحی و جەستەیی وەدیبێنێ، لە راستیشدا ژیان لە ئارامی سایکۆلۆژی و رۆحی و جەستەیش زیاتر شتێکی تر نیە و هەر فۆرمێکی هزری سیاسی و کولتووری و میتۆلۆژی تا هەنووکە نەیتوانیبێ مرۆڤ تا ئاستێکی باش بحەسێنێتەوە ئەوا چیدی عەقڵانی نیە و بەردەوامبوونی دەیخاتە دژایەتی عەقڵەوە.

- ئایا ئێمەی خەڵکی ئەم سەرزەمینە دەکرێ هۆشمان بێتەوەبەر و وەک خوێندمان بجوولێینەوە و وەک هەڵمانبژارد بەکاریان بێنین و وەک ئارەزوومان کرد پیادەیان کەین؟

ئایا دەکرێ کەم کەمە مەدەنی بین و تادێ بەرەو ئەو ئامانجە زۆربەمان بەیەکەوە هەنگاو بنێین؟

ئایا مەدەنیبوون لای ئێمە تەنها بەکاربردنێکی ساختەچیانەیە بۆ ئەوەی نیازە شەڕانی و کرێتە دەروونیەکانمانی پێ ئاو دەین؟ یا ئامانجێک بوو حەزمان لێبوو پێی بگەین بەڵام نەمانزانی و نەمانتوانی؟.

ئایا دەسەڵات بەدەستە هەمە جۆر و هەمە شێوەکانی ئێمە، بیریان ماوە کە : ئەوان سەدەیەکە بۆ ئەو ئامانجە درووشمەکانیان دەرازاندەوە و ئەوەی ئێستا پێیان وایە بە خەباتی ئەوان هاتۆتە دی دەکرێ لەژێر ناوی مەدەنیەتدا جێیبکەینەوە؟!

ئەو مەدەنـــیەتەی ئـــێمە لە گەورە هزرمەنـــدەكان فێربــووین ئەوەنـدەی پەیوەســتە بە عەقـڵەوە، ئەوەنـدەی پەیوەستە بە زانست و مەعریفەوە ئەوەندە پەیوەست نیە تەنانەت بە رۆحیشەوە، رۆح تەنها وێستگەی حەسانەوەی عەقـڵە نەک ئەو ســاتمانەی بمــانكەوێنن و ئیتــر راسـت نەبینەوە و تا هەین لە سایەیاندا بخەوین.

مەدەنیەت = عەقڵ، ئاسـتی گەیشـتنمان بە مەدەنـیەت ئاستی گەشەی عەقڵیمان دەردەخا...



Scanned with CamScanner

# پەروەردەی ئازادیی*

ئەگەر پێمان وابێ کە مرۆڤ یەکسانە بە پەروەردە ئەوا نە سەرچیخ ڕۆیشتووین و نە شتێکی دیکەمان جگە لە ڕاستی دۆزیوەتەوە، تا مرۆڤ ئەو (بوون) ە بێ بوونی بەسترابێتەوە بە هزر و عەقڵ و بیرکردنەوە و دواتر بە کار و کردار و چالاکیەکانیەوە لە دنیادا، ئەوا پەروەردە ئەو خەمەیە بەر لە هەر شتێکی دیکە دەبێ هەڵبگیرێ.

هەر کولتوورەی مرۆڤی خۆی بەو شێوەیە پەروەردە دەکا کە لە لایەن تاکەکانیەوە بە درێژایی مێژووی مانەوەی لەو شوێنەی لێیەتی دایهێناوە، هەر بۆیە هەر کۆمەڵە و گرووپە بە شێوەیەک قسە دەکا و بە شێوەیەک هەڵسووکەوت دەکا و بە شێوەی جیاجیاش هەر وەک هیگل دەڵێ ژیانی خۆی وێنە دەکێشێ، هیگل لە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدا دەڵێ: (ژیان کۆمەڵێک وێنەیە خود بۆ خۆی پێکیاندەهێنێ [43]).

ستایلی ژیان بەرهەمێکی داهێنراوی هەوەنتە نیە هەروا بە فشە لێی بڕوانرێ، ستایل داهێنراوی هەم تاک و هەم کۆمەڵگەشە، تاکەکان هەر یەکە بە جوودایان لە یەکتر ستایلی خۆیان ڕێک دەخەن و کۆمەڵگەش بە پێی جوودایی خاک و ژینگە و ئاووهەواو کیمیای خاک و فیزیای

---

* ناونیشانی کتێبێکی باولو فرێرییە.

[43] حسين، محمد طه(٢٠١٦). الذات الكردية....مقاربات فينومينولوجية نقدية، دار الزمان دمشق، ط١، ص١٦.

جوگرافیاکەی و ئینجا خەیاڵ و تێڕامانەکانی ستایلی جووڵە و زیندەگی خۆی نمایش دەکات.

ستایل بە پەروەردە دێتە ئارا و پەروەردەش شتێک نیە جگە لە سیستم و سیستمیش شتێک نیە جگە لە عەقلانیەت، کەواتە بە لە جیاتیی پەروەردە یەکسانە بە عەقلانییەت، ئەو پەروەردەیەی مرۆڤ فێری ئەوە دەکا چۆن چۆنی لەم ژیانە ببیاتە سەر بێ ئەوەی کەسانی وەک خۆی لە مرۆڤستاندا بخاتە تەنگاویەوە، ئەوەیە پەروەردەیەکی عەقلانی گونجاو لەگەڵ بـــوونی خـــۆی، مـــرۆڤ وەک بـــوونێکی چـــالاک و بیرکەرەوە بێنێتە ئارا.

زۆرن ئەوانەی لەسـەر گرنگی و بـایەخی پەروەردە لە ژیـانی مرۆڤدا قسـەیان کـردووە و باسـیان خسـتۆتە روو، بەڵام خۆ بایەخی ئەم خواستە ئادەمیە تەنها لای ئەو کەسە بیرمەندانە نیە و ئەوەی پێیوابێ ژیان پێویستی بەوە هەیە لێیبزانی بۆ ئەوەی باش تیایدا بژی دەبێ بڕوای بەوە هەبێ تا ماوین دەبێ پەروەردە لە پێشەوەی هەموو خواستەکانی تر دوای پێویستیە بیۆلۆژیکیەکان دابنێین.

لە عەقلی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی ئـێمەی کـوردی ئەم سـەرزەمینە هـیچ جووڵە و بزاڤێک بەو ئاراسـتەیە نـابینین بایەخی ژمارە یەکەمی ئەو بوارەمان بۆ دەرخا، وا پێدەچێ عەقلی دەسەڵاتخواز و دەسـەڵات بەدەسـتی ئەم سـەرزەمینە خێـــر لەخۆنەدیـــو و بەدبەخـــتە لە گرنگـــی و دواتـــر مەترسـیەکانی پەروەردە حـــاڵی نەبـــوون و هەر بـــۆیەش لەوەتەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە وەستانێکی جیددیمان لای هیچ یەک لەو هێزە دەسـەڵات بەدەسـتانە نەبینی پێمان



Scanned with CamScanner

بڵێ : برواینە برادەرینە ئەوەی دەمانکاتە مرۆڤ پەروەردەیە و ئەوەی دەشمانباتە ئاستێکی مەعقوول لە دەوڵەتداری و حکومەتداری و کۆمەڵگەیەکی کراوە و تاکی ئازاد هەر پەروەردەیە.

ئەوان زیاتر فیزیکیانە سەیری پرۆسێسی پەروەردەیان کردووە و تەنها و تەنها لە وەزارەت و وەزیر و ئاپارتمانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتیە گشتیەکان و بینایەی قوتابخانەکان و قەڵەم و دەفتەر و کتێب کورتیان کردۆتەوە، ئەم بینینە هەستیە زادەی یادگەیەکی هەستیە و مرۆڤیش بە تەنها بەو جۆرە یادگەیە ئیشەکانی خۆی پێ ڕاهی ناکرێ و بۆ چوونە نێو فیکری پەروەردەیی و فەلسەفەی پەروەردە پێویستیمان بە یادگەی ناوەند و درێژخایەن هەیە یادگەیەک پڕیکەین لە شارەزایی و داتا و زانیاری، بۆ ئەوەی لە کردە مەعریفیەکانی پەروەردەدا هەمیشە لە پەیوەندیدا بین لەگەڵ کولتوور و توراس و ئینجا دەرکەوتە تازەکانی عەقڵی ئینسان.

هەروەک وتم زۆرن ئەوانەی بایەخی پەروەردەیان خستۆتە روو بەڵام کەس بەقەد( پاولۆ فرێری* ) نەچۆتە نێو پراگماتیکیەتی ئەم کەناڵە هەرە هەستیارە و لە کتێبەکانیدا هەمیشە قسەی تازە و تێزی نوێ دەخاتە روو، سەرنجڕاکێشترین کتێبەکانی بە ناوی ( پەروەردەی ئازادی)

---

* پاولۆ فرێری: سایکۆپەروەردیارێکی ئەمریکی بە رەچەڵەک بەرازیلییە لەو بوارەدا رەخنەگرێکی سەرسەختی سیستمی پەروەردەیی بەرازیل و تەنانەت ئەمریکاشە، خاوەنی کتێبی پەروەردەی داپلۆساوەکانە، زۆر لیبراڵە لە پەروەردە و تێزی هاوسەنگیی لەو بوارە پیادە دەکا.

لە فەیلەسووف و توێژەرە چالاکە ژیرانە دوو چەمکی یە، ئەم فەیلەسووف و توێژەرە ... هەرە پێویسـت و هەرە ئینسـانی لەیەکتـر دەدات و ئاوێتەیەکی زیندەگیانەی شارستانیانەیان لێ درووست دەکا کە چەمکەکانی "پەروەردە و ئازادین". لای ئەو پیاوە هیچ یەک لەم دوو چەمکە قابیلی لەیەکتر جیاکردنەوە نین، هەریەکەیان مانای ئەوەی تریان تەواو دەکات و بێ یەکتر بەردەوام نابن و ئەگەر هەڵیشکەوتبێ جوودا بووبن لە یەکتر لە سیستمێک لە سیستمەکانی پەروەردە لە دنیادا ئەوا مەبەست لە خزمەتکردنەکە مرۆڤ نەبووە بەڵکو شتێکی تر بووە ئەو شتەش یا گرووپی دەسەڵاتخواز بوون یا کۆمەڵەیەکی خورافی نەژیاو وەک مرۆڤ.

فریری لەو کتێبەیدا ئەم قسە سەرمەدیەی دەکات:

**بوون لەم جیهانەدا بێ درووستکردنی مێژوو و خستنە خزمەتی ئەم بوونە، بێ داهێنانی فەرهەنگ، بێ خەمخواردن لە هێنانەکایەی مرۆڤی تایبەت لەم جیهانەدا، بێ خەون، بێ گۆرانی و بێ مۆسیقا و بێ وێنەو رەسم و بێ بایەخدان بە زەوی و ئاو، بێ بەکارهێنانی دەست و بازوو، بێ هوونەری پەیکەرتاشی و کـۆڵین و فەلسەفاندن، بێ هیچ رایەک سەبارەت بەم دنیایە، بێ زانین و تەکنۆلۆژیا، بێ ترسان لە شتە شاراوەکان و حیساب بۆکردنیان، بێ فێربوون و فێرکردن، بێ بوونی بۆچوون لەسەر پەروەردە و فێربوون، پاشان بێ سیاسەت، دواى ئەمانە بوون بێ ئەم هەموو شتانە لە راستیدا بوونێکی مەحاڵە** [٤٤].

---

[٤٤] فریری، باولو(٢٠٠٤). تربیه الحریة.....الأخلاق- الدیمقراطیه- الشجاعة المدنیة، الدار المصریة اللبنانیة، ت: د.أحمد عطیه احمد، ط١، ص١١٤، القاهرة.



Scanned with CamScanner

ئەم هەموو بوونە لای ڤرێری بابەتی ئەنتۆلۆژین و هەرگیز مرۆڤی کارا ناتوانێ خۆیان لێ لادات، ئەگەر ئەمانەش لە هێزی کەسانی کاربەستدا نەبوون ئەوا نەخۆیان مرۆڤگەلێکن بە پێوەرە ئەنتۆلۆژیەکەی و نە خەڵکیش بۆ بوون بە مرۆڤ ساز دەکەن.

لەم هەرێمەی خۆماندا ئەوەی بە درێژایی سەدەیەک کردمان و ناوی شۆڕشمان لێنان زۆر کەم لە مانا ئینسانی و ئەنتۆلۆژیەکەی پەروەردە گەیشتبوون و هەر بۆیەش ئەوەی ئێستا دەیچنینەوە بە ملیم بەلای پەروەردە بەو تێگەیشتنە مۆدێرنەکەیدا ناچێ. هەمیشە شۆڕشەکان بۆ ئەوە هەڵدەگیرسێن تاوەکو شتێک لەو بوونە پاسیڤەی تیایدان بگۆڕن و داهێنانێک بخەنە سەر ئەوەی پێشتر هاتۆتە ئارا، بەلام شۆڕشەکانی ئێمە لە مانا سایکۆلۆژیەکەیان تێنەپەڕاند و تەنها و تەنها خەفەکردنەوەی دەروونی کۆمەڵگە بوون بۆ ماوەیەکی کورتی دیاریکراو و دواتر ئارامکردنەوەی سایکۆلۆژیەتی شۆڕگێرە دەسەلاتوەدیهێنەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

شۆڕش ئەگەر پەیڕەوی عەقلانیەت نەکات و پلانڕێژی بۆ ژیانی دوای سەردەمەکەی خۆی نەکات لە حاڵەتە دەروونیەکە تێناپەڕێنێ و هاوکێشەکە هەروەک پێشوو دەمێنێتەوە و بەم شێوەیەیە: **پڕۆژەی وێرانسازی نەیاران← پڕۆژەی بیناسازی شۆڕش← پڕۆژەی وێرانسازی.**

ئەم حیکایەتی شۆڕش و شۆڕشگێڕیە بەم شێوە بازنەییە بەردەوام دەبێ هەرچی داهاتی ئابووری و سەرمایەی مرۆییش هەیە دەبێتە قوربانی هەر لە دەوری



Scanned with CamScanner

خۆی خولدەخواتەوە، بە داخەوە ئێمە واین لە نێو ئەم خولگەیە و بینینی هێزەکانمان بۆ پەروەردە نەگەیشتۆتە ئاستی بینینێکی عەقلانی و ئینسانی باڵا، مەگەر نا:

* بۆچی تاوەکو ئێستا گوتارێکی پەروەردەیی رەسەن و داهێنراو دوای ئەم هەموو ساڵە لە شۆڕش و ولات بەڕێوەبردنە بوونی نیە؟
* بۆچی تاوەکو ئێستا سیستمێکی کوردانەی مرۆڤدۆستانە نەهاتە ئارا؟
* ئایا کێشەی هەموو جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە دنیا سەرلەنوێ بیناکردنەوەی تاکە رووخاوەکانی نیە بۆ ئەوەی بیانکاتەوە بەو مرۆڤانەی هەڵگری بەهای مرۆڤایەتی و نەتەوەیی بن و بتوانن ببن بەو تاکانەی ئازاد بن نەک کۆیلە؟
* ئێمە نەمانتوانی لە زەلکاوی کولتووری بە کۆیلەکردن دەرچین و لە راستیشدا تاوەکو ئێستا هێزمەندەکانمان پێیانوایە هێز لە ملکەچی تاکەکاندایە نەک ئازادبوونیان.



Scanned with CamScanner

# بەشی حەوتەم

# یەکبوون و جودایی



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## با یەکگرین تا جودا بین

بەر لەو نووســـینە بە ســـاڵێک بە پـــێچەوانەی ئەم ناونیشـانەم نووسـی و لە ڕاستیشـدا قسـەیەکی فەلسـەفی بوو(با جودا بین بۆ ئەوەی یەکگرین).

لە ســـتراتیژدا هەردوو کۆجیتـۆکە فەلســـەفین و دوو ئامـــانجی راســـتەقینەی مـــرۆڤ بـــوونی راســـتەقینەن، جوودابـوون بـۆ یەکگـرتن و بەیەکەوە ژیـان و پێکەوەنـانی ژیانێـک، هەمووومـــان تیایـــدا بەشـــی خۆمـــان بەردەکەوێ زەروورەتێکی بایۆسایکۆلۆژی و سایکۆ ڕۆحیە. بۆ (بایۆ) و بۆچی(سـایکۆ) و بـۆچی (ڕۆحـی)؟ لە ڕووی بیۆلـۆژیەوە جودابـوونی هەر یەکێـک لەوەی تـر ڕاسـتیەکی زانسـتیە، لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە بە هەمان شێوە بونیادی دەروونـی هیچ دوو کەسێک لەسەر زەوی لە یەکتر ناچێ و تاکەکان هەر یەکەیـان قەوارە و بـوار و ژینگەی تـایبەت بە خۆیـان هەیە.

لە ڕووی ڕۆحیشـــەوە هەر کەســـە پەیوەســـتەگیەکی ڕۆحی جیا لەوەی تری هەیە بۆ ئەوەی بکەوێتە کەشێکەوە تیایدا ئارامیی ڕۆحـی و ڕەوانـی و ڕەزامەندیەکی دەروونـی ئەوتـۆی دەسـتکەوێ سـاتەوەختەکانی ئەم ئـارامیەی هەر یەکێـک تەواو لەوانـی تـر جـودان، چـون پەیوەسـتەگیە ڕۆحیەکان لە هەر دۆخێکی تری ئینسانی تاکانە(ئیندیڤیژواڵ) ترن.

ناچمەوە سەر کۆجیتۆی دووەم، و سەرنج دەخەمە سەر ( با یەکگرین تا جودابین)، یەکگرتن میکانیزمە و تەنها ئەرکی گەیشتنی بە ستراتیژی جودابوون لە ئەستۆیە، بۆ ئەوەی (جودابوون) بێ بە مەرجی یەکەمی بوونی چالاک و بکەر دەبێ هەرچی ئۆرگان هەیە لە کۆمەڵگە لەو سۆنگەیەوە بنەماو بنچینە هزری و کردەییەکانی دامەزرێنێ، حزب لەو دەرچە هزریەوە نەڕوانێتە تاکی ئەم سەرزەمینە هەرگیز نابێتە جێ متمانەی زانستخواز و هزروانان و دواتر کەسە عاقڵەکان، و لە ڕاستیشدا هەمیشە لە پرۆژەکانی خۆی شکست دێنێ و ناتوانێ کۆمەڵگەیەکی سیاسی ساغ و مەدەنی بەیەکەوە بنێ و جگە لە تیرەگەرایی بە بەرگێکی تر و ڕەنگێکی تر ناگاتە هیچی تر، سەرەڕای ئەوەی تەنها هۆکارێک یا کەرەستەیەک دەبێ بۆ سەروەرکردنی کەسە نارسیستەکان نەک کەسانی خاوەن سەروەری عەقڵ.

حکومەت لە قەناعەتی جیاوازیەوە هەموو ئۆرگانەکانی خۆی یەکنەخا هێزی ناسینەوە و ناونان لە دەست دەدات و تا هەیە هەر لەسەر یەک بەزم دەژەنێ و هەر چاوەڕێی بیستنەوەی هەمان ئەو دەنگانەن کە لە خۆیەوە دەرچوون و هەموو ئەو حکومەتانەی بە دواشیدا دێن لەویان زیاتر پێناکرێ.

ئۆرگانە دینیەکان لەو تێگەیەوە بۆ یەکگرتن بەرەو جودایی نەچن هیچ کاتێک ناگەنە ئەو ئاستەی ئەو خودایە لێیان ڕازی بێ کە خۆیان پێیانوایە دەیناسن، چون خودا **هەرگیز هەڵەی وای نەکردووە لەم گەردوونەدا دوو شتی وەک یەکی درووست کردبێ، چجای دوو کەسی وەک یەک.**



Scanned with CamScanner

هەرچی ئۆرگان و دامەزراوەکانی تر کە لە کۆمەڵگە هەن بە زەروورەت و هیگل وتەنی زەروورەتێکی حەتمی دەبێ لە جوداییەوە بەرەو یەکگرتن بچن. چوون لە جیاوازیەوە بەرەو یەکگرتن جوڵەیەکی تاهەتایی جەدەلیە و پێچەوانەکەشی کە ئێستا بابەتی ئێمەیە لەو داینامیکیەتە دێتە ئارا، یەکگرتن ڕێککەوتنێکی عەقلانیە بۆ هێنانە ئارای حەقیقەتێکی حەتمی کە جوداییە، جودایی نەک بەمانا پچڕانێکی ئەبەدی و دانانی سنووری تا هەتایی، بەڵکو بەمانای لەیەکتر بە جودا بینینی تاکەکان و بە جودا دەرکەوتنیان و بە جودا هەڵسوکەوتکردنیان و بە جودا هەستکردنیان و بە جودا پەیبردنیان و بە جودا شعورکردن و هۆشبردنیان و .....تاد.

ئەم پرۆسێسە عەقلیانە کردەی سرووشتی و بیۆسایکۆلۆژین و ئەگەر لێیانگەڕێین بە ئاسایی گەشە بکەن دەبێ زەمینەیان بۆ برەخسێنین نەوەک زەمینەکانیان لەبار بەرین. گەشەی هۆش و هۆشیاری و پەیبردن و دوای ئەوانەش عەقڵ گەشەیەکی باڵاگرتنی بەرەو هەورازە و ئینجا بژاردەکاریانەش، ئەم تێزە بۆنی داریونیزمی کۆمەڵایەتی لێدێ، وەلێ بمانەوێ و نەشمانەوێ لە ڕوودانی ناتوانین خۆمان ببوێرین، مەگەر نا تەنها ڕێچکەکانی دەشێوێنرێن و دواتر بە (زەروورەتی سلبی*) ڕەوتەکان دێنەوە ڕاستە ڕێی خۆیان، ئەگەر نەشهاتن ئەوا کارەسات

---

* زەروورەتی سلبی: چەمکێکی هیگلییە هیگل لە توێژینەوەکانی بۆ خۆرهەڵات و بە تایبەت دینی ئیسلام بەکاری هێناوە.

لە دوای کارەسات ژیان دەتەنێ و خودەکان ئەوەندەی ویرانساز دەبن بیناساز نابن.

تا مرۆڤی ئەم سەردەمە کە ئێمەش دەگرێتەوە نەگاتە ئەو قەناعەتە زانستی و هزریەی جودابوون ئامانجە و هەرگیز نابێ ئەم ئامانجە بە ئامانجە لکیە تەسکەکان بگۆردرێتەوە، ئەوا هەمیشە ئیشمان بۆ ئەوە دەبێ (با چیتر جودا نەبین و جیاوازیەکانمان بخەینە لاوە بۆ ئەوەی یەکبگرین!!)، هەرگیز یەکگرتن بە لادانی جیاوازی نایەتە ئارا، بە پێچەوانەوە راستە، هەربۆیە رێککەوتن لەسەر ئەوەی (تاکو بگەین بە جیاوازی و عاقلانە هەرچی هەیە لەیەکتر بە جودا ببینین و بناسین پێویست یەکبگرین).

ئێستاتیکای جیاوازی چەندە جوانتر و رازاوەتر و هونەریتر و خەیاڵفرێوتر و دنیا بەکراوەبینتر و زانستیتر و دواتر ئینسانیترە، چێژی جوانی و ئێستاتیکای عەقلانی هەرگیز لە وەکیەک بینی و وەکیەک پەیبردن و وەکیەک بیستن و وەکیەک بۆنکردن و وەکیەک چێژوەرگرتن و وەکیەک شعورکردن و وەکیەک هۆشبردن نیە، ئەم هەموو وەکیەکیە کوشتنی جوانی و ئێستاتیکا و هونەر و خەلق و داهێنان و عەقڵە و سەرەنجام بە قازبینین و بە مەڕبینی و بە قەلبینی تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

ستراتیژی هزری زانستی و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەر گرووپ و کۆمەڵەیەکی مرۆڤایەتی ئەم خاڵە حەتمیە واتە - جیاوازی - نەبێ تا هەین هەر لەسەر ئەم رێچکە هەڵانە دەبین و هەر ئەوەشە لە راستیدا چەندین فەیلەسووف و سایکۆلۆژیست وبیرمەند



Scanned with CamScanner

پەیـان پێبـردووە و هەمیشـە تیـۆریزەی پێداچوونەوەی مێـژووی مرۆڤـایەتی دەکەن و پێیـانوایە ئەم مێـژووە بە سەقەتی هاتووە و بۆ ئەوەی مرۆڤێکی تر و کۆمەڵگەیەکی تـر بێـتە ئـارا بـا جێگـۆڕکێیەکی دینامیکیـانەی ئەم دوو کۆجیتـۆیە بکەیـن و لەیەک کاتـدا لە جودابیمـانەوە بـۆ یەکگرتن بچین و دواتر لە یەکگرتنەوە بۆ جودایی، وەستان تەنها لەسـەر یەکێکیان کۆمەڵگە و تاکەکان سڕ دەکات و عەقڵی بە جووڵەیەکی نا ئیرادی دەبەستێتەوە.

## وەکیەکەکان هەرگیز ڕێکناکەون!! هێزە کوردیەکان بە نموونە

بونیادی سایکۆلۆژی تاک و کۆمەڵگەی کوردی لەم هەرێمەی خۆمان بە یەک شێوە پەروەردەی کۆمەڵایەتی ترادیسیۆنی(دابونەریت) و یەک شێوە پەروەردەی ئاینی و یەک جۆرە پەروەردەی سیاسی تێپەڕیوە، خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی کۆمەڵگەکەمان ڕوو و گەوهەرێکی کۆگەری collectivity هەیە و لەوەتەی هەین لە ڕێگەی ئۆرگانە کۆمەڵایەتیە بێ سەروبەرەکانمانەوە هەر بەو گیانە پەروەردە دەکرێین.

(وەهمی هێز لە کۆدایە و بە تەنها دەرەقەتی هیچ نایەین)، شەپۆلی تووشی کۆمەڵگە کردووە و نەیهێشتووە تاک بە (سەدە) چەند هەنگاوێک بچێتە پێش، چەمکەکانی (یەکڕەنگ) و (یەکدەنگ) و (یەکدەست) و یەک......تاد هەناوی کۆی کرمێکردووە و کردوویەتی بە جانەوەرێکی ترسنۆکی ئەوتۆ هەمیشە لەبەرانبەر هەر مەترسیەک ڕەویوەتەوە و لەم کۆڕەفتاری ڕەوینەوەیەش (کۆ) عەقڵی لەدەست داوە و بە هێزی سۆز و هەڵچوون جووڵاوەتەوە.

هەموو ئەو ئیمپراتۆرییانەی ڕووبەری گەورە گەورە و فراوانیشیان لەسەر زەمینی خەڵکی تر داگیرکرد بەم ستراتیژە دەروونکۆمەڵایەتیە هێرشیان بردووە و شکستیشیان هێناوە لەسەرەوەڕا هەرەسیان هێناوە و کاتێ هەڵوەشاونەتەوە و خۆیان بە هیچ نەگرتۆتەوە.



Scanned with CamScanner

ئێمە هەموومان پێکدەچین و پێکهاتەی دەروونیمان بە کاریگەری ئەم ستراتیژە دەروونکۆمەڵایەتیە هەمەکیانە داڕێژراوە و سرووشتی گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتیمان بە ڕێچکە ترادیسیۆنیەکاندا تێپەڕبوون، کۆمەڵگەی ئێمە تاکەکانی بۆ ئازادبوون پەروەردە نەکردووە بەقەد ئەوەی بە وەعیەوە بۆ دیلبوون و دەستەپاچەبوون ئامادەی کردوون، (خۆنەبوون) و (تاکنەبوون) ی تاکی ئەم سەرزەمینە بەستراوەی باوەڕنەهێنانە بە جیاوازی و لەیەک جوودابوون و گرتنەبەری ونبوونە لەنێو کۆ.

هێزوەرگرتن لە کۆ تاکێکی تۆقیوی بۆ هێناوینەتە ئارا ئەگەر هاتوو لەم کۆیە دابڕا ئەوا گورگە مرۆییەکان دەیخۆن و ڕۆڵی مەڕبوونی خۆی پیادە دەکا، ئێمە مێگەل و نێرگەلین و تاک تاک ئەگەر لەیەکتریش جیا بین لە ڕووە بیۆلۆژیکی و مۆرفۆلۆژیکی و سایکۆلۆژیکیەوە ئەوا بەم جیاوازیانەی خۆمان نەزانیوە و هەرگیز نەمانهێشتووە توانا جوداکانمان بۆ یەکتر دەرکەون لەو تێگەیشتنە هەڵەی گوایا بە جیابوونمان لە یەکتر گورگ دەمانخوا و ئاسان دەبینە پارووی ئەوانی تر.

لەم کۆگەراییە ناهوشیارانەی خۆمان جیاوازیەکان هەمیشە ونبوون چون پێمانوابووە بە تەنها هیچ نین، خۆ ئەگەر بە کۆ لە هەوڵەکێکیشدا ئاسان سەرکەوتبین ئەوا ئاسانتر شکستمان هێناوە کاتێک ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەیەکیش بووبینەتەوە، یەکبوونی هوشیارانەی جووداکان هێز بە تاک و کۆمەڵگە دەبەخشێ نەک یەکبوون لە سۆنگەی وەک یەکی و یەکڕەنگی و یەکدەنگیەوە،

وەکیەکـــی ســـــتراتیژێکی مەڕ بـــــوون و قـــاز و قەلەمون(عەلیشیش) بوونە ئەوانەن یەک ڕەنگ و یەکدەنگن، ئەم ستراتیژە بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا باش بوو، چون مـــرۆڤیش ئەوســـەردەم ئـــاژەڵێکی دیـــکە بـــوو و بـــۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاژەڵانی دی پێویستی بەم خۆ بەیەکتر بەهێزکـــردن و گردبـــوونەوەیە بـــوو، بەڵام لەم زەمەنەی ئێستادا هوشیاربوونەوە بە ستراتیژی عەقڵسالاری پێویستی بەوەیە عەقڵـی هەر یەکە لە تاکەکـان بجەڕبـێن بـۆ ئەوەی توانا تاکیەکان دەرکەون تاوەکو هوشیارانە نرخی تـاک و دواتر نرخی کۆمەڵگە و نەتەوە و دەوڵەت و ....تاد بزانین، گردبـوونەوەی جوداکـان هێـزی جیاجیـا درووسـت دەکـا، کۆمەڵگەیەک لە جوداکان هێزمەنترە لە وەکیەکەکان.

گوتـاری سیاسـی و حزبـی کـوردی ئەم هەرێـمە لە گوتارە پەرش و بڵاوە کۆمەڵایەتیە ترادیسیۆنیەکەی جودا نـیە، حزبەکـان هیچیـان لەیەکتـر جـوودا نـین چـون لە کـوردەواری خۆمانـدا هەمـوو خێزانەکـان لەیەکتـر دەچـن و تاکەکانیش لەیەک ماشێنی مرۆڤسـازی پەروەردە و ئەخلاق فێربـوون و هەر بـۆیەش بوونیـادی سـایکۆلۆژی تاکەکـان وەڵامدەرەوەی ئەم ژینگە دەروونکۆمەڵایەتیە نەگۆڕە دەبن.

حـــزب و ڕێکخراوەکـــان لەوەتەی هەن نـــاکۆکن و بە جـۆری جیاجیـا لەیەکتـر لە بۆسـەدان و سـەنگەر لەیەکتـر دەگـرن، هۆکـاری سـەرەکی ئەم نـاکۆکیە درێژخـایەنە وەکیەکـی خۆیـانە، چـون لە وەکیەکیـدا بەرژەوەنـدیەکانیش وەک یەک دەبن و هەمـوو ئەو شـت و بابەتـانەی لەسـەری نـاکۆکن وەک یەکـن بـۆیە بەردەوام دژی یەکتـرن و تـا

هەتایەش بەم هەلومەرجە ڕێکناکەون، هەریەک لەم حزبانە ئەگەر خۆی پێ لەوانی تر پێشکەوتووخواز و مۆدێرنتر و دڵسۆزتر و دیموکراتتر و ......تاد ە، ئەوا کورد وتەنی با هەر بۆ خۆی بڕێسێ، لە جیاوازبوون لە یەکتریدا ڕوانینەکان لەیەکتر جوودان و تێگەشتن و بیرکردنەوەکان هەمەڕەنگ و دەنگن و هەربۆیەش بەرژەوەندیەکان جودا دەبن، ئەوسا هەریەکە بە ئاراستەیەک بیردەکاتەوە و بە شێوەیەک دەدوێ و لەو دۆخەشدا گفتوگۆ دێتە ئارا و دیموکراسی وەک پێویستیەکی دەستلێبەرنەبوو تادێ گەشە دەکا و دەچەسپێ، ئەم دەنگە لەیەکتر جوودایانە وەک کۆڕاڵێکی موزیک وایە دنیایەک ئەنسترومێنت(ئالەت) ی جیا یەک دەنگمان دەخاتە بەرگوێ.

لەوەتەی هێزگەلی حزبی جیاجیا لەم هەرێمە هەن ئەو ئەمیان بە ناتۆرەی جیاجیا تۆمەتبار دەکاو هەریەکە خۆی کردۆتە خاوەنی حەقیقەت و پێیوایە ئەوانی تر ناپاک و ناڕاست و خوار و خێچن، ئەم بینینە جیاوازە بۆ یەکتر لە جیاوازیان لەگەڵ یەکتر نەهاتووە بەقەد ئەوەی لەوەکیەکیانەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک یەکەکەکان هەموویان حەزیان لە پارەیە، هەموویان حەزیان لە نەوتە، گشتیان بۆیان بلوێ ئەوانی تر لەبەین دەبەن، هەموویان حەزیان لە خواستە غەریزیەکانی (ئاید) ە و بۆ ئەم حەزە نێرگزیە دەمەکیانەشیان یاسا و پێوەری وەکیەک ساز دەکەن و ناوی دەنێن (ویژدان) یا سووپەرئیگۆی کولتووری.



Scanned with CamScanner

پێکهاتەی سایکۆکولتووری حزبی ئەم سەرزەمینە سەدا سەد پەیوەستن بە یەک هیرارکیەتی دەسەڵاتەوە، هیچیان چوارچێوەی مەعریفی و هزریان لەوانی تر جودا نیە، هەموویان لەیەک سەرچاوە خواردوویانەتەوە و هەربۆیەش کەس نابێ بە فەیلەسووف لەسەر ئەوی تر و هیچ حزبێکیش نابێ بە هەڵگری حەقیقەتی ڕەها و پاک و بێگەرد.

لە خێزانێکدا برایەک حزبی (س) و یەکێکی تریان(ش) و یەکێکیشیان (گ) وئەوەی تریان(ن)ە و خوشکێکیش(ڕ) و یەکێکیان(ک) ....تاد، یەک باوک و دایک و یەک شێوازی پەروەردەی کۆگەری و یەک ئاستی هوشیاری دەروونکۆمەڵایەتی کۆیکردوونەتەوە، چۆنچۆنی یەکیان بەسەر ئەوانی تر دەبێتە مۆدێرنخواز و بلیمەت و فەیلەسووف؟ خۆ ئەگەر کولتوورەکەمان نرخی تاکبوونی زانیبایە و تاکی (ئازاد) و (خاوەن خۆ) ی (کۆنترۆڵ لە نێو خۆ) ی بەرهەمهێنابایە ئەوا ڕێی تێدەچوو، بەڵام هەر بەرپرس و کادر و ئەندامەیان هەیە بەیەکزمان دەدوێن و وەک یەک یەکتر تۆمەتبار و جنێوباران دەکەن و بەیەک زمان حەقیقەتی زەوتکراو دەردەبڕن.

زمانی گوتاری سیاسی و حزبیی هەرێمەکەمان تاوەکو ئێستا هیچی نوێی نەهاتوتە سەر و سەرکردە و بنکردەکان بەردەوامن لە خۆبەیەکتر گرتن و چەقۆ و تفەنگ لە یەکتر هەڵکێشان، سواری سۆز و هەڵچوونی خۆیان بوون و دانیشتنیان یەکتر لە ئامێزگرتن و یەکتر ماچکردن و لەبەرانبەریشدا لەیەکتر تووڕەبوون و خۆبەدوورگرتن و دەرگا لەیەکتر داخستنە، هەموو ئەم ڕەفتارانە لە ڕووی سایکۆسیاسیەوە دەرخستنی دنیایەک گرێوگۆڵەی دەروونیانە، دووربوونیانە لە عەقلانیەت و زانین و هەستکردن بە بەرپرسیاریتی.

لەزەمەنی ئێستادا خوێندنەوەی واقیع بە چاوی عەقل و ناسینی عەقلانیەت بە زمانی سەردەم دەمانهێنێتە هۆش خۆمان و خەبەرمان دەکاتەوە، بەردەوامبوون لەسەر ئەم خۆبەیەکتر چواندنە هەمیشە بە مەڕ دەمانهێڵێتەوە.

## پانهزرین و پانبینین *

سیمبولەکانی نێو کولتووری ئێمە هەر یەکە بە تەنها نامانبەنە سەر بابەتێکی دیاریکراو و تایبەت، شۆڕماننناکەنەوە بۆ گەوهەری شتەکان و هەر بەتەنها وێنە گشتیەکانی دیمەنە دەرەکیەکانی شتەکانمان نیشان دەدەن و بەس، بینینی گشتی بۆ وێنەکان پەیبردنێکی پان و پۆڕمان لا دەردەخات و هانمان نادا بۆ ئەوەی هزرێکمان هەبێ هەمیشە بابەتەکانمان بۆ خورد بکاتەوە.

بینینی پانوپۆڕ خەسڵەتی توتالیتاریزمی کولتووری دێنێتە ئارا و توانای ئەوە ناخاتە بەر هزر بۆ ئەوەی لە شتەکان ورد بێتەوە و بەڵگەساز و هۆساز و پشکنەرانە بۆ کاریگەری و ڕۆڵی سیمبول لە دوا سیمبول لە تابلۆی گشتیدا بگەڕێ، پەیبردنی پان و بینین بە چاوێکی زەق، توانای دروستکردنی پەیوەندی نێوان سیمبولەکان و وردوژێنەرەکانی دەوروبەرمان لێ زەوت دەکات و هەمیشە

* ستراتیژێکی جەشتەڵتیانەیە بۆ پەیبردنی شتەکانی دەوروبەر، بەو پێیە بینەر یا سەرنجدەر کاتی شتێک دەبینی سەرەتا بابەتەکە بە گشتی دەبینی دواتر دەچێتە سەر بەش و پێکهێنەرە جوزئیەکان، بەڵام تووشبوو بە پانبینین ئەم توانای گواستنەوەیە لەدەست دەدا، هەر بۆیە سەرنجی ناپەڕێتەوە سەر وردەکارییەکان کە لە بنچینەدا عەقڵمەند لە ناهوشیار جیادەکەنەوە.

وامـــان لێـدەکا عەقڵمـــان تەنهـــا لە ئاســـتی بەرخـــوردی فیزیکیـانەی دنیـادا بـێ و بەردەوام لە کـاردانەوە مەرجیە کلاسیکیەکان تێنەپەڕێنی بۆ بەری شیکردنەوە و هەڵنانەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی سیمبولەکان، کە تەنها لەو ڕێگایەوە دەتوانین بەردەوامبین لە هێنانە کایەی وێنە لەسەر وێنە کە هیچیـان لەوەی تریـان نەچـێ و ســەرەنجام دنیـایەک لە نوێبونەوە و جیاوازی سەرهەڵ بدا، ژیان لە مانایەکی تردا ڕێکبخات و بیخاتە چوارچێوەی داهێنانی نەوەستاوەوە.

کێشـەی عەقڵـی ئـێمە لە سـتراتیژی سـیمبولیزەکردنی ماناکانی ژیانی خۆماندایە، بە هەڵە ناومـان لە شتەکان ناوە و هۆشـی زەمەن لە دوا زەمەنـی تەمەنـی کۆمەڵایەتیمـان بە هەڵە نەخشاندووە.

نەمـانزانیوە مانـایەکی بـزۆز و جەدەلـی بـدەینە دیـن و وەڵامەکانی خۆمان بۆ پرسە وجودیەکان لە چوارچێوەیەکی زینـدوودا سـیمبولیزە بکەیـن، نەمـانتوانیوە دیـن بکەیـن بە وێستگە ڕۆحیە ئارامبەخشەکان بۆ عەقڵ، بۆ ئەوەی لە وێدا بەرەو کەنارەکانی ڕۆح شۆڕبینەوە و سات نا ساتە بەرزتر لە عەقـڵ بەسـەر بـاڵی خەیـاڵ و میدیتێیشـنەوە لە کـردەی بالابوون بەسـەر خۆماندا خۆمـان باشتر ببینین و هزرمـان بەقەد گەردوون والا کەین.

نەمـانزانی مانـایەکی پڕاوپڕ بە پێناسـەی خـۆی بـدەینە سیاســــەت و پێمـــانوابێ کە لەم فەزایەدا دەبــــین بەو هونەرمەنـدەی هەمیشـە تابلۆکـانی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و کولتـووری و دینـی و بازرگـانی و ......تـاد بە ڕەنگـاڵەییەوە جـوانن و کـاری سیاسـەتیش تەنهـا و تەنهـا

سازکردنی کەشی دینامیکیە بۆ جولەی ئەو فەزایانە و بەس، تەنها بەڕێوەبردنی سیستم و ئاگالێبونیەتی بۆ ئەوەی نەکا بوەستێ یا لە بچوکترین ئەگەردا کێشەیەک بکەوێتە ماشێنی هەڵسووڕانی کۆمەڵگەوە، نەمانزانی مانا بدەینە حزب و وەک لە سەرەتاوە داهێنراوە بەکاریبێنین، نەمانزانی مانا بدەینە حکومەت و وەک پێناسەکەی بیسەلمێنین، نەمانزانی مانا بدەینە نەتەوە و ئۆرگانەکانی و سەرەنجام لە تاقیکردنەوەی ناسینەوەی ئەم هەموو سیمبولانە شکستمان هێنا و کەوتین و تا ئێستا هەر کەوتووین.

نەمانزانی مانای ڕاستەقینەی ئابووری تێبگەین و پیمانوابێ ئابووری دوای ئەوەی کە زانستێکە هونەریانەش دەبێ خەرج و ساغ بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەرچی جەستە هەیە لە نێو قەوارەی کۆمەڵگەدا بەشی خۆی لێبەرێ، بۆ ئەوەی جەستەی کۆمەڵایەتیمان بەو هێز و ئێنێرژیە لە هەڵسووڕانی بەردەوامدا بێ و ژیرانە سامان و داهات و بژێوی لە چوارچێوەی سیستمێکی زیندوودا بجوولێ، بۆ ئەوەی هەر بڕک و کەڵ و شتڵ و ڕووەکێک کە چێنراوە یا ڕواوە لە کردەی ئاودان و کشتکاریدا بەشە ئاو و خۆراکی خۆی دەستکەوێ.

نەمانزانی مانا بدەینە هاوڵاتی و بێئاگاین لەوەی تاوەکو ئێستا مەخلوقێک نیە لەم سەرزەمینەی مندا ناوی " هاوڵاتی " بێ، هاوڵاتیی جگە لەوەی بەشداری کەسانی ترە لە وڵات و ئینجا لەو مافانەی تیایدا هەیەتی و لەو ئەرکانەش لە ئەستۆیەتی، بوونێکی مۆدێرنی هوشیاری عاقڵ و خۆناسە و دەزانێ چی لە ئەستۆیە و پێویستیشە لە بەرانبەردا چی

بۆ بکرێ؟، سەرەڕای ئەوەی هاوڵاتی بوونەوەرێکی سیاسی و ئابووری و دینی و کولتووریە و تەوەری سەرەکیشە لە بونیاتنانی مەدەنیەت و ئینتیما بۆ مرۆڤایەتی نوێ.

کێشـــەکان مـــادام لە نەزانینـــی ســـیمبولیزەکردنی پەیپێبراوەکانی ژیانی خۆمانن، ئەوە هەر بۆیەیە سیستمی ســیمبولیکیمان کە لە کولتــوور و پەروەردە و سیاســەت و داب و نەریتدا بەرجەستەیە، هەر لە دێر زەمانەوە کەوتۆتە بە هەڵە فێرکـــردن و دەرســـدادانی نەوە لە دوا نەوە و سەرەنجام کۆمەڵگە و تاکەکانی دووچاری دەستەپاچەییەکی ستراتیژی بوونەتەوە.

کێشـــەی ســـیمبولیزەکردن لە پەیبردنـــی هەڵەوە دەردەکەوێ و هەردووکیشیان بەیەکەوە بەردەوامیی دەدەن بە بەرهەمهێنانی هەڵەی مانا لە کۆی ژیانی کۆمەڵگەوە، بە هەڵە مانا بەخشینە دیاردە و دەرکەوتەکانی ژیان لە پانبینین و نەگواستنەوە بۆ وردبوونەوە لە فیگەر و بەشە بچوکە پێکهێنەرەکانی تابلۆکەوە سەرچاوە دەگرێ، نەگواستنەوە بۆ قۆناغی هۆسازی و وردبوونەوە تا هەین و ماوین هەر بە سەرسامی و ئەوقماوی دەمانهێڵنەوە، لەبەری هەڵچوون و سۆز نامانپەڕێننەوە بەری عەقڵ و هوشیاریی، ئەی ئەوە نیە چالاکیەکانمان هەر بەتەنها بە تین و تاقەتی سۆز و هەڵچون دەبزوون و لە هەر کردەیەکی ژیانی تایبەت و گشتیماندا نەمانتوانیوە راست پەیبەرین و هۆشمان بە خێوکەین؟.



Scanned with CamScanner

## (کۆ)ی دیل یا ئازادی (تاک)!؟

هەر ڕێژیمێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی یا کولتووریی، پەروەردە و خوێندنی باڵای بە یەکەم لە ڕیزبەندی بایەخ و گرنگیەکانی خۆی وەرنەگرت، هەرگیز متمانەی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی وەدەست ناهێنێ و ناچێتە نێو ویژدان و دەروونی تاکەکان و شوێنێکی شیاو لە یادەوەری نەتەوە و کۆمەڵگە ناگرێ.

تەواوی کار و پرۆسێسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکان لە مێژووی ئەدەبیاتی خەبات و جولانەوە پێشکەوتووخوازەکاندا بۆ ئەوەن بەشێک لە متمانە لای پانتاییەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە گلدەنەوە، متمانەی کۆمەڵایەتی کرۆکی داهات و دەسکەوتی مەعنەوی هەر ڕێبەرایەتی و جولانەوەیەکە ڕۆژگارێک ویستبێتی یا ئێستا بیەوێ نەتەوە یا کۆمەڵگە لە بارێکەوە بباتە بارێکی تر.

لای دەروونناسسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان پێوەری پتەوی و لەرزۆکی پێوەند و ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکان تەنها پێگەیشتنی "متمانەی کۆمەڵایەتی"* یە، هەر کاتێک کێشە کەوتە ئەو فاکتەرە زیندوو و یەکلاییکەرەوەیە، ئەوە یەکدیگیری و شیرازەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە تەواوی شیرازەکانی تر دەگرێتە خۆی بۆ ئەوە ناشێ پشتی

---

* چەمکێکی دەروونناس جۆلیان رووتەرە و لە تیۆرەکانی خۆی سەبارەت بە دەروونزانی کۆمەڵایەتی ئیشی لەسەر کردووە.



Scanned with CamScanner

پێ ببەستریّ و پێتوابێ هەر کۆمەڵگەیەکی لەم شێوەیە توانای ئەوەی هەیە بە هوشیاریەوە هەنگاو بۆ گەشەسەندنی خۆی بهاویّ.

کێشەی هەرە سەرەکی ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو لە هەناوی کولتوور و سیستمی بەهایی و ترادیسیۆنماندایە، ئێمە بەر لە ئاراستەکردنی (کۆ) پێویستمان بەوەیە(تاک) یێک بێنینە ئارا هوشیار بێ بەرانبەر بە گرنگی (کۆ) نەک تەنها بۆ پاراستنی بوونی جەستەیی خۆی (کۆ) ی بویّ و پەنای بۆ بەریّ، هەمیشە لە(کۆ) دا کەسەکان خۆیان ون دەکەن و دوای هەڵچوون و سۆز و میزاجی گشتی دەکەون و لە گردبوونەوەدا تاک بەشێکی زۆر لە ئیرادە و مەیل و حەزی لەدەست دەچیّ و توانای خۆ کۆنترۆڵکردنی نامێنیّ، ئەم رایە هەم هی (فرۆیدە) و لەم بارەیەوە دەڵێ: (کۆ تایبەتمەندیی تازە وەردەگریّ دوای ئەوەی تاکەکان چوونە پاڵی، کەسایەتیی هوشیاریان دادەپلۆسریّ و سۆز و بیرکردنەوەکانی یەکە مرۆییە پێکهاتووەکان بەرەو ئاراستەی خۆی دەبەن [45]. هەم هی {(کێرکیگارد)یش بووە هەم هی (شیلەر) و (فیورباخ)} [46] و هەر یەکەیان ئەم بینینەیان بۆ ڕەفتاری تاک لە نێو کۆدا هەبووە.

(کۆ) هەرگیز تەواو هوشیار نابیّ ئەگەر(تاک) بەر لە بایەخی (کۆ) بایەخی (خود) ی خۆی نەزانیّ، گرنگی

---

[45] فروید، سیغموند(٢٠٠٦). علم نفس الجماهیر، ت: جورج طرابیشی، دار الطلیعة للطباعة والنشر، ط١، ص٩، بیروت.

[46] حسین، محمد طه(٢٠١٦). الذات الكردیة....مقاربات فینومینولوجیة نقدیة، دار الزمان، ط١، ص٢٨-٣٩، دمشق.



Scanned with CamScanner

هوشیاری (تاک) لەوەدایە چەندە کەسێک هوشیار بێ بە خۆی و بایەخی خۆی لە ژیاندا بزانێ ئەوەندەش بوونی تاک و کەسەکانی تر لە دەوروبەری خۆی بە گرنگ دەزانێ، ئەم ڕایانەی من سەلمێنراوی زانستین و هەروا قسە و دەربڕینێک نین بۆ جوانکاری گوتاری کولتووری و هزریی ڕازێنراوبنەوە، درووستکردن و بەخێوکردنی(تاک) پڕبایەخترین پڕۆژەیەکە هەر ڕێژیمێک یا داروودەستەیەکی دەسەڵات و سیاسەت بیانەوێ یا ویستبێتیان کۆمەڵگەیەکی ئازاد و نەتەوەیەکی سەربەست بێننە ئارا. ئازادی (کۆ) هەرگیز مەرج نەبووە بۆ ئازادی(تاک)، پێچەوانەکەی تەواو لە جێی خۆیەتی.

غەریزەی ئازادیی، هەر کەسێک کە دێتە ژیان هەوڵ دەدا بە پێی توانا و هوشیاری خۆی وەڵامی بۆی هەبێ و ئامانجەکەی وەدیبێنێ، بابەتێک نیە بە سادە و سوک سەیری بکرێ و مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، ئازادی غەریزەیە زۆر دیالێکتیکیانە لە دووتوێی جوڵەی هاوسەنگی هەردوو جەمسەری(تاک) و (کۆ) دا ڕێی خۆی دەگرێتە بەر، هەر تاکێک گەردوونێکە بۆ خۆی و سەرەتا ئەم گەردوونە دەبێ بپشکنرێ و نهێنیەکانی بدۆزرێتەوە ئینجا ئیش لەسەر گەردوونێکی تر بکرێ کە تاک تیایدا هەناسە دەدا و لە دەوری خولگەکانی خۆی دەخولێتەوە، دۆزینەوەی نهێنیەکانی کۆمەڵگە دوای دۆزینەوەی نهێنیەکانی تاک کار و پرۆسێسێکی هەرە سانا و سادەیە، تاکی هوشیار هەمیشە هەم خۆی لا گرنگە و هەم خۆیەکانی تر و هەمیش کۆمەڵگە، تاکی ئازاد و هوشیار بایەخی کۆمەڵگە لای ئەو،



Scanned with CamScanner

ئەو ماڵەیە کە هەمیشە ئامێز و باوەشی وەک ئامێز و باوەشی دایک وایە و تیایدا ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بێ تیاماندا ناهێڵێ.

کۆمەڵگە ئارامگەیەکی ڕۆحیە بۆ هەموومان و ئەو ئارامگەیە بەهەشتێکە هەموو تاکەکان تیایدا تا هەن لەو باوەشە گەرم و ئارامەدا دەچنەوە نێو سرووت و سیناریۆی دایک و کۆرپە و کۆرپە و دایکدا.

تاک لە مێژووی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئێمەدا هەمیشە بایەخی خۆی لەو هێز و کلان و گرووپانە وەرگرتووە کە پاراستوونی، لەسەر ئەم بابەتە زۆرمان نووسیوە و زۆریشمان گووت، بەڵام مەترسی وابەستەیی ناهوشیارانەی تاک لای ئێمە بە (کۆ) وە مەترسیەکی وجودیە و لە ڕاستیشدا نەخۆشیەکی کولتووریە و تا پەی بەم ڕاستیە نەبرێ و ئیش بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیە درێژخایەنە وجودیە نەکرێ، هەرگیز و دیسان بە جەختەوە هەرگیز و تا هەتایە نە(تاک) و نە(کۆ) مان چێژی ئازادی ناکەن و زەمینە و زەمەنەکانی نابینن و ئەزموونی ناکەن.

بە هاناوە چوونی بە قەولی کۆن(مەعاریف!) ی ئێستا و ئەوەی پێیدەوترێ (خوێندنی باڵا) لای من و ئەوەش ڕایەکی ١٠٠% زانستیە لە بەهاناوە چوونی تەواوی جەستە و بوونی کۆمەڵگەی ئێستامان گرنگترە، کۆمەڵگەی ئێمە مەترسی لەسەر نیە، ئەوەی مەترسی لەسەرە(تاک) ەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەمانن، هەمیشە کۆمەڵگەکان سرووشتیانە هاتوونەتە دنیا و باش و خراپ، جوان و ناشیرین، بەهێز و بێهێز، هەن و هەر دەشمێنن و لە نێو ناچن، مانەوەی



Scanned with CamScanner

کـۆمەڵگە بە بـوون و مـانەوەی تـاکە لەڕ و لاوازەکـان مانەوەیەکی شەرافەتمەند و ئومێد بەخش نیە، ئەوە جۆری پەروەردە و هوشـیاری و بەخێـوکردنی تاکەکـانە جـۆری کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە وەدەردەخا.

لاوازتـرین و ناهوشیارترین سیستمی!! پەروەردەیی و خوێندنی باڵا ئەوانەی ئێمەن، ئەم لاوازیە لاوازی حزبێک یا وەزارەتێـک یـا وەزیرێـک یـا سیستمێک تەنهـا لای خـۆی نیشـان نـادا، بەقەد ئەوەی ناهوشـیاری کـۆمەڵگەیەک لە درێـــژەی مێـــژووی خـــۆی و درێـــژەی جـــولانەوە شۆڕشگێڕیەکەی دەخاتە ڕوو.

تـا (تـاک) نەبێـتە تەوەرێکـی سـەنتڕاڵ لە تەواوی پرۆسەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و بەر لەوەش کردە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و کولتووریەکانـدا، تـا (تـاک) نەبێتە تاکە سـەرمایە و بـۆ مـاوەیەکی درێژ نەچێتە پێش پـارە و نەوت و دەسـەڵاتخوازی و پاوانخوازیەوە، تا(تـاک) نەبێ بە دنیایەکی نەپشکنراو و بەر لەوەی بە قوڵاییەکانی زەوی بۆ کانزا و کانەکان ڕۆچنە خوار دەبێ خودی ئەو لەو ونبوونە ئەزەلیە ڕزگاری بێ، هەموو دنیا ببەینەوە تاک هەر دۆڕاوە، چون گەورەترین سـەرمایەی مرۆڤ بە تێگەیشتنە ئینسـانیە باڵاکەی عەقڵ و هوشیاریەتی بەو عەقڵە و تـا تـاک نەگاتە ئەو ئاستەی خۆی وەک بوونێکی بەڕێز بناسێ هەرگیز هیچ بوونێکی دیکە لە دەرەوەی ئەو بەڕێز نیە.

ئۆرگانەکانی ئیشکردن لەسەر مێشک لای ئێمە ئۆرگانی ناسەربەخۆ و بێ دەسـەڵاتن، چارەکی ئۆرگانەکانی سک و باخەڵ بە هێـز نـین، بەم ئۆرگـانە لاوازانە قەتـاوقەت تـاک و



Scanned with CamScanner

هاوڵاتی گونجاومان بۆ کۆمەڵگەکەمان پێنایەتە ئارا، دایەنگە و باخچەکانی ساوایان لەم هەلومەرجەی ئێستادا و بەم ناهوشیاریە پەروەردەیی و فێرکاریە زیانیان لە قازانجیان زیاترە، قۆناغەکانی بەر لە خوێندنی سەرەتایی ئامادەباشیەکی هەرە گرنگن بۆ منداڵ و ساوایەکانمان تاوەکو بە حەز و زەوق و پاڵنەرەوە بچنە نێو ژیان کە دەرگاکەی و کۆدەکانی وان لە نێو سیستمە پەروەردەییەکاندا، قوتابخانە سەرەتاییەکانمان ڕووبەڕووی مەترسیەکی گەورەی شێواندنی مرۆڤبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان دەبنەوە، ئامادەکردنی قوتابیانی دواناوەندی بۆ زانکۆکان وەک هەڵدانیان و لە کۆڵخۆکردنەوەیانە بۆ دوورگەیەکی تر کە پێشتر هیچیان لەبارەوە نەزانیوە و تەنانەت تیاشیدا ونتر دەبن، چون حاڵی زانکۆکانمان زۆر لە دۆخی ئۆرگانەکانی سیستمی پەروەردەیی بەربادترە.

لە زانکۆی ئێمەدا مەعریفە و زانین هەر لە بنچینەوە نەبوون و ئێستاش تەنها گوزەراندنی کات و ساتێکن لە بێهۆشی و نەزانی و سادەلەوحیدا، زانکۆ وەک چەمک و وەک دەستەواژە نە (زان) ینی تیا هەیە نە(کۆ) واتە ئەوەی دەچێتە زانکۆ بە ئامانجی(زانین) نەچووە و ناچێ، ئامانجی ئەو هەر لە کۆنی ئەم زانکۆیانەماندا سازکردنیانە بۆ ئەرک و وەزیفە و دواتر بۆ کۆمەڵگە، ئەوەش لە بنچینەدا سەرچاوەی نەزانی و هەڵە هەرە گەورەکەیە.

سیستمی پەروەردەیی نوێ و ئەکادیمیاکانی خوێندنی باڵا ی مۆدێرن (تاک) وەک تاک و خودێکی هوشیار بە خۆی ئینجا بە (کۆ) و بە کۆمەڵگە ساز دەکەن، لە سیستمە



Scanned with CamScanner

زانستیە ئینسانیە نوێیەکاندا قوتابی بۆ(زانست و زانین) دەچێتە زانکۆ نەک بۆ وەدەستهێنانی مۆڵەتێک بۆ کار، بۆ دۆزینەوەی خۆیی و ناسینی خۆی دەچێتە زانکۆ نەک تەنها بە پیرۆزهێشتنەوەی کۆمەڵگە، تاکێک خۆی نەناسێ قەت کۆمەڵگەش ناناسێ و تاکێک ڕێز لە بوونە ئینسانیە بالاکەی نەگیری هەرگیز ئەویش نازانێ ڕێز لە کۆمەڵگە بگرێ.

من پێشتر لە نووسینێکی تر و لە دەربڕینێکدا وتم: حوجرەکانی جاران کە فەقێ تیایاندا دەیانخوێند لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێستامان سیستماتیک تر بوون، ئەوان ئەگەر چی شێوازێکی کلاسیکی خوێندن و فێرکردنیان هەبوو و زیاتر زانیاریە دینیەکانیان دەخستە مێشکی قوتابیان و بە شێوەیەکی تەلقینی، بەڵام فەقێ جۆرێک لە پاڵنەری لا هەبوو حەزی خرابووە سەر ئەم خوێندنە و خۆیشی هەمیشە هەوڵی دەدا مەلا و مامۆستای باشی هەبێ تاوەکو دواتر سەروەریەکی کەسایەتی لەو پایەیەدا دەستەبەر بکا. پاشان مۆڵەتی دەرچوونیشیان کە پێیان دەوت ئیجازەی ١٢ دەبوایە لەسەر دەستی پیاوێکی ئاینی گەورە بوایە و پیاوە ئاینیەکەش هەمیشە چاودێرێکی لەسەرەوەی خۆی دەبینی کە (خوا) یە لە ترسی ئەو نەیدەوێرا گەندەڵی لە پێدانی بڕوانامەکەدا بکا.

لە ڕاستیدا دەبوایە لە هەلومەرجی ئێستادا هەنگاوی زۆر گەورەمان بڕیبوایە نەک هەر بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە و کۆمەڵگە بەڵکو لە پێناو ڕزگارکردنی تاک و ئازادکردنی لە هەموو ئەو ئایکۆنانەی ئەو فێربووە وەک کولتوور و هەر



Scanned with CamScanner

کە دەکەوێتە نێو پرۆسێسی فێرکردن و فێربوونەوە ئازادیەکانی خۆی لە ترسان بداتەوە دەستیان.

تاک و کۆمەڵگەی ئێمە هەر لە ئەزەلەوە فێربوون لە ئازادی خۆیان بترسێن، فێرکراون لە شادمانی بترسێن، فێرکراون لە دەسەڵاتداران بترسێن، فێرکراون لە دایک و باوک بترسێن، فێرکراون لە .........تاد بترسێن، ئەم ترسە بووەتە ئاسانترین میکانیزم بۆ کۆنتڕۆڵ و ئاسانترین میکانیزم بۆ خەساندن.

تاکی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە عەجیب بۆ نادیارگەلێک غلۆر بۆتەوە، عەجیب لە کونە ڕەشەکانی ئەم گەردوونی کۆمەڵگەیە ون بووە، تا ئۆرگانە دەسەلات بەدەستەکانی ئەم سەرزەمینە لە گرنگی و بایەخی ڕزگارکردنی تاک و ئازادکردنی هوشیار نەبنەوە، تا ئاراستەی وەبەرهێنانەکانیان لە کەرەستەوە نەگۆڕن بۆ مێشک ئەوا نە خۆیان ئازادن و نە توانای ئازادکردنی خۆیان و نەتەوەشیان هەیە.

ئەوان تا تاک نەکەنەوە سەنتەر هەرگیز خۆشیان لە سەنتەر نین چون کۆمەڵگەی نا ئازاد هەردەم تاکی نائازاد دێنێتە ئارا و بالاترین سەنتەری دەسەڵاتیش تەنها چێژ لە تەسلیمکردنی ئازادیەکانی خۆی بە ناوەندی تر دەکات.



Scanned with CamScanner

# بەشی هەشتەم

# شادمانی و هزری ئەرێنی



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ئایا دەکرێ شادمانتر بین؟

## زۆرترین شادمانی بۆ زۆرترینی خەڵک (درووشمێک کە جێبەجێنەکرا!!)

لەدایکبوون ساتەوەختێکی شادمانیە، کەم وا رێکدەکەوێ خەم لەم ساتانە دامانگرێ، کەواتە تاکە ئامانجی نزیک و دووری ژیان شادمانیە و بەس.

ژیان بۆ ئەوەیە بە شادمانی و دڵخۆشیەوە بیبەینە سەر، نەبووە کەسێک هەبێ یا هەبووبێ نەیویستبێ هەرگیز ساز و کەیفخۆش بێ، هەن و ئەم جۆرە لە مرۆڤستاندا زۆرن کە دڵیان بە ئازاردانی کەسانی تر و نانەوەی پشێوی و هەراوە خۆشە، بەڵام ناکەسن و مرۆڤی ئاسایی نین.

ئەم پرسیارەی لەسەرەوە لە خۆمان کرد، هی فەیلەسووف و دەروونناسەکانە و بۆ ساغکردنەوە و دۆزینەوەی وەڵامەکەی زۆر ماندوو بوون، راستە مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەندەی ماڵوێرانی و وەرگێرانی غەریزە و حەزە شەڕانگێزیەکان دایانگرتووە، بەرینابیەکی ئەوتۆ بۆ شادمانی تیایدا بەدی ناکرێ، وەلێ ئەوانەی شەڕخوازیشن هەر لە ناخە سایکۆسزەکەی خۆیانەوە پێیانوایە خۆیانی پێ شادمان دەبێ و لە کۆتاییشدا بۆ ئاسوودەیی کەسانی تر ئەم رەفتارانە دەگرنەبەر!.

فەلسەفەی شادمانی لە نەزعەی خۆشەویستی و ژیاندۆستیەوە سەرچاوەی گرتووە، خۆشەویستی ئازادکردنی کەسەکانە لە هەرچی کۆتێک کە بوار نادات



Scanned with CamScanner

ئیرادەی زیندوویان بۆ جووڵە و بژاردەکانیان لە ژیان، خۆشەویستی ڕێز بۆ ژیان دەدۆزێتەوە نەوەک ئەوانەی خۆشمان دەوێن بکەینە کەرەستە و خۆشمان لە بوونێکی چێژوەرگر چیتر نەبین و بەمەش بێڕێزیان کەین. مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی بە زیندوویی بمێنێتەوە و بۆ ئەمەش زۆر لە خزمەتی سازکردنی هەلومەرجەکانی ژیانی خۆیدا بووە، گرتنە بەری ڕەوتی ژیاندۆستی عەقڵمەندی و بیرکردنەوەی زیاتری پێدەوێ، هەمیشە عەقڵ بۆ ئەوە بووە بۆ دروستکردنی ژیان و هێنانە کایەی مەرجەکانیەوە بەکاری بێنین.

عەقڵ هەمیشە هۆکار بووە بۆ پێکەوەنانی بەختەوەریی، ژیان لە بەختەوەریدا یەکسانە بە دارِسانی موولوولەکانی عەقڵ لە بوونی مرۆڤدا، نەک بەستنەوەی و سڕکردنی. تواناکانی ئینسان زۆر لەوە زیاتر و بەهێزترن خۆی و دنیا کاول بکەن، هەڵکشان بە بەرزە ڕێی ژیان ماندووبوونی عەقلانیانەی دەوێ، بە پێچەوانەوە وێرانسازی شۆڕبوونەوەیە و شۆڕبوونەوەش هەرگیز مرۆڤ ماندوو ناکا.

ئێمە بۆ ئەوە ناژین شۆڕببینەوە و لە ژیان هەڵدێرێین، بۆ ئەوە هەناسە دەدەین هەردەم لە هەڵکشان و هەڵزناندا بین. ڕۆچوون تەنها بۆ قووڵاییەکانی عەقڵ درووستە، بۆ نشێو ڕوانین و غلۆربوونەوە بەرەو نزماییەکانی عەقڵ و ژیان مەرگهێنە و ژیانە لە مردنێکی بەردەوامدا.

هەر تاکێک لەم سەرزەمینە دەتوانێ ئاسوودە بێت و ژیانی خۆی پڕ مانا بکات و بزانێ بۆچی دەژی، کە

دەرەقەتی ژیان نایە مانای ئەوە نیە ژیان بەسەریدا سەرکەوت و ئیدی با بە مردن و وێرانکردن بیباتە سەر. کێشەکان لەسەرکەوتنی نائومێدی نین بەسەر بەختەوەریدا، بەقەد ئەوەی قەیرانەکە لە سەرخستنی شەڕخوازیدایە بەسەر ژیاندۆستی.

ئەوانەی پێیانوایە لەوە زیاتریان پێناکرێ بۆ ئاسوودەکردنی خۆیان و دەوروبەریان کەسی مردوون بەڵام هەناسە دەدەن، یاخود وەک ئەوانە وان کە خەوتون بەڵام لەسەر جێگاکانیان هەڵدەستنەوە و جێیدەهێڵن و دواتریش لە بەرزاییدا دەکەونە خوار.

لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا حکومەتەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان ئیش لەسەر ئاسوودەکردن و شادمانکردنی تاکەکانیان دەکەن و ساڵانەش ڕێکخراوی وایان هەیە ڕێژەکانی شادمانی لە داتابەیس و دایاگرامی جیاجیادا بۆ دنیا دەخەنە ڕوو، ئەمە بە دانانی ئیعتیبار بۆ جیاوازی کولتووری و ئاستی ئابووری و هەڵکەوتی جیۆگرافی و باری کۆمەڵایەتی و جۆری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی تیایاندا.

کۆمەڵگە هەیە کێشەی نائومێدی و نابەختەوەریەکەی لە کولتوورەکەیدایە و هەشە لە سیستمی حوکمڕانیەکەی و هەشن تا ئێستا توانای گواستنەوەیان نیە بۆ قۆناغی پێشکەوتوو تر و هەشە لە هەژاری سامان و داهاتی وڵاتەکەی و هەشن هەرچی بەدبەختی هەیە رووی تێیان کردووە.

ئێمە لەم سەرزەمینەی خۆماندا دەکرا زیاتر بەختەوەر بین و زیاتر لەم نەهامەتیانە بەرەو ئاسوودەییەکی ڕێژە بەرزتری بردباین: -

**بۆ نەچووین؟**

- بەشێک لە کێشەکە لە بونیاد و پێکهاتەی کولتووریماندا هەمیشە دادەیسێ و تین وەردەگرێ.
- بەشێکی دیکەش لە ستراکتووری کۆمەڵایەتیماندایە کە نەیتوانیوە مانا بداتە خۆشژیان و بەختەوەری لە شتی زۆر سووک و چرووکدا دیوەتەوە.
- بەشێکی دیکەش کە ڕووبەرێکی زیاتری بێئومێدی داگرتوە لە هەڵسووڕانی سیاسیانە و حوکمڕانیدایە و شادمانکردنی تاک و کۆمەڵگە نەبووەتە ئامانجێکی سیاسی و نەتەوەیی. من دەستەواژەی هەڵسووڕانم بەکار برد چون شتێک نیە لەم ناوەدا ناوی سیستم بێ تا بە سیستمی سیاسی ناوی بەرم. سیستم بریتیە لە عەقلانیەت و گونجانی عاقڵانە و سەرەنجام نەسەقییەت و هارمۆنییەتێک کە جووڵەی ژیانی لێدەکەوێتەوە. وەلێ ئەم جەستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی ئێمە بە هەموو لایەکدا دەجوولێ و بە هیچ ئاراستەیەکیشدا ڕێناکات.
- بەشێکی دیکەش لە وەرنەچەرخانە بۆ قۆناغەکانی دیکەی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕێک بوونەتە ئەو کۆمەڵگەیەی چەقمانبەستووە و لە گۆمێکی مەنگ دەچین کە لەبەری نەڕۆیشتووە و گەیاندوویەتە ئەم قۆناغەی کە پیسبوونی سەرتاسەریە.



Scanned with CamScanner

- بەشێکی دیکەشی لە چۆنیەتی مومارەسەی سرووتە ئاینی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیەوە دایە و تا ئێستا بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێمە نەیتوانیوە ناو لە ئایکۆنە ئاینیەکان وەک ناونانێکی رۆحی بنێ و هەمیشە ئەوەندەی ئایکۆنە ئاینیەکان لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا ناشیرین کراون ئەوەندە نەخراونەتە جوغزی مەعریفەی جواناسیانەی رۆحیەوە.

ماوەیەکی زۆرە وڵاتی دانیمارک لە پێشەوەی هەموو ئەو وڵاتانەیە کە پێیانوایە ئیشیان فەراهەمکردنی شادکامی و بەختەوەری هاوڵاتیانیانە، رێژەکە لە سفرەوە بۆ (١٠) یە و ئەم وڵاتە توانیویەتی بە پێوەرە جیهانیە لەسەر رێککەوتووەکان ئاسوودەیی بۆ تاکی خۆی بگەیەنێتە (٨،٤) و لە دوای ئەو سویسرا (٨،٠) و سوئید (٧،٩) و ئەمریکا (٧،٣) و تا دەگاتە دوا وڵات کە زیمبابۆیە و لە (٣،٩) تێنەپەڕاندووە.

لە ڕاپۆرتی ئەمساڵی ڕێکخراوی جیهانیی بۆ بەختەوەریی، فنلاند یەکەم دەرچووە و نمرەی(٧،٦٣٢) ی هێناوە و دوای ئەو نەرویجە(٧،٥٩٤) و دواتر دانیمارک(٧،٥٥٥) و ئایسلاند(٧،٤٩٥)، سویسرا(٧،٤٨٧)، هۆلاند(٧،٤٤١)، کەنەدا(٧،٣٢٣)، دواتر نیوزیلاند و سوید و ئوسوڕالیا و ئیسرائیل و هیتر یەک بە دوا یەکتر دێن[٤٧].

لە وڵاتەکانی ئەم خۆرهەڵاتە عیراق لە هەرە خوارەوەیە(ئەم رێژانە لە توێژینەوەیەکی ئەنتەرکەلچەری( Veenhoven،Hagerty ،٢٠٠٦ )

[٤٧] World Happiness Report،WHR،٢٠١٨



Scanned with CamScanner

سـەلماون و لە تـوێژینەوەی دیـکەدا دیسـان پشتڕاستکراوەتەوە.

لە هەرچی سیاتەتوانی ئەم وڵاتەی خۆمـان هەیە بپرسە، بۆچی کاری سیاسی دەکا؟ وەلامەکەی سەرزارەکی ئەوەیە( بۆ خزمەتی خەڵک و گەل و نەتەوەکەم).

دیسانەوە بپرسە: دەکرا ئاسوودەتر باین؟ یا باشتر وایە بپرسین: دەکرێ ئاسوودەتر بین؟

منـیش دەڵـێم بەڵـێ، دەکـرا چـونکە هەلومەرجەکـانی ئاسـوودەتر بوونمـان هەبـوون و تـا ئاسـتێکی بـاش ئێسـتاش فەراهەمن.

ئەی بۆ ئاسوودەنەبووین و نابین؟

مـن بەش بەحـاڵی خـۆم لە زۆر جێدا بە ئـاوازی جیاجیـا لەسەری دواوم.....

گرنـگ ئەوەیە ئەم راسـتیە هەرە سـەرەکیە بـزانین کە کـۆمەڵگە و سیسـتم و ئیـدارە و حکـومەت و دەوڵەت و شـتی تـریش هەمـوویـان بە زەروورەت داهێنـراوگەلێکن مـرۆڤ بە تێگەیشتنی جیاجیا بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکـانی ژیـانی خـۆی هێناونیەتە ئارا، بۆ ئەوەن کە ئاسـوودەمان کەن نەک بێ ئومێد، بەختەوەرمـان کەن نەک بەدبەخـت، ئارامـمانکەنەوە نەک شڵەژاو....

ئەوانەی نەیـانتوانی لە مانـا مـۆدێرنەکەی بەختەوەریـی تێبگەن و لای ئەوان ئەوە بەختەوەرییە لە دەرەوەی جەسـتەی خـۆت سـامانت هەبـێ نەک لە نێـو مێشـک، بەختەوەریـی پرۆسێسێکی عەقلانییە و هەمیشە و بەر لە هەر ئەندامێک مێشک دەبـێ هەسـتی پێبکـا، بەختەوەریـی عەقـڵ بـالاترین جـۆر و ئاسـتەکانی شـادمانییە و لەوە بتـرازێ هەر هەمـووی شـادمانی سـاتەوەختین و لە چەنـد سـاتێکی کـورت زیـاتر ناخایەنێـت و

هەمیشەش لە مەترسیی لە نێوچووندایە. ئەوانەی نەیانزانی بەختەوەری چییە و نەیانتوانی بە ڕێژەی ماقوڵ بۆ کۆمەڵگەکەی خۆیان بیهێننە دی هیچ پاساوێک نایانبوورێ و نایانپەڕێنێتەوە.

## بوونی شادمان

دوو سەرچاوە هەن مرۆڤ لێیانەوە شادمانی هەڵدێنجێ، یەکێکیان هەستەکانن لێیدەخۆنەوە و ئەوەی تریشیان عەقڵە تیایدا دەکەوێتە خاوبوونەوەیەکی وریایانەوە.

هەردوو جۆر شادمانی لە پێویستیەکانی مرۆڤن، بەڵام هی یەکەمیان ساتەوەختیە و هی دووەم درێژخایەن، هەستەکانی بینین و بیستن و بۆن و بەرکەوتن و چێژ کە بەر وروژێنەرێکی پەسەند لای کەسێک دەکەون تا ئەو دەمەی لەگەڵیدا لە بەرخورددایە بوونە فیزیکی و بیۆلۆژیەکە دەوروژێن و ئاستی هەڵچوونەکانی تاک بەرەو سەرەوە دەبەن، دوای نەمانی وروژێنەرەکان یەکسەر دۆخی شادی بەسەر ناچێ، ئاستی کاریگەری وروژێنەرەکان و هەستیاری کەسی وروژاو گەرەنتی درێژبوونەوەی بارە دەروونیەکە دەکەن، بە مانا ساغی و وردیی هەستەوەرەکان و هۆشی بژاردەکاریانەی تاک توانای ئەوەی هەیە شادمانی و بەختەوەری لە دۆخە ساتەوەختیەکەیەوە بگوازێتەوە بارێکی بەردەوام و ژێرخانی بۆ دامەزرێنن.



Scanned with CamScanner

ئەو شادمانیەی لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێ کەوتۆتە نێو هوشیاری کەسەکە بە شادمانی، هوشیاری بە بەختەوەری لە پەیبردنێکی عاقڵانەوەیە بەوەی هەلومەرجێک دەبێ بێتە ئارا بەختەوەری تیایدا فەراهەم بێت و بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانیشی هەمیشە لە چوارچێوەی پلان و کاری دامەزراوەییەوە بێ.

ژیانی ڕاستەقینە لە شادژیان و بەختیاری زیاتر چیدی نیە، ڕووبەرێکی فراوانی مرۆڤایەتی بە تایبەت دواکەوتووەکان تاوەکو هەنوکەش زیاتر سەروەرییان بەخشیوەتە نائومێدی و خەمۆکی و دڵتەنگی و ڕەشبینی و ئەوەندە ئەم هەلومەرجە کرێتانەیان جێگیرکردووە وەک ئەوەی مرۆڤ تەنها لە تەنگانەییدا توانای ئەوەی هەیە بیربکاتەوە و مێشکی بەکاربێنێ و تەنانەت داهێنانیش بکا، ئەم دۆخە جگە لە مازۆخیەتێکی مێژوویی هیچ لێکدانەوەیەکی تری نیە.

مارتن سلیگمانی سەرۆکی APA کە ئەنجومەنی باڵای سایکۆلۆژیستە ئەمریکیەکانە و خۆیشی لە دەروونناسە هەرە چالاکەکانی پۆزێتیڤ سایکۆلۆژیە و چەندین توێژینەوەی لەسەر شادمانی ڕاستەقینە ئەنجامداوە، لە کتێبی "شادمانی ڕاستەقینە" دا دەڵێ : **تا ئەم دواییانەشی لەگەڵدا بێ لە بەرانبەر هەر ١٠٠ توێژینەوە لەسەر خەم و نائومێدی و دڵتەنگی تەنها یەک توێژینەوە لەسەر شادمانی دەکرا**[٤٨]. وەک ئەوەی کاری سایکۆلۆژیا یا فەلسەفە یا هەر

---

[٤٨] سليغمان، مارتن(٢٠٠٥). السعادة الحقيقية، ت: مجموعة مترجمين، دار العين للنشر، ط١، ص١٦، القاهرة.

زانستێکی تر تەنها ئەوە بووبێ هۆکارەکانی خەم ئاشکرا بکەن و نەچنە دۆخەکانی بەختیاریەوە چون ئەمە بەستراوەی ئاستە نزمەکەی دڵتەنگی و نائومێدیە لای هەر کەس و کۆمەڵەیەک.

شادمانی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان وەک دۆخێکی دەروونیی عەقلانیی لێیدەڕوانرێ و هەر لە چوارچێوەی پلانی عەقلانی سیاسی و ئابووری و کولتووری و ....تاد، یش وەک ستراتیژ هەوڵی هاتنە دی زیاتر و بەرهەمهێنانی زیاتری دەدرێ، لە کولتووری ئێمەدا شادمانی باس و بابەتێکی جیددی نیە و نە لە داب و نەریتماندا ئەو ڕووبەرە فراوانەی هەیە نە لە دین و ئیمانماندا و نە لە بواری سیاسەت و جولەی کۆمەڵایەتی و نە لە بەناو سیستمەکانی پەروەردە و فێربووندا، نە سیاسەت ئاسوودەی کردووین و نە دین و نە عورف و نەو نەو نااا!!، لەکاتێکدا سیاسەت دنیامان دەبێ بۆ بڕازێنێتەوە و دینیش ئارامیی ڕۆحیمان بداتێ و ڕێنوێنیمان بکا بۆ کەوتنە بەرزەخی هەمیشەییەوە و کۆمەڵگەش لە باوەشمان بگرێ.

شادمانیی لای ئێمە هەر لە فەزا هەستەوەریەکەیدایە و هەر بۆیەش دەم و ساتەکانی شادمانی و بەختەوەری تەنها چەند دەقیقەیەک یا سعاتێکە و زۆر کەم وابووە لە مێژووی خۆماندا بە ڕۆژ و هەفتە لە نێو دۆخی دڵشادیدا مابینەوە، ئەم ڕاگوزەریە لە باری شادیدا بەستراوەی نەبوونی هوشیاریە بە شادمانی و نەناسینیەتی وەک زانست و وەک(ژیان) خۆی، شادمانیی یەکسانە بە ژیان، ژیانسازیی بریتیە لە هێنانە ئارای تەکنۆلۆژیای شادی و شادمانیەکی

درێژخـایەن و چەسـپاندنی دۆخێکـی بەردەوام تیایـدا کەسـەکان زۆربەی کاتەکانیان لە ژیان و ئەرک و کار و کردەوەکـانی هەم خۆیـان و هەم دامەزراوەکـانی کۆمەڵگەکەیان ڕازی بن.

ڕازیبـوون لە ژیان هـیچ کاتێک بە تەنها پێوەرە میتافیزیکیەکان ناپێورێ، میتافیزیک هەڵفڕین نیە لە واقیعەوە بۆ ناواقیع و بۆ ئەو دیو عەقل، ئێستا میتافیزیک مانای دیکەی هەیە و بە هۆیەوە عەقڵ دەکەوێتە خاوبوونەوە و ڕیلاکسێکی ئارامەوە و ئەم ساتەوەختانەش لە هەڵفڕینی عەقڵ بالابوونیەتی بۆ ئاستە ڕۆحانیەکان کە لە وێدا عەقڵ تیژدەبێتەوە نەوەک کول.

پێوەرەکانی شادمانیی بەر لە هەر شتێک عەقڵ دەپێون و دواتـر جەسـتە و ئینجـا ڕۆح و دوای ئەوە هەرچـی لەدەوری تـاک هەیە و کـاریگەری هەیە بەسـەر بـوونی جۆراوجۆری ئەوەوە.

جۆن ڕاوڵز لە کتێبی "تیۆرێک بۆ دادپەروەری" لەبارەی شادمانیەوە دەڵێ: **ئێمە دڵشادین کاتێک پلانە عەقلانیەکانمان بە شـێوەیەکی ڕێـک بەڕێـوەدەچن و ئامـانجە هەرە گرنگەکانیشـمان وەدیـدێن، کەس ئەو کـاتە دڵشـادە کـاتێ پلانێکی عەقلانی لە ژیان بە باشی و سەرکەوتوویی ئەنجام دەدا لە چوارچێوەی هەلومەرجی ئەرێنی و متمانەشی بەوە هەیە کە توانای بەردەوامی لەدەست نادات**[٤٩].

---

[٤٩] رولز، جون(٢٠١١). نظرية في العدالة، ت: د.ليلى الطويل، منشورات الهيئة العامة للكتاب- وزارة الثقافة سورة، ط١، ص٦٥١.



Scanned with CamScanner

کەواتە شـــــادمانیی لە دوو ڕووەوە کـــــاریگەری دەردەکەوێ: یەکێکیـان لایەنـی پراکتیزەکـردن و بە کـردە کردنیەتـی، ئەوەی تریشـیان دۆخـی زەینـی و حـاڵەتی دەروونی کە بە کەرەستە و هۆکاری بە تین بەسترابێتەوە.

لای ئـێمە هـیچ یەک لەم دوو هۆکـارە کە یەکێکیـان میکـانیزمە و دووەمیشـیان سـتراتیژ بوونیـان نـیە، واتە بە کردار هەوڵ بۆ شاد و بەختەوەرکردنی تاک و کۆمەڵگە لە ئارادا نـیە و ئەوەی هەیە تەنها هێدمەی شـادین و بەس و چەنـد سـاتێک کەس تێیانـدەکەوێ و بۆ مـاوەیەک لە هـۆش خـۆی دەچـێ، ئەوەی دووەمیشـیان کە دۆخە زەینـیەکەی شـادمانیە، کـوا هوشـیاری بە شـادمانی نەک لای تـاک و خێزانەکان بەڵکو لای ئۆرگـانە جیاجیاکان بە ئۆرگانی هەرە باڵای سیاسیشەوە لە نیشتمان؟، کوا ناسینی شادمانی وەک پڕۆژە و وەک سیستم؟ ئایا شادمانبوون ئەگەر تـا ئاسـتێکی ماقوڵ بێتە دی لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەڵگە نـابوژێتەوە؟ ئایـا تاکەکـان هەلـومەرجی خۆبـوون و دەرخسـتنی توانـا شـاراوە و چەپـاو و ترسـاوەکانی نێـو نەسـت و تاریکـایی خودی خۆیـان بۆ نـایەتە ئارا؟ ئایـا شـەڕانگێزی و ئـارامی میزاجی و دەروونـی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕاستەوخۆ بەستراوەی شادمانبوونی درێژخایەنی کەسـەکان نین؟ ئایا ئیشکردن بۆ هێنانە ئارای کۆمەڵگەی شادمان و کەسی شاد سـتراتیژێک نـیە بە هـۆیەوە ئـازادبوون بە مانـا ئینسـانیە باڵاکەی فەراهەم دەبێ؟.

شـوبنهاوەر لەبـارەی شـادمانیەوە لە کتێبی" حیکمەتـی ژیان" دەڵێ : **خاوەنی میزاجی ئارام و لەسـەرخۆ کەسێکی**

دڵشادە و ئەم بارەش بە گشتی لە دەروونی ڕەنگدەداتەوە و ئەوەنــدە ژێــرە شــتەکان وەک خۆیــان دەبینــێ، هەر شوبنهاوەرە دەڵێ: بە چێژترین شادمانی ئەوەیە تایبەتە بە **عەقڵ و چێژەکانی عەقڵ ڕاستەوخۆ دەبن بە هێزی عەقڵ**[50].

گواســـتنەوەی (چێـــژ بـــۆ هێـــز) هوشـــیارترین ســـاتەوەختەکانی تـــاکن و ئەو دەمەی کەس لە خۆشـــترین باری چێژدایە ئاگا و هوشیاریی لە خۆی نابڕێ، چون چێژ لای ئەو پرۆسێسـێکی زینـدەگانیە پڕی دەکـا لە هێـز نەک لاوازی، لای ئێمە و لە عەقڵی سادەی تاک و ئۆرگانی ئێمەدا چێژ دەتباتە دۆخی مەستی و بێئاگایی و لە عەقڵ دادەبڕێ، هەر بۆیە لە مێژووی خۆماندا زۆربەی شکستەکانمان لەو ساتەوەختانە بوون کە ناهوشیارانە کەوتووینەتە خۆشی و شـادمانیەوە و لە خەنییـان ئاگامـان لە خۆمـان نەمـاوە، مەستبوون بە شادمانیی هەمیشە دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی عەقڵ بێ، کەوتنە ئەو دۆخەی مەستبوونەوە پێویستییەکی ڕۆحییە و مـرۆڤە عاقڵەکـان عـاقڵانە هەلومەرجەکـانی بـۆ بەرهەمدێنن.

کولتـــوور وەک بـــازنە هەرە فـــراوانەکەی عەقڵـــی کۆمەڵایەتیمان شادمانی تیایدا کردەیەکی عەقڵانی نیە بەڵکو مەستییەکە توانـات لێدەبڕێ و هێـزت نـاداتێ، ئۆرگانەکانی نێـو کولتـوور لە پـێش هەموویـان ئەوەی بە دەســەڵاتی سیاسی خـۆی ناسـاندووە هەرچی کـار و کـردەوەی هەیە دەکەونە چوارچێـوەی نائومێـدکردن و دڵتەنگـی و پێیـوایە

---

[50] شوبنهور، ئرتور(٢٠١٧). حكمة الحياة، ت: د. عبدالطيف الصديقي، دار التكوين، ط١، ص٣٢، دمشق.



Scanned with CamScanner

ئەوە حوزن و خەمباری و نائومێدیە هێزمان دەداتێ بۆ ئەوەی لە جیاتی هێزمان بۆ کۆکاتەوە ڕق و کینەمان بۆ پاشەکەوت دەکا، ئەم دۆخە جگە لە ویژدان ئازارییەکی ئەزەلی چیتر نیە و پیاوانی سیاسەت ئەوەندەی بە ڕق کۆکردنەوە هوشیارن بە شادی هوشیار نین، ئەوان وا دەزانن هێز بە ڕق و هەڵچوون و هەڵوێستە شەڕانگێزیەکانەوە بەندە، لەوە بێئاگان کە تەنها دڵ و دەروونە شادمانەکان توانای بەکاربردنی هەرچی توانا دیار و شاراوەکانی نێو خودی خۆیان هەیە.

فریدریک لونوار لە " لەبارەی شادمانیەوە" دەڵێ:-

ئەمریکیەکان لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیاندا لە ساڵی ١٧٧٦ بەم شێوەیە ستایشی شادمانیان کرد: **شادمانیی مافێکە لە مافەکانی مرۆڤ و نابێ هەرگیز ناشیرین بکرێ، هەوڵدان بۆ شادمانیی کردەیەکی دیموکراسیە و هاورێیە لەگەڵ تینووبوونی بە کۆمان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان** [٥١].

ئەم لۆژیکە هەر بەتەنها قسە نیە و لە گوتاری سیاسیەکاندا بڕازێتەوە و بزرنگێتەوە، ئەمە دەرەنجامی مێژووی عەقلانیەت و دنیایەک توێژینەوەی زانستی و فەلسەفین و دواتر بوون بە ڕێسا بۆ ژیان، ئەی ئەوە نیە ئێستا لە خۆرئاوا و زۆر لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکانیش ئاستەکانی پێشکەوتن بە ئاستی کامەرانی و شادمانی تاکەکانیانەوە دەپێورێن؟ بینینی ڕووە ڕووناکەکەی ژیان و ئیشکردن لەسەر بەرهەمهێنانی شادمانی و دەرخستنی لە سایکۆلۆژیەتی تاکەکان کاری ستراتیژیی مۆدێرن سایکۆلۆژیە و هەر ئەوەشە بە ڕاستی ئامانجە ڕوونە دیار و سێرە لێگیراوەکان.

---

[٥١] لونوار، فريدريك(٢٠١٦). في السعادة، ت: خلدون النبواتي، دار التنوير، ط١، ص١٢.



Scanned with CamScanner

## ئیتر بە پێکەنین شت دەڵێی!

کە ژیان بە جیددیەت بەڕێوە بچێ ناکۆکبوون دێتە ئارا و کە ناهەماهەنگیش پەیدابوو پێکەنین درووست دەبێ"، " پێکەنین و سوعبەت لە سوکایەتیپێکردن ئازاربەخشترن" ئەمانە ڕای شوبنهاوەرن لەسەر پێکەنین.

- "هیچ کاتێک پێکەنین لە جیددیەتەوە نایەت "[52] ئەمە ڕای چارلس داروینە لەسەر پێکەنین و لە کتێبی (سۆزدەربڕین لای مرۆڤ و ئاژەڵ) زۆری لەسەر نووسیوە.
- "بێباکیی ژینگەی سرووشتی پێکەنینە "[53]، ئەمەش یەک لە ڕایەکانی هێنری بێرگسۆنە لەسەر پێکەنین، هەر ئەم پیاوە لە شوێنێکی تری کتێبێکی خۆی بە ناونیشانی(پێکەنین) دەڵێ: "زۆر لە کارەساتەکان دواتر دەبن بە کۆمیدیا "[54].

---

[52] داروین، تشارلز(٢٠١٠). التعبیر عن العواطف عند الإنسان والحیوانات، ت: د. محمد عبدالستار الشیخلي، المنظمة العربیة للترجمة، ط١، ص٢٢٢، بیروت.

[53] برغسون، هنری(٢٠٠٧). الضحک، ت: د. علی مقلد،المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، ط٢، ص١١، بیروت.

[54] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.



Scanned with CamScanner

- فرۆیدیش لەسەر نوکتە دەڵێ: پێکەنین دیاردەیەکە ئەرکی دەرپەڕاندنی ئەو ئینێرژیە دەروونیەیە کە بە شـێوەیەکی هەڵە و پێشـبینی نادروسـت پڕکراون[٥٥].

زۆرن لە فەیلەسـووف و دەروونناس و بیرمەندەکانی قسە و ڕایان لەسەر پێکەنین هەیە، زۆربەیـان وەک ئەوانەی ناومـان هێنـان بە دیاردەیەکی سرووشتی و غەریـزی و ئینسـانی دەزانـن و دەربـڕی دۆخ و هەڵوێستی جیاجیـای دەروونـی و کـۆمەڵایەتی و کولتـوورین کە لە نەگونجانی یا نەهاتنەوەی شتگەلێک لەگەڵ یەکتر دەکەونەوە.

لە پشت پێکەنین دنیایەک نهێنی گەورە و نیازی شـاراوە هەن، بە عەقـڵ و هۆشـی هاوسـەنگ دەرنـابڕدرێن، لەو دیـاردە ئینسـانیە گـاڵتە و گەپ ئـامێزانە ڕوویەکـی دیـکەی مـرۆڤ دەبینـرێ و دەخوێندرێتەوە کە مەرج نیە بە ئاسانی فیگۆرەکانی خۆی بۆ هۆشی بەرانبەر بنێرێ.

ئەوەی لە پێکەنین تێدەگەین ئەوەیە جۆرێک لە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دوو وێنە یا زیاتر لە زەینی کەسـدا و دوای ئەوەی لەگەڵ یەکتـر نـایەنەوە یـا

---

[٥٥] http.htm/www.feedo.net/Qualityoflife/Happiness/laugh.



Scanned with CamScanner

بەشێوەیەک وێنە لەسەر ڕێککەوتووەکە دەشێوێ ئیدی کەس بە شێوازی جیاجیا پێدەکەنێ و هەڵدەچێ.

مرۆڤایەتی چەندە گریاوە ئەوەندەش پێکەنیوە، بەڵام مەرج نیە هەموو پێکەنینەکان دەربڕی خۆشی کەسەکان بووبن، بەقەد ئەوەی جۆرەها پێکەنین هەن لە تراژیدیا ناخ هەژێن ترن و ئازاری زیاتر دەردەبڕن.

لە پێکەنیندا ناهەماهەنگی و ناهارمۆنیەت و ناڕێکوپێکی و ناسیستم و دەرچوون لە ریتم و ئاواز و شتە مەئلوفەکان هۆکاری سەرەکین، کە پێکەنین چووە تێکستەوە یا دەبێ بە نوکتە و تا دێ هەلومەرج بەرەو ناهۆمۆجینیەت دەبات و جیدییەت زیاتر بەرەو فشۆڵی و ناتەبایی و نانەزمی دەبا، یا دەبێ بە دەقی گەورە گەورە و هەموومان دەخاتە نێو مەهزەلەی گوتاری کۆمێدی جیاجیاوە و هیچ شتێک لە بەرانبەریدا پیرۆز نامێنێ و وای لێدێ هەرچی هەیە بە پێکەنینت دێنێ، سیاسەت بێ، ئابووری بێ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری بێ، یا هەر جۆرە مامەڵە و هەستان و دانیشتنێک بێت.

هەمـوو كاتێـك پێكەنـین دڵخۆشـمان ناكـات و بەرانبەرە ناحەز و نەیارەكانیش دڵشاد ناكا، پێكەنین مانـای جـودا جـودا لە خۆیـدا هەڵـدەگرێ و ئەوەی پێدەكەنێ دەبێ بزانێ بە چی دێتە پێكەنین و ئەوەی بابەتی پێكەنینیشە بەوانەی پێیپێدەكەنن دڵخۆش نین و تێدەگەن بۆچی بوونەتە مایەی پێكەنین.

جفرەكانی پێكەنین لە هێما شاراوەكانی گریان و تراژیـدیا زووتـر دەكرێنەوە و دنیـایەك بـابەت هەن پێكەنـین سـوك و چرووكیـان دەكـات و لە تەواوی ماناكانی خۆیـان دادەماڵێ، تراژیدیاكانی مرۆڤایەتی گەلـێ زۆرن كە بە گریـانی جۆراوجـۆر دەربـڕاون، هەمان ئەو بـابەتە تراژیدیانە نەیانهێشتووە ئـارامیی بـاڵ بەسـەر ژیـانی كەس و كـۆمەڵگە جیاوازەكانـدا بكێشـێ، بەڵام لای كەس و كـۆمەڵگەی تـر بـوونەتە كۆمیـدیا و بـۆ پێكەنـین و خۆشـی وەرگێـردراون، یۆنـگ پێكەنینـی بەو هەمـوو حەشـاماتە دەهـات كە دوای هیـتلەر كەوتـن و لە گەورەتـرین جەنگـدا شـەریكی بـوون، سـكینەر و فـرۆم هەر یەكە لای خۆیەوە چەندە بە ئایندەی مرۆڤایەتی لەسایەی ئەم هەمـوو شـەڕانگێزیە خەمنـاك بـوون ئەوەنـدەش پێكەنینیـان بە عەقڵـی سیاسـیە ناكامڵەكـان دەهـات، فرۆیـد بە شـەڕ و وێرانكـاری دڵتەنگ بـوو لەهەمـان

کاتیشـــدا پیاوبـــوو دەبـــێ دەرچە بـــۆ حەزە شەڕانگێزیەکانی مرۆڤ بدۆزرێتەوە و کولتوورەکان توانای زیندە بەچالاکردنی جەنگەکانیان هەبێ، بەر لەوانەش فریدریک نیچە ئومێدی بە عەقڵی مرۆڤی ئەو زەمەن و کۆمەڵگەکانی لەدەست دا و پیاوبوو ئەم کۆمیدیایە زۆر وێرانکەرە.

پێکەنین چەندە عەقڵ خاودەکاتەوە و دواتر چالاکی دەکا، ئەوەندەش کە خێچ و خوار بوو دەیکاتە بابەتی پێکەنین و لە نرخ و بەهاکەی دادەبەزێنێ، زۆر جار پێکەنین گورزێک تووڕەیی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بۆ بەرانبەر دەگوازێتەوە و دەیکاتە هەڵوێستێکی ناڕەزایی و تانەگرتن.

لە ژیانی ئێمەدا کۆمیدیایەک بڵاوە تەواوی ژێرخانەکەی لەسەر تراژیدیا بیناکراوە، مێژوویەکی دووبارە و سەدبارە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کـۆمەڵایەتی و دینـی دەخولێـت و دەسـوڕێتەوە جیـاوازیەک لە هـونەری ژیـانکردن و سـازکردنی دامەزراوەکانی بەدیناکرێ، گریان و تـووڕەیی و نـاڕەزاییە تونـدوتیژەکان هەمیشـە کەوتـوونەتە خـزمەت کـاراکتەرە تراژیـدهێنەکان و بەردەوامـی تراژیــدیا هەردەم بەردەوامــی ڕەفتــارە



Scanned with CamScanner

بەرهەمهێنەکانی لە ڕەفتاری توند و هەڵوێستی خوێناوی گەرەک بووە.

گواستنەوەی هەڵوێستەکان بەرانبەر ئەم هەموو کرێتیانەی لای ئێمە هەبوون و هەن بۆ پێکەنین بیانووی کردار و پەرچەکرداری دژکارانە و شەڕانگێزی لە دەستی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان دەردێنێ و لە هەمان کاتدا کەشێکی درووستی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆش دێنێتە ئارا تاکەکان خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە و گرژی و بەیەکهەڵشاخینی کوتەک بەدەستانیش دەخواتەوە.

پێکەنینمان بە ناهەمواری و شکست و خواروخێچیەکانی کاراکتەرانی سیاسەت و ئابووری و دین و.....تاد با بگاتە ئاستی قەهقەهە و بە ئاماژە بۆ هەرچی ئۆرگانی نائۆرگانیزە هەیە لە کۆمەڵگەدا سکی خۆمان لە پێکەنینمان بە ئەدای کارە کرێتەکانیان بگرین و ناڕەزایەتیەکان بکەینە ئاوازێک لە پێکەنین، ئەم هەڵوێستە جگە لە چەسپاندنی کولتووری لێبوردەیی(تۆلیرانس) و لەگۆڕنانی ڕق چیتر نیە، ئەم پێکەنینە لای من پرۆژەیەکی فیکریە و دەشێ ببێ بە هەڵوێستێکی ڕۆشنبیریش.

## بە خەمەکانم دڵخۆشم!*

ئەوانەی بە ڕاست دەیانەوێ لە ژیانیاندا بە خۆشی و کامەرانی بیبەنە سەر و تەواو لەوە هوشیارن کە خولقاندنی شادمانی هەوڵێکی دەروونی و ئاکاریی هەرە بەرزە بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆح، ئەوا لەوە تێگەیشتوون کە ژیان لای ئەوان یەکسانە بە حیکمەت و مەعریفە و دادپەروەری و میانڕەوی و ئازایەتی و خۆشەویستی و ڕۆحانیەت.

حیکمەت لە گەڕان بە دوای زانست و زانیاری و پشکنینی قوڵاییەکانی عەقڵ وەدەست دێت و بە حیکمەت دێینەوە نێو خۆمان و لە خۆمانەوە بڕیار لەسەر هەرچی بوون هەیە دەدەین. مەعریفەش بە وەگەڕخستنی کۆئەندامی پەیبردن و کەڵەکەکردنی هێماکان و ناونانی شتەکان و ڕێکخستنیان و دواتر هوشیاری پێیان و بەرهەمهێنانی مانای مەعقول دێتە ئارا. دادپەروەریش ئاستێکە لە هوشیاری تەنها ئەوانە پێیدەگەن کە دەیانەوێ ئینسانانە بژین و ژیانیشیان ببەستنەوە بە هەرچی ئینسان هەیە لەم سەرزەمینە. لە میانڕەویشدا هەرگیز هاوسەنگی لە دەست نادەین و لە ئارامیەکی هێورەوە هۆش و عەقڵمان هەڵدەسووڕێن و لە هەر شتێک هەیە بە ئاگاییەوە مامەڵە

---

* مانای ئەم ناونیشانە مازۆخیزم ناگەیەنێ، زیاتر مەبەست لێی پوچەڵکردنەوەی بۆمبە چێنراوەکانی چاوچنۆکەکانە لە نێو هەناوی خۆماندا، ئەوەش بە ژیان بە ئومێد و هیواوە دەبێ، کەواشمان کرد زیاتر لەوان دڵخۆش دەبین، ئەمە لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە بارێکی دەروونی درووستە.



Scanned with CamScanner

دەکەین. ئازایەتیش ئەوە نیە کە لەوەتەی ئێمەی کورد هەین تێگەیشتووین و پێمانوایە ئەو تەقانەی کردووتە یا ئەو خەنجەرانەی وەشاندووتن یا ئەو مستانەی سرەواندووتنە بەرانبەرەکانت یا ئەو فێڵ و تەڵەکانەی لە خەڵکت کردوون پێوەرن بۆی.

خۆشەویستیش لەسەر ئاوازی کوردیی جۆرێکە لە شێتی و تا ئێستا نەمبینیوە کەسێک لە هاوسەنگی خۆیەوە، لە سەربەخۆیی و ئازادی خۆیەوە هەستەکانی خۆی راستگۆیانە بۆ بابەتەکانی خۆشەویستی بنێرێ و هەمیشە خۆشەویستی چێژێکی ساتەوەختی بووە و نەک هەر کەسەکە بەڵکو دەبێ دنیایەک خەڵکی دیکەش رازی بکات. خۆشەویستی بۆ هێنانە ئارای شادمانی و کامەرانیەکی بەردەوام نەبووە، بەقەد ئەوەی جۆشێکی هەڵچوونئامێزی ناعەقلانی بوهیمیانە بووە و بە ماچێک یا خۆ لێکخشاندنێک یا سووکە دەسبازیەک یا هەر شێوەیەکی تر دامرکاوەتەوە. مەگەر نا بە خەنجەرێک یا کێردێک یا گوللەیەک کاراکتەرەکانی خۆشەویستی رۆڵیان لەو کەنگەشەیە تەواو دەبێ.

دامرکاندنەوە لە خۆشەویستی و شادمانیدا نیە، مرۆڤ تا ئەو دەمەی زیندوو نامێنێ هەر دەبێ شادمان بێ، تا ئەو کاتە هەر دەبێ لە ساتەوەختەکانی خۆشەویستیدا بیباتە سەر، دامرکاندنەوە بۆ کەفوکوڵی هەڵچوونە نێگەتیڤەکان گونجاوە، بۆ هەڵچوونە ئەرێنیەکانی وەک متمانە و هیوا و ئومێد و شادی و بەرزەفڕی و بووژانەوە و خەنیوون و....تاد ناگونجێت.



Scanned with CamScanner

قەت بووە پێمان خۆش بێت تەنها بۆ چەند ساتێک ئومێدمان هەبێ؟ بۆ چەند خولەکێک شادمان بین؟ بۆ چەند ساتەوەختێک هیوامان هەبێ و بەس؟، ئەوەی بە (فڕ) و بە(قوم) و بە (پارو) و بە (چۆڕ) و بە ....تاد ئومێد و هیواو شادمانی هەڵدەقوڕێنێ و هەر بەو شێوەیەش دەیبەشێتەوە، تەنها بە جەستە بە ئینسان دەچێ و هەر لە ژێر نیکاحی ئاژەڵانە و تا ئێستا تەلاقی خۆی لێوەرنەگرتوون!.

ڕۆحانییەتیش زۆر لەو سرووتە تەوتەمیە مەزهەبیانەی بەبەرچاومانەوە دەیانبینین و بە گوێ دەیانبیستین باڵاترە و لە ڕۆحانیەتدا عابید و مەعبودی ڕاستەقینە بەیەکدەگەن و لەو بەیەکگەیشتنەشدا لوتکەی تاوانەوە لەیەکتردا مومارەسە دەکەن، لە خۆشەویستی ڕۆحانیدا یەکێتی نامێنێ و دەیگوازێتەوە قۆناغی یەکبوون و تاوانەوە لە یەکتردا و لەو حاڵەتەشدا مرۆڤ تا ئەوپەڕی ئاسوودەیی ئاسوودەیە و تا ئەوپەڕی شادمانیش شادمانە.

ئەمانە ستراکتور(پێکهاتەکان) ی دڵخۆشی و کامەرانی ڕاستەقینەن و ناتوانین دوور لەو خاڵە گەوهەریانە تاسەر لە کەشێکی شادماندا بمێنینەوە، کەسە شادمانەکان خاوەنی گەورەترین سەرمایەی دەروونی و ڕۆحی پاکن و مارتن سیلیگمان پێیان دەڵێ" دەوڵەمەند بە ڕۆح"* نەک دەوڵەمەند بە پارە و سەرە ئاژەڵ و سەرە مرۆڤ، پارە ناتوانێ شادمانیت بۆ فەراهەم بکا ئەگەر خۆت هونەری ئۆرگانیزەکردنی شادمانی لە خۆتدا نیشان نەدەی، زۆربەی

* دەوڵەمەند بە ڕۆح: پێچەوانەی (برسیی ڕۆحە) کە لە پەراوێزێکی پێشووتردا ئاماژەمان بۆی کرد.



Scanned with CamScanner

ئەوانەی بە پارە شادمانی خۆیان دەردەبڕن لە نائارامترین باری سایکۆلۆژیدا دەبینە سەر، ڕێک بەقەد ئەوانە نائارامن کە نیانە و ناتوانن ژەمێک بە سکی خۆیان بخۆن.

لەوانەیە کەسە برسیە بیۆلۆژیکیەکان لە رووی رۆحیەوە تێر بن، ترسیان لەوە نیە ئەوەی هەیانە لەدەستی بدەن، ئەوەی لێیدەترسن تەنها دزینی رۆحیانە لە لایەن ساماندارە بێرۆحەکان. قسەی ئێمە لێرەدا ئەوە نیە برسی و تێر تەنها لە رووی ئابووریەوە شیبکەینەوە بەقەد ئەوەی سایکۆلۆژیانە شۆڕبوونەوە بەو دوو چەمکەدا کەمێک بەسەر واقیعدا بەرزترمان دەکاتەوە و لە راستیشدا بۆ ئەوەی چیتر خەم نەمانخوا و ئێمەش نەیخۆینەوە دەبێ زیاتر لەوە بەرهەمبێنین کە بارگیرەکانی پارە پێیان هەڵناگیرێ.

ئەوەی پارە هەڵدەگرێ و کۆیدەکاتەوە و تا دەستی پێرابگا دەیدزێ، ئەگەر پێیوایە بەوە شادمان دەبێ و کامەرانی پێدەکرێ، ئەوا زۆر بە هەڵەدا دەچێ و شادمانی حاڵەتێکی زۆر سایکۆلۆژیە بە کاریگەری دنیایەک هۆکار دێتە ئارا کە پارە یەکێکیانە، لەوانەیە لە بەهێزترینیان بێ بەڵام نەزانینی بەکاربردنی بەقەد هێزی خۆی زیان دەگەیەنێتە هەڵگرەکەی و زۆری ماندوو دەکا تا ئەو ئاستەی لە چێژە بێعەقڵانیەکەیدا دەیخنکێنێت.

سلیگمان لە کتێبی "شادمانیی ڕاستەقینە" دا و لە شوێنی جیاجیادا ئاماژە بۆ شادمانی دەکات و دەڵێ: پارە شادمانی پێ ناکڕدرێ، کەسە پوولپەرەوەرەکان کەمتر

شادمانن، پارە و پول خاوەنەكانی ون دەكات[٥٦]، ئەم ڕایانە گەیشتوونەتە ئاستی زانستی و لە ئەنجامی توێژینەوە لەسەر شادمانی هاتوونەتە دی، كەواتە شادمانی لە دیدی سلیگماندا پێویستییەكی سایكۆلۆژییە و پەیوەستە بە ئارامی و ئاسایشی دەروونی تاكەكانەوە و ئەم نەزعە فسیۆلۆژییەش لە قووڵایی غەریزەوە هەڵدەقوڵێ و مازلۆ وتەنی هەر بوونەوەرێك بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێ لە ڕووی سایكۆكۆمەڵایەتییەوە دەبێ بڕێكی باشی لەم پێداویستییە هێنابێتە دی بۆ ئەوەی زیاتر چێژ لە شادمانی وەرگرێت و بیكات بە پرۆژەیەكی گەشەی درێژخایەن.

دەربڕینی شادمانی كەمتر دەخرێتە چوارچێوەیەكی درامایی و شانۆییەوە چون خواستێكی بنەڕەتییە، كەسی ناشاد ناتوانێ تاسەر بە ساختە پێبكەنێ، تاسەر بە ساختە هەڵپەڕێ، تاسەر بە ساختە نمایشی شادیمان پیشان دات.

پێكەنینی كەسە شادەكان زۆر دوتشیانەیە(لە ناوی داهێنەرەكەی هاتووە جۆلیام دوتشین Guillaume Duchene ) و هەردوو گۆشەی دەم لە كاتی پێكەنیندا بەرەو سەرەوە بەرز دەبنەوە و بەرچاو و ڕوومەتەكانیش لۆچیان تێدەكەوێ، ئەمەش نیشانەی دۆخێكی نائیرادیە و لە قوڵایی دەروونەوە هەڵقوڵاوە. بەڵام ناشادەكان پێكەنینەكانیان ساختەیە و بە خەندەی پان ئەمێریكان ناو دەبرێ(لە پێكەنینی كچە خزمەتگوزارەكانی نێو فڕۆكەوە هاتووە)[٥٧]،

[٥٦] سليغمان، مارتن(٢٠٠٥). السعادة الحقيقية.....استخدام الحديث فی علم النفس الايجابي، تک مجموعة مترجمين، دارالعين للنشر، ط١، ص٧٢،٨٦،٢٢٤، القاهرة.

[٥٧] سەرچاوەی پێشوو، لا١٥.



Scanned with CamScanner

هەر بۆیە لە چەندین لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی ئیجابیدا دەرکەوتووە بەم جۆرە پێکەنین و خەندانەیانەوە دیارە دڵخۆش نین و هەر بۆیەش ئەم ساختەچیانە زۆربەی ژیانیان لە نائارامی دەروونیدا دەبەنە سەر و کەمتریش لە خەڵکی ئاسایی دەژین، هەڵبەتە مەبەست لێرەدا ئەو ناشادانە نین کە بە دەست کێشە یا نەخۆشیەکی دەروونی دەیبەنە سەر من لێرەدا قسەم زیاتر لەسەر ئەوانەیە کە پێیانوایە شادمانیش وەک پارە کۆدەکرێتەوە.

من لێرەدا تیۆریزەی هەژاری و نەداری ناکەم، چون ئەمانە لە چەندین دۆخی ناهاوسەنگی دەروونی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی و کولتووری دەکەونەوە و چارەسەریشیان بە هەماهەنگی هەموو ئەو بوارانە دەبێت. لێرەدا قسەمان لەسەر شادمانی بوو و ویستم ئەو ئەنجامگیریە لە قسەکانم دەرکەم:

- تاکەکان دەکرێ بۆ شادمانی و وەدەست هێنانی ژیانێکی ئارامتر بە متمانە بە خۆیان و بە ئومێد و هیوا و ئاواتەوە ژیان بەرنە سەر، چون ژیان بەو هەڵچوونە ئەرێنیانەوە چێژی زیاتری هەیە.
- تووڕەیی زیاد لە باری ئاسایی و ترس و خەم هەڵچوونی نەرێنین مانەوە لەگەڵیاندا دەتخواتەوە و تەواوی ساتەکانی ژیانت لێ لێڵ دەکا.
- با هەر لە هەوڵی ئەوەدا نەبین خۆشەویستی بنێرینە دەرەوە، زیاتر لەوە با هەوڵدەین بۆ ناوەوەی خۆشمان کێشی کەین، واتە خۆشەویست بین.

• شوناسی راستەقینە لە فەراهەمکردنی دڵخۆشی و کامەرانی و فەزائیلە خێرەکاندایە و لای خۆمانەوە دەتوانین رێژەیەک لەم فەزائیلانە لە خۆمان نمایش کەین.

ئەمانە و زۆری تر بیرکردنەوەکانی تاک بەرەو لایەنە پۆزەتیڤەکان لە ژیان دەبات و درووستیەکی دەروونی هاوسەنگیشی لێ وەدەست دەکەوێ، هەر بەتەنها قسەی نێو گوتارە وەعزیەکان نین و پاڵپشتن بە سەدان لێکۆڵینەوەی مەیدانی و نێوان کولتووری(کرۆسکەڵچەر) ی ئەوەی ویستیشم لە دوا دوو رستەدا بیدرکێنم ئەوەیە:

**برسی و تێر لە دوو دەرکەوتدا وەک دیاردە دەردەکەن، برسی رۆح و تێری رۆح.**

## سایکۆلۆژیا و ژیان

سایکۆلۆژیا هەمیشە ئیشی بۆ هێنانە ئارای شادی و کامەرانی مرۆڤ کردووە، سایکۆلۆژیستێک نیە تیۆریزەی مەرگەسات و بالاکردنی بەهاکانی نەمان و مردنی کردبێ، ئەوان لەیەکتر جیا بوون، هەر یەکە بە ڕێچکەیەک و بە زمان و شێواز و ستراتیژێک کەوتوونەتە ڕێ بۆ ئەوەی سەرەنجام بگەن بەو مرۆڤەی تەواو وریا و بە ئاگایە لە خۆی و دەرەوەی خۆی.

حیکمەتی سایکۆلۆژیا لەوەدایە مرۆڤ دەخاتە بەر مەددی نەزەری خۆی بۆ ئەوەی لە دوا فۆرم و گەوهەری دەولەمەندیدا هەم کەس و هەم مرۆڤستانیش بخاتە نێو کەش یا فەزایەکی دەروونیەوە هەموومان تیایدا ئاسوودە و هاوسەنگ ماناکانی ژیان لێکبدەینەوە و بەردەوامیش بین لە دۆزینەوەی ئەو مانایانەی هێواش هێواش و بە ئارامیی هۆش و زەین و عەقڵ پێیان دەگا.

لە سایکۆلۆژیادا (ژیان) بەلام ژیانێکی ئارام بابەتی مرۆڤێکی هاوسەنگ و ژیاندۆستە، باسکردنی مردن و ڕووەهەرە دزێوەکانی شەڕانگێزی و توێژینەوە لەسەر توێژینەوە لەسەر کردنیان هەر بە مەبەستی گەیشتنە بەو ژیانەی هەموومان مافێکی سرووشتی خۆمانە بیژیەین، سایکۆلۆژیا و کەسە دیارەکانی ئەم مەیدانە هەمیشە لە دوای ئەم دەریچانە وێڵن کە لێیانەوە تروووسکایی ژیان بەردەمی هەموو مرۆڤێک ڕووناک دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم ماوە

کورتە چێژی هەم ساتەوەختی و هەمیش هەمیشەیی و عەقلانی وەرگرێت.

هەن لە سایکۆلۆژیستەکان لە تاریکیدا وێڵی ڕووناکین، چون پێیانوایە بە کەمکردنەوەی جوگرافیای تاریکی سەرزەمینە ڕووناکەکان زیاتر دەدرەوشێنەوە و پانتاییەکانیان زۆرتر دەکشێن، هەشن لە ڕووناکیدا شەڕی تاریکی دەکەن و تا پێیان بکرێ تیشک دەخەنە سەر نوتەک و جەنگەڵە نەبینراوەکانی خودی مرۆڤ، هی واشمان هەیە لە هەردوو رووە تاریک و ڕووناکەکەی ژیان و دەروونی تاکەکان دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی جەدەلیەتی پەیوەندی نێوانیان بخاتە خزمەتی خودی (ژیان) ەوە، چون ژیان لە کۆتاییهێنان بە تاریکی دەست پێناکا بە قەد ئەوەی ئیشکردنە بۆ ناسینی کونجە تاریکەکان و دۆزینەوەی ژینگەیەکە بۆ ڕووناکی تیایاندا، سایکۆلۆژیا و سایکۆلۆژیستەکان ویستوویانە و دەشیانەوێ لە ڕووناکیدا ئیش لە تاریکی بکەین نەوەک (لە تاریکاییەکاندا ئومێد بۆ ڕووناکایی بخوازین).

هیچ یەک لە سایکۆلۆژیستەکان لە هیچ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئابووریدا تیۆریزە و تەمجیدی شەڕ و شەڕانگێزیان نەکردووە و نەیانویستووە بە سەرە قەڵەمێکیش دنەی تاکێک یا کۆمەڵگەیەک بدەن تاوەکو ڕەفتارگەلێک ئەنجامدەن وێرانسازی ژیانی لێ بکەوێتەوە، نووسەر و بیرمەندی گەورە لە مێژودا هەبوون و بە قسە و نووسین و ڕا و بۆچوونەکانیان کارەسات و مەرگەساتی گەورەیان بەسەر مرۆڤ و مرۆڤستاندا هێنا،



Scanned with CamScanner

ئەوان وەک ئایکۆنی پیرۆز یا پیرۆزکراو تەماشایان کرا و هەرچـی وتیـان لای ســادەلەوحەکان بە سیاســەتمەدار و کەسانی خاوەن پێگەی جەماوەری و کۆمەلایەتی و ئاینیەوە نائاگا و نا هوشیارانە لێکدرایەوە و دواتر بە هەلگیرساندنی جەنــگ و مەرگەســاتەکان ژیانیــان لە ملیۆنــان مرۆڤــی ئارەزوومەند بۆ ژیان سەندەوە.

لە ســایکۆلۆژیادا هــیچ ڕێچــکە و ڕێبازێــک بە تەنهـا نەگەیشـتۆتە مـرۆڤە ئایـدیاڵ و سـووپەرەکە، هەر یەکەیـان یەخەی لایەنێـک لە کەسـێتی ئەویـان گرتـووە و دواتـر بە هەموویان توانیویانە وێنەی مرۆڤێکی هاوسەنگ و ساغمان بۆ بکێشـن، ئەم هەوڵە لەیەکتر جودایانە چوونەتە خزمەت عەقلیەتێکی هاوکارانە و تەبـاوە و ئەوەمـان پێدەڵێ کە ئەو زانستە هەرچی زاناکانی خۆی هەیە بە شێوەیەک لە خۆی ئالاندووە بە گیانی هاوکاری و دەستەجەمعیەوە ئیش بکەن و ئەنجـامی بیرکـردنەوەی یەکتـر نەسـڕنەوە، ڕاسـتە هەر یەکەیان یا هەر ڕێچکەیان ڕەخنەی ئەوانی تری کردووە و دەکا بەلام نایانسڕێتە و بە پووچ و بێمانایان نازانێ.

بۆرهیف سکینەر و کارڵ ڕۆجەرز و ئەبراهام مـازلۆ و لیو فستنگەر و سۆلیڤان و بەر لەوانیش سیگمۆند فرۆید و ئینجا هێربەرت مـارکۆزە و چەپە فرۆیـدیەکانی تـری وەک فـرۆم و جیـزا رۆهـایم و کـارڵ ئەبراهـام و هیتـری ئەم دواییانەش وەک فیکتۆر فرانکل و رۆلۆ مەی زۆری تریش هەموو ئەمانە بۆ هێنـانە ئارای کەس و کۆمەڵگەی ئـارام و هاوسەنگ لە ژیانێکی ئاسوودەدا کۆشایان.



Scanned with CamScanner

هەر کتێب و توێژینەوەیەکی ئێریک فرۆم بگری ڕا و ڕوانینـی بـۆ ژیـان و سـازاندنی ژیـان لە کەش و فەزای ئاسـوودە تیـایە*، ئەو قسـەی لەسـەر ئومێـد و ئـازادی و خۆشەویستی و گوێگرتن و کۆمەڵگەی ساغ و مرۆڤێکی بە خۆهوشـیارە و سـایکۆلۆژیای بـردە نێـو نوتەکەکـانی سیاسـەت و ئـابووری و پێیوابوو ئەم ژینگەیەی ئەوسـا و ئێسـتا بـۆ ژیـان سـازگار نـیە و مرۆڤـی هەلپەرسـت و خۆپەرسـت و دواتـر نـامۆ بـۆ کۆمەڵگەکـان دەخـاتەوە، ئەم بیرکردنەوەیەی بە ڕەخنەکردنی کارڵ مـارکس و سـیگمۆند فرۆید و پێشتر بە سەرسامبوون پێیان گەڵاڵە کرد.

بەڵام سکینەر وێنەی دنیایەکی وێرانی نیشـاندایـن** بۆ ئەوەی لە ڕەفتـاری هاوسـەنگ و پـۆزێتیڤترەوە ژیـنگە لە وروژێـنەرە شـەڕخوازەکان پـاککەینەوە، ئەو هەمیشـە دەیـووت سـازاندنی ژیـنگە پەیوەسـتە بە ئەنجـامی ڕەفتارەکـانی مـرۆڤ و ئەو ژیـنگەیەی ئەوسـا ئەو تیایـدا دەژیـا ئـامـاژەی مەترسـیداری لـێ دەخوێنـدەوە و پێشـبینی کاولکاریەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەکرد.

کارڵ ڕۆجەرزیش هەوڵی زۆری هەبوو لە بڕاندنەوەی جەنـگ و شـەڕەکانی نێـوان کاتۆلیـک و پرۆتسـتانتەکان لە

* لە کتێبەکـانی: شۆڕشـی ئومێـد و هـونەری خۆشەویسـتی و مـرۆڤ لە نێـوان جەوهەر و ڕوخسـار و نـاوەڕۆکی مـرۆڤ و مـرۆڤ بـۆ خـودی خـۆی و کتێبەکانی تریشیدا ڕێو دەرچەکانی ئومێدمان بۆ دەنەخشێنێ(نووسەر).

** سـکینەریش لە نـۆڤلێتە نـاوازەکەی بە نـاوی Walden Two شـاری دووەم و کتێبی تەکنۆلۆژیـای ڕەفتـاری مـرۆڤ ئـیش لەسـەر سـازاندنی ژینگەیەکی ئینسـانی دەکـات و مـرۆڤ لە مەترسییەکانی وروژێنەرە شەڕانگێزییەکانی ئەم ژینگە ناسـازانە وریا دەکاتەوە(نووسەر).



Scanned with CamScanner

ئێرلاند و چووەتە باشووری ئەفریقا بۆ ڕۆڵ بینین لە نەهێشتنی ئاپارتاید و نەژادپەرستی، هەروەها چووەتە مۆسکۆی زەمانی شورەوی بۆ سنوور دانان لەبەردەم پێشبڕکێی چەک و ئەتۆمسازی، دواتر ڕۆجەرز پرۆژەی سوڵحی ڤیەننای لە ساڵی (١٩٨٥) واتە دوو ساڵ بەر لە مردنی پێشنیاز کرد و لەکاتی بەستنی (٤٠) لە سەرکردەکانی دنیا لە (١٣) وڵات بەشدار بوون، ئەو دەیویست لەو گردبوونەوەیەدا پەیامی ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەییان لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیاوە بگەیەنێتێ[٥٨].

سایکۆلۆژیستەکانی تریش کە ناومان بردن وەک سیگمۆند فرۆید لە وەڵامی نامەیەکی ئەنشتایندا * بۆچوونی سایکۆلۆژیست و ڕێبازێکی دەروونشیکاریی لە بارەی جەنگ و ڕەفتاری شەڕانگێزی و مەرگدۆستی مرۆڤ خستە ڕوو و بەمەش دەریچەی زانستی ئاشکرای بۆ دەرباز بوون لە زیانەکانی مەرگدۆستی گەیاندە دنیا، ئەو زۆری لەسەر جەنگ و شەڕانگێزی نووسی و گووت، ڕوونترین ئامانجەکانی ئەو هەروەک لە پێشتریشدا نووسیومە گەیشتن بوو بە مرۆڤێکی عاقڵ لە ڕێگەی میکانیزمی جیاجیاوە، لای ئەو مەدەنیەت و شارستانیەت بە زاڵبوون بەسەر نارسیزمی تاکەکانەوە دێتە ئارا، ئەو دەیویست لە سەرچاوەکانی ئازارەوە ئازارەکانی مرۆڤ بنبڕ بکا،

---

[٥٨] راجرز، کارل(٢٠١٠). هنر انسان شدن، ت: مهین میلانی، نشر نو، چاپ ٢، لا ١٠، تهران.

* فرۆید لە کتێبی "بیرۆکەکانی زەمەنی شەڕ و مردن" وەڵامی ئەنشتاین دەداتەوە سەبارەت بە پرسیارەکەی لەسەر- بۆچی شەڕ؟-(نووسەر).

ئەمەشــی لە ئیگـۆیەکی عاقـڵ و هاوســەنگ و ڕێکخــراو و دادپەروەردا دەبینی.

چیتر بە شان و باڵی سایکۆلۆژیا هەڵنادەم چون هەر ئەوان خۆیــان و کــار و کــردار و نووســین و گوتنەکانیــان دەبن بە مانیفێستۆ بۆ ئەو ژیانەی هەمــوو ژیاندۆستێک لە ناخی خۆیدا ئومێدی بۆ دەخوازێ.



Scanned with CamScanner

# بەشی نۆیەم

# زمان و عەقڵ



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## زمانی كوردی ...

## لە نێوان زانین و نەزانین و بەرپرسیارێتیدا

هەموو كۆدەكانی ئینسانبوونی مرۆڤ لە نێو زماندان، ئاستەكانی گەشە و پەرەسەندنی عەقڵ و هۆشی هەر تاك و كۆمەڵە و گرووپ و نەتەوەیەكیش هەر لە نێو زمانەكەیدا دەخوێندرێتەوە و دەپێورێ. زمان هەر بەتەنها لە ئاستە سەرەتاییە هۆكارییەكەیدا نەماوەتەوە بەقەد ئەوەی هەرچی كردوومانە و دەیكەین لە زماندا سیمبولیزە بووە یا بەرەو سیمبولیزەكردن دەچێ.

زمان بابەتێكی بوونناسیە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بوونی مرۆڤ خۆیەوە یا بە دیاردەكانی دەركەوتنیەوە، هەر لە ڕێگەی زمانەوەیە دەتوانین حوكمەكانی بوون و نەبوون چ لە ڕووە فەلسەفیەكەی و چ لە ڕووە سایكۆلۆژیەكەی و چ لە ڕووە سۆسیۆلۆژی و كولتووری و ئەتنیكیەكەی بەسەر مرۆڤدا ساغ كەینەوە.

لە زماندا حەتمیگەرایی گوناه نیە و تەنها زمانە بە حەتمیی وەك پێویستیە بیۆلۆژیكیەكان دەتوانین ناوی پێویستیەكی بێ بەرانبەری لە كۆی پێویستیەكانی دیكەی ژیان لێبنێین، ناسینی زمان وەك زەرورەتی بێ ڕكابەر ئەركگەلی دیكەی گرنگ دەخاتە ئەستۆی مرۆڤ كە هەر هەموویان هەوڵی جەدەلین بۆ خۆ نەخشاندن و خۆ دروستكردن و خۆ نمایشكردن تیایدا، ئەگەر زمانی ئینگلیزی زۆرترین بەكاربەر و قسەكەری هەیە لە دنیادا،

نیشانەی ئەوەیە ئەو هێزەی لە پشتیەوەیەتی بە تواناترین و زرنگترین و وریاترین و چالاکترین هێزە هەم لە ڕووی مەعریفی و هەمیش لە ڕووی ئابووری و پاوەرەوە.

ئەگەر زمانەکەی ئێمەش لە ناوچەکەی خۆماندا و لە ناوخۆیدا نەیتوانیوە ستاندارایز بێ و شێوەیەک بۆ ناساندنی نەتەوە و کۆمەڵگە بەرهەم بێنێ، ئەوا گرفتەکەی لە خۆنەناسین و لێڵی شوناسی نەک هەر نەتەوەییە بەڵکو بەرتەسکبوونەوەی ئەو شوناسەیە بۆ فۆرمە پێش نەتەوەییەکەی، ئەمەش جگە لە خۆ کرژکردنەوە و چوونەوە نێو کەوڵی هۆز و عەشیرەت و ناوچەیی زیاتر چیتر نیە، تەنگبوونەوەی زمان یەکسانە بە تەنگبوونەوەی شوناس، بچووککردنەوەی زمان یەکسانە بە بچووکناسینی نەتەوە و ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی هەڵگری نائیرادیانەی ئەو زمانەن.

جیاوازی زمانەکانی دنیا لە یەکتر پەیوەستە بە دنیایەک جودایی کە بە حەتمیەتی جوگرافی و تۆبۆگرافی و کەش و هەوا و ژینگەیی و شتی ترەوە بەندە، بەڵام جیاوازی زمانەکان لە فراوانی و بەر تەسکیان، لە یەکگرتوویی و فشۆڵیان، لە لاوازی و بە توانابیان، لە توتالیتێریەت و بەسترانەوەیان بە بەش و پارچەی بچووک بچووکەوە بەندی ئاستەکانی بەرهەمهێنانی هۆش و عەقڵ و تواناکانی تری مرۆڤە.

توتالیتاریەتی زمانی ئینگلیزی ڕوێکی دیکەی ئیمپریالیەت و مۆنۆپۆلکردنە و لەم فۆرمەیدا من وەک کوردێکی ئینسانی، پێموایە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمەی خۆمان بە شێوەیەک ئامێزیان بۆی کردۆتەوە هەروەک

هۆشیان لەبەر برابێ و کەوتبنە ژێر کاریگەری بێهۆشکەرە جیاجیاکانیەوە.

لە زمانی ئینگلیزیدا هەر شتێک لە هەر بوارێکی زانستی و مەعریفەی مرۆیی بمانەوێ دەستمان دەکەوێ، بەڵام ئەو مانایە ناگەیەنێ کە زمانی کوردی ئیدی وەستا و توانای جوڵەی نەما و با تەنها بۆ چاک وچۆنی نێوان خۆمان بەکاری بێنین.

سووککردنی زمان جگە لە سووککردنی نەتەوە چیتر ناگەیەنێ، بڕیاری وەلاوەنانی زمانی دایک لە هەر لا و لە لای هەر کەسێکەوە بێ، هەڵگەڕانەوەیەکی بێزوانەیە و خەسانێکی سیاسی و کولتووری و پەروەردەیی و ئەخلاقیشە.

من نامەوێ لێرەدا بچمە سەر هۆکارەکانی لاوازیی زمانی کوردی و پەرتەوازەیی و نا ستانداربوونی، و ناشمەوێ وەک نەتەوە پەروەرێکی ئەم سەردەم و زەمەن و ئەم تەرزە فەزایە سیاسییەی خۆمان دەرکەوم، هەر ئەوەندە دەڵێم کە زمان لە هەر ئاستێکدا بێ و مادام زمان بێ و نەتەوە بەکاری بێنێ، ئەوا لە نێو خۆیدا توانای ئەوەی تێدایە لە فۆڕمێکی ستانداردا یەکبگرێ بەڵام کە ئەمە نابینین، کێشەیەکی ئاڵۆزە و پەیوەستە بە هۆشی ئۆرگانەکانی نێو ئەو نەتەوەیە و دواتر بەندە بە ئیرادەی بەکاربردنی ئازادی و خۆ بە بەرپرس زانین لە بەرانبەر ئەم ئەرکە ئینسانی و نەتەوەییە مۆدێرن و عەقلانیە.

کردەی هوشیارانەی سووککردنی زمان لای کەس و ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکانی ئێمە زۆری دیکەی دەوێ



Scanned with CamScanner

لەسەری بنووسرێ و بوترێ، ئەوەی لەم هەلومەرجە لەسەر ئاستی پەروەردە و خوێندنی باڵا و بەکاربردنە جۆراوجۆرەکانی دیکەدا بەرانبەر زمانی کوردیی دەبینرێ بە پێوەرە هەم ئارکیۆئینسانی و هەمیش نەتەوەییەکەی ناپاکییەکی گەورەیە و هەوڵێکی نائاگانەشە بە مەرامیی سڕینەوە و لەبەینبردنی ستتوندە بنچینەییەکانی نەتەوە بوون بە مانا فیتری و سرووشتییەکەشیەوە، لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم:

- ئەم بڕیارەی لەبارەی زمانی کوردی دەرچوو گوایە چیدی نمرەکەی بۆ وەرگیران لەبەشە زانستیەکان هەژمار ناکرێ، بەم تەکنیکە ئیدارییە لاوازەوە ئەوەندەی گورزە لە زمان و سووککردنیەتی ئەوەندە خزمەت نیە بە قوتابیان بۆ ئەوەی چیدی زمان ڕێگر نەبێ لە پێش چوونیان بۆ ئەو بەشانەی دەیانەوێ، چون ئەگەر ستراتیژی نەتەوەیی و ئەکادیمی لەم سەرزەمینە هەبوایە دەکرا زمانی خۆمان ببەینە ئەو ئاستەی هەرچی زانستی جیاجیا هەیە پێی بخوێنرێ و دواتر توێژینەوەی وردیشی پێ ئەنجام بدرێ، کە ئەوە نیە ئیدی پەیوەستە بە سستی عەقڵی نێو کولتوور و بێ تین و تاقەتی سیاسی و کولتووری لەم سەرزەمینەماندا.

- ئەگەر بەشە زانستیە سرووشتی و ناسرووشتیەکانیش بە هەندێ مەرجی تایبەت بە خۆیان ببەستینەوە، ئەوا نابێ لەسەر حیسابی زمانی کوردی بێ، چون هەڵدانە دەرەوەی زمانی کوردی بەم شێوەیە زیاتر لە



Scanned with CamScanner

بێکەڵککردنی دەچێ نەوەک بەرزکردنەوەی ئەلتەرنەیتیڤی خواست و توانای قوتابیان.

- ئەگەر زمانی کوردی بۆ هەندێ بەش وەلاوە دەنرێ، ئەی لە خوێندنی شەریعە دا ئینگلیزی چ ڕۆڵێکی هەیە؟ لە خوێندنی زمانەکانی عەرەبی و کوردیدا ئینگلیزی بۆ دەکرێتە مەرجی خوێندنی باڵا تیایاندا؟

- ئەگەر بیۆلۆژیا بۆ خوێندن لە کۆلێژی پزیشکی پێویستە، لە فیزیک و ئەندازە و کیمیکیشدا چۆن ئاستێک بۆ بیۆلۆژی و ئەوانی تری غەیرە پسپۆڕی دانراوە با بۆ کوردیش ئاستێک دیار کرابایە نەوەک تووڕ هەڵیدەنە دەرەوە.

- من زیاتر لەم نووسینەدا مەبەستم قسەکردن بوو لەسەر گرنگی زمان و کەمتر بەلای بڕیاری ئەو بڕیاردەرانەوە چووم، بەڵام ئەوەی لە مێژە لام یەقینە ئەوەیە زمان وەک تۆخمێکی بنچینەیی و پێکهاتەیەکی بنەمایی بۆ نەتەوەبوون بچووکترین ئیشی لەسەر نەکراوە و تەنانەت راستی بایەخەکەشی بۆ ئەم ئامانجە نازانن، هەر بۆیە تا دێ دۆخی نەتەوەییمان ئاڵۆزکاوتر دەبێ.

- زمان هەروەک هایدگەر لە کتێبی "بوون و کات" دا دەڵێ **ماڵی بوونە**، ئەم ماڵە پڕیەتی لە بوونەوەری لە یەکتر جودا و سەیر سەیر، لە زمانی ئێمەدا ئەم ماڵە وەک ماڵی سیاسەت شێواوە، وەک ماڵی مەزهەب شێواوە، وەک ماڵی کۆمەڵایەتی لێهاتووە و هەرچی بایەخ هەیە خراوەتە سەر (خوار ناوکەوە) بۆ ئەوەی (سەرەوەی ناوک) بەلای بیرکردنەوە و هوشیاریدا نەچێ.



Scanned with CamScanner

- لەماڵی زمانی ئێمەدا هەموومان لەیەکتر تووڕەین، کەسمان دان بە قسەکەرەکانی تردا نانێ، قسەکانی نێو زمان وشەی زۆر سۆزاوی و هەڵچوونئامێزن، وەک بۆمب بە ڕووی ئەوانی تردا دەتەقنەوە، دواتر وێرانەی نێو زمان تادێ زێتر دادەڕمێ و ئەو بڕیارەی برادەرانی بەرپرسیش دەچێتە چوارچێوەی وێرانسازی نەوەک بیناسازی کۆمەڵگەوە.

زمان ئەلتەرنەیتیڤێکی هەرە شیاوە لای ژاک لاکان بۆ نەست و مرۆڤ بە تەواوی بوونیەوە لەوێدا ون دەبێت و هەر لەوێشدا دەدۆزرێتەوە، هەموو زمانێک لە خۆیەوە و سرووشتیانە گەشە دەکا، بەڵام ئەوە قسەکەرەکانی نێویەتی ڕێکی دەخەن، ئەوە قسەکەرەکانی نێویەتی ڕووبەری بەکاربردنی فراوان دەکەن، ئەوە کەسەکانن ستانداردی دەکەن و ساغ دەیهێڵنەوە و ناهێڵن لە شەڕی زمان و کولتوورەکاندا سست بێت و نەخۆش کەوێ.

زمانی ئێمە بووەتە بابەتێک بۆ پێکەنینی هەرزە سیاسی و ئیدارییەکان، لە نێوەوە دەکوڵرێ و تووشی سکیزۆفرینیای نمایشکاری بووە، بەکاربەرەکانی خەریکە بەشەرمەوە خۆیانی دەدزنەوە، ئەوان بێئاگان لەوەی لەو ماڵەی زماندا نەبێ ناکرێ هیچ یەک لە ماڵەکانی ترمان درووست کەین یاخود ڕێکیان خەین.



Scanned with CamScanner

## شەرمبوون بە زمان ... شەرمبوون بە نەتەوە

تادێ زمانی کوردی لە لایەن (هۆزبی)* یە کوردییەکان سووک و سووکتر دەکرێ، لە دوای ڕووداوەکانی ١٩٩١/٣/٥ەوە تا ئێستا ئاماژەیەکی ڕێزنواندم بۆ زمانەکەی خۆمان لەم بوونەوەرە سیاسەت بەکۆڵدادراوانە یا بەکۆڵداهاتوانە نەبینیوە، نە ڕاگەیاندنی هۆزبیەکان و نەئۆرگانە پریمیتیڤەکانیان لە بایەخی زمانیان وەک مەرج و توخمێکی هەرە بنچینەییی چ پێکهاتنی نەتەوە چ پێکهاتنی کۆمەڵگە و تەنانەت دەوڵەت نەڕوانیوە، چجای ئەوەی لە کابینەکانی ئیدارەدانی هەرێمدا وەزارەتەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵا بە موو مەیل و ئارەزووی چەسپاندنی توخمی زمانی کوردییان لە سێکتەرە سەرەکییەکانی هێنانە کایە و گەشە پێدانی هاوڵاتی گونجاو بۆ مەیدانی کار و بەرهەم بەلاوە گرنگ بووبێ.

زمان شوناسی کولتووریی نەتەوە و ناسنامەی وجوودیی کۆمەڵگەیەکە لەم جیهانەدا فیتریانە هەیە و دەبێ لە بارە فیترییەکەوە بە توانای عەقڵی و هۆشمەندی تاکەکانەوە وەرگێڕدرێتە سەر بارە شارستانییە مەدەنییەکەیەوە، ئەوە نەتەوەیە بە زمانی خۆی دەدوێ و هەر بەو زمانەش جودایی کولتووری و نەریتی و ترادیسیۆنیی خۆی بۆ هەرچی دنیا هەیە دەخاتە ڕوو.

---

* هۆزبی: داتاشراوێکی زمانەوانی خۆمە لە (هۆز) لەلایەک و(حیزب) لە لایەکی تر لێکدراوە، واتە هۆز و حیزب کە تێکەڵ دەبن(هۆزبی) لێدرووست دەبێ.



Scanned with CamScanner

زمان دەرکەوتێکی سرووشتی گەلەمرۆڤێکی دیاریکراوە و هەرچی تایبەتمەندی مێژووی کولتوور و داب و نەریت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە لەو زمانەدا یا دیارە یا شاردراوەتەوە، ئەوەی دیارە ئاستە هوشیارەکەی نەتەوەیە دەدوێ و ئەوەی شاراوەشە ئاستە نەستی و مێژووییەکەیەتی بوونی خۆی لە کەلچەری خۆی کەڵەکە کردووە.

لە زماندا وجوودی نەتەوەیی و مێژووییمان خۆی نمایش دەکات جا چ نمایشێکی سەرەتایی یا نمایشێک بە شێوەیەک لە شێوەکان حەزی بەرەو پێشەوەچوونی بۆ ئاستێکی دیکەی گەشەکردن هەبێ، ئەگەر زمان هێواش هێواش لەسەرچاوەکانی تین و تاقەتی خۆی دابڕێنرێ وەک لای ئێمە هەیە ئەوا ڕایەڵە بنچینەییەکانی خۆ بەستنەوە بە بنەما ڕەسەنەکانی کولتوورمان خێرا خێرا دەپچڕێن و لەسەردەمانی دادێدا بوونە کولتوورییەکە لەبن هەڕەشەی سستی بەرهەمهێنانی مەعریفە بە زمانی خۆی دادەڕمێ و توانای وەستانی بە قیت و قۆزی نامێنێ.

زمانەکان هەموویان لە بەرخوردی کەس و کۆمەڵگەکان بە هەبووە سرووشتییە ماتریاڵییەکانەوە هاتوونەتە ئارا و ئامادەباشییە جینیتیکیەکەیان پشکواندووە، ئەوەی زمانێکی لە یەکێکی تر فراوانتر و بەهێزتر کردووە، تواناکانی بەرهەمهێنانی هێز بووە لای کۆمەڵگەیەک و نەبوون یا سستبوونییەتی لای ئەوانی تر.

بەرهەمهێنانی هێز بە ڕووە جۆراوجۆرەکانییەوە توانیویەتی زەمەنێک زمانێک لە لۆکاڵەوە بگوازێتەوە گلۆباڵ



Scanned with CamScanner

و ئەوانی تریش بخاتە پەراوێزی ڕەسمیاتی ژیانەوە، وەلێ هیچ کاتێک زمان لە جوولەی خۆی نەکەوتووە مەگەر ناتوانایی قسەکەرانی ڕۆڵیان هەبووە لە کلۆرکردن و بنکۆڵکردنی بنەماکانی نەبێ.

پەراوێزکردنی زمانی کوردی لە لایەن هۆزبییە کوردییەکانی هەرێم هەوڵێکی شعوورییانەیە بۆ کلکایەتیکردنی کولتووری و لەدەستدانی متمانەی نەتەوەیی بە توانای زمانی کوردی لە هێنانە ئارای ناونانە زانستی و کەلچەرییەکان لە هەرچی بوار هەیە لە ژیاندا.

کلکایەتی سیاسی و ئابووری دیاردەی هەرە دیاری ئەم سەدەیەی ڕابردوو بووە لە ژیانی سیاسی و ئیداری ئێمەدا، بەڵام گواستنەوەی کلکایەتی و ملکەچی بۆ بواری کولتووریی و تەسلیمبوون بەرانبەر کولتوورە هەرێمی و زلزمان و کولتوورەکان بە هیچوپوچ سەیرکردنی کولتووری کوردی و بێزرخزانینی میراتی نەتەوەیی و ئینسانی مرۆڤی کوردە لەم سەرزەمینەدا.

لە زمانناسی و زانستی زمان و (بوون لە ڕێگەی زمان*)ەوە هیچ زمانێک لەوانی تر ڕەسەنتر و پڕتر نییە، ئەوەی هەیە زمانی کۆمەڵگەیەکە لە ڕێگەی کۆلۆنیالیزمی شەڕانگێزیی ساماندزییەوە زمانی خۆشی سەپاندۆتە سەر کۆلۆنەکان و وای حاڵیکردوون کە قسەکردن و بەکاربردنی زمانە لۆکاڵییەکەی خۆتان لە کەسێتی شارستانیتان کەمدەکاتەوە و ناتانباتە ئاستی بەکاربەرانی زمانی

---

* ئیحائێکی هایدگەریانەیە بۆ چوونەوە ماڵی بوون، چون ئەو زمان بە (ماڵی بوون) دەزانێ(نووسەر).

داگیـرکەرەوە، ئەم نموونەیەمـان بەر لە زاڵبـوونی زمـانی ئینگلیزیـی لە زمـانی فارسـی و عەرەبـی و تـورکی لە نـاوچەکەی خۆمـان بینی و ئێستاش لە زمـانی ئینگلیزیـدا دەیبینـین کە ڕووبەری بڵاوبـوونەوەی هـاوڕێیە لەگەڵ زاڵبوونی دۆلار و مارینز و B٥٢، F٢٤، ٣٠ « و .....تاد.

نرخاندنی زمان لای دڵسۆزانی کولتووری نەتەوەیی لە بردنە پێشـەوەی زمـانی کـوردی دەبێ بۆ ڕێزی یەکەم و زنجیرەبەستنی هەموو زمانەکانی تر لە دوای ئەم زمانەی یەکەمەوە، ئیشـکردن لە تـۆکمە کردنـی زمـان نیشـانەی ئیشـکردنە لە تۆکمەکردنی عەقلی نەتەوەییمان کە لای مـن تاوەکو ئێستا هەر خەون و خەیاڵ بووە و بەس، مەترسی خستنە دواوەی زمانی کوردی هەر لە پشکوتنی زمان لای منـداڵەکانمانەوە ئەنجـامی شکسـتی سیاسـی و ئیـداری و ڕێکخراوەیی هۆزبییە کوردییەکـان بووە و تا ئێستاش ئەم شکسـتە خێـرا خێرا دەپەڕێتەوە نێـو هەنـاوی کولتـوور و سەرەنجام پیاوانی هۆزبیی کوردی بۆینباخ لە مل بە هەموو دنیا دەڵێن ئێمە نەک هەر فێری زمانەکەتـان دەبین بەڵکو ئاسـانتر لە پرۆسـەی تـاوانەوەی کولتـووری و نەتەوەییدا زەمینەتان بۆ خۆش دەکەین و کورد و زمانی کوردیشتان بە قوربان دەکەین.

ناپـاکیی کولتـووری لە هەمـوو شـتێک زیـاتر بە ناپـاکیکردن لە زمـانەوە دیـارە، ئەی ئەوە نـیە برادەرانـی هـۆزبیی تـادێ دەمـو لچیان خـوارتر دەبـێ و پیرۆزیـی لە زمـانی کـوردی دەسـێننەوە و دەیـدەنە زمانەکـانی تـر بە تایبەت ئینگلیزیی.



Scanned with CamScanner

ئەم ناسیاسیانە لەوە بێئاگان کە بە بێنرخکردنی زمانی خۆمـان شکسـتی فەرهەنگـی خۆمـان ڕادەگەیـەنن و لە بەرانبەریشدا هەرگیز ناتوانن ڕێزی خودی خۆیان لەوانی تر دەستکەوێ، چون ڕێز لەبەرانبەرەوە دەست ناکەوێ تاوەکو ڕێز لە خـۆت نەگـری، ئەمە هاوکێشـەیەکی سایکۆسۆسـیۆلۆژیە و سەلمێنراوێکی زانستییە.

ئەگەر نییەتی بەهێزکردنی کۆڵەگەکانی کۆمەڵگە و نەتەوە و سـتاتیویەکی دەوڵەتـداری لەم سـەرزەمینە هەبـوایە هەرگیـز کولتوور کە لە زمان و ڕەفتار خۆی نمایش دەکا لە بەرنامەی هۆزبیەکان پەراوێز نەدەخرا، زمانی کوردیی وەک هەر زمانێکی تـر بگـرە ئاسـانتریش دەکـرێ بخـزێتە نێـو زانسـت و لە پرۆگرامیزەکردنەوەیەکـی سـتراتیژیدا تـوێژینەوە و باسـی داهێـنەرانەی پێبکـرێ، داهێنـان لە نێـو مێشـک گەلالە دەبـێ بە کـاریگەری هـۆش لەگەڵ دەوروبەری مەعـنەوی و ماتریاڵیـدا، دواتـر ئەم بەرهەمەی هـۆش لە ڕێـگەی زمـانەوە دێـتە سـەر سەحنەی وجودی هەستپێکراو، زمانێک تەمەنی هەزاران ساڵ بێت و تاوەکو ئێستا مابێ، چۆن توانای باس و لێکۆڵینەوە و پشکنینی عەقڵی قسەکەرانی نیە؟، ئەوانەی داهێنەرن لە ناوەوەی خۆیـانەوە نهێنیتـرین بـابەتی نەبینـراو و نەبیسـتراو و هەستپێنەکراومان دەخەنە بەر هەست، ئایا زمانی ئێمە ناکرێ بگەیەنـرێتە ئەو ئاستەی کیمیا و فیزیا و بیلۆژیا و ئەندازە و پزیشکی و ........تاد پێ بە کوردی بکرێ.

بە زانستی نەکردنی زمانی کوردی گەورەترین ناپاکی بوو لەم بیسـت و حەوت سـاڵەی ڕابـردوو لە هـۆزبیە کوردیەکـانم بینـی، ئەوان بەم سـووکایەتیکردنەیان شـکۆ و سـەروەریی ئینسانیشـمانییان دابەزانـد و لە بەهـای نەتەوەییمانیـان زۆر کەمکردەوە و یەکێک لە ڕەواترین کێشەی سیاسی و نەتەوەیی



Scanned with CamScanner

دنیای ئەم سەد ساڵەی ڕابردوویان کردە بابەتێک بۆ گاڵتەجاری نەتەوەکانی دوور و نزیک.

## سکیزۆفرینیای عەقڵ ... سکیزۆفرینیای زمان

زمان، دووەم نیشانەیە لە دەیان نیشانە لە مرۆڤدا شوناسی کولتووری و نەتەوەیی کەسەکانی پێ دەردەکەوێ، یەکەمیان جل و بەرگ و شێوەی نەخشاندن و سازانیەتی و ئەوەی تریشیان زمانە. یەکەمیان هێمایەکی ماددی بینراوە و دەکرێ کەسانێک بیپۆشن لەو نەتەوەیە نەبن و دووەمیشیان هێمایەکی بەرهەست و ئەبستراکتە و دەکرێ کەسانێک پێی بدوێن کە دیسانەوە سەر بەو نەتەوەیە نەبن.

جلە نەتەوەییەکان لای زۆربەی نەتەوەکان تەنها بونەتە میراتێک لە نێو کەلەپوور و ناوە ناوە کەس و گرووپەکان بۆ ساتگەلێک دەچنەوە ئەو قالبە و وەک وێنەی باوانیان دەردەکەونەوە، ئەمەش ڕەنگە وەک یۆنگ دەڵێ پەیوەست بێ بەو نموونە یەکەمە( *architype) ی لەسەرەتاوە هەموومان لەوەوە ئەم میراتەمان بۆ ماوەتەوە. هەر بۆیە لەمرۆدا تەنها ئەو نەتەوە و گرووپانە هەمیشە بە جلە نەتەوەییەکانیانەوە دەردەکەون و لێیدانابڕێن کە خۆیان بە پارێزەری کولتوور و کەلەپوور دەزانن و لە ترسی ونبوون

---

* architype : چەمکێکی کارل یۆنگە و مانای نموونەی یەکەم دەگەیەنێ لە مێژووی گەشەی تاک و کۆمەڵگەدا، نموونەی یەکەم ڕەفتار، یەکەم بینین، یەکەم بەها، یەکەک خەیاڵ، یەکەم بیرکردنەوە.....تاد و پەیوەستە بە چەمکی کۆنەستەوە.



Scanned with CamScanner

یا تاوانەوەیان لە بەرانبەر بژاردە مۆدێرنەکان لە جیاتی ئەوەی عەقڵ بکەنە قەڵغان بە جلوبەرگ خۆیان لە کاریگەریە خودبڕەکان دەپارێزن.

ئەوەی من لێرەدا قسەم لەسەریەتی لایەنە لۆژیکیەکەیە لە شیکردنەوە و ڕاستەوخۆ ئەو ناساندنە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەوانەی سرووشتیانە ئەو هێمایانە دەیانبەنەوە سەر نەتەوە یا گرووپە ئیتنیکیەکانیان و زمانیش وەک دەرکەوتێکی سرووشتی هەروەک چۆمسکی دەڵێ خۆرسکانە دەرکەوتووە بەڵام لە مرۆڤدا دەرکەوتووە و پەیوەستی بنەمایەکی فیزیۆلۆژی و فسیۆلۆژیشە و لەسەر ئەم ئامادەباشیە سەرهەڵدەدا کە لە ڕووی ژینیتیکیەوە بۆی ساز بووە، مەگەر نا ئەم دیاردە ئینسانیەمان لێ وەدەر نەکەوت.

واز لە جل و بەرگ و پۆشاک دێنم و هەر لەسەر زمان قسە دەکەم، زمان بۆ ئەوە دەرکەوتووە شتی پێ پەیبەرین و بناسین و هۆشمانی پێ دامەزرێنین، بۆ ئەوە دەرکەوتووە مانای پێ بدەینە هەموو ئەو شتانەی لە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ هەن یا دەبزوون. ژیان هەروەک فرۆید دەیووت پێویستی بە "بیر"ێکی بەهێزە، ئەم بیرە لای فرانکل بووەتە "مانا" بۆ ژیان[٥٩]. تەنها مرۆڤە هەست بە ژیانی خۆی دەکا و دەشزانێ چۆن سەرەتای هەیە ئاوەهاش کۆتایی بە ژیانی دێت، هەر بۆیە ئەو ژیانەی دەیژیێ، ئەگەر بە ماناوە نەیباتە

---

[٥٩] فرانكل، فكتور(٢٠١٤). إرادة المعنى.....أسس وتطبيقات العلاج بالمعنى، ت: د. ايمان فوزي، دار زهراء الشرق،القاهرة، ص٦٣.



Scanned with CamScanner

سەر لە خودی ڕەسەنی خۆی دادەبڕێ و تا ماوە بە خودێکی ساختەوە دەیگوزەرێنێ.

ماناکان لە زماندا هێما وەردەگرن و دەپارێزرێن و وردە وردە گەشە دەکەن، لە زماندا هزر وەردەگێردرێتە سەر وشە و دەنگ و سیمبولیزە دەبێ. زمان دنیایەکی ترە لە نێو ئەو دنیایەی تیایدایین، کە وەک بوونەوەرێکی بیۆلۆژیکی لە دایک دەبین دێینە (دنیای یەکەم) کە ئەم سەرزەمینەیە، کە زمانیش دەگرین دەچینە دنیایەکەی تر و ئەگەر هوشیارانە ڕۆڵی بوونێکی عاقڵانەی تیادا پیادە نەکەین ئەوا ناتوانین ئەم دنیا ئەبستراکتە جوان بسازێنین و بناغە و ڕێساکانیشی بە لەرزۆکی ئەولا و ئەملا دەکەن.

لەرزۆکیی زمان پەیوەستە بە لەرزۆکیی عەقڵەوە، عەقڵی چالاک زمانی چالاک دێنێتە بەرهەم، عەقڵی زیندوو زمانی زیندوو درووست دەکا، عەقڵی بەهێز زمانی بەهێز دێنێتە ئارا و دواتر (هێزی زمان) کولتووری بەهێز لە خۆیدا دەباتە دەرەوەی خۆی و سنوورەکانی فراوان دەکا، هەروەک چۆن زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و رووسی و عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی و......تا ئەو ئاستەی ئێستایان فراوان بوون.

زۆر جار فراوانبوونی زمان پەیوەست بووە بەو هێز و دەسەڵاتانەی لە داگیرکاریەوە کەوتوونەتەوە، بەڵام خۆ داگیرکاریش ئەگەر جۆرێکی دیاری شەڕانگێزی بووە، ئەوا عەقڵێکی شەڕانگێز و فراوانخواز بەڕێوەیبردووە، مەرجیش نەبووە ئەم ئاستە لە فراوانبوون بە پێوەرە عەقلانیە ئینسانیەکانی ئەم دوادواییە گونجاو بووبن، گرنگ ئەوەیە



Scanned with CamScanner

ئەوەی هەبووە بەشێک بووە لە گەشەی مێژوویی مرۆڤایەتی و لەمڕۆدا پێوەرەکانی هێز و عەقلانیەت بەستراوەی نۆرم و ستانداردی ترن.

لە زمانی کوردی خۆماندا دنیایەک ڕێچکە دەدۆزینەوە دەمانبەنەوە سەر سەرچاوەکانی لاوازی عەقلی کوردی، هەر لە بەڕێوەچوونی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و ئابووریەوە بگرە لە سەردەمە هەرە کۆنەکان و ئۆرگانیزەبوونە شڕ و شەپڕێوەکانەوە، تاوەکو دۆخە ناتۆکمە و لەرزۆکەکانی وا بۆ سەدەیەک دەچێ تێیان کەوتووین.

لە مێژووی خۆماندا چون پەرتەوازەیی بە ژیانی فەرهەنگیمانەوە دیاربووە و نەمانتوانیوە بەسەر کۆسپە جوگرافی و تۆبۆگرافیەکان زاڵبین و جەستەیەکی کولتووری لەسەر زەمینێکی بەیەکەوە بەستراو سازکەین، ئاوەهاش زمانەکەمان لە دۆخی دابڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی چەقیوە و نەیتوانیوە لە شێوەیەکی ستانداردی نەتەوەییدا خۆی بە دنیای دەرەوە بناسێنێ.

دەرکەوتنی زمان بەم شێوە نایەکگرتووە لە ئەستۆی خۆی نیە، زمان هەر ئەوەندەی پێکراوە خۆی لە لەناوچوون بپارێزێ و ئەو هێزە سرووشتیەی هەیبووە پاراستوویەتی و ئەوە نەتەوە و ئۆرگانەکانیەتی نەیانتوانیوە بە ئەرکی نەتەوەیی و بەر لەوەش عەقلانی و ئینسانی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خۆیان هەستن و ئەم توخمە سەرەکیە کە یەکێکە لە مەرجە هەرە سەرەکیەکانی نەتەوەبوون و نیشتمانسازکردن و بە کۆمەڵگە بوون لە خۆیاندا پتەو

بکەن، بۆ ئەوەی بەو مەرجە هەنگاوی درێژتر نرابان لە پێناو پێکەوەنانی ژیانێکی مانادارتر لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی وەک هەر یەک لەو قەوارانەی ئەمڕۆ لە دنیادا لە چوارچێوەی سیاسی و ئەتنیکی و کۆمەڵگەیی ئاخنراون.

مەرجی زمان لە نێوان سێ مەرجی دیکە بۆ پێکهاتنی گەل و نیشتمان لە هەموویان بە هێزترە و نەتەوە هەبووە تەنها بەو مەرجە توانیویەتی خۆی لە قالبی وڵات بخزێنێ و قەوارە بۆ خۆی درووست بکا و مەرجەکانی تری وەک خاک و مێژووی ئەوەندە پتەو نەبوون.

ئەمانە ڕاستی تاڵی مێژوویین و ئەو مانایەش ناگەیەنن کە ئیدی کێشەکە مادام مێژووییە و لە مێژە ڕیشەی داکوتاوە ئیدی هەروا دەمێنێتەوە و ڕووی بەرەو چاکیی نیە. ئەگەر نەتەوە بوونێکی سرووشتی بووە و پەیوەست بووە بە دابەشکاریە کولتووریەکانی دنیا، ئەوا (گەل) بوونێکی دەسکردی مرۆڤە و وەک {(ئارنست ڕینان) و (هۆبزباوم)*} دەڵێن دەکرێ درووست بکرێ. هەر بۆیە

* - ئارنست ڕینان(١٨٢٣ – ١٨٩٢): مێژووناسێکی فەرەنسییە و پێیوایە ئینتیما بۆ نەتەوە پەیوەست نییە بە ئێتنیکەوە بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە ئیرادەوە و لە ڕێگەی ڕاپرسی ڕۆژانەوە وەدیدێت. ئەم ڕایانەی لە کتێبی وتووێژە فەلسەفییەکانیدا و هەروەها لە کتێبی : کریسون، اندری(١٩٧٧). رینان، ت: میشال أبی فاچل، المؤسسە العربیە للدراسات والنشر، گ١، بیروت. دەردەکەوێ.
- اریک هوبسباوم: مێژووناسێکی ئەمریکییە و ئەم جۆرە ڕوانینەی لە کتێبەکانی دەخاتە ڕوو بە تایبەت کتێبی: الامم والنزعة القومیة، دار المدی للثقافة والنشر،ط١،١٩٩٩، بیروت.

نەتوانینی ئێمە تاوەکو ئێستا بۆ ستانداریزە کردنی زمانی خۆمان، ڕیشەکانی لە نەتوانینی عەقڵی کوردی بووە بە درێژایی مێژوو، لە خۆ بە فیدراسیۆنکردن و خۆ ڕێکخستن و مانەوەی بەم شێوە پچڕ پچڕەش کەسێتیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی خاوەن خەسڵەتی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری ئینسانکردی بۆ نەهێناوینەتە ئارا.

دەرکەوتن لە فۆرمی کەسێتیەکی تۆکمە لە دیدی (گۆستاف لۆبۆن) دەرکەوتنە وەک جەستە و کولتوور و تۆڕێکی بەهاییی یەکگرتوو کە دواتر لە مێژوودا وەک قەوارەیەکی خاوەن شوناس دەردەکەوێ.

لەوانەیە هیچ سەردەمێک وەک ئەم دۆخەی ئێستا تیایداین سازکردنی ئەم توخم و بنەمایانە سانا نەبووبن، ئەویش بە هۆی کرانەوە ڕیفۆرمیستیە عەقلیەکانی خۆرئاوا و پەرەسەندنی هزری لێبوردەیی و هاتنە ئارای بەها دیموکراسیەکان و پیادەکردنیان لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا. کەمتەر خەمیی کاراکتەرە سیاسی و تەنانەت دینی و فەرهەنگیەکانی ئێستا لە مەیداندا هەن بەردەوامی سڕبوونە مێژووییەکەی عەقڵی خۆمان درێژە پێدەدەن و پێماندەڵێن ناتوانین لە ژێر کاریگەریی وێنە سەرەتاکانی هزر و عەقلی پێشان دەرچین و تا ئێستاش ئەوە هەر ئارچیتایپی یەکەمە کۆنترۆڵی کردووین و بەرمانناداتد.

سکیزۆفرینیا کێشەیەکی سایکۆلۆژی و عەقڵی عاسی نیە، هەلومەرجی ساز و لەبار هاوکار دەبن لە هێوربوونەوە و ئارامبوونەوە و هێنانەوە سەر ڕێتمە عەقلانیەکە لە جیاتی مانەوە لەسەر ئاوازی هەڵچوون و ڕەفتارە سۆزاویەکان.



Scanned with CamScanner

سکیزۆفرینیای سایکۆئەتنیکی نەتەوەکەی ئێمە لە نێو زماندا بە ڕوونی دیارە. ئەوە نیە لە جیاتی دارشتنی زمانێکی ستاندارد بۆ ئەو هەرێمە، هەر شێوەزارە بە شێوەی خۆی دەنووسێ و بە شێوەی خۆی زەمەنی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دوکۆمێنتار دەکا؟، ئەوە نیە لە نووسراوە ڕەسمیەکان دوو سێ کەسێتی زمان قسەمان لەگەڵ دەکا و دەماندوێنن؟، ئەوە نیە شەڕی دیالێکتەکانیش وەک شەڕی حزب و عەشیرەتەکان چالاکیە دەمارگیریەکانی خۆیان گەیاندۆتە لووتکە و تەنانەت ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و نووسەرانیش خەمی پێکەوەنانی کەسێتیەکی ساغیان بۆ زمان نەماوە و خزاونەتەوە باوەشی نەنک و باپیرانیان و فکر و هزر و شیعر و .....تاد بە شێوە زاری ناوچەیی دەنووسن؟، ئەمە سکیزۆفرینیا نەبێ؟ ئەی دەبێ چی بێ؟.

فرە کەسێتی زمانی ئێمە نەخۆشیەکی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی مەترسیدارە و سنوورە سایکۆلۆژیەکانی سکیزۆفرینیای تێپەڕاندووە و لە عەقڵی کوردیدا خانەخوێی خۆی دیوەتەوە. ڕزگاربوون لەم دۆخە فرە روویە هەر بە بڕیاری ئەم حزب و ئەو حزب و ئەو لایەن و ئەم لایەن نابێ. کێشەکە لە مێشک و شێوازی بیرکردنەوەدایە و ئەمەش هوشیاربوونەوەیەکی ڕیسکیانەی دەوێ، دەمێکە کۆمەڵگە لە ژێر باری هێدمە کارۆسیاسی و ئیداریە لەرزۆکەکاندایە و هەر بە هۆش خۆیشی نایەتەوە، پێویستە شێوەی چارەسەر بۆ ڕزگارکردنی زمان وەک هێمای سەرەکی ناسینەوەمان بگۆڕدرێ، مەگەر نا بەم لەرزە وەزیر و شرە وەزارەتانە هیچ ناکرێ.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# بەشی دەیەم

# واقیع و عەقڵی سیاسیی



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## واقیعی سیاسی یا دەروونی؟!!

زۆر جار لە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندن، یا هاوڕێیانی خۆمەوە لە بارەی واقیعی سیاسی و ڕەوشی ئێستا و ئایندەی هەرێمەکەی خۆمان داوای ڕا و شیکاری سیاسیم لێدەکرێ، منیش بەو پێیەی زیاتر مەیلم لەسەر جۆرێک لە شیکاریە کە توخمە سەرەکی و ماقولەکانی شیکاریی هەبێ، لەولاشەوە سیاسەت لای من هونەرێکی زۆر ورد و ئاڵۆزە و تا ئەو ئاستەی بووەتە زانستێک ئەوەی تیایدا هەڵدەسووڕێ دەبێ لە زۆر بواری دەرەوەی سیاسەتیش شارەزا بێ، هەر بۆیە شیکردنەوە و قسەکردن لەسەر واقیعێک کە نە سیاسی تیایە و نە سیاسەت بەلای منەوە تەنها سەر ئێشە و کات بەسەر بردن و دواتر خۆ ئازاردانە.

سیاسەت هونەرێکە ئەوەی تیایدا چالاکە دەبێ لە سایکۆلۆژیا بزانێ، شارەزای وجودی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و دینی و ئابووری تاکی خۆمان بێ، دەبێ شتێک لە بونیادی کۆمەڵایەتی کەس و کۆمەڵگەکەمان تێ بگا، دەبێ کولتوور ناسێکی باش بێ، بە بازاڕ ئاشنا بێ و بەهاکانی بازاڕ ڕەچاو بکا و....تاد.

شیکردنەوەی هەنگاوی ناسیاسیانە بە شیکاری سیاسی سەردەمیانە ناکرێ، ئەوان خۆیان لە هەنگاو و بڕیار و ڕەفتارە لەناکاوەکانی خۆیان تێناگەن من لای خۆمەوە چ مانایەکی سیاسی بۆ جموجۆڵەکانیان بدۆزمەوە؟.



Scanned with CamScanner

ئەوەی لای من دیارە زیاتر دیاردەی سایکۆسیاسی نا ئاسایین و تەنها بە میتۆدە سایکۆلۆژیەکان دەخوێندرێنەوە نەک میتۆدەکانی شیکاری سیاسی، سیاسەت لە وڵات و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان کەس و خەڵکی خۆیان هەیە و بوارێکە تیایدا کەسانێک پێدەگەن دەزانن ئەرکەکانیان چین و بواری کار و چالاکیەکانیان لە کوێن.

لە سیاسەتدا تاکە سیاسیەکان زۆرترین خۆ تەرخانکردنیان بۆ خەڵکە و دەشبێ لە خۆبوردووترین کەسانێک بن و دوای ئەوەی ماوەی چالاکی و ئەرکەکانیان بەسەر دەچێ سووپاس بکرێن.

ئەم واقیعەی ئێمە لە واقیعە سیاسیەکانی دنیا ناچێ، چوون سیاسەتی تیادا پەیڕەو ناکرێ، وڵاتانی هێزمەندی دوور و نزیکیش ئەم دۆخەی ئێمەی تیاین بە سیاسی نابینن و پێیانوایە شڵەژانێکی ئینسانی و کولتووری و ئەنترۆپۆلۆژی و ئابووریە و هەلومەرجێکە زیاتر هەواڵەکانی مەرگی تیادا دەبیسترێن نەک ژیان، هاوسەنگیەکانی دەسەڵاتی ئەم دەوڵەت و ئەم دەوڵەتی تیادا دەبیسترێ نەک ئیش بۆ پڕۆژە نیشتمانی و ئینسانیە بالاکان، حزب و سیاسیە حزبیەکان خۆیان داوەتە دەست قەدەری ئەو زەمەنەی لە دەرەوەی خۆیان ئەکتیڤە نەک زەمەنی چالاکی ناوەوە.

مرۆڤسازیی و کۆمەڵسازیی و نیشتمانسازیی و دەوڵەتسازیی پڕۆژەگەلێکن بە عەقڵسازیی و زانستسازیی و هونەر و ئەخلاقسازییەوە پەیوەستن، عەقڵ بەر لە هەموو ئەمانە چالاک دەبێ و بینای ئەم ئاپارتمانە ئینسانیانە تەنها



Scanned with CamScanner

بە عەقڵ دەکرێ، لەم سەرزەمینە عەقڵ سڕکراوە و ئەوەی چالاکە تەنها هەڵچوون و سۆزە، هەڵچوون لە دژی یەکتر و سۆز بۆ دەرەوە و بۆ ڕابردوویەک کە هیچی بۆ ئەوڕۆمان پێ نەبوو، ڕابردوویەک کە ئەمڕۆی بەرهەمهێنا، هەڵبەت بە ئەنتی تێگەیشتنی شۆڕشگێڕەکانی هەڵگری نەریتەکانی شاخ، مەگەر نا ئەوەی ئەمڕۆی بەرهەمهێنا نەزانیی بوو نەک زانین.

ئەم ڕابردووەی ئەوان کە نەک نابێ بۆی بگرین و جێی شانازی بێ، دەبێ دادگایی بکرێ و ئەڵقە خوار و خێچەکانی ڕاست بکرێنەوە.

من ناتوانم لەسەر ئەم هەراو هوریایە هەنگاوی سیاسیەکان بخوێنمەوە و بزانم بەڕێزیان بۆ ئاوهایان کرد و ئاوها چوون؟ بۆ ئاوەها بڕیاریان دا و وایان نەکرد؟ نهێنی ئەم کۆبوونەوەیان چیبوو و هی ئەوەی دادێیان دەبێ چی بێ؟.

جارێکیان TV یەک پەیوەندی پێمەوە کرد و وتی مامۆستا ئەگەر بفەرمووی بۆ ستۆدیۆکەمان و شیکاریەکی سیاسی ئەم ڕوداوانەی دواییمان بۆ بکەی، منیش وتم براله من دەتوانم شیکارێکی دەروونیانەی ئەم ڕووداوانە بکەم بەلام بۆ سیاسەت ناتوانم چونکە ئەو دۆخەی ئێستا ئێمەی تیاین نەکراو نەتوانرا وەرگەڕێتە سەر بارە سیاسییەکەی و تا هەنووکەش هەر وەک دۆخێکی مرۆیی لێیدەڕوانرێ و جگە لە کەمپێکی پەنابەران چیتر نییە و ئەوەی دەشیبینم زیاتر ڕەفتاری شێتانەن نەک سیاسیانە!.

## واقیعی ئینسانی یا سیاسی؟!

لای وڵاتانی خاوەن بەرژەوەند و هەژموون چ ئەمریكا و ڕۆژئاوا و چ وڵاتانی دور و نزیک و چ ئەوانەی ناوچەكە، دۆخی هەرێمی كوردستان تاوەكو ئێستا لە باری مرۆییەوە نەیپەڕاندۆتەوە بەرە سیاسیەكەی، مامەڵەی ئەوان پاراستنی هەلومەرجە دیفاكتۆییەكەی دوای دەركردنی سوپای عیراقە لە كوەیت و خولانەوە و جرت و فرت كردنی هەواڵگریانە و ناوەناوە سەربازیانەیە دژ بەم گرووپ یا ئامادەباشی سەربازی بۆ ئەو و ئەم ناوەند.

هەڵبژاردنە یەک بە دوا یەكهاتووەكانی هەرێم لە ١٩٩١ ەوە هەولگەلێک بوون بۆ نمایشێكی نیمچە سیاسیانەی سیناریۆیانە و لە لایەكی دیكەشەوە هێنانە كایەی دۆخێكی ئیداریی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دیفاكتۆیە، و پشتیوانی ڕەسمی و نارەسمی ناوەندە هێزمەندەكانیش هەر بەتەنها پاراستنی ئەم دۆخە بووە تاوەكو هەلومەرجە سیاسیەكە لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەكە بە گشتی بە شێوەیەكی لەسەر ڕێككەوتوو لە نێوان ئەوان خۆیان یەكلایی دەبێتەوە نەک لە نێوان حزب و گرووپە كوردیەكان.

٢٧ ساڵ دوای ١٩٩١/٣/٥ ئێمە بێ ئەوەی هەست بكەین لە ژێر سایە و سێبەری پرۆڤاید كۆمفۆرت(پرۆسەی فەراهەمكردنی حەوانەوە) بووین كە فەرەنسیەكان پێشنیازی UN یان كرد و ئەنجوومەنی ئاسایشیش شەرعیەتی نێودەوڵەتی پێدا، لەم ناوە فرۆكەكانی عیراق



Scanned with CamScanner

قەدەغە بوو بفڕن و هێڵی ٣٦ یش هێڵە سوورەکە بوو و وا ئێستا هەموو لەسەری کۆک بوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەم هێڵە نەپەڕێنرێ و کوردەکانیش ئەم سنووورە بناسن.

جولانەوەی کوردی لەم هەموو ساڵە نەیتوانی ئەم دۆخە خێرۆمەندیە نێودەوڵەتیە بۆ دیوە سیاسیەکەی وەرگێڕێ و ناوەندە سیاسیەکانی دنیاش زیاد لە چارەکە سەدەیەکیان چاوەڕێکرد تاوەکو بزانن کوردەکانی ئێرە چۆن لە خۆیان دەڕوانن و بە تەمای چین و دەیانەوێ بۆ ئایندەی خۆیان چیبکەن؟، دەستەپاچەیی سیاسی کوردی لە درێژەی ئەم هەموو ساڵەدا نەیانتوانی لە گوتاری نوزانەوە و پاڕانەوە و داوای یارمەتی بچنە بەری گوتارێکی سازەندە و بونیادی و ئەم تایپە گوتار و ڕەفتارە تا ئەمڕۆ چالاکە و هەردەم بەم زمانە دنیا دەدوێنن و بونیادی ماتریاڵیشیان لە خواستە سەرەتاییە بیۆلۆژیکیەکە تێنەپەڕیوە.

چاوەڕوانی بۆ یارمەتی ئەم لایەن و ئەو ناوەند، خەسڵەتی جولانەوە شۆڕشگێڕیە ڕاستەقینەکان نیە و ئەوەی لێرە هەبووە زیاتر سەلماندنی ئامادەباشی ئەوانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەوان بەرانبەر پاراستنی بەرژەوەندیە خودخاهیە نارسیستیەکەی خۆیان.

لە سیاسەتدا هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان ناوەندەکانی هێز پشت ئەستوورە بەو هێز و توانایەی تۆ دەتوانی لە سەرچاوەی سەرەکی هێزی خۆت کە ناوەوەیە بەرهەمی بێنیت، هاوسەنگیەکانی هێز لە هەموو دنیا پەیوەستە بە بوونی هێزی بەرهەمهاتوو لە لایەن یاریکەرەکان خۆیانەوە. حزب و ڕێکخراوی کوردی ئەم

ناوە هەرچی هێز بێ نیانە ئەوەی هەشە نوێنەرایەتی ناوەندەکانی هێزە لە دەرەوە و ئەوەی ناوی هێزی ڕەسەنی کوردیە بوونی ڕاستەقینەی بە هیچ شێوەیەک هەستی پێناکرێ.

ئەم جۆرە بوونە پێناوترێ بوونی سیاسی بەقەد ئەوەی بوونێکە تەنها ئەرکی ڕاگرتنی ئارامیەکی ڕێژەییە لە پێناوی پلانە نادیارە شاراوەکانی هێزمەندە ڕاستەقینەکان لە ناوچەکەدا، لە ڕووی دەروونسیاسیشەوە هێزمەندە بەرژەوەند تەلەبەکانی دنیا و ناوچەکە لە ستراتیژە سرووشتیەکەی کوردی ئەم ناوە تێگەیشتوون و دەزانن ئەمان تەنها بوونە بیۆلۆژیکیەکەیان لا گرنگە و لە چێژبەرێکی هیدۆنیکی* ساتەوەختی زیاتر چیدی نین، هەر بۆیە نە ئەوان ئێرەیان خستۆتە نێو پلانە سیاسیە ستراتیژیەکانیان و نە ئەمانیش ویستوویانە و دەیانەوێ ئەم دۆخە لە بارە مرۆییەکەیەوە بگوازنەوە ڕووە سیاسیەکەی.

مانەوەی لەم شێوەیە تەمبەڵی عەقڵی کوردی و ناچالاکی ئەم بوونەوەرە نیشان دەدا و وێنەیەک دەداتە دنیا بەوەی ئەم ئۆرگانانە هەمیشە چاوەڕێی بکەری دەرەکین بۆ ئەوەی بە شێوە سەرەتاییە زیندووەکە بیانهێڵنەوە و نەچنە چوارچێوەی بوونێکی بیرکەرەوەی چالاک.

چاوەڕوانی بکەری دەرەکی هەروەک یوسف زێدان دەڵێ خەسڵەتی کەس و کۆمەڵگە بیرنەکەرەوە سست و

* hedonism: مەبەست مەزهەبی چێژە و پێیوایە چێژبردن بەهایەکی خێرە لە ژیاندا، ئەم میتۆدە ئەرستیپۆس دایهێناوە و ئەبیکور عەقڵی خستە پاڵ(نووسەر).

تەوەزەلەکانە و بەم شێوازە لە ژیان تەنها مانەوە وەک زیندوو بەسیانە نەک مانەوەیەکی عاقلانەی چالاک و کارا.



Scanned with CamScanner

## فۆلکلۆری سیاسی یا فکری سیاسی؟!

## خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ ژیانی سیاسی ئێمە ...!

فۆلکلۆر ئەو بەشەیە لە کولتوور کە دەماودەم یا دەساودەست یا کەس بۆ کەس و گرووپ بۆ گرووپ دەیگوازنەوە، هزریش پرۆسێسێکی بەرهەمهێنانە بۆ پارادیگمی تازەتر و تازەتر لە بیرکردنەوە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو ساتەوەختانەی مرۆڤ لە پەیوەندیە جۆراوجۆرەکانیدا بۆ ئەوەی وەک بیرکەرەوەیەکی چالاک دەرکەوێ هەردەم رابردوو و داهاتووشی بە ئێستا دەپێوێ.

کەواتە جیاوازی نێوان فۆلکلۆر و هزر ئەوەیە **فۆلکلۆر ئەمڕۆ و داهاتوو بە ڕابردوو دەپێوێ، بەڵام هزر ڕابردوو و داهاتوو بە ئێستا دەگرێ و پێوانە دەکا**، ئێستا زەمینەی چالاکبوون و کارابوونی کەسی بیرکەرەوەیە و ئەو کەسانەش کە ژیان لە ئێستادا دەژیێن و تێیدەپەڕێن ئەوانەن کە بەشی زۆری بەرهەمی هزریان وەردەگێڕنە سەر ماتڕیاڵ و کەرەستە و شمەکە بەرجەستەکان.

بەم مانایە بێ ئەوەی لە (ئێستا) و (لێرە) بە مانا زانستیە دیاردەناسیەکەی بەرهەم دێ، هەر ئەوەیە مرۆڤ وا لێدەکا چێژ لە ژیانی ڕاستەقینە وەرگرێ و ئەوەش کە بەرهەمی ڕابردووە و هەتا هەتایە بە کۆن یا بەسەرچوو ناژمێردرێ، ئەوا چێژبردنە لە تەمبەڵی و خەو و خەون بینین بەو زەمەنەی دیسانەوە ئەوشتانەی تیا بەرهەمبێتەوە.



Scanned with CamScanner

ئەم پێشەکیەم بۆ ئەوە بوو بچمە سەر تایپی سیاسی و سیاسەت کردن لەو هەرێم و ناوچەیەی خۆمان و بەم دوو جۆرە لە (ئاگایی) یان بگرین یا بچوێنین، ئایا سیاسەت لێرە بەشێکە لە فۆلکلۆر یا ئەوەتا پەڕیوەتەوە بەری هزر و پیادەکردنی هزر لە هەموو ئەو کردار و ڕووداوانەی ئێستا لە ئارادان یا بەردەوامن لە ڕوودان.

بێ سێ و دوو سیاسەت و بەڕێوەبردنی سیاسی لای ئێمە درێژەی ژیانکردنێکی ڕابردووە و بە هەمان هەست و شعوور و سۆز و هەڵچوونەوە ڕێچکەی خۆی گرتووە و لە بڕگە و بابەتی جودا جودادا دووبارە و سەد بارە دەبنەوە، بونیادی سایکۆلۆژی کاراکتەری سیاسی ئێمە لەسەر خۆشەویستیەکی عاشقانە بۆ پارادیگمە سیمبولیەکانی مێژووی سیاسەتکردنمان دامەزراوە و هەر بۆیە عاشق هەرگیز لە کەسی قبوڵ ناکا لە بازنەی عەورەت و حەیا و ناموسی مەعشووقەکەی نزیک بێتەوە یا بیەوێ بیکاتە بابەتێک بۆ قسە و بەراوردکردن.

عاشقی سیاسیش تووشی هەمان ئەو تێوەگلانە دەبێ کە عاشقی کوڕ بۆ کچ و کچ بۆ کوڕ تووشی دەبێ، ئەویان بە پاڵنەرێک و ئەمیشیان بە پاڵنەرێکی تر، سیاسیە عاشقەکانی ئەم ناوە لە خۆیان بترازێ ئاگایان لە کەس نەماوە، ئەوانیش هەر بریتی نین لە جەستەی خۆیان و بەس، چون ئەوەی بە هی خۆشیانی دەزانن لە موڵک و ماڵی دنیا بووەتە بەشێک لە وجودیان و لەگەڵ (خود) یان بووەتە یەک پارچە و ئەمەش لە سایکۆلۆژیا پێیدەڵێن بەنێوخودداچوون(تذييت- Appreciate).

لە بەنێوخۆدداچووندا یا بە خودکردندا خودی خاوەن یا خانەخوێ دەچێتە نێو هەناوی ئەو شتانەی کەس بە هی خۆیانی دەزانێ و ناتوانێ هەرگیز دەسبەرداریان بێ، ئەم چوونەنێویەکە جۆرێکە لە شعوری موڵکایەتی و هەرچی هەیە لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی بە هی خۆی دەزانێ و مافی کەسی تری بەسەرەوە نیە، شتەکان دەچنە نێو خودی کەسەکە و کەسەکەش لای خۆیەوە دەچێتە نێو شتەکان.

ئەم بەنێویەکداچوونە زۆر جار دۆخێکی دەروونی ئاساییە، ئەوەش لەو کاتەی کەسەکە بابەتەکەی دەرەوەی لە نێو خۆیدا دەتوێنێتەوە و وەک بەشێک لە وجودی خۆی دەیزانێ و لە بوونی خۆی جیای ناکاتەوە، واتە شتەکانی لا گران قەدرە و نرخ و بەهایان دەزانێ و خۆشی دەوێن، ئەم دۆخە لە کاتێکدا ڕاستە کە تاک بابەتەکەی خۆی دوای خەبات یا کارێکی زۆر و گران دەست کەوتبێ، بەڵام کە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوانەیە بە ئاسانی دەستیان کەوتووە و هەرچی هەیە بە هی خۆیانی دەزانن، ئەوە ئەم کەسانە خۆیان دەچنە نێو هەموو شتەکان و وێنەی خۆیانی لەسەر تۆمار دەکەن، هەر بۆیە تابلۆیەکە بە فراوانی دەبینن و بەش و پارچە و ئەلیمێنتەکانی بە لای ئەوانەوە بوونەوەری مایکرۆسکۆبین و لای ئەوان هەموومان بە شتەکانی سەرزەمینەکەشمانەوە یەک شتین و ئەو شتەش لە بنچینەدا هی ئەوانە.

ئەمەیە کارەساتی عاشقبوون بە شت و شمەکەکانی سەرزەمین و بنزەمین، عاشق هەمیشە لە دەرەوەی خۆیەتی و بوونی خۆی لە نێو بابەتێک دەبینێتەوە کە مەعشوقە،



Scanned with CamScanner

دەستبردن بۆ مەعشوق عاشق تا ئەو ئاستە تووڕە دەکا خاوەن دەستەکان هەموویان بکاتە قوربانی مەعشووق، ئەی ئەوە نیە عاشق هەرچی شار و کچ و کوڕی نیشتمان هەیە، تەنانەت دایک و باوکیشی دەکاتە قوربانی مەعشووق و هەندێک لەو عاشقانە لە مێژووی نۆستالیژی ئێمەدا سەری دایکیان کردۆتە دیاری مەعشووق، هەر ئەوەندەی نەکا دڵی لێی بشکێ و دوای ئەوە لەیەکتر بترازێن.

عاشق کەسێکی نەخۆشە و ئەوەی دەشیکا هەرگیز خۆشەویستی نیە، لە خۆشەویستیدا کەس نابێ بە قوربانی و هەردوولا دوو بوونی جیاوازن و بە جیاوازی یەکتر دەبینن، لەیەکتر ناچن و هەر یەکەیان کەسێکی ترن، بەڵام بوونیان بۆ یەکتریان بە زەروور دەزانن و سەربەخۆیانە و بێ توانەوە لە نێو یەکتردا دووانەیەکی یەکگرتوو دەبن.

لە سەرزەمینی ئێمە و لە کلتووری هەم ستەمکار و هەمیش ستەم لێکراوماندا هەموومان بووینەتە عاشقێکی وێڵ و سەرگەردان و یا ئەوەتا ئەوەی ویستوومانە دەستمان پێیگەیشتووە، یا ئەوەتا شەیدای بووین و تا ئاستی شێتی بردووین و کردووینەتە ویردی سەرزار و بەرچاوی خەڵک.

عاشقەکان بۆچی ئامادەن خۆیان بکەنە قوربانی مەعشووق؟ چونکە ئەوەی عاشقی بوون ئەوە خۆیانن و مەعشوقیش هیچ کاتێک بەشێکی جیاکراوە نیە لەو، ئەوەی کچە تەواوەی کوڕەکەیە و و ئەوەی کوڕیشە تەواوەی کچ، بەڵام لە خۆشەویستیدا هەردوو لا بە ئازادیەوە چیرۆکێکی زیندەگی دەسازێنن لەو چیرۆکەدا یەکێک قسەکەرە و



Scanned with CamScanner

ئەوەی تـر گـوێگر و دواتـر یەکێـک گـوێگرە و ئەوەی تـر قسـەکەر، یەکێـک بینـراوە و ئەوەی تـر بینـەر و پاشـان یەکێکیان بینەر و ئەوەی تر بینراو، یەکێک بیسەرە و ئەوەی تـر بیسـراو دوای ئەوە یەکێکیـان بیسـراو ئەوەی تـر بیسەر.....تاد.

لە سـایکۆلۆژیای عاشـقی لای خۆمـان چـاو تەنهـا یەک شت دەبینێ ئەویش مەعشووقە، گوێ یەک شت دەبیستێ ئەویش دەنگی مەعشـووقە، دەست بەر یەک شت دەکەوێ ئەویـش تەنهـا مەعشـووقە، لـووت یەک بـۆن دەناسـێتەوە ئەویـش بـۆنی کـراس و کەوێ و دەسەسـڕ و لەچـک و چارشێو و خەنە و قەنەفڵ و هەناسەی مەعشووقە، ئەمانە شـێتیەکی ڕەهـان و هەرگیـز خۆشەویسـتی ئینسـانیان لـێ نـاچۆڕێتەوە، نەخۆشـیەکی ڕەهـان و قەتـاوقەت کەسـێکی سـاغمان بـۆ ناناسـێنن، خۆپەرسـتیەکی ڕەهـان و هـیچ کەسـێکی تـر لای ئەوان خۆشەویسـت نـیە، عاشـق تەنهـا عاشقی خۆیەتی و هەمووومان لەدەرەوەی ئەودا ئامادەین بۆ سووتان، بۆ مردن، بۆ هەموو جۆرەکانی تری قوربانی.

عاشقە سیاسیەکانی ئێمە هەر یەکە لای خۆیەوە وڵات وەک ئەو کـچە دەبینـێ کە ئەگەر بـۆ ئەو نەبـێ نـابێ بـۆ کەسی تر بێ و باشترە بسووتێ، گەر بۆ ئەو نەبێ باشترە بە هەر شێوەیەک بێ نەمێنێ و ببێتە قوربانی ئەو خـودە عاشـقەی هەر کە شـێتانە کەوتە سـەر شـتێک ئیـدی گـڕ دەدرێ و هەر هی ئەوە و بەس، ئیدی مولکی ئەوە و بەس، پاوانی ئەوە و بەس.



Scanned with CamScanner

ئەوەی گرنە لە شت دادەگرێ و باوەشی توندی پیا دەکا یا منداڵێکی ساوایە و هەرچی هەیە هی ئەوە و بەس، یا شێتێکی عاشقە و کەس لای ئەو بوونی نیە تەنها خۆی و بەس، خۆیشی دابەش بۆتە سەر کەس و شتەکانی چواردەوری و وێنە و مۆری خۆی لە هەموویان داوە و کەسێک نیە زاتی ئەوە بکا بڵێ (هەم)، (هەبوو) هەر ئەوە و (نەبوو) هەموو ئەوانەن لای ئەو تەنها شتن و بەس.

ئەم تێگەیشتنە عاشقانەیەی سیاسەتمەداری ئێمە وێنەیەکی ڕوونتر و گەورەتری وێنەی هەر یەکێکمانە لەبەر چاو و زەینی خۆمان، هەر یەکەمان بەو تێگەیشتنە فرچکمان گرتووە کە هەرگیز خۆمان نەبین و هەمیشە لە خودی ئەوانی تردا خۆمان بتوێنینەوە، ئەم خەسڵەتە عاشقانەیە زەرڕەیەک خۆشەویستی تیا نیە، چون لە خۆشەویستیدا هەردوولای جەمسەر بەیەکەوە ژیان بە شێوەیەک لێدەکەن بۆ ژیانکردن بشێ، لە خۆشەویستیدا هەر دوو لای جەمسەر بە عەقڵەوە دەچنە نێو دنیای یەکتر و بەیەکەوە دۆخێکی ترمان بۆ دەسازێنن.

خۆشەوستی قەتاوقەت لە بیرکردنەوەی مرۆڤ جودا نیە و ئەوە مرۆڤە عاقڵەکانن بابەتەکانی خۆشەویستی هەڵدەبژێرن، ئەو نرخ و بەهایەی دەدەنێ بەکەڵک خۆ پێوە ماندووکردن و دواتر ژیانسازی بێ، فرۆم لەبارەی خۆشەویستیەوە جوانترین وەسفی هەیە و پێیوایە هیچ کاتێک لە هزر جیا نابێتەوە، جیانەبوونەوە لە هزر بە مانای ئەوە دێ هەردەم خۆشەویستی بابەتێکە بۆ بونیاتنان و ژیانسازی و مرۆڤ گەر بتوانێ ئیگۆیەکی عاقڵ پێکەوە بنێ



Scanned with CamScanner

ئەوا ژیـــان لەو ڕێـــگەیەوە سیســـتماتیزە دەبـــێ و گەر نەشیتوانی بەڕێی تـردا لاڕێدەبێ، خۆشەویستی لە ژیانـدا ماناکانی خۆی دەدۆزێتەوە نەک لە ڕووخان و هەرەس، لە عیشقدا هەر بە تەنها سۆز هەیە و کاتێکیش نەما یا ون بوو یـا دووچـاری مەترسـیەک بـۆوە، ئەوا هەڵچـوون هەیە و هەڵچوونیش ئەگەر چی بەشێکە لە پێکهـاتەی سـایکۆلۆژی مرۆڤ و لە هەلومەرجی خۆیاندا بە هەردوو جۆرەکانیەوە بۆ مرۆڤ پێویستن، مرۆڤ لەباری هاوسەنگی کەسێتی و عەقلیەوە دەترازێنێ.

عاشـقەکان تەنهـا بەرانـبەر خۆشـیان ئـازان و بـوێرن، وەک کـوردە دەڵـێ هەر بە خۆیـان دەوێرن و بەکەسـی تـر نـاوێرن، ئەگەر توانـای وێرانکردنـی هەمـوو دنیاشـیان هەیە ئەوە مانای ئەوەیە هەموو دنیا هی ئەوانە و ئەوانیش لە نێو ڕۆح و جەسـتەی هەمـوو دنیـادان و کە بـۆ ئەوانـیش نەبێ ئیدی با وێران بێت و کەسی تر خێری لێ نەبینێ.

خۆشەویستەکان خۆیان هەر بایی ئەوە خۆشدەوێ کە دەتـــوانن و هەر کە نەشـــیانتوانی بەهـــای خۆشەویســـتی بگەیەنـنە ئاسـتی مـاقول ئەوا دەچـنە ئەزمـوونێکی تـر و ئەزمـــوون دوای ئەزمـــوون هەر بەو دەنـــکە دەگەن کە بە دوایدا وێڵن.

خۆشەویسـتی ئەزمـوونە بەڵام ئەزمـوونێکی عـاقڵانە، تیایدا هەر شتێک بایەخی خۆی هەیە و هیچ شتێک لەنێو کەشی ئەزموونەدا بێبایەخ نیە، هەموو گۆڕاو و فاکتەرەکانی نێو ئەو ئەزموونە ڕاستەقینەن و گەر بەیەکەوە نەبن وێنە گشتیەکە سەرەنجام بە شێواوی دێتە بەرچاو زەین و دواتر



Scanned with CamScanner

هەر ئەوەندە دەزانین شتی سەیر سەیری ترمان بۆ ئیجاد دەبن.

- با چیتر عاشق نەبین هاوڕێیان چون لە عیشقدا هەموو کەسێکین خۆمان نەبێ، با چیتر عاشق نەبین هاوڕێیان چون لە عیشقدا هەموو شتێکین مرۆڤ نەبێ، با چیتر عاشق نەبین برادەران چون لە عیشقدا هەر یەکەمان دوو ڕۆح تیایدا دەژین و قەتاوقەت لەبەر یەکتر ئاگامان لە خۆمان و دنیا نامێنێ.

- با بۆ یەکەم جار بچینە نێو خۆشەویستیەوە و لەو سەرزەمینەی خۆماندا هەموو (خۆ) یەکان بەیەکەوە سیمفۆنیایەکی تر بۆ ژیان بهۆنینەوە.

- با بۆ یەکەمجار بچینە ماڵێکەوە تیایدا بە خۆشەویستی پێکیەوەبنێین و بە خۆشەویستیش بیڕازێنینەوە.

- با بۆ یەکەمجار ماڵەکەی خۆمان خۆشبوێ، چون وەک باشلار هەمیشە دەیگوت (**ماڵ حاڵەتێکی ڕۆحیە**[٦٠]) و هەر لەماڵیشدا مرۆڤ پڕ بە خۆی دەحەسێتەوە.

- ماڵ پێویستی بە توانای هەموومانە و هەر یەکێکیشمان لە نێو ئەو ماڵە شێواوەماندا لەوەی تر تووڕە بین و نەیخوێنینەوە ئەو ماڵە دۆزەخە و هیچ دۆخێکیش لەوە ناخۆشتر نیە مرۆڤ بە دەستی خۆی ماڵی خۆی بکاتە دۆزەخ.

---

[٦٠] باشلار، غاستون(٢٠٠٦). جمالیات المکان، ت: غالب هلسا، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، ط٦، ص٣٨، بیروت.



Scanned with CamScanner

- با ئەو ماڵە لەسەر بنەما و بناغەیەکی پتەو درووستکەین و هەرچی هەمانە و شکی دەبەین بۆ ئاسوودەکردنی خەرجی کەین.
- ماڵسازی بەو بوونەوەرە ئینسانیانە درووست دەبێ هیچ گرێ و گۆڵەیەکی ئۆدیبیانەیان نەبێ و دوور بن لە ناشیرنترین خەسڵەت ئەویش کە گلدانەوە و نەوسنیی نەبڕاوە و تێر نەبووە.

ماڵ بۆ ئەوەیە جەستە و ڕۆحمان تیایدا بحەسێتەوە، ئەوەش بە ئاشتبوونەوەی هەموو خاوەن ماڵەکان دەسازێ، ئەگەر نەیەشیەتە دی ئەوا دۆزەخێکە و تێیکەوتووین.

باشلار لە جوانناسی ماڵدا کۆپلە شیعرێکی **جان فاهل** وەک نموونەیەکی جوان بۆ ماڵ دێنێتەوە، دەقەکەی ئەمەیە:

**ماڵە هەرەکۆنەکەمان**
**هەست بە فێنکایی ڕەنگە شەرابییەکەت دەکەم**
**کە لە هەستەوە دزە دەکاتە نێو عەقڵ**[٦١].

---

[٦١] سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٩.



Scanned with CamScanner

## کێشەیەک تائێستا بێ پڕۆژە

بەتەمەنترین کێشەی نەتەوەیی لەم خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەدا کێشەی کوردە، یەک سەدەی تەواو کرد، هیچ هێزێک نە جیهانیی، نە ناوچەیی و ئیقلیمی، نە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشراوەتەوە، نە ناوخۆیی واتە(کورد خۆی)، نەیانتوانیوە بەلای چارەسەردا بچن و تیز و پڕۆژەی ماقوڵ و بونیادی بخەنە ڕوو بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکە و هێنانە ئارای کەشێکی هاوسەنگ کورد وەک هەر نەتەوەیەک سەروەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری خۆی هەبێ و پەرە بە ڕیشەکانی بدات.

هێزە زلەکانی دنیا لە سەدەیەک بەر لە ئێستاوە تا هەنووکە هیچ ئامانجێکی تەنانەت درێژ مەوداشیان بۆ چارەی ئەم کێشەیە نیە و نەبووە و نابێت، هەر هەموویان بە پێی لۆژیکی هێز و چنینەوەی دەستکەوتەکانیان دوای هەر ڕێککەوتنێکی نێوان خۆیان و دواتر لەگەڵ کلکە ئیقلیمیەکانیان بێدەنگی لێدەکەن و بۆ ماوەیەک زەخیرەی ماشێنی ئابووری و سیاسی خۆیان فەراهەم دەکەن.

ئەوان هەرگیز تێزێکی چارەسەریان بۆ کێشەی کورد وەک بابەتێکی سیاسی و نەتەوەیی نەبووە، مامەڵەیان لەگەڵ هەرچی زیروح هەیە لە خەڵکی ئەم ناوە وەحشەتگەریەکی بازاڕیانەی بێ متمانە و مۆڕاڵی سەرمایەگوزاری ڕووتبۆوە لە ئەخلاقی ئینسانی بووە،



Scanned with CamScanner

ئەمەیـان نـاو نـاوە پراگمـاتیزم لە کـاری سیاسـی و دەوڵەتداری، لە کاتێکدا لە پراگماتیزمدا (ئەخلاقی کار) لە چوارچێوەی (ئـازادیی کـار) بـۆ هەر مرۆڤێـک پێـوەری پابەنـدبوونە بەو فەلسـەفەیەوە و پراگمـاتیزم کە بە فەلسەفەی کار دەناسرێ و " لێیگەڕێ کار بکات و لێیگەڕێ تێپەڕێ" ی ئادەم سمیس یەکێکە لەو کۆجیتۆیانەی لادان لێی ڕاستەوخۆ لادانە لە ئازادی و تەسککردنەوەی بوار بۆ هەزاران و ملیۆنـان، بەوەی بـا کـار نەبێ بیکەن تـاوەکو مرۆڤبوونی خۆیان لە بێکاری و بێ بازاڕیدا ونکەن.

لە پراگماتیزمـدا ئەم پرسـیارە سـەرەکیەی (چـارلز پێرز١٨٧٨) دەبێ بە بنەمایەکی ئەخلاقی{چۆن وا بکەین هزر و بیرمـان ڕوون بـێ؟[٦٢]}، ئەم پرسـیارە لای پراگمـاتیە ڕەسـەنەکان عەقیدەیەکی سیاسیە و لە کاری سیاسەت و دەوڵەتداریدا دەبێ پیادە بکرێ، هەمیشە لە پراگماتیزمدا کارەکان بە ئەنجامەکانیان دەپێورێن، ئەگەرچی فەلسەفەی کـار هەردەم بەرژەوەنـدی خـاوەن کـار لە نەزەر دەگـرێ بەڵام ئازادی جـووڵەی کـارکەر جۆرێک لە گرەوە لەسـەر ئەوەی تـا چەند کەسـەکان بـۆ گەیشتن بە ئەنجامی باش ڕەفتاری جوان و هاوسـەنگ دەگرنە بەر، لە پراگماتیزمدا ماکیـاڤیللیەت جێینـابێتەوە، چـون پیـادەبوونی پراگمـاتیزم ئاڵۆزی قبوڵ ناکات و هەمیشە نەخشـەی کـار بە ڕوونـی نمـایش دەکـات و هەم هۆکـار و هەمـیش ئامـانج دیـارن و

---

٦٢ جیمس، ولیـام(٢٠٠٨).البراجماتیـة، ت: محمـد علـى العریـان، تقدیم: زکی نجیب محمود، المرکز القومي للترجمة، ص٦٥، القاهرة.



Scanned with CamScanner

هیچیشیان پێچەوانەی یەکتر نین، یەکێکیان نەشیاو و ئەوەی تر شیاو بێت.

(کار یەکێکە لە فاکتەرە سایکۆلۆژیە ئینسانی و وجودیەکانی بوونی هەر تاکێک*)، ئەوە ئەدلێرە جەختی لێدەکاتەوە و ئەوەش فرانکل و ڕۆلۆ مای و بەر لەوانەش فرۆید و بەر لە فرۆیدیش هیگلە بە مەرجێکی سەرەکی وجوودی دەزانن.

سیاسەتی ئەمریکا هەرگیز لەگەڵ پراگماتیزمدا یەکنەگرێتەوە، ئەگەر دەستوور و یاساکانی ئەو وڵاتەش پراگماتیانە ڕێکخراون نەزعە و ئیرادەی هێز و هێزمەندی زۆر جار مەیلی خۆفوودانیان لا درووست دەکات، ئەگەر وا نیە کام لەم سەرکردانەی ئەم سی چل ساڵەی ئەو وڵاتە تەنانەت ئەوانەی بەر لەوانیش زانیویانە پراگماتیزم چیە؟.

ئەم بە ناو پراگماتیستانە تەنها پرۆژەی چارەسەری کێشەکانی خۆیان و نێوان خۆیان هەیە کە ناوە ناوە بە ڕێککەوتنی ئاشتیانە و ناوە ناوەش بە شەڕ دەیچەسپێنن، ئەوان کە خۆیان بە پارێزەری ئارامی و ئاسایشی دنیا ناساندووە کوا پرۆژەکانیان بۆ کێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئەتنیکیەکانی دنیا؟.

---

* ئادلەر لە کتێبی مانای ژیاندا و ڕۆلۆ مەی لە کتێبی مرۆڤ ویلی دوای خۆیەتی و باندورا ش لە تیۆرەکەی خۆی لەسەر خودی چالاک، باس لە بایەخی (کار) وەک توخمێکی سەرەکیی پێکهاتنی کەسێتی و سەلماندنی بوونی خودی مرۆڤ بە گرنگترین توخم دەزانن، ئەم بینینە سەلمێنراوە زانستییە دەروونییە بنەمایەکی فەلسەفی هەیە و هیگل لە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح دا بە "بوونی بە کردار" قسەی لەسەر دەکات و دواتر کارل مارکسیش تیۆریزەی ئەم بینینەی بە کردار کرد.



Scanned with CamScanner

جگە لەوە زلهێزەکانی بەرانبەریشیان نە کۆمۆنیست بوون و نە سۆشیالیست و نە دیموکرات، ئەگەر وانیە کوا پرۆژە ئەوروپی و کۆمینتێرنی و سۆشیالیست ئەنتەرناسیونالیست و دیموکراتەکان بۆ چارەی کێشەی کورد و نەتەوە و ئەتنیکەکانی تر لە دنیا و بە تایبەت ناوچەکەی ئێمە؟ ئایا کێشەی کورد ئەوەندە ئاڵۆز بوو بە سەدەیەک چارەسەر نەکرێ؟ ئایا تەسلیمکردنی ئەو دۆسێیە هەرە گرنگە بە تەنگنەزەرە ئیقلیمی و ناوچەییەکان بوار ڕەخساندن نەبوو بۆیان تاوەکو بەردەوام ئەم کێشەیە لە هەڵایساندا بێ و ئەوانیش هەمیشە کەلێن و قەڵشی هاتنە ژوورەوەیان بۆ کراوە بێ؟ ئایا نەیاندەتوانی هەلومەرجێک لە ناوچەکە بێننە ئارا لە جیاتی شۆڕش و بەیەکدادانە چەکداریەکان بەیەکگەیشتنە فەرهەنگی و کولتووریەکان بسازێنن و پاشان فیدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆنی کولتووری جێگەی ئەم هەموو قەوارە سیاسیە بەیەک هەڵپژاوانە بگرێتەوە؟

ئەمانە و زۆری تریش دەکرا بکرێن، بەڵام ملدانە غەریزەی دەسەڵات و موڵکداری و پاوانخوازی و شەهوەتی خواردن و گلدانەوە لە ئاست درووشمەکانی عەقلانیەت کوێری کردن و ئەوەی لەوەتەی هەن دەیکەن هیچی لەگەڵ مۆدێرنیزم و فەلسەفەکەی و لەگەڵ عەقلانیەت نایەتەوە، ئەوان خراپ سوودیان لەهەندێ قسەی نافەلسەفی وەرگرتووە جا ئەگەر ئەو قسانە هی فەیلەسوفانیش بووبن، خۆ فەیلەسووف و زانایان هەرچی وتوویانە فەلسەفە نیە و نەبووە، "مەترەقەکەت بیر نەچێ کاتێ دەچیتە لای ژنەکەت"



Scanned with CamScanner

با هەر قسەی نیچە بێ، ئەمە هیچ پەیوەندی بە فەلسەفەوە نیە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سایکۆلۆژیای کەسی فەیلەسووف لە هەڵوێستێک لە هەڵوێستەکانی ژیانی خۆیدا.

" هەموو واقیعێک عەقلانیە" با هەر قسەی هیگل بێ، ئەمە لە ساتەوەختی تایبەت وتراوە و لەوانەشە قەناعەتی خودی هیگل بووبێ، بەڵام ئەو گەندڵستانەی ئێمە و دەوروبەرمان بە گوێرەی ئەم قسەیە بێ دەبێ عەقلانی بێ؟

ئەم هێزمەندانە تاوەکو ئێستا عەقڵ هەڵیان ناسوورێنێ بەقەد ئەوەی غەریزە و شەهوەتە ناعەقلانیەکەیان، هەر بۆیەش قەتاو قەت پڕۆژەیان بۆ چارەسەر نیە و ئەگەر نەخشە و هەنگاوگەلێکیشیان ناونا پڕۆژە ئەوا پڕۆژەی خۆیانە و تۆ تیایدا تەنها فاکتەرێکی هاوکاری.

ئەو زلانە کە پڕۆژەیان نەبووە بۆ چارەی کێشەی کورد، نە عێراق و نە تورکیا و نە ئێران نە بەیەکەوە و نە هەر یەکەش بە تەنها ڕۆژێک لە ڕۆژان نەک پڕۆژەیەکی گەلاڵەکراویان نەبووە، بەڵکو بیریشیان لێنەکردۆتەوە ئەم کێشەیە وەک دۆزی نەتەوەیەکی گەورەی ماف زەوتکراو ببینن و با جۆرێکی تر لە چارەسەر بخەنە ڕوو چیدی نە ئەوان و نە ئێمەش لە نائارامیدا نەیبەینە سەر.

ئەوان هەمیشە بەیەکەوە کۆدەبنەوە و تا ئێستاش بۆ چنینی پیلانی شەڕانگێزی و دۆزینەوەی پلانی جیاجیا تاوەکو هەرچی زووتر و باشتر دەنگمان کپکەنەوە و نەکا بیر لە تەنانەت هاوڵاتیبوونیشمان لە سەرزەمینی خۆمان بکەینەوە، ئەمە لە جیاتی ئەوەی هەر چوار لەو دەوڵەتە ناهاوسەنگە ئیقلیمیانە بەیەکەوە ئیش بۆ ئەوە بکەن تێزێکی



Scanned with CamScanner

هاوبەش بکەن بە پرۆژەیەکی کرداری بۆ چارەسەرێکی بنبڕ بـۆ ئەو کێشـەیەی یەک سـەدەیە ئـارامی لە خۆمـان و لە نەیارانیشمان بڕیوە.

ئەگەر پـرۆژەی چـوار لایەنەی ئیقلیمـیش بـۆ چـارەی کێشەی کورد نەبووە، هیچ یەکێکیشیان بە تەنها ڕاستگۆیانە پرۆژەی چارەسـەری ئەم گرفتەیان نەخستۆتە ڕوو، مەگەر نا ئاشتی و ئارامی بەردەوام لە بەیەکەوە ژیانی دانپیانراو دێتە ئارا، دەکرا چارەی عەرەبی بۆ کێشـەی کورد لە مێژ بوو پێشنیاز کرابا یا بە کردار بینیبامـان لە جیاتی پرۆژەی بە عەرەبکـردن و تاوانـدنەوەی نەتەوایەتـی، دەکـرا چـارەی ئێرانی بۆ کێشەی کورد هەبوایە نەک بە فارسکردنی کورد هەروەک چـۆن ڕەشـیدی یاسـەمی وای ڕێنمـایی سـەرانی خـۆی دەکـرد، دەکـرا چـارەی تـورکی بـۆ ئەو کێشـەیە لە تورکیـا هەبـوایە لە جیـاتی بە تـورککردن و سـووربوون لەسـەر بڵاوکـردنەوەی کولتـووری ڕق و نەفیکـردنەوەی نەتەوەیی.

ئەمـانە هەموویـان نەبـوون و نەکـران هەر بـۆیەش لەوەتەی کـورد و کوردسـتان بەسـەریاندا بەشـراوەتەوە نە ئێمە خۆشیمان لە خۆمان بینیوە و نە ئەوانیش بۆ سـاتێک حەسـاونەتەوە، ئەم دۆخـی نەحەسـانەوەیە بەم هەڵچـوونە دەمـارگیری و ڕاسیسـتیانە چارەسـەر نـاکرێ، چارەسـەر بینینـی یەکتـرە وەک خۆیـان نەوەک شـتی تـر، ئەگەر نـا تـا سـەدەیەکی تـریش هەر لەم زەلکـاوە دەمێنینەوە و نـاچینە دۆخێک لەوە ئارامتر.

کە ئەمانە هیچیان چارەی کێشەی تۆیان پێنەبوو، ئەی خۆمان وەک کورد و وەک بژاردەی سیاسی لە نێو جولانەوە جیاجیاکان ڕێگە چارەی کوردانەمان هەبووە؟ ئایا چارەی کوردی هەبووە بۆ کێشەی خۆی؟، بە دڵنیاییەوە جولانەوە کوردیەکان لە هەموو پارچەکان بە درێژایی ئەم سەدەیە لە دۆخی پەرچەکرداری تێیان نەپەڕاندووە و لە بەرانبەر پرۆژەی ڕمان و وێرانسازی نەیاران و داگیرکەران پرۆژەیەک بۆ بیناکردن و هەڵنانی نەتەوەیی نەبووە و نەکەوتۆتە بەر هەست و عەقڵ.

سەد ساڵە ئەم ناوچەیە لە هەڵچوونێکی کار و پەرچەکردار بردوویەتە سەر، سەد ساڵە سۆزی سەرداریتی نەتەوە سەردەستەکان و هەڵچوونی شۆڕشگێڕی ئێمەی ژێر دەست دوو هێزی بەرانبەر یەکتری لە شەڕدا بوون، سەد ساڵە نە کۆمۆنیزم کێشەی کوردی وەک کێشەیەک بۆ چارەسەر خوێندەوە و نە ناسیونالیزمی عەرەب و فارس و تورک، نە بزاوتە سیاسیە دینیە کۆن و تازە سەرهەڵداوەکانیش توانیان لەگەڵ وجودی راستەقینەی نەتەوەییمان بجوڵێنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە نە هزری چەپی کوردی توانی پرۆژەی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتیمانی هەبێ و نە هزری بەناو ناسیونالیزمی کوردی پێیکرا جولانەوەیەکی ناسیونالیستی خاوەن هزر گەڵاڵە کات توانیبای ڕای گشتی نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانی بۆ ئەم دۆزە مێژووییە ڕاکێشێت و خۆی لە کاریگەری پەیوەندیە فیوداڵیەکان کەمێک بە دوور بگرێ، لە سەرەوەی ئەمانەش هزری دینی



Scanned with CamScanner

سیاسی کوردیش ئەوەندەی ئیشی لەسەر کاڵکردنەوەی بوونی ڕاستەقینەی نەتەوەیی کردووە و ئەوەندەی چووەتە خزمەت پڕۆژەی عەرەبی و فارسی و تورکی لە بینینی ئیسلامی ئەوەندە نەیویستووە بە دین و هزری دینی کێشەی نەتەوەیمان زەرڕەیەک بەرێتە پێش.

کەواتە ڕەگی کێشەکە لە ونبوونی پڕۆژەی عەقلانیە لای هەر هەموو ئەو لایەنانەی لێرە قسەم لەسەریان کرد و تا ئێستاش ئەوەی دەگوزەرێ هەر هەمووی ململانێی دەمارگیرین و هەڵچوون و سۆزی هۆزگەرایی و تایفی و نەتەوەیی پریمیتیڤ هەڵیاندەسووڕێنێ.



Scanned with CamScanner

## سیاسەت و دەروون لە دەسەڵاتی کوردیدا

ئەم (کلان و کارتل*)ە مرۆییانەی ولاتی ئێمە کە بە هەڵە پێیاندەوترێ حزبی سیاسی لە جیاتی ئەوەی سیاسەت بە پرۆسێس و ئەرکێکی ئەخلاقی تێبگەن ڕێک بە تەکتیک و فرۆفێڵ و خەڵەتاندن لێی حاڵی بوون، ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت خۆپەڕاندنەوەیەکی بەردەوامە لە بەری خزمەتکردن بە (کۆ) وەک (کۆمەڵگە، نەتەوە، میللەت) بۆ بەری خزمەتکردنی بە (خۆ**) وەک (نێرگزیەت و ئایدیەویەت و شەهوانیەتی ئەوپەڕگیر***).

مانای ڕاست و درووستی سیاسەت تەنها و تەنها هوشیارییەکی عەقلانییە سەرەتا لای (تاک) بۆ ئەوەی بگاتە ئارامی و هاوسەنگی دەروونیی و کۆمەڵایەتی و خۆناسینێکی وجودیانەوە لە کۆمەڵگەیەکی بەیەکەوە ژیاو و ئارامدا، دواتر لای (کۆمەڵگە) بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگەکانی مرۆڤستاندا بکەوێتە ڕەد و بەدەڵێکی هاوسەنگ تاوەکو بە نوێنەرایەتی کردنی لە لایەن ئۆرگانێکی دەسەڵاتیی ڕاستەقینەی هەڵبژێردراوەوە ئەرک و کرداره

---

*کلان: کۆمەڵە مرۆییە هەرە سەرەتاییەکانن کە لە دژی ئاژەڵە درندەکان یەکیان دەگرت.
کارتل: یەکگرتنی کۆمەڵێک بەرهەمهێنن لە یەکێتیەکی هاوبەرژەوەندا.

** خۆ: خود.

*** ئایدەویەت: لە ID ی فرۆیدەوە هاتووە، واتە ئەمباری غەریزەکان.



Scanned with CamScanner

دیپلۆماتیکەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی خزمەتگوزاردا بباتە ڕێوە.

ڕاستیان وتووە کە سیاسەت هونەرە، چون هونەر وێناکردن و ڕامانە خەیاڵیەکانی کەسانێکە هزریان لە خۆیانەوە بپەڕێتەوە و سنووری (خۆ) یە نێرگزیەکانیان تێپەڕێنێ و دنیای دوور و نزیک بە هەرچی پێکهاتەکانی (ژیان و ژیاوە) وە هەیە لە تابلۆیەکی هونەری باڵا و جوان بئاخنێ، سیاسەت بەدەر نیە لە هەست و شعور کردن بە جوانیی، بەدەر نیە لە جوانناسی، بەدەر نیە لە جوانبینێی و جوانهزرین و جوانبیستن و جوان چێژبردن، سیاسەت بە مانا ئەخلاقیە زانستیە مۆدێرن و ئینسانیە باڵاکەی بەدەر نیە لە ئاکار و ڕەوشت و بەدەریش نیە لە هونەری سازکردن و ڕەخساندنی ژیان لە ژینگەیەکی ئارام و پڕ جووڵە و داینەمیکدا.

ئەوانەی سیاسەتیان ناشیرین و قێزەون کرد و بەردەوامن لەم کردارە لادراوانەیان ئەو تاکە ناهاوسەنگ و نائارام و ناهوشیار و نابەرپرسانەن کە خۆراک و زەخیرەی حەز و مەیل و ئارەزوو و هەوەسە نێرگزیی و (پارانۆیی و سایکۆپاسیەکان) لە هەرا و ناڕێکی و بەرەڵایی و فێڵکردن لە خەڵک و ئازاردانی بەردەوامیان دەدۆزنەوە.

ئەوەی لەم سەرزەمینەی ئێمە دەگوزەرێ بە هیچ پێوەرێک سیاسەت نیە، کەشێکی پیسبوو و بەردەوام پیسکراوی نا ئاسایی و نا هارمۆنیکە ئەوانە تیایدا کاراکتەری دیارن کە زۆرترین و فراوانترین ڕووبەری ژینگەکە پیس دەکەن و دەستیان بەسەریدا دەکشێ و



Scanned with CamScanner

توانـای بەرهەمهێنـانی زۆرتـرین بـڕ و قەوارەی پیسـی و ترسـیان هەیە، هەرگیـز سیاسـەتی ڕاسـتەقینە بیـر لە پیسـکردنی کەش و ژینگەکـان ناکـاتەوە و بگـرە لێیشـی نازانێ، ئەرک و ئیشی سیاسەت ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و هەوڵـدانە بـۆ هێنـانە ئـارای زیـاترین ئـارامیی و زۆرتـرین هاوسـەنگیی دەروونیـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و کولتـووری و دینیـی، ئەوەی لای ئـێمە ڕوودەدا بە جەختکـردنەوە لەسـەر دەسـتەواژەی (ڕوودەدا) جەنگـێکە لەجۆرێکی تـر، بەیەکداهەڵشـاخینی غەریـزە و حەزەکـانی شـەهوانیە تێرنەبووەکـانە کە هـیچ سنوورێکی عەقڵیـان لـێ دیـار نـیە و تەنـانەت لە بـایەخی هێنـانە ئـارای تـاک و کۆمەڵگەی هوشیار و عـاقڵیش نین و بگرە لە شیکردنە و لێکـدانەوەی مێـژووی کـار و هەڵسـووڕانیان وەک نمایشـکارێکی سـیحربازانە و سـەرەتایی سیاسـەت دەردەکەون، بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە کە هەر هەوڵێکیش لە ئارادا بێ بۆ دامەزراندنەوەی ئەم بارە شێواو و شڵەژاوە ئەوان بە مەترسـیی بـۆ سـەر حەزە ئەهریمەنیەکانیـانی دەزانن و هەر بۆیەش دژمنایەتی ئەم هەوڵانەیان بە ئاشکرا پێوە دیارە.

من پێشتریش زۆر لەسەر ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن و و فێربوون نووسیومە و ئیشی ئەکادیمییم لە بارەیانەوە کـردووە، هەر ئەوە نیە هەنگـاو یـا هەڵوێسـتێکی ناشـیاوی دەسـەڵات بەدەسـتەکانی ئێرە ورووژاندبمی، خۆ ئەگەر لە ڕەفتارێکی ناسیاسیانە و نا عەقلانیانەشیان بیرم بگەڕێتەوە سەر بایەخی ئەم پرۆسێسانە ئەوە باشتر، چون بەردەوام



Scanned with CamScanner

ئەوان(دەسەڵات بەدەستان) هەڵەی گەورە گەورە بەرانبەر تاک و کۆمەڵگە و ئۆرگانە لەبەر یەکترازاوەکانیان دەکەن، تادێ زیاتر و زۆرتر کەلێنە لەیەکتر پچڕاوەکان دەکەن بە قەڵش و دابڕانی گەورەتر.

ئەم کارتلە بەرهەمهێنەرانەی (نارێکیی و نەزانیی) بەردەوامن لە سیاسەتکردن بە مانا خەڵەتێنەر و فێڵاوییەکەی بەو شێوەیەی کە خەڵک یا کۆمەڵگە لایەنێکی (دژ) یا (بەرانبەر) بێ و چەندە لە خشتەی بەرن و فێڵی لێبکەن ئەوەندە کارامەییان لە کاری سیاسییدا وەدیار دەکەوێ، خەڵەتاندنی خەڵک لەوانەوە دەردەچێ کە (دژی گەل) ن و نەتەوە و کۆمەڵگە بەوە تێگەیشتوون چەندە لارێی کەی و بیگەوجێنی ئەوەندە باری سەر شانیی دژگەلەکان سووک دەبێ و لە بەرانبەر ئەم بوونەوەرە لاواز و لەرزۆکە گەورە دەردەکەون.

خەڵەتاندن مێژوویەکی درێژی لە هزری سیاسەت و دەسەڵاتدا هەیە، دیماگۆگیەت* چەمک و ناوە دیارەکەی ئەم کەچڕەفتارییە سیاسییە کە تاوەکو ئێستا لە زۆربەی دنیا دەسەڵاتبازان پیادەی دەکەن و لای خۆشمان ڕۆژانە داهێنانی گەورە لەم هزرینە سیاسیە پاسیڤە بەدیدەکەین، هەلپەرستیی لە بەڕێوەبردنی نێرگزیانەی دەسەڵات و سیاسەت لەم هەرێمەی ئێمەدا ڕۆژێک (پێشمەرگە) پیرۆز دەکا و بەو بوونەی دەچوێنێ کە ئایکۆنێکی هەرە پیرۆزە و ئینجا دەیبەنە پێشەوە بۆ پیاهەڵدان و پێدا خوێندن و لیستی مووچە و .....تاد، و ڕۆژێک (مامۆستا) وەک پشوودرێژێکی مێژوویی!! و هەروەها لە ستایشکردن و پێداهەڵدانێک کە



Scanned with CamScanner

هەر ئەوانن فێری هەموو شتێكمان دەكەن و وڵاتەكەمان دەبەنە ئاستێكی پێشكەوتوو و ئینجا لە پاش و پێش و شوێنگۆڕكێی لیستی مووچەدا بە ئارەزووی خۆیان هەڵبەز و دابەزیان پێدەكەن، ڕۆژێكیش (پۆلیس و كەسانی ئاسایش) دیسانەوە لە پیرۆزیی و پاراستنی نیشتمان و فەراهەمكردنی ئارامییدا، و ڕۆژێكی تریش (كارمەندانی تەندرووستی) لە دابینكردنی كەش و دۆخێكی ساغ و بێخەوش لە نەخۆشی هەم بۆ تاك و هەمیش بۆ كۆمەڵگە.

ئەم كەس و ئۆرگانانەی سەرەوە و هیتریش كە ناومان نەهێنان گشتیان پێكهێنەری گرنگن لە پێكهێنانی كۆمەڵگەیەكی پتە و ساغدا و هەر هەموویان بەیەكەوە لەگەڵ یەک و بۆ یەكتر و لە نێو یەک لە كاردان و هیچیان توانای لێكەمكردنەوەی ئەوانی تری نیە و هیچیشیان بەسەر ئەوانی تریەوە نیە، چون لە كۆتاییدا هەموویان ئۆرگانی پێویستن بۆ پێكەوەنانی كۆمەڵگە بە جەستە و دەروون و ڕۆحێكی ساغ و زیندوو.

بەڵام ئەوەی سەیر و سەمەرەیە لە بەڕێوەبردنی ئەم ئۆرگانانە، ئۆرگانە بە نێو سیاسیە دەسەڵات بەدەستەكەیە كە لە حزبی سیاسی و لە حكومەتی هەرێمدا خۆیمان بەردەوام پێدەناسێنێتەوە، ئەم كارتلە سیاسیە(كارتل بە مانا سەرمایەدارییەكەی نا بەڵكو بە وەزیفە مشەخۆریەكەی) ئەركەكانی حكومەتكردن تا ئێستا نازانێ و ئەوەی كە دەشیخاتە ڕوو ئەنجامێكی لەسەر ڕێككەوتووی ئەندامانی كارتلە و خۆیان ڕازی دەكا نەک خەڵک بە گشتی، یا ئەوەتا ئەمڕۆ نازی گرووپێک یا دەستەیەک ڕا دەگرێ و زۆری تر



Scanned with CamScanner

تـوورە دەکـا و بە پێـی هەلـومەرجە بـازاڕیە ڕەشـەکە فریودەرانە مامەڵە لەگەڵ توێژ و دەستەکان دەکات.

ئەم یاریە شەڕانگێزییە جۆرێکە لە دژکاریی دەروونی و تەنانەت جەستەیی و هەر جارەی بۆ خۆشکردنی بەزمی دەروونپەرێشـانە سیاسـیەکانە و بە هـۆیەوە یـاری بە تـوێژگەل و دەسـتەی جیاجیـا دەکەن، یـا ئەوەی کە لە مەیدانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و هەرێمی دەیدۆڕێنن لە نمایشـێکی دیماگۆگیـدا (دەیـخەنە) سـەر خەڵـک و (دەیگـوازنەوە) دۆخێـک وەک سـەرکەوتن و پاڵەوانبـازی نیشانیانی دەدەنەوە، ئەم جۆرە (ستراتیژ)انە نەستین چون نەزانانە ڕەفتاری سیاسیمان بۆ دەردەخەن و پێیانوایە بەم فێڵبـــازی و لە خشـــتەبردنە خەڵـــک لاڕێ دەکەن و مەترسیەکانیان لە خۆیان دوور دەخەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەسـەر ئاسـتی کەسـیی دەچـنە چوارچێـوەی سـتراتیژی نەستیی دەروونی و هەم خۆیانی پێ ڕازیدەکەن و هەمیش ئاستی گەشەی مەعریفی و کولتووری خۆیان بۆ دەرەوەی خۆیان لە ڕەفتارەکانیانەوە نیشان دەدەن.

- (بیانووهێنـانەوە- (justification دیـارترینی ئەو میکـانیزمە دەروونیـانەیە کە دەسـەڵاتدارانی ئەم هەرێـمە بەردەوام لە بەرانبەر خەڵکی خۆیان دەیخەنە ڕوو، هەڵبەتە لە سـایکۆلۆژیای قـووڵایی دەروونشـیکاری و میتۆدەکـانی دیکەشـدا بیانووهێـنانەوە جۆرێکە لە بەرگریکـردن لە (خـۆ) لەبەرانبەر کەسێک یا کەسانێک لایەنەکەی تر ڕەفتارێک یا جوڵە یا هەڵوێستێکی هەڵەی گرتبێتە بەر و بیەوێ (خـۆ) ی لە لێپرسینەوە ڕزگار بکا، ئەم فێڵە دەروونیە ڕاستیەکمان



Scanned with CamScanner

بۆ دەردەخا کە بابەتێک لە ئارادایە وەک خۆی بە ڕێک و درووستی ڕوونادا و ناچێتە ڕێ.

لە عەقلیەتی دەسەڵاتخوازی ئەم کارتلە ئۆلیگارشیانەی لای خۆمان سیاسەتی بیانووهێنانەوە و پینەکردنی هەڵە و فیڵەکانیان بووەتە بەشێک لە کولتووری سیاسیان و قەناعەتی ئەوەی لا دروستکردوون کە درۆکردن و بیانوو چەندە لێیان زیرەک بی ئەوەندە تەمەنی سیاسیت لەم کاولاشەی ناوی حکومەتی هەرێمە درێژتر دەبێتەوە.

– (میکانیزمی دژکار- aggression) یش لەو شێوازە بەرگریە دەروونیانەیە ئەوان دەیگرنە بەر بۆ ئەوەی بۆ دەرەوەی خۆیانی بسەلمێنن کە مەترسی جۆراو جۆر لە ئارادان هەر بۆیە کاتێک توندووتیژی ئۆرگانیزەکراو زۆر دەبێ و فلان و فیسار سزا دەدرێن لە پێناوی ڕاگرتنی ئارامیە و دۆزێکی گرنگتر هەیە لە دیموکراسی و ئازادی و سەربەستی ئەویش نێوی کوردایەتی یا کوردستانە هەر بۆیە بوارەکان بە توندوتیژی لە ژێر ناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و قۆناغی ڕزگاری و .....تاد نێو زەد دەکەن.

– (گەڕانەوە و خۆدزینەوە) ش یەکێکی ترە لەو میکانیزمە دەروونیە بەرگریانەی دیسانەوە حکومەتی هەرێم و حزبەکان دەیگرنە بەر بۆ ئەوەی هۆشی کەسەکان لە جیاتی ئەوەی بۆ زەمەنەکانی ئێستا و داهاتوو ببەن بەرەو ڕابردوویەک کە تیایدا تەنها سۆز و نوزانەوە و سەردوولکە چالاکن و بەمەش دنیایەک خزمەت بە خۆیان دەکەن چونکە مێگەل و نێرگەلی زۆر لە ئێستا دادەبڕن و بە ڕابردوویەکی بەسەرچووی دوور بێهۆشیان دەکەن یا هەمیشە هەوڵی



Scanned with CamScanner

بەرهەمهێنـــــانەوەی ئەم ڕابردووەیـــــان دەدەنەوە، ئەم میکـانیزمە ڕەگـی لە کولتوورەکەمانـدا هەیە و ئەوان تەنهـا گیانی دەخەنەوە بەر.

- (لەبیرچوون) یش چالاکترین میکانیزمی دەروونیە هەم لای دەسەڵاتوانی کورد بە تایبەتی و هەمیش لای تاکی کـورد بە گشـتی، چـون بیرچـوونەوە پرۆسێسـێکی عەقلیـە جاری وا هەیە عەقڵ بۆ ڕزگار بوون لە زانیاریە ناخۆش و زیانبەخشـــەکان پێیهەڵدەســـتێ و شـــێوازی پەروەردەی تاکەکـان ڕۆڵ دەبینێ لە توانـای تاکەکـان بۆ مـامەڵە کـردن لەگەڵ ئەم جۆرە زانیاریانە، جاری واش هەیە ئۆرگانەکانی بە کۆمەڵایەتیبـــوون یـــا کولتـــووری کـــۆمەڵگە لە بـــواری بەرهەمهێنـانی مەعریفەدا چالاک نیە و خەسڵەتێکی گشـتی بەسەر کۆمەڵگە و تاکەکانیدا دەسەپێنێ بە هۆیەوە یادگەیان لاواز دەبـێ و یادەوەرییەکـانی پـڕن لە زانیـاری لە بیـر دەچنەوە، ئەم جۆرەیـان لای خۆمـان چالاکە و خزمەتێکی بێپایان بە دەسەڵاتخوازان دەکات.

هەموو ئەم میکانیزمانە لە دەسـەڵاتی کـوردی خۆماڵیدا ڕۆژانە بەکاردەبرێن و دووبارە دەبنەوە هەر بۆیە هەمیشـە توێژەکـــانی مامۆســـتا و پێشـــمەرگە و کارمەنـــدانی تەندرووســـتی و پـــۆلیس و فەرمـــانبەر و کارمەنـــدانی بوارەکـانی تـر دەمـێ دڵخۆشـن و دەمێکیش تـووڕە، دەمـێ ڕازیـن و دەمێکی تـر نـاڕازی، دەمـێ دەوام دەکەن و دەمـێ بـایکۆت، دەمـێ بەرچـاون و دەمـێ بزر، ئەم جۆرە مـامەڵە فێڵاویـــانە یـــاریەکی دیماگۆگیـــانەیە لە (دژ) کـــۆمەڵگە و تاکەکانیەتی نەک لە(خزمەت) یان.



Scanned with CamScanner

سیاسەتی ڕاستەقینە و دەروونی هاوسەنگی سیاسەتوان (خەڵک) بەو ئامانجە دەزانێ هەرچی هۆکار هەیە دەبێ بیخاتە (خزمەت)ی نە (دژ) ی، دیبلۆماسیەت و سیاسەتی شەڕانگێز لە دۆخە زیندەگیە کۆمەڵایەتیە نا ئارامەکان دەردەکەون نەک بۆ هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەک مافی هەرچی تاکەکانی هەیە بێتە دی، سیاسەتکردنی کوردی هەمان سیاسەتکردنی کەسێکە بە کەسێکی تر، هی گرووپێکە بە گرووپێکی تر، سیاسەتکردن لێرە مانای (ڕەزیل و سوککردن) دەدا نەک ئیدارە و کارگێڕی. (فلانە کەس و فیسارە توێژم سیاسەتکرد) واتە لە ڕێز و شەوکەتم هێنایە خوار، ئەمە تێگەیشتنێکی شاراوەی سیمبوولیکیە دنیایەک مانا دەداتە دەست. دەسەڵاتوانانی ئەم هەرێمە بەم ڕەفتار و هەڵوێستە ناسیاسیانەیان پێماندەڵێن:-

- ئێمە ڕاسپێردراوین تا لایەک بە لایەکدا دەکەوێ لە شەڕی دەسەلات و هەژموونی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەم نێوەدا تەنها خۆمان بەڕێوەبەرین و هاوسەنگیەکانی شەڕەکانی بە وەکالەت ڕاگرین.
- پەروەردە و گەشەی مرۆیی هیچ گرنگییەکی لای ئێمە نیە بۆیە ڕابواردن بە زانکۆ و خوێندنی باڵا و پەروەردە و مامۆستایان یاریەکەمان بۆ خۆشتر دەکا.
- هەر ڕۆژەی توێژێک دێنینە پێش یا دەبەینە پاش جگە لە هەلومەرجی سیاسەتبازی خۆمان و گونجانی پەیوەندییە بەرژەوەندخوازەکانمان چیتر نیە.
- خەڵکینە خۆتان مشەوەش مەکەن ئەوەی ئێمەی ڕاگرتووە بالانسە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکانن نەک شان و شکۆی نەتەوەییمان.



Scanned with CamScanner

- ئێمە هیچ ستراتیژێکمان نیە نێوی بنیاتنانی تاک و کەسی کوردی بێ لە ڕووی دیموکراسی و مەعریفەی مەدەنیەوە، چون دەرکەوتنەوەمان ئەمجارە هەڵکەوت و داکەوتێکی نێودەوڵەتی بوو نەک خەباتێکی سیاسیی هاوسەنگ.
- ئێمە لە کەمپێکی گەورەی ئینسانییدا دەبەینە سەر و ئامانج نەشێوانی سیاسەتی دەولیە، چیتر گوشاری بە سیاسییکردنیمان مەخەنە سەر و ناتوانین و ناشمانەوێ بیکەینە بارێکی سیاسی.

## کورد و سیاسەتی عەقڵ

تا ئێستا لەم سەرزەمینەی خۆمان هەستم بە بوونی (سیاسەت) نەکردووە بەمانا ئەرێنیە ڕۆشن و مۆدێرنەکەی، ئەوەی هەبووە و تا ئێستاش هەیە و دەگوزەرێ لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە سیاسەت و سیاسەتکردنەوە نەبووە و نیە و جگە لە بەکردەکردنێکی دیماگۆگیانەی گرووپە ئۆلیگارشیە سەرەتاییەکان چیتر نیە.

سیاسەت دەرهاوێشتەی عەقڵە و بە عەقڵیش نەبێ بە هیچی تر بەڕێوە ناچێ و هەڵناسووڕێ، لە سیاسەتدا میزاج و هەڵچوونی ناهاوسەنگ و سۆزی ئەوپەڕگیر و هۆز و عەشیرەت و خێڵگەرایی و پشتاوپشت گواستنەوەی دەسەلات و خزم خزمانێ و خود سێنترالی و نارسیسیەت و هەڵکێشان و داکێشان بوونیان نیە، سیاسەت کۆمەڵێک تەکنیکی کارگێڕین لە شێوە گشتیەکەیدا بەها هەمەکی و هاوبەشە ئینسانیە دیموکرات و بیرۆکرات و لیبراڵەکانمان

بۆ جێبەجێدەکات و لە ژیانێکی هاوبەشدا بۆمانی نمایش دەکات.

سیاسەت فەزایەکی کاری هەرەوەزیە و ئۆرگانیکیانە لەگەڵ فەزاکانی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و بازرگانی و......تاد لە هەڵسووڕاندایە، بەیەکەوە بەستنەوەی هەموو ئەم فەزایانە و دۆزینەوەی بواری جووڵەی داینامیکی و هاوسەنگ کاری سیاسەت و سیاسەتوانی هوشیار و عاقڵە، نەبوونی مەرجە عەقلانیەکان چ لای کاراکتەری سیاسەت و حزب و چ لای حکومەت و دامەزراوە بالاکانی نەتەوە و دەوڵەت، شوناسی سیاسیبوون و سیاسەتوان نادا بە کادر و کاراکتەرەکانیان و دەیانخاتە نێو کەشی تەمومژاوی نەزانی و خۆنەناسیەوە.

نەزان لە سیاسەت نابێتە سیاسەتوان و کاراکتەری سیاسی، سیاسەتوانی بەهێز و بێهێز، یا چالاک و ناچالاک پەیوەستە بە ئاستی بزۆزی و لێزانی کەسەکان خۆیان لە کون و کەلەبەر و تەکتیک و پێچ و پەناکانیەوە، ئەوانەی ناچالاک و بێهێزن لە سیاسەت مانای ئەوە نیە نەزانن لەو هونەرە، ئەوان لە سیاسەت چ وەک زانست و چ وەک هونەر تێگەیشتوون، لەوە یەکلابوونەتەوە کە سیاسەتوان تەنها بۆ خۆی لەکار و هەڵسووڕاندا نیە و کەس بەقەد سیاسی موڵکی خەڵک نیە، بەڵام نەزان لە سیاسەت کەچووە نێو کاری سیاسیەوە خۆی تەسلیمی غەریزەی دەسەلات دەکات و جڵەوی ڕەفتارەکانی دەداتە دەست هەڵچوون و میزاجی خۆی یا ئەوانەی هەڵیدەسووڕێنن.



Scanned with CamScanner

لای ئێمە ڕۆشنبیریی سیاسی جا لە هەر ئۆرگانێکەوە تیشک و ڕووناکیەکانی دەرچن ڕۆشنبیرییەکی ساختە بووە و کەسانی نێویشی نەیانتوانیوە بگەن بە کۆپیە ئۆریگیناڵەکەی نەخشەی سیاسی جا لە حزب دا بەرجەستەو فورمولە بووبێ یا لە ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکانەوە.

پێشتر لە زۆر نووسینی خۆم چوومەتە سەر ئەوەی کە شتێک لەم سەرزەمینەی ئێمە نیە نێوی حزبی کوردی یا ڕێکخراوی سیاسی کوردی بووبێ و ئێستاش هەبێ، چجای ئەوەی حزب یا ڕێکخراو بە پێوەرە مۆدێرن و جیهانیە پێشکەوتووەکەی، ئەم مەوجوودەی لە فەزای کاری ڕێکخراوەیی سیاسی و شۆڕشگێڕیدا بە درێژایی زیاتر لە نیوسەدەیە هەناسە دەدا بە سیەکانی خۆی هەناسە نادا بەقەد ئەوەی لە دۆخی کراسگۆڕینێکی سرووتئامێز Ritual دا بووە و ڕۆحانیەتی خێڵ و عەشیرەت لە فۆڕمێکەوە چووەتە فۆڕمێکی تر و هەمان داب و نەریت و ڕەفتار و گوفتاری باوان بە هۆشمەندی و ناهۆشمەندیەوە گواستراونەتەوە لە دەمێکەوە بۆ گوێیەک و لە جەستەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.

کاتێ مێژووی سیاسی و شۆڕشگێڕیمان و بەر لەوانەش مێژووی نەتەوەییمان پڕیەتی لە بەیەک هەڵشاخین لە نێو یەکتر و لاواز دەرکەوتن لە بەرانبەر بیانی و هێزگەلی دەرەوە مانای ئەوەیە هیچ یەک لەم ئۆرگانانەی کاراکتەری سیاسی خۆی تیادا لەقالب داوە و ڕێکخستووە ڕێکخراوی عەقلانی نەبوون و لە کاری ڕێکخستن و



Scanned with CamScanner

گونجانی هەلومەرجی فەزاکانی تر ئیدارەدانی کۆمەڵگە و تەنها لە ژێر کاریگەری ورووژان و هیچیان لێ نەزانیوە و هەر بۆیەش تەواوی ئەم مێژووە هەڵچوونەکاندا بوون و جگە لە پەرچەکردار نەیتوانیوە ڕووداوێکی دەستکردی عەقڵی خۆماڵی تۆمار بکات و مۆری نەتەوە و بە ئیستیلاحی سیاسیە ناسیونال خێڵەکیەکان کۆمەلانی خەڵکی لێدەن.

شۆڕش و سیاسەتی کوردی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیتوانیوە لە دۆخە دەروونیە هەڵچوونیەکان دەرچێ و خۆی بخزێنێتە نێو دۆخێکی عەقلی سیستماتیکەوە، دۆخی عەقلی هەمیشە دۆخە دەروونیەکان کۆنترۆڵ دەکا، بەڵام لای ئێمە بە درێژایی نزیکەی سەدەیەکە و تەنانەت بەر لەوەش هەمیشە دۆخە عەقلیەکان لە ژێر فەرمانی میزاج و حاڵەتە دەروونیەکانی کارەکتەرە سیاسی و شۆڕشوانەکاندا بووە.

حیزبەکان تا ئێستا گرووپی نائۆرگانیکن و تەنها کاریان پاراستنی خۆیانە و بەس و هەرگیز ئەوانەی لەدەرەوەی ئەوانن و لە ڕووی باوەڕ و ئینتیماوە بۆ ئەوانیان ئیمزا نەکردووە نە دەپارێزن و نە بە هی خۆشیانیان دەزانن، ئەم بیرکردنەوە و سەرپێبوونە داب و خوویەکی بەر لە مۆدێرنە و تاکەکانی نێویان بۆ فەراهەمبوونی پێویستی ئارامی و ئاسایشی خۆیان تیایاندا دەبن بە ئەندام نەک بە مەبەستێکی وەسیلەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گشتی کە کۆنفیدراسیۆنێکی گەورەترە و لەسەر پرنسیپی عەقڵ هەموو ئەوانەی لە نێویدان وەک یەک دەبینێ و هەمووشیان وەک یەک دەپارێزێ و دەحەوێنێتەوە.



Scanned with CamScanner

دەمارگیریی وەک فاکتەرێکی سایکۆلۆژی و پێویست بۆ پاراستنی خێڵ و هۆزە لە سیاسەت فورمووڵە بووەکان لە هەناوی کڵانە کوردیەکان ڕۆچووەتە نێو دەروونی ئەندامان و ئەمڕۆ واتە ئەم ساتەوەختانەی تیایاندا دەژین زۆر بە ڕوونی لە ڕەفتار و بڕیار و گوفتار و هەڵسووڕانی سیاسی و حزب و ڕێکخراوی کوردی ئامادەیی زەقی هەیە و هەرچی هەڵە و شکست و سەرکەوتن و داکەوتنەکانیشیان هەن ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەو دۆخە دەروونیە دەمارگیریە هەرە سەرەتاییانەوە.

نە حزب نە ڕێکخراوی سیاسی نە حکومەت و ئۆرگانە جیاجیاکانی هەڵدەچن و بڕیاری هەڵچوونئامێز دەدەن، سیاسەت و هەڵچوون دوو شتی لەیەکتر جوودان، هەڵچوونەکان دۆخی دەروونی تاکانە و ئیندیڤیجواڵن و لە فورمووڵبەندی و گردبوونەوەی دەستەجەمعیدا هەڵچوون لە ژێر ئاگایی و هوشیاری سەنتەرێکی هێزەوە خۆی نمایش دەکات و ئەم سیمایەش لە حزبی عاقڵدا لە ڕێگەی پەروەردەی سیاسیەوە بۆ ئەندام و دۆستان و تەنانەت نەتەوە و کۆمەڵگە دەگوازرێتەوە.

لە سیاسەتی کوردیدا هەمیشە هۆکار و ئامانجەکان تێکەڵی یەکتر بوون و هەر ئەمەشە هەروەک (ماکس شیلەر) دەڵێ مایەی هەڵوەشانەوەی متمانەی کۆمەڵایەتی و لاوازبوونی شێرازەی پەیوەندیە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکانمانن، لەم جێگرتنەوە نا عەقڵانیەدا دەوڵەت و نەتەوە و کۆمەڵگە دەبن بە هۆکار و حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش دەبن بە ئامانج و ئەم حاڵەتانەشمان لە درێژەی مێژووی سیاسی و شۆڕشگێری کوردی بینیوە و



Scanned with CamScanner

زۆر جار حزب و ئۆرگانە سیاسیەکان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و زیاتر دەرکەوتنیان بەڵای گەورە گەورەیان بەسەر نەتەوە و کۆمەڵگە و وڵاتدا هێناوە.

ئەم ماڵوێرانیەی ئێستا ئێمەی تیاین لە دیمەنی جیاجیای مێژوویید دووبارە بوونەتەوە، تا بەم ڕەفتارە هەڵچوونئامێزانە و بەم سرووتگەلە ڕابردوو پەرستیەش سەنگەرەکان شیر و تیر لەیەکتر بسوون لە تراژیدیای دیکە خۆمان دەبینینەوە، تا حزب و حکومەت و سیاسەت نەبن بە موڵکی عەقڵ و تا عاقڵەکان دەرنەکەون و لە ڕیفۆرمی عەقلیدا جڵەوی هەڵچوونەکان نەگرنە دەست چارەسەرەکان هەر کاتی دەبن و شۆکەکانیش بە دوایەکدا دووبارە دەبنەوە.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# بەشی یازدەم

# ڕۆشنبیر و هاوسەنگیی دەروونیی



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## سیاسەت و ناسیاسەت لە بەرانبەر ڕۆشنبیردا

- ئەگەر سیاسەت لە بواری کار و جوڵەی خۆیدا شکست بێنێ، بەشی هەرە زۆری ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
- ئەگەر ئابووری لە بواری مامەڵە و دانوستانی خۆیدا دارمێ و هەرەس بێنێ، بەشی هەرە زۆری ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
- ئەگەر دین لە فەزای هەڵسووڕان و کایەی پەیوەندیەکانی خۆیدا زیاد یا کەم بێنێ، بەشی هەرە زۆری ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
- ئەگەر هارمۆنیەت و نەزمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە شێوانی تێبکەوێ و لەسەر ئاوازێکی سیمفۆنیک نەبێ، بەشی هەرە زۆری ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی کولتوورە.
- ئەگەر پەروەردە نەیتوانی لە دەرچەی کردەکانی خۆیدا کەسێکی هوشیار بە خۆی و بە کۆمەڵگە و بە نەتەوە و بە دنیا و بە.......تاد بەرهەم بێنێ، ئۆباڵی هەرە زۆری لە ئەستۆی کولتوورە.
- ئەگەر هونەر و وەرزش و ئەدەب و ....... نەیانتوانی لە بازاڕی نێوخۆی کوردەواریدا ڕەواج بۆ خۆیان پەیدا کەن و نەشتوانن بپەڕنەوە ئەودیو

سنوورەکانی خۆیان و لە بازاڕی نێو نەتەوەییدا ببنە دەنگ و ڕەنگ، دیسان ئۆباڵی هەرە زۆری لە ئەستۆی کولتوورە.

کولتوور بۆ هەر دەستە و تاقم و کۆمەڵگە و نەتەوەیەک مەرجی بوون و هەڵبڕینی دەنگی سەلماندنی بوونێکی ئینسانی دیاریکراوە، کێشەکانی ئێمە هەر لە بنچینەوە لە نێو کولتوورماندا ڕیشەیان هەیە و هەر بۆیەش لە هەموو ئەوانەی لەسەرەوە ڕیزمانکردن لە ئاستی ڕەزامەندی نە خۆمانین نە دەرەوەی خۆمان.

سەد ساڵ سیاسەتی کوردی خۆی لە قەرەی کولتوور و وەبەرهێنەرانی کولتوور کە ڕۆشنبیرانن نەدا و هیچ کاتێک چارەی ڕۆشنبیری جیددیان نەویست و فیشەکێک و دەمانچە و تفەنگێکیان لە ڕۆحی ڕۆشنبیرێک پێ بایەخدار تر بوو.

سەد ساڵ سیاسەتی کوردی نەیتوانی کەسێتیەکی سیاسی کوردی بێنێتە ئارا بۆ چەند خولەکێک قسە لەسەر کێشە و دۆزی گەلەکەی بکا لەو ئاستەی بەرانبەرە یار و نەیارەکانی لەوە بگەیەنێ کە دۆزی کورد نەک پەیوەستە بە کورد خۆیەوە بگرە بە ئارامی و ئاسایشی ناوچەیی و جیهانیەوە بەند و پەیوەستە.



Scanned with CamScanner

سەد ساڵ سیاسەتی کوردی نەیتوانی بەرنامە بۆ بایەخی پەروەردەی سیاسی و شۆڕشگێڕی دابنێ و تاکی خۆی بکاتە بوونەوەرێکی سیاسی هوشیار توانای ئەوەی هەبێ بەرانبەرە یار و نەیارەکانی بە دۆزی خۆی سەرسام بکا.

سەد ساڵ سیاسەتی کوردی چەکی خستە پێش کتێب و قەڵەم و هەردەم عەقڵ کە لەم دوانە دەچۆڕێ لە دوای کوتەک کە لە تفەنگەوە نمایش دەبوو دەڕۆیشت و دەهات و ئەمەش لە خۆیدا هاوکێشەی عەقڵ و کوتەکی بەرەواژوو کردبۆوە و هەمیشە کوتەک و کوتەک بە دەست هۆکاری چارەسەر و بردنە پێشەوەی پرسەکان بوون و قەڵەم و کتێب بە دەستەکان لە دواوەی ئەوان هەوڵی جوانکردنی ڕەفتار و گوفتاری ئەوانیان دەدا.

سەد ساڵ سیاسەتی کوردی لە هەرێمێک یا بەشێکی بچووکی کوردستاندا ماڵێکی ئارامیان چ لە شاخ و چ لە شار پێ ئاوا نەکرا و نە خۆیان و نە کوردستانیانیشیان لە دڵەڕاوکێی مانەوە و سەقامگیری خاترجەم کرد.

سیاسەتی کوردی جگە لە دۆخێکی سایکۆلۆژی نارسیزم و کارگەیەک بۆ هێنانە ئارای کەسێتی هەلپەرست و هەڵلووش کە بۆ نوێنەرایەتی دۆزێکی

ڕەوای ئاوەها گەورە و جیهانی نەدەشیان چیتریان نەکرد.

زانست هەمیشە مامەڵە لەگەڵ ئەنجام و دەرکەوتەی هۆکارەکان دەکات و ئەوەی ئەم ئەنجامە خەمناکانە پێمان دەڵێن بریتین لە ڕێچکە گرتنێکی پەرت و بڵاو و شێواوی ئەوتۆ کە هیچمانی نەگەیاندە جۆرێک لە ڕازیبوون چ لە ئەنجامی کاری خۆمان وەک تاک و چ لە ئەنجامی کار و خەباتی خۆمان وەک جوڵانەوەی چەکداری و سیاسی.

پەرتەوازەیی لە سیاسەتی کوردی ڕەنگدانەوەی فورمولە نەبوونی کولتووری کوردیە لە هۆشێکی دەستەجەمعیدا کە توانای ئەوەی هەبوایە هەموو دەنگەکان بخاتە سەر ڕیتمێکی سیمفۆنیک بە هارمۆنیەتەکەی هەم خۆی و هەم دنیاشی سەرسام کردبایە.

پەرتەوازەیی دەنگ و ڕەنگی سیاسی قالبنەگرتوو لە فۆڕمێکی ناسیونالیستی مۆدێرن بە درێژایی ئەم سەد ساڵە کردوونیەتە هەم گاڵتەجاڕی خۆمان و هەمیش گاڵتەجاری دەر و دراوسێ و دنیا.

سیاسەتی کوردی بۆ سەدەیەک دەچێ دوژمنایەتی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران دەکا،



Scanned with CamScanner

ڕۆشنبیرە جیدیەکان هەر بەتەنها قوربانی نەیارانی نەتەوە و کۆمەڵگەکەی خۆمان نەبوون بەقەد ئەوەی لە نێو خۆی فۆڕمە بێ دەموچاوە سیاسیەکەی خۆشماندا دژایەتیان کراوە و هەمیشە سیاسەت و سیاسی کورد تاوەکو ئەمڕۆ فۆبیای ڕۆشنبیریان هەیە و ئەمەشیان بە دڵنیاییەوە لە گرێی کێماسی زانستی و ڕۆشنبیریەوە بووە.

ترس لە ڕۆشنبیری لە نەستی ئەواندا ڕیشەی هەیە و هەر بۆیەش نە لە شاخ و نە لە شار ئیشیان بۆ پرۆژەی بونیادنانی کەسێتی کولتووری کوردی کە دواتر کەسێتی سیاسی کوردی و نەتەوەیی و ئینسانی لێ درووست دەبێ نەکردووە.

(ترس لە ڕۆشنبیریی) لای سیاسیەکان بازنەیەکی پارێزەری لە دژی ڕۆشنبیرانی جیددی بە دەوردا کێشاون نەوەکا بە دەنگ و ڕەنگیان قەڵس بن و تووشی ئیشی عەقڵ و عەقلانیەتیان کەن و بیانخەنە نێو پرۆژەکانی بیرکردنەوە لە پێناو بونیادنانی دامەزراوەی عەقلانی درووستکردنی عەقڵی سیاسی و ئابووری و کولتوری و دینی کوردی.

ڕۆشنبیر کەسێکی سیستماتیکە و سیستم بەرهەم دێنێ، ئەوەی خۆشی لە ڕۆشنبیر و



Scanned with CamScanner

ڕۆشـــنبیری نەیەت ئـــارەزووی سیســـتم ناکـــات و ئارەزوونەکردنی سیستمیش لە نەستی ناڕۆشنبیری سیاسـیدا هێشـتنەوەی مەودایەکـی دوور و درێـژە لەگەڵ عەقلانیەت و بەمەش زۆرترین خزمەت تەنها بە (ئاید- ئەنباری غەریزە) ی خۆی دەکات و منێکی فوودراوی هەوکراومان دەخاتە پێش هەموو گیانی نەخۆشی و پەتایە.

ڕۆشنبیرە دوور بینەکان بۆ ئەمڕۆ و سبەینێ لە کـاردان نیتشــە وتەنــی دوای ســبەینێ ئەنجـامی ئیشـــەکانیان دەردەکەوێ، ڕۆشـــنبیری زانـــا و وەبەرهێن لەسەر کولتوور ئیشی ئەوە نیە هەڵەکانی ئەم تـــاپیە لە سیاســـیەکان پینەکـــات و هـــات و چوونەکانیـان شـیبکاتەوە، ئەوان ئیشیان ڕێکخستنی بوونێکی سرووشتی کوردیە لە فۆرمێکی ڕێکخراوی سیستماتیکدا، بوونی بەستە زمانی نەتەوەیی کوردی تـــا ئێســـتا هەر لە بـــوونە سرووشـــتیەکەی نەپەڕیوەتەوە و ئەمەش لە ڕاستیدا هەڵەی ئەم سەد ساڵەی کوردایەتیە و هەر بۆیەش عەقڵی ڕۆشنبیر دەتوانێ ئەم ڕۆحە زیندووە چالاکە کە عەقلانیەت و هۆشــە بخـــاتە جەســـتەی نەتەوەوە و لە وەهـــمە خەتەرناکەکانی پاڵەوانبازی و شۆڕشگێڕی دەربازی بکا.

ئەم هەڵە سیاسیانەی ئەمڕۆ ڕوویانداوە تازە نین کارەکتەرە سەبەبکارەکانیان پەروەردەی کەڵچەرێکی کاڵی ئیش لەسەر نەکراون، پەروەردەی دۆخێکی ناسیاسی ڕێک نەخراون، هەر بۆیە هەڵەکان بە دوا یەکدا و لە دیمەنی جیاجیادا دەردەکەونەوە و دەبن بە شۆک بۆ ئەوانەی یادگەیان ڕووداوەکانی دوێنێیان نەپاراستووە.



Scanned with CamScanner

## ڕۆشەنبیری گەندەڵ

ئەوە هەر بەناو حزب و ڕێکخراوە ناسیاسیەکان نین نائومێدی لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بەرهەم دێنن، بەقەد ئەوەی ئەوەندە و بگرە زۆرتریشمان نارۆشنبیر هەن کاری بنچینەییان بڵاوکردنەوەی بێئومێدی و ڕەشبینکردنی تاکەکانە لە کۆمەڵگەدا، کە من ناویان لێنانێم(کۆلکە ڕۆشنبیر) چون (کۆلک) لە بنچینەدا دارێکی بەرداری لاو و پڕ ژیان و جولە بووە.

ئێمە لەسەر هەموو ئاستێک دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ و تەنانەت دانیش بەوە دابنێین کە گەندەڵی نەک هەر کایەی ئابووری و سیاسی ئەم سەرزەمینەی ئێمەی گرتۆتەوە، بەڵکو کایەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەروەردەیی و ئەخلاقیشمان کلۆر یا باشتر وایە بڵێین بۆگەن بووە بە گەندەڵیەوە و من لای خۆمەوە بێزم دەبێتەوە و پێشموایە کەمترین ڕایەڵەی پەیوەندی هەن بە سیاسیەکانی ئەم هەرێمەوە بمبەستنەوە کە من تا ئێستا لێم ونن .

کە یەکێک تووشی دەردێک دەبێ و پێیەوە دیار دەبێ و لای کەسانی تریش دەیدرکێنێ، مانای ئەوەیە ناڵە ناڵیەتی و گیرۆدەیە بە دەستیەوە و ئاواتی ئەوە دەخوازێ هەرچی زووە لێی ڕزگار بێ و ئەم شعورەشی پەیوەستە بە پەیبردن بە جەستە و ڕێزگرتنیەوە.



Scanned with CamScanner

كە یەكێك كێشەیەك یا نەخۆشیەكی دەروونی یەخەی دەگرێ و هەست دەكا وەك جاران نەماوە و ڕەفتاری هاوسەنگ نیە، كە دركاندی و هەوڵی دا ئەو بەلایەی لەكۆل بێتەوە، ئەوا ئەو كەسە وریا و هوشیارە بە خۆیی و ئاستی زیان و قورسایی كێشەكە دەزانێ، هەر بۆیە چەندین هەنگاو لە چارەسەر نزیكتر دەبێتەوە، بەلام كە سوور بوو لەسەر ئەوەی نەخۆش نیە و هیچ كێشەیەكی لەو جۆرەی نیە، ئەوا چارەسەری دوور دەكەوێتەوە و بۆ ماوەیەكی درێژ و ڕەنگە تا مردن قۆناغەكانی كێشە و نەخۆشیەكەی سەختر بن و خۆیی و دەوروبەرەكەشی تووشی بەلا بكا و لە لایەكی دیكەشەوە ئەو كەسە پەی بە دەروونی خۆی نەبردووە و Self Perception ی یا self awareness ی واتە(پەیبردن بە خود) ی لە ئاستێكی هەرە نزمدایە.

كۆمەڵگەی ئێمە هەم جەستە و هەمیش دەروونی نەخۆشە، هەردووكیانی لە بارێكی گەندەڵ و پەككەوتوویيدایە، بەلام تا ئەو ئاستە نیە كەوتبێت و ئیدی تا ئەبەد هەڵنەستێتەوە.

تا ئەو ئاستە نیە گۆشەگیر بووبێت و نەكەوێتە ژێر باری چارەسەر و ئومێدی بە چاكبوونەوە بڕابێ و هەر هەوڵێك بۆ دەربازبوون ڕەتكاتەوە، ئومێد بڕان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شكستهێنان لە دۆزینەوەی مانا بۆ ژیان و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ كێشە و قەیرانە هەمەجۆرەكان، بەلام لە ڕوانگەی خوێندنەوە عەقلانی و زانستیە هەمە لایەنەكانەوە، شكست نیگەرانیی و كەوتن درووست دەكا بەلام تینێكی تر دەداتەوە بەر كەسی

هوشیار هەر کە هەڵیستاندەوە باشتر لە قۆناغی پێشوو دێتەوە سەر پێ.

هەموو لایەکمان بە تاک و گرووپ و حزبی و ناحزبیەوە قسە لەسەر نەخۆشی و تلانەوەی کۆمەڵگە بەدەست گەندەڵیەوە دەکەین و بەشێکی زۆریش کە لە بنچینەدا هوشیارن بەو نەخۆشیە و پێشبینی مەترسی و دەرەنجامەکانی دەکەن و هیواخوازن تا ڕادەیەکی باش ساغ بینەوە و بچینەوە ئاستێکی ماقول لە درووستی جەستەیی و دەروونی، ئەو بەشە لە کەسە هوشیارەکان پێیانوایە ئومێد لە نێو ئەم بێسەروبەریەدا هەر دەبێ چەکەرە بکاتەوە و لە ڕاستیشدا کاری سەرەکی و ئینسانیی ڕۆشنبیری ڕاستگۆ و پاک و هاوسەنگیە لە قسەکردن لەسەر گەندەلی هەمەلایەنە و دواتر بەشداربوونی لە دۆزینەوەی دەرچە عەقلانیەکان جا بە هەر شێوەیەک بێ لە بەشداریکردن، دوای ئەوە ڕۆشنبیری حەقگۆ و حەقنووس هیچ کاتێک وەک سیاسیەکانمان دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکارنابا و نایخاتە خزمەت بەرژەوەندیە خودیەکانی خۆیەوە نەوەکا وەک ئەوان بخزێتە نێو عوساب و هەوەس و توخمەی چێژبازیەوە.

ئەو هەوەسبازە عوسابیانە هەر لە بنچینەوە (بوونەوەری نێو زێرابەکان*)ن و خۆشییان لەو جۆرە قەڵەو بوونە بە نەخۆشی دێ کە سەرەنجام چۆنیان دەست کەوتووە ئاوا بە سانایش لەدەستی دەدەن، ئەم جۆرە لە

* لە سەر ریتمی ناونیشانی ڕۆمانێکی برای بەڕێزم جەبار جەمال غەریبە.



Scanned with CamScanner

گەندەڵ، زیندەوەر بەڵێ زیندەوەری سەر لاشە مردووەکان و کەلاکە تاقەت لێبڕاوەکانن و وەک کرم و قالۆچە و سیسرکە و دەعبای سەیر سەیر ژیانیان تەنها لەسەر بۆن و بەرامی گەندەڵیە و هەرگیز نایانەوێ بچنە ژێر باری هەر سیستمێکەوە و پاشان بە کردار و گوفتاری خۆیان ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە نائومێد کردن و نائومێد هێشتنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان.

با چیدی وێنەکە ناشیرین نەکەم، نەیشێوێنم و بێمەوە سەر بابەتی (نائومێدکردن) و ڕۆڵی کەسانێکی زۆر لەوانەی تەنها عینوانی ڕۆشنبیریان لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان وەرگرتووە و قەوارەی بەشداریان لە گۆڕانکاریە کولتووری و کۆمەلایەتی و ئەکادیمیەکان هیچ شایەدیەکی لەم جۆرەیان بۆ نادا، چون لە بنچینەدا لە نێو خۆیاندا قەوارەیان نەگرتووە و ئەوان لە نێو قەوارەی حزب و گرووپ و کەسێتی دووەم و سێیەمی خۆیاندا دەدوێن.

گرووپگەلی ئەم هەرزە نووسەر و ڕۆشنبیرانە تەنها هارمۆنی قسە و سادە نووسین لەو بابەتە ئاشکرایانەدا دەدۆزنەوە کە بەڵگە نەویستن وەک گەندەڵی و دزی و خیانەت و .....تاد، ئەوان تەنها ئەوەی پێیەوە ماندوو دەبن ترش و خوێ کردنیانە و دواتر بە ئاراستەی نادیار ڕۆیشتن و بە ئاراستەی تاریکی و ئاراستەی ناشیرینی و نارێکی ئەگەر عەقڵێکی پشکنەری ورد و خەمخۆر و پاک و بێگەردی لە پشت نەبێ ئەوا ئاسان لەسەر زەمینەی گەندەڵی و نالەباریدا دەخزێ و هەڵدەخلیسکێ و



Scanned with CamScanner

خلیسکانیش تا ئاستێکی زۆر کۆنترۆڵ لەدەست خاوەنەکەی دەباتە دەر.

بەناو ڕۆشنبیرەکانی ئێمە، هەڵبەت ئەوانەی هەمیشە خزیون و لە خلیسکانێکی بەردەوامدان وەک سیاسیەکانمان دنیایەک گرێ و گۆڵەی سایکۆلۆژیان هەیە و تا ئاستێکی زۆر پیادەی ڕێچکەیەکی هەڵەی ممارەسەکردنی ئەرکی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی ڕۆشنبیرن و ئەوانیش بە جۆرێکی تر عوسابی و هەوەسبازن و چێژی بوون و بەردەوامییان لە نائومێد کردن و دیسانەوە نائومێد هێشتنەوەی کەسەکانە، چێژیان لەسەر گریاندنی خەڵک و کولاندنەوەی برینەکانیانە، چێژیان لە سازکردنیانە بۆ هێنانی ئەم خەڵکە عەوامە کولتوور گەندەڵە بۆ بەرەی خۆیان تاوەکو شەڕی بەرەکەی دیکەی گەندەڵیان پێبکەن و سەرەنجام ئەوان لەمبەر بەرزی دەکەنەوە و ئەمانیش لەم بەرە کەپسی دەکەن.

من پێموایە گەندەڵیی نەخۆشیەکی ئەخلاقیە لە هەناوی کولتووری ئێمەدا خانەخوێی هەمیشەیی هەبووە و بووەتە نەخۆشیەکی درێژخایەنی ئەوتۆ کە هەمیشە بە چارەسەرە شۆک ئامێزەکان هۆشیان خستوینەتەوە بەر، چارەی بە شۆک هەژاندوونی و بۆ ماوەیەک هاتووینەتەوە هۆش و ئەوەندەی نەبردووە کەوتووینەتەوە نێو باری بێهۆشیەوە.

ڕۆشنبیری جیددی بە هیچ شێوەیەک نابێ دەسەڵاتی ڕۆشنبیری خۆی تەنها بۆ باڵابوونی خۆی بەکاربێنێ و هەر کە گەیشتە ئەوەی ئەهریمەنەکەی ناوی لێی دەوێ ئیتر بحەسێتەوە و ئۆخەی بکا، ڕۆشنبیر بەرهەمهێن و

وەبەرهێنی ڕۆحی کۆمەڵگەکانی ئەم زەمەنی ئێستای تەکنۆلۆژیای مەعریفەیە و ناکرێ هۆشی لای سنوورەکانی گەندەڵبوونی خۆی و گەندەڵی بە گشتی ببڕێ، ئەو داهێنەری بەهاگەلیکە و هەمیشەش لە هەڵسووڕ و داسووڕی ئەم بەهایانە بە ئاگایە و ناهێڵێ بۆگەن بکەن و لە سنوورەکانی پیرۆزی و گەندەڵی نزیک بنەوە.

بێچاوێنی بین لای خۆمان ئەوەندەمان کەسی سادە و سادەلەوح وەک ڕۆشنبیر ناساندوون وەک ژمارە لە زۆر گەورە وڵاتی دنیا زیاترمان لەو کەڵە مرۆڤانە هەن!!، ئەگەر بیانخەینە نێو کەشێکی ئەزموونکردنەوە بڕوا ناکەم بەقەد پەنجەی یەک دەستیان لێدەرچێ.

ڕۆشنبیری جیددی کەسێکی زۆر ئاساییە، تەنها ئەوەندەیە هوشیارە لە سنوورەکانی پاکی و ناپاکی و باشیش دەزانێ بە چی دەبین بەو ئینسانانەی ژیان لە خۆشەویستی و پاکی و ڕاستگۆیی و ئازادی و .....تاد یدا دەبینن، ڕۆشنبیر لە هیچ برگەیەکی زەمەندا نابێتە ئایکۆنێکی پیرۆز و بەدەر لە هەڵە، ئەو تەنها ئەوەندەیە وریایە لە خۆی و ئەو خودە گەورەترەی هەمووومان بەیەکەوە بەشدارین لە بە زیندوو هێشتنەوەی کە کۆمەڵگەیە، ئەو وریایە لەو نەخۆشیانەی هێزمان لێدەبڕن و داماندەوەشێنن، هوشیارە لە هەموو ئەو ڤایرۆسانەی گەندەڵی ئەگەر قەلاچۆیان نەکەین قەلاچۆمان دەکەن.

ئەو ئیش لەسەر ساغ هێشتنەوەی عەقڵ دەکا بۆ ئەوەی هەمیشە کۆمەڵگە بە هوشیاریەکی عەقلانیانەوە بجولێ نەک لە ژێر کاریگەری هەڵچوون و سۆزدا.

ئەگەر ڕۆشنبیر گەندەڵ بوو سیاسیەکان و ئەهلی بازاڕ هیچ گلەییەکیان لێناکرێ چون لە بنچینەدا ئەوەش دەدزن کە ڕۆشنبیر هەیەتی و جگە لەوە چیتری نیە کە مەعریفەکەیەتی و وەک بیانوو و پەڵپ بۆ شاردنەوە و پۆشینی کرێتی و گەندەڵیەکانیان بەکاری دێنن.

زۆر بوون لەو ڕۆشنبیرانەی لە مێژوودا بوونە ڕێنیشاندەری گەورە خوێنمژی گەورە و هزر و مەعریفەیان بووە چوارچێوەیەک بۆ فاشیزم و نازیزم و چەندین (یزم) ی تر.

زۆریشن لەو بەناوڕۆشنبیرانە لای خۆمان کە تەنها دەنگن و دیبلۆماسیانە و دواتر فاشیانە دەم بە مایکی تەلەفزیۆنەکانەوە دەنێن و پیت و وشە کرچ و کاڵەکانیشیان لەسەر کاغەز و بە دیجیتاڵ دەنەخشێنن.

## ڕۆشنبیر و ئەکادیمیست

ئایا بە پێوەرە هەرە نوێیە کولتووریەکان کۆمەڵگەی ئێمە توانیویەتی ڕۆشنبیر بێنێتە ئارا؟

ئایا مەرجە ڕۆشنبیر ئەکادیمیست بێ و ئەکادیمیستیش ڕۆشنبیر؟

ئایا ئەو دوو بوونەوەرە تەبان، یا لەیەکتر هەڵدەقۆزنەوە؟

من لەو قسانەی ئێرەمدا ناچمە سەر ئەو قەوانە کۆنانەی لەسەر هەردوو ئەم کاتیگۆریانە پێشتر زۆر لێدران و ئێستاش ناوە ناوە لێدەدرێنەوە، ئەوەندەی دەرفەت هەیە قسە لەسەر ئەو نیشانە و ڕۆڵانە دەکەم کە هەر یەکەیان هەیانە و ئەو کایانەش کە لەیەکتریان جیا دەکاتەوە یا بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە.

ڕۆشنبیربوون بە هیچ مەرجێکی ئەکادیمی نابەستریتەوە، بەڵام ئەکادیمیبوون هەمیشە مەرجی ڕۆشنبیری پێدەوێ، ئەمە بەو مانایە نیە کە لە کردەی ڕۆشنبیریی و بکەری ڕۆشنبیردا ئەکادیمیبوون پێویست نیە، بەقەد ئەوەی مەبەست تیایدا نەبەستراناوەی ئەو مرۆڤەیە کە لە ژیانی خۆیدا دەکۆشێ تا بتوانێ زانیاری کۆکاتەوە و شت بناسێ و لە شتە جووداکان تێبگا، نەبەسترانەوە بەو مانایەی تاک تا ئەو ئاستە ئازادە چی دەیەوێ با بیناسێ و بیزانێ، بەڵام کە زانیاریەکانیشی



Scanned with CamScanner

دەخاتە قالبێکی ئەکادیمی و لە بوارێکدا ڕێکیاندەخا ئەوە هیچ ڕێگرێک نایەتە پێشی.

ئەکادیمیبوونیش بەدەر لە مەرجی ڕۆشنبیری تەنها عەقڵی تەختەیی دێنێتە کایە و ناتوانێ خۆی لەگەڵ هەڵوێست و پێداویستیەکانی ژیان بگونجێنێ، چونکە بوونێکە ڕۆشنبیریی بۆی دەبێتە ڕۆح و جوانتر هەڵیدەسووڕێنێ.

ئەمانە لە هەلومەرجی تازەی ئەمڕۆدا زۆر بەیەکەوە بەستراونەتەوە و زۆریش ئیشیان بەیەکتر دەبێت، ئەکادیمیست بەرهەمێکمان دەداتێ زیاتر لەگەڵ ئەمڕۆ و زەمەنی ئێستادایە و بۆ ئایندەش دەکرێ ببێ بە بنەما، کە بۆ رابردووش دەگەڕێتەوە تەنها دەبێ لە ڕووی دوکۆمێنتسازی بێ نەک چەقین لەو ڕابردووەدا، بەڵام ڕۆشنبیری دەرەوەی ئەکادیمیا هەموو شتێک بە بابەتی خۆی دەزانێ و بوار بە خۆی دەدا قسەی لەسەر هەموو شتێک هەبێ.

ڕۆشنبیربوون دەکرێ هەموومان لێی بەرخوردار بین، چوون هەر یەکە لە ئێمە مافی ڕۆشنکردنی هزری خۆمان هەیە و بە گەڕان و سۆراخکردنمان بۆ زانیاری جیاجیا لە ژیان تواناکانمان بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە و مانابەخشین بە هەر بابەتێک بەهێز دەکەین، ئەمەش بەهانامانەوە دێ تاوەکو وردتر لە ڕووداو و پێشهات و شتەکان ڕامێنین و لەو حاڵەتەشدا کەسەکان دەبن بە کەسی چالاک و لە ڕاستیشدا بوونی چالاک ئەو بوونەیە توانای ئەوەی هەیە



Scanned with CamScanner

مانا بداتە ئامادەگی خۆیی و هەڵسووڕانی خۆی لە نێو ژیانی خۆیدا.

ئەکادیمیست بەشێک (تەنها بەشێک) لە زانیاریەکانی خۆی لە چوارچێوە دەگرێ، ئەو زانیاریانەش ئامانجێکی سنوورداریان هەیە و ئەرکێکی زانستی دەگرنە ئەستۆ، لە درێژەی پرۆسێسە زانستیە ئەکادیمیەکە تەواوی زانیاریەکان لەسەر ریتمێکی سیمفۆنی یا باشتر وایە بڵێین هارمۆنی رێدەکەن و کورترین رێگەش دەگرنە بەر بۆ ئەوەی زوو بگەن و ئیتر بحەسێنەوە.

لە دنیای ئێستای گەشەی هزری و عەقڵی زانستیدا قورساییەکان تەنها لەسەر شان و ملی کەسێک یا گرووپێک کۆنابنەوە، بەقەد ئەوەی رۆشنبیریی دابەش دەبێتە سەر لک و پۆپی جیا و هەر کایەش لەمانە کاراکتەر و نوێنەری فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە، دەچنە نێو یەک و بەیەکەوەش لە زۆر هەلومەرجدا هەڵدەسووڕێن. ئەمەش مانای ئەوە نیە سنوورەکان ئەوەندە سەخت بوونەتەوە ئیدی کەسی بوارێک ناتوانێ سەر بە ماڵوحاڵی کەسانی تردا بگرێ، زەمەنی ئێستا چەندە کایەکان لەیەکتر دادەبڕێ ئەوەندە زیاتر بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە تاوەکو لە جیاوازیەکانیان بوونی چالاک و بکەری چالاک بهێننە ئارا.

لای خۆمان لە کوردەواریدا بە هیچ یەک لەم پێوەرانە رۆشنبیرمان نین، جەستە و رۆحی کولتووری ئێمە زۆر شەکەتە، لەوەتەی هەیە شەکەتە، نەیانتوانیوە بۆ ساتێک لە نێو زەمەنە جیاوازەکانی خۆیاندا بحەسێنەوە و هەناسەیەک بە هاوسەنگی بدەنەوە. نەبوونی رۆشنبیر لە نێو ئێمەدا



Scanned with CamScanner

پەیوەستە بە سستی گەشەی هزری کوردی لە هەر هەموو بوارەکانی ژیاندا، کۆمەڵگەی ئێمە هەر بەوە راگەیشتووە لەسەر وێنەی تاکەکانی خۆی وێنە بگرێتەوە، نەوەکا ئەم وێنانە زیندە بە چاڵ بن و بسڕێنەوە، کولتوور تا نەبێتە بەرهەمی ماتریاڵ و لە شارستانیەتدا بەرجەستە نەبێ قەتاوقەت ئەو توانایەی نابێ بکەری هزرسازی ئەوتۆ بێنێتە ئارا لە نێو کایەی رۆشنبیریدا وەبەرهێن بێ نەک بەرخۆر، ئەوەی لە کولتووری ئێمەدا بە سانایی هەست بە هزری بەرخۆریی نەکا و پێیوانەبێ کە هەموو کولتوور لای ئێمە تەنها بۆ مانەوەی بیۆلۆژیکیمانە و بەس ئەوا سەراویانە بیردەکاتەوە و قووڵاییەکانی لێ دیار نیە.

ئەم رەفتاری لەبەر گرتنەوەیە لە نەستی وجودی فەرهەنگی کوردەواریدا رەگی هەیە و لەوانەشە بەشێکی پەیوەست بێ بە ترسی خۆمان لە ونکردنی هەندێ لەو خەسڵەتە کلاسیکانەی نەتەوە گەر ونمان کردن ئەگەری ئەوە هەیە بوونی نەتەوەییمان بشێوێ، بەشێکیشیان پەیوەستە بە ترس لە کاریگەری ئەو هێزانەی لە دەرەوەی خۆماندا هەمیشە ویستوویانە بوونی کۆمەڵایەتی ئێمە کاڵ بکەنەوە و بیخەنە سەر بوونێکی نەتەوەیی تر تاوەکو وێنەی زاڵی خۆیانی پێ گەورەتر دەرخەن.

رۆشنبیر کەسێکی هاوسەنگە لە رووی هزریەوە و کەمترین کێشەی لەگەڵ خۆی هەیە، کێشەکانی رۆشنبیر هەڵشاخینی وێنە زەینیەکانی ئەوە لەگەڵ ئەو وێنە کریتانەی کۆمەڵگە بە بەردەوامی بەرهەمیان دێنێ، لەگەڵیەکنەهاتنەوەی ئەم دوو جۆرە وێنانە مانای ئەوەیە



Scanned with CamScanner

هەڵـومەرجەکە پێویســتی بەوە هەیە دەســکاری بکـرێ و کۆمەڵگەش وەک هەر بوونەوەرێکی تر بخرێتە سەر سکەی جووڵانەوە و وای لیبروانرێ کە پێویستە خزمەتی بکرێ و بەخێو بکرێ تاوەکو لەبارێکی گەشەوە بەرەو بارێکی دیکە رێچکە دەگرێ.

ئەوەیە خەمەکـانی رۆشـنبیران و ئەو ئەکادیمیسـتانەی باوەڕیــان بەوە هەیە کە جەســتە و رۆحــی کــۆمەڵگە خەڵقەندەی دەستی مرۆڤەکان خۆیانە و هەر بۆیەش دەبێ هەمیشە لەبەر مەددی نەزەری ئەواندا بن، ئەکادیمیست لای ئــێمە لە زانکــۆ و ناوەنــدەکانی تــوێژینەوەدا زۆر کەم وێراویەتـی خـۆی لە قەرەی هەیبەتـی کـۆمەڵگە و ئـایکۆنە پیرۆزەکانی بدا و پێوابووە ئیشی ئەکادیمیاش وەک بەنێو رۆشـنبیرەکان هەر لەبەرگـرتنەوەیە و گرنـگ ئەوەیە ئەوەی هەمانە و هەمانبووە بیپارێزین و لە نەمان رزگاریان کەین!!.

دەمێنێـتەوە سـەر ئەوەی بڵێـین ئایـا ئەکادیمیسـت و رۆشنبیران لای ئێمە لەگەڵ یەکتر تەبان؟

وەڵام هەمیشـــە نەخێـــرە، چـــوون هەم رۆشـــنبیران گرێیەکـی دەروونـی ئەکادیمیـان لا درووسـت بـووە و هەم ئەکادیمیستەکانیشمان گرێی رۆشنبیری، لەو سۆنگەیەشەوە بەردەوام ســەنگەریان لەیەکتــر گرتــووە و ئەو پەیبــردنە هاوسەنگە مەعریفیەیان لا دروست نابێ کە کۆمەڵگە ئیشی بە تەبـاییە نەک ململانێـی نەزۆک و نیۆریتیکیـانەی زادەی بەردەوام شڵەژانە ترازاوەکان .

رۆشنبیر و ئەکادیمیستەکانمان کەسانی هاوسەنگ نین لە رووی دەروونیەوە و ئەو مەرجانەی بۆ هاوسەنگبوون پێویستە تیایاندا نیە:

- لە خۆیان زیاتر کەسی تر قبوول ناکەن
- بەسەر زانیاری تازەدا ناکرێنەوە
- گیانی داهێنانیان لاوازە
- لە خۆیان زیاتر کەسی تریان خۆش ناوێ
- لایەنی پۆزەتیڤی خۆیان دەبینن و دان بە لایەنی نێگەتیڤ نانێن.

کەواتە هەمان ئەو گرێیانەی لە دەسەڵاتدارانی سیاسی هەن لەو دوو جۆرە بوونەوەرانەش هەن.

رۆشنبیر و ئەکادیمیستی کوردی!! لە جیاتی ئەوەی رۆڵیان هەبێ لە سازکردنەوەی کەسێتیە سیاسیە ترازاوەکان، خۆشیان هەر لە هەوڵی گەیشتن بە بەردەمی ئەوانن و ئەوەش لە راستیدا هەوڵە بۆ هاوتا بوون لەگەڵ بارێکی نێگەتیڤ و خۆلادانە لە پاراستنی شکۆی بڵندی کاراکتەرانی نێو کولتوور.



Scanned with CamScanner

## (هەڵە) وهەڵەی شۆڕەتدارێك *

هەڵەکردن نەک هەر بەتەنها ڕاستیەکی بیۆلۆژیکی و فیزیکیە، بەڵکو زۆر لەوانە زیاتر ڕاستیەکی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی و ئینجا دوای هەموو ئەمانە زانستیە، زۆر جار هەڵەکردن بەدەرە لە کردەیەکی ئینسانی، یا بە مانایەکی تر بەدەرە لەوەی بکەرەکەی مرۆڤێک بێ، لەم جۆرە هەڵەکردنانەدا جوڵە و داینامیکیەتی بوون و گەردوون لە جەدەلیەتی ماتریالی خۆیاندا تێیدەکەون، هەر بۆیە هەڵە یەکێکە لە دوانە ڕاستەقینەکانی لە جووڵە دەکەونەوە جا چ جوڵەکانی مرۆڤ یا جووڵە گەردوونیە هەمە جۆرەکان.

ئێمە لە سایکۆلۆژیا و لە میتۆدە جوداجوداکانیدا و بەتایبەت لە ڕەفتارگەریدا و وردتر لە تیۆریزەکردنی پەروەردە و فێربووندا پرنسیپێکی گرنگمان هەیە بە پرنسیپەکەی تۆرندایک Thorndike(ئێدوارد لی تۆرندایک ١٨٧٤-١٩٤٩) ناسراوە پێیدەڵێن(فێربوون لە ڕێگەی هەوڵ و هەڵە، بە پێی ئەم تیۆرە هەڵەکردن بەدەر نیە لە هەوڵگەلێک بۆ فێربوونی بابەتێک یا کردەیەکی دیاریکراو و ئەو پێیوابووە و هەمیشەش لە تاقیکردنەوەکانی کە لەسەر مشک و پشیلە دەیکرد دەیسەلماند کە بە درێژایی کات هەڵەکان لە فێربوونی بابەتەکان کەمتر دەبنەوە).

---

* ئەم بابەتە وەڵامی نووسەرێکی بەناوودەنگی خۆمانە زیاد لە دوو دەیەیە لە خۆرئاوا دەژی و خۆی وەک سەرچاوە دەبینێ و هەر بۆیەش پێیوایە ئیجتیهاداتی ئەو زۆر زانستییە(نووسەر).



Scanned with CamScanner

هەڵە لە کوێدا مەترسیدارە؟ لەو ساتانەی یا لە گەرمەی ئەو هەوڵانەی کە بەرەو ناسین و زانینی شتێک یا بابەتێکمان دەبەن و کەسەکە یا ئۆرگانەکە بەردەوام و لەگەڵ ڕۆیشتنی زەمەنیش هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە و نەیتوانیوە ئەم هەوڵانە بە هەڵە بناسێ و وردە وردە لەبیریان بکات و لە هەوڵی دیکەدا ڕاستر بجوڵێتەوە.

کێشە هەرە ئۆرگانیکیەکەی کولتووری ئێمە تا ئێستا ئەوەیە هەر لەسەر هەڵە بەردەوامە و هەمیشەش لە فۆڕم و گەوهەری هەمە شێوەدا دایدەهێنێتەوە، سەرەکیترین ئەرکی کولتوور تا ئێستا بە تێگەیشتنە ئەکادیمیەکەشی (گۆڕینی مرۆڤە بۆ ئینسان) واتە مرۆڤ وەک هەبوویەکی بیۆلۆژیکی بۆ ئینسان وەک بوونێکی مەعنەوی باڵا و هەڵگری ئۆردەر و ڕێکخراوێکی هۆشمەند.

لەوەش کێشەتر ئەوەیە کاراکتەرە بەناو و دەنگەکانی نێو کولتووری خۆمان بەتایبەتتر ئەوانەی هیچ گوێ بە بیرکردنەوە سیستماتیک و ئەکادیمیکیەکان نادەن و لەوەتەی بوونەتە دەنگێکی بیستراو لە سۆنگەی گرێی ئەکادیمیەوە تەقە لە هزری ئەکادیمی دەکەن و ئینجا لەگەڵ ئەوەش مورید و دەروێشێکی زۆریان لەخۆیان ئاڵاندووە، بە زەقی دەکەونە هەڵەی ئەوتۆوە کە بە پێوەرە هەرە کلاسیکە زانستیەکان مایەی شەرمەزارین بۆ کولتوور و ئەم جۆرە بەرهەمهاتوانەیان.

بە پێی ئەم تێگەیشتنە لە لۆژیکی هەڵە و ڕاستیی یا هەوڵ و هەڵە، هەڵە کردەیەکی خەللاق و خولقێنەرە بەڵام تا ئەو ئاستەی بیرکەرەوە یا فێرخواز ئەوەندەی بەسەردا



Scanned with CamScanner

نەچێتەوە و لە ساتە وەختی داکەوتوودا هەنگاوە ڕاستیەکان بۆ تێگەیشتن و زانین و ناسین بهاوێت و بە تێپەڕینی کات پەی بە فۆرمە نوێیەکەی فێربوون ببات.

ئەگەر مشکێک یا پشیلەیەک لە ئەزموونەکانی تۆرندایک سات دوای سات هەڵەکانی کەمکاتەوە و سەرەنجام فێری ئەوە بێت لە هەڵوێستە زەحمەتەکان خۆی قوتار کات، ئەگەر سەگێک لە ئەزموونی بافلۆفدا سات دوای سات فێری ئەوە بێ زەنگ مانای خواردن و دواتریش مانای تەزووی کارەبایە، ئەگەر کۆترێک لە تاقیکردنەوەکانی بۆرهیف سکینەردا سات دوای سات فێری ئەوە بێ سەر و دەنووکی لە ئاستی خواردنەکە بۆ سەر و خوار ببزوێنێ، ئەگەر مەیمونێک لە ئەزموونی کۆهلەردا فێری ئەوە بێ ئەگەر دارێک لە یەکێکی تر هەڵکێشێ ئەوا دەستی بە مۆزەکە دەگات، ئەی بۆچی مرۆڤ یا کۆمەڵگەی وا هەیە تا هەیە و تا دەشمێنێ بە هەمان ڕێچکەدا دەڕوات و هەمیشەش سەری بەر هەمان بەرد و بەر هەمان کارەسات دەکەوێتەوە؟.

ئەم ڕاستیە چەندە پەیوەستە بە هزرینی هەڵەوە زۆر لەوە زیاتر پەیوەستە بە نەپەڕینەوەی مرۆڤ بۆ بەرە چالاکەکەی بوون کە لۆژیک و پرنسیپی ململانێ یا ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ سرووشت، سرووشت تا دنیا و تا ژیان هەیە لە کاریگەری و بایەخی بەسەر بوونی مرۆڤ وەک بوونەوەری بیۆلۆژیکی و وەک بوونە عەقلانیەکەی کەم نابێتەوە، لە هاوکێشەکانی ژیان و مانەوەدا هەمیشە سرووشت بە قورسایی خۆی ئامادەیە و هەرگیزیش (کردە)



Scanned with CamScanner

نیە مرۆڤ تیایدا سرووشت بەزێنێ یا تێپەڕێنێ، لە ئەنتۆلۆژیا(بوونزانی یا بوونناسی) ی ململانێدا هیچ کاتێک ئێمە چاوەڕێی بەزینی یەکێک لە مرۆڤ و سرووشت لەسەر دەست و توانای یەکتر ناکەین، لە ململانێدا دانانی شوێن پەنجە یا کاریگەری هەر یەکەیان لەسەر ئەوەی تریان بۆ ئێمەی بیرکەرەوە گرنگە.

کە مرۆڤ هۆشی بەوە شکا ئیدی با چیتر بە هەواو هەوەسی سرووشت نەجولێتەوە مانای ئەوە نیە سرووشت جێدەهێڵێت و چیتر لە پەیوەندیدا نامێنێتەوە لەگەڵیدا، بەڵکو مانای ئەوەیە ئیدی منیش دەرکەوت و دیاردەیەکی سرووشتم و هەنگاو بە هەنگاو و سات بەسات کاریگەری میکانیزمە هەرە بەهێزەکەی خۆم کە(عەقڵ) ە لە جێگەی (هەڵچوون و سۆز و پەرچەکرداری میکانیکیانە) دادەنێم و بۆ ئەو چەمکەی نێوی شارستانیەت یا مەدەنییەتە دنیایەکی تایبەت بە خۆم دەسازێنم.

لە زنجیرەیەک لە زنجیرەکانی چاوپێکەتنێکدا و لە وەڵامی ئەوەی کە مرۆڤ هەردەم توانای ئەوەی هەیە ئومێدەوار بێ بە قودرەتەکانی خۆی، لە دەمی ڕۆشنبیرێکی ئەم هەرێمەم بیست کە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵێکە لە ئەورووپایە بەوەی جەنابیان سەیری ئینسان ناکا وەک کائینێک هەر بە سرووشتەوە بەسترابێتەوە، ئەو دەیووت ئێمە چیتر بوونەوەرێکی سرووشتی نین تاوەکو سرووشت تاوانبار بکەین، ئەو درێژەی دەدایێ و دەیووت مرۆڤ لە سرووشتەوە دڕندایەتی بۆ نەماوەتەوە.



Scanned with CamScanner

هەرچی لە پێشەکی ئەم ئەڵقەیە لە چاوپێکەوتنەکەی ئەم بەڕێزە وترا و منیش لەم پەرەگرافەی پێشودا نووسیمەوە ڕای ئەم ڕۆشنبیرە بوون، و تا کۆتایی و لە پچرپچریەکی مەعریفیشدا نەیدەتوانی بیانوو یا ئارگیۆمێنتی زانستی بۆ ئەم ڕایە بێنێتەوە، قسەکردنی لەم جۆرە لای ئەم تەرزە خوێندەوارە بە ناو و دەنگە تەنها بۆ جوانکاری ڕستە و ڕێکخستنی وشە بە دوایەکەکانە و ئینشائیانە دەکەونە بەرڕەوی گوتارێکی شێواوی فەنتەمێنتالیەوە.

- بە چی بەڵگەیەک دابڕانی مرۆڤ لە سرووشت دەسەلمێ ئەی پیاوە خوێندەوارە شۆڕەتدارەکە؟
- بە چی بەڵگەیەک مرۆڤی ئێمە چیتر بوونەوەرێکی سرووشتی نیە؟
- بە چی بەڵگەیەک دەیسەلمێنی کە شەڕانگێزی کە ئەو بە هەڵە بە(دڕندەیی) درکاندی بەشێک نیە لە سرووشتی مرۆڤ و تەنها بەرهەمهاتوویەکی کولتوور و زانینی مرۆڤەکانە؟
- بە چی بەڵگەیەک دەیسەلمێنی کە سرووشت چیتر سەرچاوەیەک نیە بۆ خەسڵەت و سیفەتە هەم ناوەکیەکانی و هەم دەرەکیەکانی و هەم جەستەیی و جوولەیی و کارامەییەکانی؟

ئەمانە ناسەلمێن برالە، چون کاریگەری سرووشت بە مانا ماتریالیەکەیەوە ڕاستەوخۆ بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ ڕەنگدەداتەوە و خودی دیاردە هزری و عەقلیەکان هەڵبژاردەی سرووشتین و ئەوەی مرۆڤی مۆدێرن و عەقلانی لە ئاژەڵەکانی تر جیادەکاتەوە تەنها پەرینەوەیەتی لە بەری هاوڕێبوون و ڕێکردنی کوێرانە لەگەڵ سرووشت بۆ بەری ململانێ لەگەڵ کردن و سازکردنی ژینگەکانی لە فۆڕمە فیتریە خواکردەکەی بۆ فۆڕمە عەقلیە خۆکردەکەیەوە.



Scanned with CamScanner

لە سرووشتی ڕەق و تەق و شل و هەڵمیدا بوونێک دیار نییە لە خودی مرۆڤێکی دیاریکراودا بەرجەستە بێ، ئەوەی هەبووە و هەیە بوونێکی بێکۆتای گەردوونیی ئەودیو نەزانراوە، بەڵام کە خودی مرۆڤ خۆی لەم سرووشتە دەناسێ ئەوە ئەو کاتەیە کە توانای بەسەر گۆڕینی سرووشت دەشکێ لە فۆرمێکەوە بۆ یەکێکی تر کە عەقل مۆری خۆی لەسەر دەنەخشێنێ.

شەڕانگێزیی کە جەنابیان بە (دڕندەیی) درکاندی دیاردەیەکی ڕەفتاری زیانبەخشە پەیوەستە بە جوڵەی پەرچەکرداریی ئەوتۆ ڕاستەوخۆ پشت بە هێزی فیزیکی دەبەستێ و توانا عەقلیەکان لەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوانەدا نابیرنرێن، سرووشتی مانەوەی مرۆڤ مانای بەکاربردنی بەردەوامی ئەو مرۆڤە بۆ هێزە فیزیکیەکانی خۆی نەک ئەو هێزانەی کە زادەی بەرخوردی هوشیارانەی عەقڵن لەگەڵ هەبووەکانی دەوروبەردا.

مرۆڤی مۆدێرن چاوەڕێی ئەوە ناکا سرووشت بە مانا (خاوەکەی)!! دنیای بۆ بسازێنێ، بەڵکو هەمیشە بوونە چالاکەکەی خۆی کە لە هۆشیەوە هێز وەردەگرێ لەم سرووشتە دەسەلمێنێ و دەریدەخا.

شەڕانگێزی بەشێکە لە پێکهاتە سایکۆلۆژیەکانی مرۆڤ و لە بوونی ئەم بوونەوەرەدا ڕەگێکی هەم سرووشتی و هەم کۆمەڵایەتی و هەمیش کولتووری هەیە، مرۆڤی عاقڵ هەروەک فرۆید و مازلۆ و پێش ئەوانیش داروین و دیکارت و و زۆر بەر لەوانەش هیپۆکرات سوکرات و....تاد قسە و باسیان لەسەری هەبووە توانای ئەوەی هەیە ئەم غەریزەی بە قەولی شۆڕەتدارەکە(دڕندەیی)ە بە ئاراستەی دیدا بەرێ و کون و کەلەبەری دیکەی بۆ بکاتەوە نەوەک بە تەواوی لە بەینی بەرێ، هەڵبەتە لاڕێکردنی شەڕانگێزی کردەیەکی عەقلانیە و هەوڵی



Scanned with CamScanner

ئینسانە بۆ نەرەخساندنی بوار نەوەکا بە ڕووی مرۆڤ خۆیدا بتەقێتەوە.

ئەوەی لێرە ماوە دوا ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە برای شۆرەتدار پێیوابوو مرۆڤی خۆشمان چیدی بەشێک نیە لە سرووشت و ناتوانین سرووشت تاوانبار بکەین لە درندایەتی ئەودا، هەڵبەتە سرووشت بوونێکی ئیرادەوی نیە بۆ ئەوەی لەسەر جوڵە و بزۆزیەکانی تۆمەت و تاوانی بخرێتە پاڵ، ئەوەی هەیە بوونە مرۆڤیە کوردیەکەی خۆمانە کە تا ئێستاش نەپەڕیوەتەوە بەری ململانێ لەگەڵ سرووشت و زۆر کەم توانیویەتی کاریگەری عەقڵی خۆی بەسەر سرووشتی فیزیکی و ماتریاڵیەوە جێبهێڵێ.

- کوا شوێن کاریگەری فیکریی کوردی بەسەر سرووشتی مادی دەوروبەرماندا؟
- کوا شوێنەواری فیکری کوردی بەسەر بەرهەمهاتووە کەرەستەییەکانی بازارە جۆراوجۆرەکانمان هەروەک ڕیژی دۆبریێ دەڵێ؟
- کوا فۆرمی کوردانەی فیکر بە ئەدەبی و هونەری و زانستی و تەنانەت میتۆلۆژیشەوە؟
- کوا بەرهەمی عەقڵی کوردی لە سیاسەت و دیبلۆماسیەت و سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و .....تاد؟
- کوا مۆدێلی کوردیی لە ژیانسازی و شارسازی و دەوڵەتسازی و......تاد یدا؟

ئەمانە کە پێشتر لە وتار و کتێبی جیاجیامدا قسەم لەسەریان هەبووە بوونە پەرچەکرداریە کوردیەکەمان دەسەلمێنن و بەو برا شۆرەتدارەشمان دەڵێن: ئێمە تا ئێستا لە ژێر باڵی بوونە سرووشتیە سەرەتاییە فیزیکیەکەداین و ئەو کاتە بوونێکی ترین کە مۆرکی کوردیمان بۆ نەخشەی ژیانسازی لەسەر جیهان سازاند.



Scanned with CamScanner

## کەمڕیزیی وەک ترازانێکی کەسێتیی

پێوەرەکانی ڕێزگرتنی خودself-respect بە پێی کولتوورەکان و شێوازی پەروەردەی خێزانیی دەگۆڕێن، ئەوە کولتوورە لەسەر ئاوازی جوولە و گۆڕانی خۆی تاکەکانی خۆی لە پۆلێنی جیاجیای بەڕێز و بێڕێز و جوان و ناشیرین و پابەند و لادەر و دڵسۆز و ناپاک و چالاک و تەمبەڵ و ڕەوشت بەرز و بێڕەوشت و تێکەڵ و گۆشەگیر و توند و نەرم و وەفادار و بێوەفا و ......تاد، دابەش دەکا، بەڵام هەندێ خەسڵەت هەن لە نێوان مرۆڤایەتیدا بەم هەموو جیاوازیانەیانەوە هاوبەشن و کەسەکان لە سەرتاسەری دنیا بە پێوەرە نێوان کولتووریەکانەوە پێیان دەپێورێن، کۆمەلایەتیبوون و متمانە بە خۆبوون و پشت بەخۆبەستن و ئازا و نەترس و .....تاد بە نموونە.

کەسێتیی بە مانا یونیڤێرساڵ(جیهانیی، گەردوونی، گشتی)ەکەی هەمیشە دەبێ وەک ئەو پێناسانە بێتەوە کە دەروونناس و نێوەندەکانی توێژینەوەی دەروونزانی و ئەکادیمیی ناساندوویانە، (کەسی گونجاو و سەرکەوتوو و داهێنەر) یش هەمان ئەو کەسانەن تا ئاستێکی هەرە بەرز ڕەزامەندیی زانستییان بە پێی ستانداردە ئەکادیمیەکان وەرگتووە، زانستی کەسێتی personality کولتوور و ئاستە جیاواز و جوداکانی پێگەیشتنی، و بەمانا فراوانترەکەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە وەک بنەما یا سەرچاوەیەکی سەرەکی هەڵێنجانی کەسێتی سەرکەوتوو و



Scanned with CamScanner

هاوسەنگ وەردەگرێ، بەو مانایەی کەسی هاوسەنگ لە هەموو هەڵوێست و دەرکەوتە جوداکاندا هەر هاوسەنگ بێت و بالانسی دەروونیی نەشێوێ و لەبەر یەک نەترازێ.

لە زۆر گۆشەی زانستییەوە خەسڵەتەکانی (کەسیتی گونجاو و سەرکەوتوو و هاوسەنگ) تێکەڵ بە خەسڵەتەکانی کەسانی (داهێنەر یا ڕۆشنبیر یا بیرمەند یا زانا و فەیلەسووفەکان) دەبن، هەر لە بنچینەوە ئەم بژاردە پۆلێنکراوانە لە کەسێتی ئەم جۆرە شوناسەی داهێنەر و ڕۆشنبیر و زانا و بیرمەند فەیلەسووفان وەرناگرن ئەگەر نیشانە و جیاکەرەوەکانی داهێنەر یا کەسی گونجاویان تیا نەبێ، ناکرێ فەیلەسووف سکیزۆفرینیا یا هستیریا یا عوساب یا جۆرێک لە شڵەژانی دەروونی ئەوپەرگیری هەبێ، ناکرێ زانا شێت(زاراوەیەکی نادەروونیە بەلام بە مانا کۆمەلایەتی و کولتووریەکەی) بێ و دەم و دەست و قاچ بوەشێنێ، ناکرێ بیرمەند و ڕۆشنبیر کاسەلیس و سوالکەر و جنێوباز و هستیریک و سکیزۆفرینی و پارانۆیی* و میگالۆمانیک* و خۆ بەکەمزان و سەماکەری ئەم و ئەو بن.

ئەگەر ئەمانەی ناوم هێنان ئەوانە بوون کە دەرمخستن ئەوا ناتەواو abnormal ن لە ڕووی کەسێتیەوە و ترازاویشن بە پێی پێوەرە دەروونیەکانەوە، ڕێزگرتن لە خود بارێکی دەروونیی و ئاکاریی تاکەکانە لە خۆیانەوە بۆ خۆیان، ئەوان خودی خۆیان تا ئەو ئاستە ناسیوە کە بە ڕەفتارەکانیانەوە دەردەکەوێ، ئاستەکانی زۆر یا کەم ڕێزی خود پەیوەستن بە کبریا و کەرامەت و قبوڵکردنی

کەسەکان بۆ خودی خۆیان، کبریا و کەرامەت وەک بونیادە دەروون کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتنی ویژدان لای تاکەکان نەک مانا لاهووتی و نەریتیەکانیانەوە، ویژدان چەمکێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیە و زەروورەتێکی ئینسانی باڵایە خێزان وەک یەکەم ئۆرگانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی دەیئاخنێتە دەروونی تاکەکانی بۆ پرۆگرامیزەکردنە سەرەتاییەکانی تاوەکو لە چوارچێوەی پرنسیپە گەردوونیە ئینسانیە باڵاکانەوە ئازادییەکانی خۆیی و جیاوازیەکانی پیرۆز بکا و وەک کەس و مرۆڤێکی بەڕێز و هاوسەنگ و تا ئاستێکی بەرز ساغ بجولێتەوە.

ڕێزگرتنی خود پێداویستیەکی دەروونکۆمەڵایەتیە و بنەمایەکی پێویستترە بۆ خۆشەویستیی، ناکرێ کەسێکی بێڕێز یا باشتر وایە بڵێین بێڕێزکراو توانای دەربڕینی خۆشەویستی ڕاستگۆیانەی هەبێ، نەبووە کەمڕێزەکان کەسی ئازاد و مونتەمی و خۆشەویست بووبن ئەوان مونتەمین بۆ خۆیان و شەیدای تەنها خۆشیانن، چون لە بنچینەوە وا فێرکراون یا لە درێژەی پەروەردەیەکی هەڵەوە پێیگەیشتوون، ناکرێ کەمڕێز لە هاوسەنگییەکی دەروونیی پتەو دابێ، ئەوان هەمیشە لە بارێکەوە بۆ بارگەلی تر وەردەگەڕێن لە ڕەنگێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن، لە ئاوازێکەوە بۆ یەکێکی تر دەخوێنن، لە ڕێچکەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەڕۆن، ئەم هەڵبەز و دابەزە ونبوونی خەسڵەتە سەرەکییەکانی Cardinal Traits کەسێتییە و جۆرێکە لە گەڕان بە دوای ئارامیی دەروونی لە خۆبچووککردنەوە و خۆ بەکەمزانیندا، چون کەمڕێزیی لە دواییدا دەبێتە

میکـــانیزمێکی دەروونـــــی و کەســــی لەم بـــابەتە خودسووککردنself-abasement دەکاتە ستایلێک بۆ ژیانی خۆیی و لەو بارەشدا ون دەبێ و سەرەنجام نە کەسێتی گونجاو نە سەرکەوتوو و نە داهێنەر و نە بیرمەند و نە فەیلەسووف و نە رۆشنبیری بەسەردا دێتەوە.

کەمرێزەکان لە پەروەردەیەکی دەستەپاچەوە فێری دەستەپاچەیی بوون، کولتوورێکی چەقیوی پڕ هاژووهوژی پیرۆز و پڕ شور و هەڵچوو و سۆزاویی و شڵەژاو هێناونی، کولتوور لە بنچینەدا فەزای دەروونی هەر کۆمەڵگەیەکە، بەڵام مانەوەی ئەم دەریاچە و گۆماوە ڕەمزییە لە هەمان باری مەندی خۆیدا بۆگەنی دەکات و کە لەبەری نەڕۆیشت ئیدی گەندەڵ دەبێ و لە ناوەوە دەڕزێ و دادەڕمێ، کولتوور وەک ژینگەی سایکۆلۆژی کەسەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەرکەوتەی زەمەنە، ئەگەر کەسەکانی نێوی خودی کاریگەر و چالاک نەبن ئەوا ئەوە ناهێنێ پیرۆزی کەیت و بیپەرستی.

کولتووری ئێمە گەنیوە کەس و ئۆرگانەکانی تا ئێستا پەیان بەوە نەبردووە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەرچەی جۆراوجۆری بۆ بکەینەوە تا لەبەری بڕوات و گیان و دەروونێکی نوێ و زیندووی بەبەردا بێتەوە، کەسی وا هەن و هەبوون توانیویانە چیتر لەو کانیاوە قەوزەگرتوانە نەخۆنەوە، گوزەریان بۆ سەرچاوەی پاکتر کردووە و ویستوویشیانە جۆگەلەی پاک بۆ کولتووری خۆمان ڕاکێشن، بەڵام کاریگەرییان ئەوەندە نەبووە و سەرەنجام ڕێگاکانی چوونەوە نێو خودی خۆیان هەڵبژاردووە و لە



Scanned with CamScanner

خۆیاندا وێنەی دنیای تری ڕەنگینیان کێشاوە، یا ئەوەتا قورسایی گوشاری ڕابردووپەرستی چەماندوونیەتەوە بەلام بەرەو دنیا گریمانەییەکانی خۆیان.

میکانیزمە دەروونییە سەرەکییەکانی کەس و گرووپەکانی کۆمەڵگەی ئێمە و وەکو ئێمە لەگەڵڕۆیشتن و ملکەچبوون و ونبوون بووە لە کۆی حەشد و ڕاندا، هەربۆیە سەیر نیە کە کەسەکانمان شێوازی ژیانی کەمرێزی و ملکەچی هەڵدەبژێرن، تاکی کەمرێز لە کۆمەڵگەی چەقیو و گەنیودا کەمترین کێشەی لەگەڵ مەعریفە و زانیندا هەیە، ئەو نایەوێ زیاتر بزانێ نەوەک زانین لەو قاوغە ساختەیە دەریکات و وەهۆش خۆی بێنێتەوە و ڕێزداری کات، دژایەتی زانین لە بە دژمنزانینی زانین و زانستەوە سەرچاوەی گرتووە چون فێربوونی زانستیی و عەقلانیی ئاسۆی بینین و بیرکردنەوە و جوڵە فراوان دەکات و هرچی دنیا هەیە دەیکاتە موڵکی ئەو، پەروەردەی ئێمە بەم شێوە دەستەپاچە و بێتاقەتیەیەوە بەردەوامە لەسەر ئەم تایپە خود بەکەزانانەوە.

کەمرێز ئازادییەکانی خۆی بەخشیوەتە پارادیگمە پیرۆزەکانی و ئەو پێیوایە لاوازی خۆی لە باری ڕۆشنبیری و هوشیاری و مەعریفیەوە چیتر ناپارێزن هەر بۆیە هێز و بژێوی و بیرکردنەوەی لەوانەوە دەست دەکەوێ، کەمرێزەکان هەستێکی بەردەوامی ناتەواویی کەسێتی و دەروونیی خۆیان هەیە وەک ئیگۆر کۆن دەڵێ: خۆیان بە بریندار و ستەملێکراو دەزانن و بە شێوەیەکی نەخۆش و نەساغانە ڕووبەڕووی هەڵسەنگاندنی خودی خۆیان

دەبنەوە کاتێ لە کارێک یا ئەرکێک یا کارلێکێکی کۆمەڵایەتی شکست بێنن.

هەر دەرچوونێک لە هاوسەنگیی کەسێتیی دۆخ یا بارێکی دەروونیە و ناوێکی هەیە و دەچێتە پاڵ پۆلێنێکی دەستنیشانکراوی diagnostic دەروونپزیشکی یا سایکایەتریەوە، کەسەکان هەمیشە لەبارێکی هاوسەنگی دەروونیدا نین، بەڵام ئەگەر توخمی بەردەوامی و زیادبون و لادان بە ڕەفتارە دەرەکی و ناوەکییەکانیانەوە دیاربێ ئەوە نا ئاساییە و دەچێتە پاڵ ناونان یا تەشخیسێکی کێشەدار یا نەخۆشەوە.

ئەوانەی بەردەوام لە سیناریۆی جیاجیادا دەمی فوودراو و دەمێ فسفس دەردەکەون کەوتوونەتە ترازانی دەروونیەوە و پێویستیان بەوە هەیە ڤاکسینێکیان لەو پێگەو پایانەی ئەوان لە بنچینەدا خۆیان نەزر کردوون لێبدرێ بەڵکو بۆماوەیەک بەرگری دەروونیان بۆ بگەڕێتەوە و ڕەحەتیی و حەسانەوەی سایکۆکۆمەڵایەتیان دەستکەوێ.

کەمڕێزەکان توانای بەراوردی داینامیکیانەی نێوان پەیبردن بە خود self-awareness ی خۆیان و ناسینی خودی ئایدیاڵیان لەدەستداوە، تاوێ خۆیان لێدەبێتە پاڵەوان و قارەمان، تاوێکیش دەبنەوە خودە ڕاستەقینەکەی خۆیان و بە ڕاستی خۆیان وەک هەن دەناسێنن و تا ئاستی ئاژەڵکان دادەبڕێن، ئەم دۆخە جۆرێکە لە ونبوونی خود و لەو حاڵەتەشدا کەسی بێخود تەنها جەستەیەکە و بەس و وەڵامی ئەو تەنها بۆ پێداویستیە غەریزیە سەرەتاییەکانیەتی



Scanned with CamScanner

و عەقڵ و هۆشی بۆ سک و باخەڵیەتی و هەردەم هەوەسی ناوهێنان و شۆرەت و بەرچاو و هەستبوون دنەی دەدەن.

کەسانێک جا لە هەر چ پایە و پلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و کولتووری و ئابووریدا بن مادامەکێ تەواوی نیشانەکانی کەمڕێزی و بێڕێز زانینی خودیان لێ وەدەردەکەوێ و هەمیشە ئەم نیشانانە بۆ خۆیان و دەوروبەریان نمایشدەکەنەوە ئەوانەن کە هەن و پێویست بەوە دەکا وەک دابڕاو لە ئاست و پێوەرەکان بناسرێن و ئەوان کەسی ساغ و گونجاو و هاوسەنگ نین و دەبێ لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی چاکسازی سەرتاسەری کولتووریەوە ببن بە باس و بابەت و ناشبێ وەک نوێنەری هێما و سیمبولە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان لێیان بڕوانرێ، ڕۆشنبیر و بیرمەند و زاناکان دەبێ لە ڕووی کەسێتییەوە هاوسەنگیان لە لووتکە بێ و خەسڵەتەکانیان لای هەموو کەس دووبارە نەبنەوە، ئەوان لە لووتکەی ناسین و زانین دان و ژیانی هزرییان لە سەرەوەی مرۆڤە ئاساییەکانە و مازلۆ وتەنی داهێنەرن.



Scanned with CamScanner

# دوابەش

# پەیام و پێشنیاز



Scanned with CamScanner

## ئەگەرێك بۆ پاکبوونەوە

نەتەوەیەک نەبووە بە درێژایی مێژوو بەردەوام خوێنی لــێ چــۆڕابێ کــورد نەبــێ، نەتەوەیەک نەبــووە لەم سەرزەمینەدا بەردەوام بووبێتە قوربانی مێژوو کورد نەبێ، نەتەوەیەک نەبووە هەردەم لە دڵەڕاوکێی شوێن و جوگرافیا و ئێســتا و ئاینــدە دا بــووبێ کــورد نەبــێ، گەلێــک نەبــووە ئەوەندە رقیان لە خۆیان بووبێ کورد نەبێ.

من هەمیشــە لە خولگەی ئازارێکی رۆحی بەرانبەر بە گوێپێنەدانی نەتەوەکەم و ئەوانەش کە خۆیان لە بەرانبەری بە بەرپــرس زانیــوە، بەو فــاکتەرانەی دەیــکەن بە بــوونێکی دانپیانراو و بوونێکی چالاک و بوونێکی فەرهەنگیی تۆکمە سەرســام و واقورمــاو دەخــولێمەوە. ئــێمە دەمانهێشــێ و زۆریش دەمانهێشێ کاتێک لە دەوروبەری خۆمــان نەتەوەی خــاوەن قەوارەی سیاســی و رابــردووی خــاوەن شارســتانی دەبینــــین و بەڵگەیەکــــی ماتریــــاڵی و دوکــــۆمێنتێکی ئارکیۆلۆژیمان دەست نــاکەوێ رۆڵــی نەتەوەکەی خۆمــان لە وەرچەرخــان و وەرگەڕانە مێژوویــی و شارســتانیەکان بــۆ بسەلمێنێ.

ئەرێ ئەوە خۆمــان نەبــووین بــووینەتە ئەو هۆکــارە بنەماییەی کە نیشانی دنیای بدەین توانــای هەڵگرتنی بــاری نەتەوە بوون و گەل بوون و دەوڵەتبوونمان نەبووە؟

ئەرێ ئەوە خۆمــان نەبــووین هەرگیــز لە خەمــی ئەوەدا نەبووین فیدراسیۆنێکی نەتەوەیی لە هــۆز و تیرەکــان بنیات



Scanned with CamScanner

بنێین تا چیتر قەوارەی هۆز و عەشیرەتمان هەمیشە پێ لە قەوارەی نەتەوەیی و نیشتمانی لا پیرۆزتر نە بێ؟

ئایا بووە لە خەباتی ناسیونالیستی و رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانیدا عەشیرەتەکان بووبنە ئامانج و دواتریش حزبەکان جێگەیان گرتبنەوە و نەتەوەش بووبێتە هۆکار؟

من وا حاڵی بووم و لە راستیشدا پێموایە نەچووە بچێ دەکرێ لەمەولا وەهۆش خۆمان بێینەوە و ئەوانەش کە بوونەتە سەرداری نەتەوەکەمان بچنە کردەیەکی پاکبوونەوەی خود و بڕیار بدەن هەنگاوێک لە باپیرانمان زیاتر بنێن و ئەوەندە عاشقی خۆیان نەبن و ئەوەندە خود میحوەریانە هەر لە دەوری خۆیان نەخولێنەوە. من باوەڕم وایە کە هەڵوێستەکان گۆڕان لە کەسێتیەکان درووست دەکەن و ئەم باوەڕەشم بە هەوەنتە ناخەمە سەر کاغەز و نایانکەمە ئەو پیتە ئەلیکترۆنیانەی وا خەریکە وەک چۆن نیشتمانمان لە بیرچۆتەوە قەڵەمیشمان پێ فڕێدەن!.

تیۆری( کەس – هەڵوێست)* لە دیدگەی سایکۆکۆمەڵایەتیدا لەمڕۆی فیکر و زانستی کەسێتی و کەسناسیدا رەواجێکی زۆری لە نێوەندە ئەکادیمیەکان هەیە و ئارگومێنتەکانیشیان بۆ سەلماندنی تیۆرەکەیان پەڕیوەتەوە ئاستی تویژینەوەی مەیدانی و داتا و

---

* تیۆرێکی دەروونکۆمەڵایەتی بۆ دەروونناس والتەر میشێل دەگەڕێتەوە، ئەو پێیوابوو کەسەکان و هەڵویستەکان کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە و هەربۆیە کەسێتی زیاتر پەیوەستە بەو هەڵویستانەی پێیاندا تێدەپەڕێ، یا ڕەفتارەکان بە کاریگەری هەڵویستەکان دەگۆڕێن.



Scanned with CamScanner

ئەنجامەکانیان زۆر ئیمبیریکین. لەم دوادواییانە لە بواری تیرۆرناسیدا ئەم تیۆرە زۆر چالاکە و راستە دەروونناسەکان ریشەی تیرۆر بۆ باکگراوندی میتۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی و پەروەردەیی و ئاینی و......تاد دەگێڕنەوە و لە راستیشدا ئەمانە هەموویان هۆکارن، بەڵام کاتێ کە کەسانێک هەلومەرج و شەرایتی تازەیان بۆ دەرەخسێ و دەخرێنە نێویەوە ئەوا گۆڕان بەسەر رەفتار و ئاکاریان دادێ و وەک کەسی دیکە دەردەکەون.

ئەم روانینە سەرەتا لای رەفتارگەراکان بوو، میشێل و رۆتەریش هەر لەو سەرەتایە تێهەڵچوو، بەڵام توخمی مەعریفی لای ئەمان ئامادەیی راستەوخۆی نەبوو، لێرە لای تیۆری(هەڵوێست-کەس) ئەم توخمە یاریکەری سەرەکیە لە پرۆسێسەکەدا.

ئەوەتا زۆرێک لەوانەی بەم دواییە کاری تیرۆریستیان لە ئەوروپا و ناوچەکە و جوگرافیای تیرۆریستان ئەنجام دا مێژوویەکی هزریی ئاینی و ئیمانیان نەبووە و لەنێو موسڵمانانیش نەژیابوون، وەلێ لە ماوەیەکی کەم مەرجەکانی دژکاری و خۆکوژی و خەڵککوژیان بۆ ڕەخسا و کەوتنە خزمەت پرۆژەیەکی دیکەوە.

کەسیش هەیە تەواوی تەمەنی لە هەلومەرجی پەروەردەیی ناهاوسەنگدا بردۆتە سەر و خۆی و کۆمەڵێک هەڵکەوتی سیستماتیک کردوویانە بە کەسی سوودمەند هەم بۆ خۆیی و هەم بۆ دەوروبەریش.

کەوابوو دەکرێ لای خۆشمان هەلومەرج کە هەرگیز وەک ئەم ساتەوەختانە هەم لەبار و هەم مەترسیدار



Scanned with CamScanner

نەبووە، مرۆڤ و حزب و ڕێکخراوە خوار و خێچەکان بەو ئاراستەیەدا ببا کە لەنگەرێکی ئارامترمان پێ بگرێ و لەم قۆناغە یاریەکە بە سوودی خۆمان تەواوکەین.

ڕاستە سیاسەتوانەکانمان متمانەی زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەمانیان لەدەستداوە، ڕاستە ئەوان لە سەرەتاوە پەیان بە فەلسەفەی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەبردبوو و هەر بۆیەش ئەوەندەی ئێستا خزاونەتە نێو مەلەزانی نارسیسیانە و ئەوەندەی ملیان ناوەتە بەر ملی یەکتر لەسەر بەشکردنی هەموو ئەو نیعمەتانەی لە چەند ڕۆژێکی ڕاپەڕیندا بە (کۆڕەفتارێک) کە زۆر کەم لە مێژوودا دووبارە دەبنەوە هاتنە دی، ئەوەندە بیریان بە ئاراستەی گەلاڵەکردنی ڕۆحی نەتەوەییدا ناچێ کە بێگومان ئەو ڕۆحە بەم حزب و بەو حزب، بەو سەرکردە و بەم سەرکردە بە تەنها نایەتە دی.

(ڕۆحی گشتیی) کە دواتر دەچێتە گیانی نەتەوە، بە فووی ئەم و ئەو نایەتە جەستەی هیچمانەوە، فووتێکردن لە جەماوەر کە لە گوتاری تەنگبینانەی حزبیی یا باشتر وایە واژەیەکی تری بۆ داتاشین و ناوی بنێین(هۆزبی*) بەرجەستە بووە، زوو زوو فسیکردووینەتەوە و هەر بۆیەش زوو زوو ئەو تەرزە حزب و ڕێکخراوانە کە هەستدەکەن سەنگیان لە تەرازووی جەماوەرییدا کەمیکردووە، بە شێوازی زۆر سەرەتاییانە دەکەونەوە ژیرکردنەوەی ئەو خەڵکەی هەر لە سەرەتاوە وەک منداڵی شیرە خۆرە وابوون.

---

* هۆزبیی: داتاشراوێکە لە هۆز و حیزب خۆم لەم چەمکە نوێیەم ئاخنیوە(نووسەر).



Scanned with CamScanner

هەلومەرج دەتوانێ مرۆڤ لە بوونێکی تەمبەڵ بکاتە بوونێکی چالاک و لە ناهوشیارەوە هۆشی بخاتەوە بەر، هەلومەرج دەتوانێ کەسە باش بەخێونەکراوەکان پەروەردە بکات و دەرسی ئاکار و رەفتاری هاوسەنگیان فێر بکات، هەلومەرجەکان تا ئاستێکی زۆر دەتوانن کەسایەتیە گەندەڵەکان وا لێبکەن کەمتر گەندەڵ بن و کەمتر لە دەوری خۆیان بخولێنەوە، ئێمە وەک نەتەوە ئەوەی لە مرۆڤ و ئەوەی لە گرووپ و ئەوەی لە حزب و ئەوەی لە هەر ئۆرگانێکی تر بەرهەممان هێناون هەر ئەوانەن، تا ئێستا نەتەوە نەیویستوە وەک حزب ئێسک و پرووسکی نەوەکانی بشکێنێ، ئەوەی حزبەکان تا ئێستا کردوویانە بەرهەمی عەقڵێکە کە بە پێچەوانە بیریکردۆتەوە، بە پێچەوانە بیرکردنەوە مانای ئەوەیە هەمیشە لە فەزای هۆشی نێگەتیڤدا چالاک بوون و توانای خۆیان نەخستۆتە بواری چاکسازی و مرۆڤسازیەوە.

ئەوەی سیاسەتی کوردی تا ئێستا کردوویەتی دەچێتە خانەی وێرانسازیی نەتەوەیی نەک بیناسازیی مرۆڤ و نەتەوە و نیشتمانەوە. ئەوەی هەلومەرجە هەنووکەییەکان دەتوانن بە سیاسیەکانی بکەن ئەوەیە کە هەروەک باوە دەگوترێ ئیدی چار نیە هەر دەبێ بۆ رزگاربوون لەو تەنگژە و قەیرانە قوڵ و پڕ مەترسیانە هێزەکانیان بکەنەوە یەک و بەرژەوەندیە منایەتیەکانیان بخەنە خزمەت منی نەتەوەوە، مەگەر نا ئەو لافاوە دوژمنکاریەی وا رووی تێکردووین بەهێزتر دەبێ و ئاسانتر لەگەڵ خۆی لوولمان دەدا، ئاخر ئەم تراژیکۆمیدیایە تاکەی دەبێ بەردەوام بێ؟



Scanned with CamScanner

دنیایەک نەیارت هەبێ و لە نێوخۆشدا هەرچی هێز و لایەنی کوردی هەیە نەیاری یەکتر بن، ئەم دیاردەی (دژمن بە خۆ) یە تەنها بەرەی نەیارانی دەرەوە بەهێز دەکا و دەکەوێتە خزمەتی ئەوانەوە.

ئەوەی ٧/٢٧ لە قامشلو تەقیەوە* و پێشتریش لە سەدان شوێنی دیکەی ئەم سەرزەمینە خێر لەخۆ نەدیوە تەقیبۆوە، ڕقێکی بەردەوامی ئەوانەیە ئێمەیان نەک هەر وەک نەتەوە قبوول نیە، بەڵکو وەک مرۆڤ و وەک ئادەمییش قبووڵیان نەکردووین و ئەم دەنگانەی خوێنمان لێدەهێنن بەم تەقینەوە و ئەو پەلامارانە ناوەستن، ئەوەی دەبێ بە بەربەستی راستەقینە لەبەردەم ئەم رقە دژە مرۆڤانەیە وەخەبەرهاتنەوەیەکی هووشیارانەی سیاسیانەی ئێمەیە لەو خەوە مێژووییەی کە هەمیشە هەر خەونی ترسناکمان تیایاندا بینیوە، **دەبێ** و وشەی{(دەبێ!) وەک جەبرێکی مێژوویی بەکاردەبەم} ئەم هەڵسانەوەیەمان لە ئێستاوە وەک هیچیەک لە هەڵسانەوەکانی دیکەمان نەبووبێ لە مێژووی جووڵانەوەی سیاسیماندا، **دەبێ**! هەنگاوێک بنرێ بە هەنگاوە سیاسیەکانی پێشان و بە عەقلیەتە میرنشینانەییەکانی دوو سەدە پێش ئێستامان نەچێ، **دەبێ**! ئەمجارە بە وەعدی بوونەوە بەیەک هێزی نەتەوەیی گەل لەو گێژاوە بەرنە دەرێ، نیشتمانیش دواتر کە مەترسیەکان کەمبوونەوە بۆ جۆرێکی دیکە لە ململانێ ساز بێ خەڵک ئیرادەی ئەوەی بۆ بگەڕێتەوە ئیدی با هەموو شتێک بگۆڕن چوون هەر هەمووی قابیلی گۆڕان و پێداچوونەوەیە.

---

* تەقینەوەکەی قامشلۆ کە داعش کردی دەیان کەسی بەهۆوە بوونە قوربانی.



Scanned with CamScanner

دەبێ:

- نەتەوە پەروەردەیەکی دیکە بکرێ.
- نیشتمان بە شێوەیەکی دیکە ببەخشێ.
- حزب بە جۆرێکی دیکە ئیش بکا و لە فۆرمی جیای تردا خۆی فورمووڵە کاتەوە.
- سیاسەت وەک هونەر جوانبکرێ نەک وەک هۆکارێکی ناشیرین بخرێتە گەڕ.
- تاکەکانی کۆمەڵگە بکرێن بە پرۆژە بۆ حکومەت و دەوڵەت و ئیش لەسەر رزگارکردنیان بکرێ لەو هەموو کەڵەکە بوونی نامرۆڤ بوونە.
- دەبێ بچینە نێو پرۆسێسێکی هەڵوەشانەوەی عەقلانیانەی سیستماتیکەوە بۆ ئەوەی کوردێکی دیکە درووست بکەین و نیشانی دنیای دەینەوە.

ئەرێ هاورێیانم ئەوانەی وتمن ورێنەن یا بەڕاست قسەی کەسێکە ئاگای لەبەردەمی خۆیەتی دەڵێ چی؟.

ئەرێ بەراست ئەم هەلومەرجە تێکچڕژاوەی تێیکەوتووین وا لە پیاوانی سیاسەت دەکا بەڕاست ببنە سیاسی و بەراست ببنە نەتەوەپەروەر و نیشتمان پەروەر؟

بەراست دەبێ ئەم دۆخە بیانکاتەوە بە کەسی تر؟ خۆ (والتەر میشێل و جۆلیان رۆتەر و فیلیپ زیمباردۆ)* زۆر لە بیرمەندانی پراگماتی تر پێیانوایە کە کەسێتیەکان لە هەڵوێستی جیاجیا بە شێوەی جیاجیا دەردەکەن و دەشێ لە

---

* سێ دەروونناسی کۆمەڵایەتین: میشێل خاوەنی تیۆری 'کەس- هەڵوێست' ە و رۆتەر خاوەنی تیۆری متمانەی کۆمەڵایەتی و ناوەندەکانی کۆنترۆڵە و زیمباردۆش خاوەنی ئەزموونەکی گرتووخانەیە.



Scanned with CamScanner

جیاتی ئەوەی زیاتر رقمان لێیان بێتەوە ئیدی وردە وردە خۆشمان بوێنەوە.



Scanned with CamScanner

## نامەیەک بۆ ئەوانەی ئەمانەتی گەلەکەمانیان لایە

ئەرێ بەڕاست ئێوە خۆتان لە کێشە مەترسیدارەکان دەدزنەوە؟، یا هەست بە مەترسیەکانی ناکەن؟ یا شارەزای ڕێگەچارەکانی نین؟.

- ئایا بەڕاست زانکۆکان وەک ئەو وەسف و پیاهەڵدانانەن کە لە وتار و دەربڕینەکانتاندا دەیانخەنە روو؟.
- ئایا ئەوە زانکۆکانن پێویستیە زانستیەکانی کۆمەڵگەکەمان فەراهەم دەکەن؟ یا شوێنی لەوان باڵاتر و کاریگەرترمان هەن؟.
- ئایا زانکۆکان لە دوای ڕووداوەکانی ١٩٩١/٣/٥ ەوە توانیویانە دەرهاویشتەی زانستی کاریگەری ئەوتۆ بێننە بەرهەم بە گەشەی گەلەکەمانەوە دیاربێ؟.
- ئایا زانکۆکانمان کاریگەری شۆڕشێکیان پێوە دیارە کە نەتەوەیەک نزیکەی سەدەیەکە تیایدا خەبتیوە؟ ئایا یەکێک لە نیگەرانیەکانی شۆڕشگێڕان!! لە زەمەنی شاخ و زەمەنی خەباتە نهێنیەکانیاندا ئەوە نەبوو کە زانکۆکان بوونەتە سەنتەرێکی بەعسیزم و هەمیشە قوتابیانمان لە پاڵ خوێندنیان دنیایەک ترس و تۆقینیشیان تیایاندا ئەزموون دەکرد؟.
- ئایا شۆڕشمان بۆ ئەوە نەکرد کە ئیتر زانکۆکانمان ئازاد کەین و توێژەران ئازاد کەین و مامۆستایانی زانکۆ ئازاد کەین و قوتابیان ئازاد کەین و سەرەنجام ئازادی ئەکادیمی شەرەفمەندانە بۆ زانکۆکانمان بگێڕینەوە؟ ئایا



Scanned with CamScanner

بۆ ئەوە نەمانکۆشی ئیدی لەمەولا لە زانکۆکانمانەوە نەخشەی مەعریفی و عەقڵی کۆمەڵگەکەمان دەکێشین و چیدی با دیوەخانەکان و بارەگا و سەنتەرە ئاینی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتیەکان نەبن بە چاوگ بۆ چارەسەری عەقڵی نەخۆشمان؟.

- ئایا هەمیشە منگەمنگی ئەوەمان نەبوو کە رژێمە دیکتاتۆر و توتالیتێرەکان بایەخی ئابووری و زانستی و کولتووری و سیاسی و پیشەسازی بە کوردستان نادەن و نە زانکۆی تیا دادەمەزرێنن و نە کارگە و نە هێڵی شەمەندەفەر و فرگە و نە سەنتەرە کولتووریەکان و .....تاد؟. ئایا کە شۆڕشگێڕان !!هاتنەوە ئەمانە چوونە ئەو ئاستانەی دەمانویست و هیوامان بۆیان دەخواست؟ یا زیاتر دابەزین و شەرم دایدەگرتین ئاماژە بە بەرهەمیان بکەین؟.
- ئەگەر لە زەمەنی بەعسیزمدا هەر بەعس بوو بە ئاشکرا سەری لە زانکۆکان شێواندبوو؟ ئەی لە زەمەنی شۆڕشگێڕاندا جگە لە بەعسیەکان چەندین حزبی دیکە نەبوونە خاوەنی زانکۆ و بە کۆمەڵ حزب و رێکخراوەکان شەو و رۆژیان لەگەڵ نەدەبردەسەر؟.
- ئەگەر نیازی شۆڕش رزگارکردنی ئەکادیمیا بوو لە دێوەزمەیەکی ترسناک و باڵاکردنی بوو بەسەر هەرچی دامەزراوە هەیە لە کۆمەڵگەدا، ئەی دوای ١٩٩١ بۆچی بە (دە) سنگ بەستیانەوە و هەر لایە دەیویست بە تەنها ببێتە خاوەنی و ئەوانەش تیایدا دەخوێنن دوارۆژ بیانخەنە خزمەتی ئەوان؟.



Scanned with CamScanner

- ئایا پایەی زانکۆ بە بێڕێزکردنی بەرز دەبێتەوە؟ یا هیمەتکردنی هەمیشە بۆ ئەوەی زانکۆکانمان بکەین بە دەم و چاوی نەتەوە و لە دنیاش هەر بەم دەم و چاوەوە بناسرێینەوە؟.
- زانکۆکان نەک هەر دەم و چاوی نەتەوەن بەڵکو هەناوی هەر کۆمەڵگەیەک بە چالاکیە ئەکادیمی و مەعریفیەکانی لە زانکۆکانەوە بەرهەم دێن تادێ ساغتر دەبێ و گەر زانکۆکان رۆڵیان بەم شێوەی وڵاتی ئێمە بە قەدەری دوسێ حزبی سیاسی ببەسترێتەوە، ئەی ئەم هەموو فشەفشی زانستخوازی و زانکۆپەروەریەیان لە چی؟.
- من پێموانیە سیاسەتوانانی کۆمەڵگەکەی ئێمە لە بایەخی زانکۆ و ئەم پلاتفۆرمە مەعریفی و عەقلیانە تێگەیشتبن، چوون ئەگەر مرۆڤ لە هەر شتێک تێبگا ئەوا ئاستی تێگەیشتنی رەفتارگەلێکی پێ دەگرێتە بەر ئەوەیان لێدەخوێنینەوە کە ئەم نیازەیان وەک تێگەیشتنەکانیانە.

رەفتارەکانی حزب و رێکخراوی دەسەڵاتداری کوردی بە هیچ شێوەیەک نزیکی ئەو قسانەیان نین کە ناوە ناوە لەسەر دامەزراوە ئەکادیمی و زانکۆییەکان دەیانکەن، کاتێک قسەش وەک رەفتار نەهاتەوە، جۆرێک لە نەسازان و نەگونجان یا باشتر وایە بڵێین جۆرێک لە دژکاری لە هەڵوێست دەردەکەوێ و لە زووی سایکۆلۆژیەوە وەک کێشەیەکی مەعریفی و عەقلی دێتە هەژمار. نەهاتنەوەی رەفتار و وتار لای سایکۆلۆژیستی



Scanned with CamScanner

گەورە (فستنگەر*) بریتییە لە نەسازان و دژکاری مەعریفی و رێک ئەو دۆخە لای هەر کەسێک دەرکەوێ ئەوا دووچاری شڵەژانی دەروونی و کەسێتی بووە و لە کوردەواری خۆشماندا بەم جۆرە کەسانە دەڵێین ( تێکچوون)، واتە تووشی شێتی سیاسی هاتوون.

- قەت بووە هەمیشە کەسان و لایەنگەلێک هەبن بە شان و باڵی زانکۆ و ئەکادیمیاکاندا هەڵبدەن و چارەنووسی ئەو پلاتفۆرمە عەقلیەشیان سپاردبێتە فەرامۆشی و بە سووک سەیری کادرو کەسایەتیە زانستیەکانیان بکەن؟ بەهاو نرخی تواناکانیان لە رووی نرخاندنی مادیەوە وەک هەر بەرهەمهێنێکی بوارێکی دیکە لە کۆمەڵگە حیساب بکەن؟.
- بابەتی زانکۆ هەمیشە جەستەی کۆمەڵگە بووە و خەمی هەر زانکۆیەکی دنیای پێشکەوتوو بریتیە لە زیندوو راگرتنی ئەو جەستەیە و هەوڵدان بۆ چالاککردنی رۆح و دەروونی دامەزراوەکانی تاوەکو هەردەم خوێنی تازە بەو جەستە گشتیەوە بسوورێتەوە.
- ئەوانەی بە بچووک مامەڵە لەگەڵ زانکۆ و شارەزاکانی نێوی دەکەن، بە دڵنیاییەوە رۆژێک لە رۆژان لە خەمی دیموکراتیککردنی گەل و نەتەوە نەبوون و لە نەستی ژەنگاویاندا هەمیشە پاڵنەرەکان ویستوویانە کۆمەڵگە لەو

---

* لیو فستنگەر: زانایەکی دەروونییە و خاوەنی تیۆری 'ناهەماهەنگیی مەعریفیە' Cognitive dissonance تاکی خاوەن ئەم خەسڵەتە هەڵگری بیرۆکەیەکە و کردارێکی دژ بەو بیرۆکەیە ئەنجامدەدات.



Scanned with CamScanner

خەوە وەئاگا نێتەوە کە سەدان ساڵە جووڵەی لێبڕیوە و دایهێزراندووە.

من لەو کورتە سەرنج و پرسیارانەم دەیبڕمەوە و بەلای ئەوەوە ناچم ئاخۆ جولانەوەی نەتەوەیی کوردیی ڕۆژێک لە ڕۆژان پڕۆژەی دیموکراتیککردنی گەلیان بەدەستەوە بووە یان نا؟ ئەمە لە خۆیدا بابەتێکی ترە و لە شوێنی تردا قسەم لەسەری هەبووە، وەلێ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە :

- بایەخ نەدان بە زانکۆ مانای بێبایەخ زانینی نەتەوەیە.
- بایەخ نەدان بە زانکۆ مانای بێبایەخکردنی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی یە.
- بایەخ نەدان بە زانکۆ مانای بێبایەخ کردنی دیموکراسی و تێکۆشین بۆ مافەکانی ئینسانە.
- بایەخ نەدان بە زانکۆ مانای سووککردنی نیشتمانە. بایەخ نەدان بە زانکۆ مانای قورسڕاگرتنی پێتەرازووی جەهلە بەسەر زانست و مەعریفەدا.
- بایەخ نەدان بە زانکۆ مانای راکردنە بۆ پێشەوە و پێشکەوتنە بۆ دواوە.
- بایەخ نەدان بە زانکۆ مانای بێبایەخ زانینی مرۆڤی ئەم سەرزەمینە و سوکایەتیکردن بەو هەموو خوێنەی سەد ساڵە بۆ ئەم نیشتیمانە رژا.



Scanned with CamScanner

## محەمەد تەها حوسێن

- لە ١٩٦٢ لە دایکبووە
- ماسـتەری لە دەروونزانـی داهێنـان هەیە و تێـزی دکتۆراکەشی لەسەر سایکۆلۆژیای وجودییە
- مامۆستایە لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە
- ئەم کتێبانەی چاپکردووە:

– نووسینی سپی
– دەنگە نەبیستراوەکان
– سایکۆلۆژیای پەیوەندیکردن(چ١ و چ٢)
– سایکۆلۆژیای گەشەی مرۆڤ
– دیاردەگەرایی خود
– لە مۆڵەتی مێژوودا
– سـایکۆلۆژیای کەسێتی....کەسـی کـوردی لە ڕوانـگە دەروونیە جوداکاندا
– سایکولوجیە الشخصیە، دار الحوار –اللاژقیە
– الـژات الکردیە...مقاربـات فینومینولـوجیە نقـدیە، دار الزمان– دمشق.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | فێربوونی ئینگلیزی کوردی | |
| ٢ | فەرهەنگی قانونی | |
| ٣ | فەرهەنگی ئینگلیزی کوردی | |
| ٤ | خۆم نا دڵم وا ئەڵێ | نەبەز گۆران |
| ٥ | نامەکان | نەبەز گۆران |
| ٦ | مانگەشەو/ شیعر | نەبەز گۆران |
| ٧ | مانگەشەو/ رۆمان | نەبەز گۆران |
| ٨ | شیعرەکانی نزار قەبانی/غادەسەمان | نەبەز گۆران |
| ٩ | دێوانەیەك لەم شارە/ رۆمان | نەبەز گۆران |
| ١٠ | ماڵی یارە توانا ئەمن/ شیعر | سوهراب |
| ١١ | دژە مەسح/ فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٢ | ئەوەیە مرۆڤ/ فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٣ | ئاوابوونی بتەکان/ فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٤ | دەرمانخانەی ئەفلاتۆن/ جاك دریك | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٥ | رینی دیکارت/سێ تێکستی فەلسەفە | و/ د.حەمید عەزیز |
| ١٦ | گوێرەکە/ مۆیان | و/ ئاری هاشم |
| ١٧ | دیدەنی کچێکی سەدلەسەد دڵخواز/ هاروکی مۆراکامی | و/ ئاری هاشم |
| ١٨ | مێری دەرسم | عەزیز مەلا رەش |
| ١٩ | فەرهەنگی قانوونی | محمد وەسمان |
| ٢٠ | حەمۆکی/ لویس ولبرت | و/ کەمال قادر |
| ٢١ | سایکۆلۆژیای منداڵ | کەمال فاروق نەسرەدین |
| ٢٢ | زانستی سزا/ محمد شلال | و/ کاروان ئەنوەر مەسیفی |



Scanned with CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | فەلسەفەی مردن/ ك.ل عەبدوك | و/ ئارام ئەمین شوانی |
| ٢٤ | توانەوە/ عەباسی مەعروفی | و/ ئاری هاشم |
| ٢٥ | مێژووی یاسا/ منذر فضل | و/ هێمن ئەمین شوانی |
| ٢٦ | بنەمای تاوان ناسی/ د. محمد شلال | و/ هێمن ئەمین شوانی |
| ٢٧ | یاسای نێودەوڵەتی گشتی/ د. عصام عطية | و/ هێمن ئەمین شوانی |
| ٢٨ | پیاوانی بەیانی/ مەنسوری یاقوتی | و/ عەزیز گەردی |
| ٢٩ | لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا/ مەنسوری یاقوتی | و/ عەزیز گەردی |
| ٣٠ | ماینی چل جوانوو/ مەنسوری یاقوتی | و/ عەزیز گەردی |
| ٣١ | دیاردەگەرایی و رەخنەی ئەدەبی/ مەنسوری یاقوتی | د. یادگار لەتیف |
| ٣٢ | کۆمەڵناسی دانیشتوان | عبدالمجيد غفور ابراهيم |
| ٣٣ | نووسینی تۆژینەوەی | د. محەمەد شوانی |
| ٣٤ | فەلسەفە لە سەردەمی تراژیدیای گریکدا / فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٣٥ | فەلسەفەو ئیمان / لەنێوان هێگل و کیرکیگارددا | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٣٦ | ئەودیوی خێرو شەڕ/ فردریك نیچە | ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل |
| ٣٧ | زانستی شاد / فریدریك نیچە | ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل |
| ٣٨ | کچێکی ئاسایی/ ئارسەر میللەر | موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی |
| ٣٩ | حیکمەتیی ژیان/ شۆپێنهاوەر | ئارام ئەمین شوانی |
| ٤٠ | دیوار/ ژان پۆل سارتەر | ئاری هاشم |
| ٤١ | ڕۆژێك بەر لە بەختەوەری/ئێری دی | ئەحمەد محمد اسماعيل |



Scanned with CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| | لوکا | |
| ٤٢ | نیچە/ ژیل دۆلوز | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٤٣ | هێگل و فەلسەفەی ئایین | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٤٤ | ژیل دۆلوز و پرسیاری فەلسەفە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٤٥ | کەرێك لەسەر چیادا/ عەبدولسەتار ناسر | و/ ئازاد هاشم |
| ٤٦ | پەنجەرەکان | ئەحمەد محمد اسماعیل |
| ٤٧ | لێزانەکەی ئەستەنبۆڵ/مایکل دیڤید لوکاس | ئەحمەد محمد اسماعیل |
| ٤٨ | کەیسی ڤاگنەر/ فریدریش نیچە | رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |
| ٤٩ | نیچە دژی ڤاگنەر، بەڵگەنامەکانی دەروونزانێك | رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |
| ٥٠ | لە دایك بوونی تراژیدیا/ فریدریش نیچە | رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |
| ٥١ | سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردی | محەممەد تەها حوسێن |



Scanned with CamScanner

کۆمەڵگەی کوردیی بە پێی ئەنجامی هەموو ئەم باس و پەڕانەی ئەم کتێبە لە دۆخی دەمارگرژیی دەستەجەمعیدا دەبیاتە سەر، ئەم عوسابە دەستەجەمعییە جەستەیەکی کۆمەڵگەی شێواو و ڕماومان لە هەڵوێستی جیاجیا نیشان دەدا، هەر بۆیە کتێبی "سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردیی" کێشە دەروونییەکانی تاک لە لایەک و کۆمەڵگە لە دەیان لایەنی تر دەردەخات و ئەوەی ڕاستیش بێ هەر یەکە لەم کێشانە دەرچە و گریمانەی چارەسەریی بۆ پێشنیاز کراوە.

ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانەی ڕووداوە کوردییەکانن و لە ڕێتمی زانستیانەی دەروونزانی دەرناچێت و نەکەوتوتە بەر کاریگەریی زیدەڕۆییەکانی سۆز و هەڵچوون و نەبۆتە پەرچەکرداری هزریی هەروەک زۆر لە نووسینەکانی هەندێ لە نووسەران بەرینایە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان دەبەزێنن و جڵەو بۆ هەڵچوون و هەڵوێستە دەروونییەکانی خۆیان شلدەکەن و چیان هاتبێتە بەر زار و زەین و زمان گوتوویانە و نووسیویانە و دەیڵێن، لەم جۆرە ڕۆشنبیر و ئەکادیمیانە نێوەندەکانی ئەم دوو بوارەیان شلۆغ و شلوێ کردووە و ئەوەی لێیانەوە دەبیسترێ و دەخوێندرێتەوە تەنها نمایشێکی ئەکرۆباتیکیانەی خۆیانە لە نێو ئەم کاولستانەی خۆماندا.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون
هەولێر – بازاڕی ڕۆشنبیری – نزیک پارێزگا
06622231315 - 07504046265

بەرگ: ئاگر جەلیل

نرخ: ٨٠٠٠ دینار

Scanned with CamScanner